# تیرۆریزم

# چونە ناو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە

## بەرگی  یەکەم



TERRORISM
INSIDE A WORLD PHENOMENON

نوسینی: باری دەیڤیس؛ هەڵگری مەدالیای ئیمپراتۆریای بەریتانی BEM و
جەنگاوەری دێرین  و ڕابەرو پسپۆڕی بواری هەواڵگری (مخابەرات)ی
SAS (ئەرکە هەواییە تایبەتەکان)

چاپی یەکەم  ٢٠٠٤
سلێمانی
وەرگێڕ: عەتا مەلا کەریم

# تیرۆریزم

## چونە ناو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە

نوسینی: باری دەیڤیس هەڵگری مەدالیای ئیمپراتۆریای بەریتانی BEM و
جەنگاوەری دێرین و ڕابەر و پسپۆڕی بواری هەواڵگری (مخابەرات)ی
SAS (ئەرکە هەواییە تایبەتەکان)

چاپی یەکەم ٢٠٠٤
سلێمانی
وەرگێڕ: عەتا مەلا کەریم
بەرگی یەکەم
چاپی یەکەم
مافی لەچاپدانەوە تەنها بۆ وەرگێڕە
Parsendow@hotmail.com
www.knowledgesource.blogspot.com

تیرۆریزم

# ناوەرۆک


پێشەکی

1 مێژوی تیرۆریزمی نوێی جیهانی
2 ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان
3 پەلامارە تیرۆریستییەکان

پاشکۆ: ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان
وێنەکان

# پێشەکی

چونکە ووشەی تیرۆریزم ئەمڕۆ زۆر بەکاردێت، پێدەچێت ناھەقت نەگرم گەر لەو باوەڕەدابیت کە تیرۆریزم دیاردەیەکی نوێیە.لەڕاستیدا، دەتوانین بڵێین کە تیرۆریزم هەمیشە هەبووە. ئەوەی کە لەلای یەکێک بە تیرۆریست دادەنرێت لەلای یەکێکی تر جەنگاوەری ڕێگای ڕزگارییە. هەموو جۆرە بزوتنەوەیەکی ناڕەزایی لەلایەن نەیارەکانییەوە، کە ئەوان لە دژیان دەجەنگن، بە ڕێکخراوی تیرۆریستی دادەنرێن. چیرۆکەکانی تەورات باسی جولەکەکان دەکات کە بۆ ڕزگاری خەباتیان کردووە، کاتێکیش ئاشکرا بووە کە سەرکردەیەکی نوێ و بەھێز ھاتۆتە مەیدان، زۆر کەس بەھیوا بوون کە جەنگاوەر–واتە تیرۆریست بێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسەی کە ھاتووە پیاوی ئاشتی بووە .

بەداخەوە سێبەری تیرۆریزم هەرگیز سەرزەمینە تەوراتییەکانی[1] جێنەهێشتووە. گەر بەدوای سەرچاوەی تیرۆریزمی نوێدا بگەڕێین ئەوا تولەڕێکان دەمانبەنەوە بۆ ئاسەوارەکانی دوای جەنگی جیھانی دووەم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل. لەو کاتەوە ئەو چالاکییە بچوک بەڵام یەکلاکەرەوانەی کە بەناوی ئازادییەوە لە سەرتاسەری جیھاندا ئەنجام دەدران کۆنترۆڵی میدیاکانیان کرد. زۆربەی هەرە زۆریان گەر نەڵێین هەموویان خوێناوی بوون؛ هەموویان ترسناک بوون. تیرۆریزم بەبێ کۆڵدان چەکەرەی کرد، لە ۱۱ ی سێپتەمبەردا بەتەواوی پێگەیشت بە بۆردومانکردنی ناوجەرگەی ئەمریکا .

لەبەر هەندێک هۆ من بەرواری ۱۱ی سێپتەمبەر بە ڕادەیەکی باش گومانەوە دەنوسم. بە بڕوای من ئەو زاراوەیەی کە دانراوە بۆ "ناونانی" ئەو کارەساتە جەرگبڕە بە "۱۱ هەمی سێپتەمبەر" "۱۱ /۹" ، ئارەزوی خۆتە ناوی دەنێیت چی– ناتوانێت بە تەواوی هەموو ترس و تۆقاندن و سروشتی لە ڕیشەوە وێرانکەرانەی ئەو مەرگەساتە بگرێتەخۆ کە لە ڕاستیدا ڕویدا. تەنها لەیەک ڕوداودا گەورەهێزی ژمارە یەکی جیھان جەزرەبەیەکی گورچکبڕی خوارد لەسەر دەستی تاقمێک تیرۆریستی خۆکوژ کە ژمارەیان بەقەدەر پەنجەی دەست دەبوو. خەڵکانێکی زۆر مشتومڕی ئەوەیانە کە چەندەھا هۆی جیاجیا هەن لەپشت بێئاگایی ئەمریکاوە، بەڵام زۆر کەمیان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە ئەوە دەستدرێژییەکی سەربازی بەباشی نەخشەبۆدانراو بوو. نەک هەر بە شێوەیەکی چاک پلانی بۆ دارێژرابوو بەڵکو بەوپەڕی گوێڕایەڵیشەوە لەلایەن پیاوە خوبەخشەکانەوە بەئەنجام گەیەندرا. هەتا زووتر دەرک بەو ڕاستییە بکەین بەرگرییەکانمان باشتر ئامادەدەبن دژی پەلاماری داهاتو .

زۆر لە ئێمە گوێ لە هەواڵەکان دەگرین و باوەڕ بەوە دەکەین کە ئێمە لە شەڕی دژی تیرۆردا سەرکەوتوو دەبین– بەڵام نەخێر سەرکەوتوو نابین. لە ۱۲ ی ئۆکتۆبەری ۲۰۰۲ دا، ئۆتۆمۆبێلێکی بچوک و ڤانێک بۆمبڕێژکرابوون و ۱۸۰ کەسیان کوشت لە دورگەی پشودانی بالیدا. تیرۆریستەکان بەوپەڕی ئاگاییەوە نەخشە بۆ مەرگەساتەکان دادەنێن و ئەنجامیشیان دەدەن... دوای ئەوە ئێمە دەکەوینەخۆ. هێزە دژەتیرۆرەکانمان لە باشترین باردا وەک ئاگرکوژێنەرەوەکان وان، واتە دوای ئەوەی کێشەکە ڕویدا ئەوان خۆدەکەون. لەگەڵ ئەو هەموو هێزە سەربازییەی کە لە بەردەستدایەو ئەو هەموو پارەیەی کە حکومەتەکان خەرجی دەکەن بۆ ئەو مەبەستە، تیرۆریزم هەر لە جێی خۆیەتی. بووە بە بەشێک لە ژیان لە سەدەی بیستویەکەمدا.

لەکاتێکدا ئەم کتێبە بەدوای تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەو گشتگیردا وێڵە بۆ تیرۆریزمی جیھانی، کە دەگاتە سەر نمونە تایبەتەکان بەتوندی بەلای ململانێی فەلەستینی و ئیسرائیلیەکاندا دادەشکێت. گومانی تێدا نییە ئەم ململانێیە بوو کە گەرای بۆ تیرۆریزمی ئەمڕۆی جیھان داناو هەتا ئێستاش، تاڕادەیەکی زۆر، هەر خاڵی

---

[1] Bible: کتێبی پیرۆز دوو بەشە، بەشی کۆن کە لە لای ئێمە بە تەورات ناسراوەو بەشی نوێ کە بە ئینجیل ناسراوە. چونکە لێرەدا نوسەر مەبەستی بەشی کۆنە من تەوراتم بەکارهێناوە، دەنا خۆی هەر Bible ی بەکارهێناوە وەک زاراوەیەکی گشتی بۆ هەردوو بەشەکە. وەرگێڕ[و.]

گرنگیپێدانی تیرۆریزمی جیهانییه. له وەسفکردنی ئەم ململانێیەدا، هەر وەکو لەوانی دیکەشدا، هەوڵمداوه هەردوو دیوی کێشەکه بخەمه ڕوو، بەبێ تاوانبارکردن یان لایەنگرتنی هیچ لایەکیان .

هیوادارم ئەوه نیشانبدەم که کاره تیرۆریستییەکان و کاردانەوەکانی تۆڵەسەندنەوه لەلایەن حکومەتەکانەوە، تەنها کێشه ناوەکییەکه ئەوەندەی تر ئاڵۆز دەکەن. توندوتیژی چ له ئەنجامی کاری تیرۆریستییەوه ڕوبدات یان له ئەنجامی تۆڵەسەندنەوەی حکومەتەوه، ئەوەی که هەمیشه ئازاردەکێشێت و تووشی کوێرەوەری دەبێت هەر خەڵکه ئاساییەکەیه. توندوتیژی تەنها خزمەتی بەردەوامبوونی ململانێکه دەکات. قوربانییه بێتاوانەکان دەمرن ؛ ئەنجامدەرانی توندوتیژییەکەش دەمرن؛ بەڵام مردنەکەیان هیچ ئاشتبوونەوه یان چارەسەرێکی کۆتایی لەگەڵ خۆی ناهێنێت بێجگه له کاولکاری .

له درێژایی ئەم مێژووه به ووردی شیکارکراوەدا، حەزدەکەم سروشتی ڕاستەقینەی تیرۆریزمی نوێ هەر له بنەچەیەوه تا ئەو تەنگەشەیەی که ئەمڕۆ تێیکەوتوین بپشکنم. من ئەم کاره به بەڵگه هێنانەوه ئەنجامدەدەم لەهەر شوێنێکدا بکرێت- چیرۆک و بەسەرهاتی ڕاست و دروست که کاریگەری هەبووه لەسەر ژیانی خەڵکی ڕاستەقینه و هەقیقی. تیرۆریزم لەسەرەتادا تەنها وەک ئەوه دەرکەوت که تاقمێک ڕفێنەر دەستدەگرن بەسەر فڕۆکەیەکدا بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن، بەڵام له سەدەی بیستویەکەمدا گەیشته قۆناغی کامڵی. تیرۆریستەکان، وەک پێمان ڕاگەیەنراوه، ئێستا ترسناکترین دوژمنمانن. کەوابێت ئەو تیرۆریستانه کێن؟ ئەو خەڵکانه کێن؟ لەلای تۆ چی دەگەیەنێت؟ کێ مەسرەفی) IRA سوپای کۆماریخوازی ئیرلەنده) دەکێشێت؟ بۆچی ) ETAئیتا) داوای سەربەخۆیی دەکات؟ چۆن ڕێکخراوی حەماس بەبەردەوامی و بێکۆتایی دەتوانێت کەسه خۆکوژەکان ڕازی بکات بۆ خۆتەقاندنەوه؟

ئەم کتێبه هەروەها دەڕوانێته ژیانی تایبەتی تیرۆریستەکان و هۆکاری پشت پێکهاتنی ڕێکخراوه تیرۆریستییەکان. بەشێوەیەکی ساناو ساکار، ئەم کتێبه ئەو باره هەڵدەسەنگێنێت که ئێستا تێیداین له پەیوەندیدا به تیرۆریزمی جیهانییەوه و چۆن ڕووبەڕووی ئەم هەڕەشه ترسناکه دەبینەوه له پاشەڕۆژدا .

# ١.مێژووی تیرۆریزمی نوێی جیهانی

له جیهانی ئه‌مڕۆدا، که‌س بێگوناه نییه، که‌س بێلایه‌ن نییه هه‌موو که‌سێک یان له‌گه‌ڵ چه‌وساوه‌کانه یان له‌گه‌ڵ چه‌وسێنه‌ره‌کان .ئه‌وه‌ی که حه‌زی له سیاسه‌ت نییه ئه‌وا ته‌سلیمی باری داسه‌پاوی ئێستا بووه، واته ته‌سلیمی واقیعی چینه فه‌رمانڕه‌واکان و هێزه چه‌وسێنه‌ره‌کان.

جۆرج حه‌به‌ش،
سه‌رکرده‌ی به‌ره‌ی
میللی بۆ ڕزگاری فه‌له‌ستین

تیرۆریزم

ئەمڕۆکە بەرەکانی شەڕ لێوالێون لە نەهامەتی و مەینەتی و پاشماوەی کەلاکی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ زۆر کەم پەندی لەو کاولکارییانە وەرگرتووە کە خۆی بەسەر خۆی هێناوە. هەرچۆنێک بێت ، بەدرێژایی چەندەها سەدە، هێز لە ڕژێمێکەوە یان لە وڵاتێکەوە گوێزراوەتەوە بۆ یەکێکی ترو هێواش هێواش جیهان بووە بە شوێنێکی سەقامگیرتر. جەنگە جیهانیەکان، وەکو ئەو جەنگانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا قەومان، هەموویان بە هاتنە ناوەوەی چەکی ناوکی لەپەلوپۆ کەوتن. ئێستاش لە کاتێکدا کە شەڕی تەقلیدی کەمبۆتەوە، هەڕەشەی تیرۆریزمی جیهانی لەزیادبووندایە. مرۆڤ هێشتا خەڵک دەکوژێت و ئیفلیجیان دەکات و لاشەکان دەشێوێنێت بەبیانوی هۆکارو پاڵنەری لە هەژمارنەهاتوو، ئێستاش گوناهی تیرۆریزمی نوێ لە ئۆباڵی ئێمەدایە. جەنگی تیرۆر بە پێچەوانەی جەنگی تەقلیدییەوە لە بەرەکانی جەنگدا ئەنجام نادرێت. لەباتی ئەوە، تیرۆریزم لەسەر شەقامەکانمانە، لەنێو ماڵەکانماندایە؛ هەر لەبەر ئەوەیە کە هەڕەشەی تیرۆر لە هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕابوردودا بەرەنگارمان بووەتەوە گەورەترو ترسناکترە. ئێستا تیرۆریستەکان فرۆکە دەکەن بە بۆمبایەکی زیرەک بۆ وێرانکردنی بیناو دامەزراوەکان و مرۆڤە خۆتەقێنەرەوەکان بەکاردەهێنن بۆ کوشتن و شەلوشێتکردنی بێتاوانەکان. زیاد لەوانەش، تیرۆریستەکان زانیاری و کارامەیی باشیان بنیات ناوە لەبارەی چەکە ئاڵۆزە نوێکانەوەو، هەڕەشەی پەلاماری ناوکی، کیمیاوی و بیۆلۆجییان لەسەر سەنتەرە هەرە قەرەباڵخەکان کردووە بە ئەگەرێکی حاشاهەڵنەگر .

کەوابێت تیرۆریست چییە؟ ڕێکخراوە ڕادیکاڵە تیرۆریستییەکان چییان دەوێت؟ ئایا ئێمە ووشەی "تیرۆریست" بۆ وەسفکردنی هەموو ئەو کارانە بەکاردەهێنین کە نیازێکی ئازاردەرانەیان هەیە؟ ئەگەر وایە، ئایا ئەگەر هەمان ئەو کارانە حکومەتە سەرکوتکەرەکان ئەنجامیان بدەن ئێمە لەگەڵ ئەواندا دەیانژمێرین ؟ وە ئایا ئەوانەی کە چەوساوەن و خەبات بۆ ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بەچی لەوانەیان جوادەکەینەوە کە بەو کارانە هەڵدەستن کە ئێمە زاراوەی " کارە تاوانکارییە تیرۆریستییەکان" مان بۆداناوە؟ هەرچەندە هەموو کارە تیرۆریستییەکان دزێون، بەڵام کێ بڕیار لەسەرئەوە دەدات کە کارێکی توندوتیژی بە کارێکی "تیرۆریست" ی لەقەڵەم بدرێت؟

هەر گروپێکی تیرۆریستی بگریت هۆیەک هەیە بووەتە هۆی دروستبوون و مانەوەی. زۆرجار هۆکارەکە ئەوەندە بەهێزە کە تا چەند نەوەیەک دێتە خوارەوەو بەردەوام دەبێت. لەکاتێکدا زۆربەی کارە تیرۆریستییەکان هەمان شێوەی توندوتیژی پەیرەوە دەکەن، بەڵام هەموو شێوەکانی تیرۆر وەک یەک نین. بۆ تێگەیشتن لە تیرۆریزم ئێمە دەبێت میکانیزمە بنچینەییەکانی تیرۆریزم بپشکنین و ڕوونی بکەینەوە کە تیرۆر خۆی چۆن پراکتیزە دەکرێت. ئێمە هەموومان پێویستە ڕێز لە مافی پاساو هەڵگری هەموو کەس بگرین بۆ پراکتیزەکردنی خواستی سیاسی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە بە دیکتاتۆری و چەوساندنەوەدا. دەتوانرێت بوترێت کە کاتێک مرۆڤ لە خەباتیدا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەموو ڕێگاکانی لێداخرا ، تاکە ڕێگا کە لەبەردەمیدا دەمێنێتەوە تیرۆریزمە .

کاتێک کارێکی توندوتیژی تیرۆریستی بووە هۆی کوشتوبڕی دڕندانە و قەسابخانەی مرۆیی، ئەو پاڵنەرەی کە تیرۆریستەکەی والێکردووە ئەو کارە وەحشییانەیە ئەنجامبدات لەوانەیە باوەڕێکی قووڵ و چەسپاوی دەروێشانە بێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی پیرۆز. لە تەوراتدا، کاتێک ئیسرائیلییەکان لە میسر هەڵهاتن سەربازەکانی فیرعەون بەشوێنیانەوە بوون تا سەر ئاوی دەریای سورو تا ناو ئاوەکەش، کە لەوێدا دەریاکە سەربازە میسرییەکانی هەڵلوشی. ئەمە بۆ ئیسرائیلیەکان موعجیزە بوو، بەڵام بۆ میسرییەکان کارێکی دڕندانە بوو- کارێک بوو لەلایەن پەروەردگار خۆیەوە ئەنجامدرابوو کە ئامۆژگاری دەکردن، " ئێوە هەرگیز نابێت کەس بکوژن." بەکارهێنانی خواوەند وەک نمونە پێدەچێت کەمێک توندڕەوی پێوەدیاربێت بەڵام یەکێک لە کێشەکانی ئێمەی بونەوەری کاتیی ئەم سەرزەمینە دەرخستنی سروشتی ڕاست و پەردەلادانە لەسەر مەترسییەکانی تیرۆریزم. تیرۆریزم لەسەر ترس و تورەیی خەڵکی دەژی. تیرۆریستەکان هێزو کاریگەرییەکی

لەڕادەبەدەریان وەدەست دەکەوێت کاتێک ئەو ترس و تورەییە دەکەن بە دیاردەیەکی سروشتی و گەشەی پێدەدەن لە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژییەوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگەو پێویستی ژیانە کە هەموومان نەک هەر لە سروشتی تیرۆریزم بگەین، بەڵکو دۆسییەی تیرۆریستەکانیش هەڵبدەینەوە. تەنها ئەو کاتە دەتوانین هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی ، ڕامالینی ترس و تورەیی و هەڵوەشاندنەوەی هەڕەشەی تیرۆر.

تێبینی نوسەر: من زۆربەی ژیانم لە جەنگی دژە تیرۆردا گوزەراندووە، بەڵام هەمیشە لەلام سەخت بووە کە وەسفی بکەم یان هیچ نەبێت تێی بگەم. وەکو هەموو ئەو خەڵکە، منیش تێبینی و بڕیارم داوە لە کاتێکدا لە هەندێک ڕاستی بنەڕەتی بێئاگابووم. تێگەیشتن لە مێژووی کەڵەکەبووی هەر گروپێکی تیرۆریستی کە لە ڕێگای یەک ململانێی تایبەتەوە ناسراوە کێشەی زۆربەی خەڵکە. بۆ نمونە، لە ململانێی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینیەکاندا تێگەیشتن لە مێژووی ڕابوردویان، پێش ١٩٤٨، کاریگەری هەیە لەسەر تێگەیشتنی ئەو هەلومەرجەی کە بەهۆی دامەزراندنی ئیسرائیلی نوێوە هاتۆتە ئاراوە. من هیچ پۆزشێک ناهێنمەوە بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکان ئاوا بەسادەو ساکاری، سوێندیش لەسەر بەروارەکان ناخۆم، بەڵام ئەو باسانە چۆنێتی دروستبوونی ململانێیەکی تیرۆریستی ڕوون دەکاتەوەو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت .

" ساڵی داهاتوو لە ئۆرشەلیم دەبین" لای زۆر کەس ئەمە تەنها نزایەکی جولەکانەیەو بەس- ئەو خەونە ئەفسوناوییەی کە ساڵەهایە لە کاولگاکانی تاراوگەو پەرتوبڵاویدا بە فەرمایشە ئاینییەکان پشتقایم کراوە ؛ لە گۆشەو کەنارە هەژارنشینەکانی شارەکاندا دەمەتەقێی لەسەرکراوە؛ لە ژووری گازی ژەهراوی نازییەکاندا کپکراوە. فەرمایشەکەی خودا ٢٠٠٠ ساڵی خایاند. زایۆن پەیمانی پێدرابوو، ئەو پەیمانەش لەنێو دڵی جولەکەکانی جیهاندا بە زیندویی مایەوە .
دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل کە قوژبنی خواروی ڕۆژئاوای کەوانەی بەپیت (هلال الخصيب) ی دێرینەی داگیرکردووە بەشێکی چاکی ئەو سەرزەمینە دەگرێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی فەلەستین بووە، ئەو ناوەشی لە دوای نیشتەجێبوونی ئەو کەنارنشینانەی زوو لێنرا کە پێیان دەوتن فیلیستینییەکان . Philistines ناوەکانی ئیسرائیل و فەلەستین لەو نەتەوە جیاوازانەوە داتاشراون کە لە دەوروبەری سەدەی دوازدەهەمی پ ز (پێش زاین) دا هاتونەتە ئەو ناوچەیە. جولەکەکان، یان هۆزی ئیسرائیل، لەو باوەڕەدابوون کە ئەو خاکە خوداوەندەکەیان پێی بەخشیون. فیلیستینیەکانیش، کە گەلێکی خاوەن ئەسڵی یۆنانی بوون، گەڕیدە بوون و بەدوای نیشتمانێکدا دەگەڕان. ناوچەکە پێش ئەوەی ناوی ئیسرائیل یان فەلەستین بێت بە کەنعان ناسرابوو، نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و ڕوناکبیری تێدا دەژیا. هەر کەنعانییەکان بوون کە ئەلفو بێی هێڵداریان گەشەپێداو دوای ئەوەش لەلایەن یۆنانییەکانەوە گۆڕراو لە ئەنجامدا بوو بە بناغەی هێماکانی نوسینی ڕۆژئاوا .
نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ پ ز جولەکەکان کۆنترۆڵی ئەو سەرزەمینەیان لە دەستی فیلیستینییەکان دەرهێناو دەستیانگرت بەسەر ئۆرشەلیمدا، کردیان بە بنکەی ئاینەکەیان بە دروستکردنی یەکەم پەرستگا بۆ خواوەندەکەیان. وڵاتەکە بەردەوام بوو لە فراوانبوون تا نزیکەی ٩٠٠ ساڵ پ ز لەو کاتەدا دابەش بوو بۆ دوو شانشین ؛ شانشینی ئیسرائیل لە باکورو شانشینی جودە لە باشور. لەو کاتەوە چەندەها سوپای داگیرکەر هەردوو شانشینەکەیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. دوای داگیرکرانی ئەو هەرێمە لەلایەن بابلییەکان و فارسەکان و یۆنانییەکانەوە، شانشینییەکی سەربەخۆی جولەکە بوژایەوە. دوای ئەوەش ڕۆمانەکان هاتن. لە دەوروبەری ئەو کاتەشدا بوو کە مەسیحییەت لەدایک بوو، ئەو ئاینەی کە لەلایەن زۆربەی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی خۆرهەڵاتەوە پەیڕەوی لێدەکرا، بەم جۆرە فەلەستین چەندە بۆ جولەکەکان گرنگ بوو ئەوەندەش بۆ مەسیحییەکان گرنگی پەیداکرد. لەڕاستیدا کۆنترین نەخشەی مەسیحی لە جیهاندا، نەخشەی mappi a

mondi، کە لە شاری هێرفۆردی ئینگلیزی پارێزراوە، بە ڕوونی ئۆرشەلیمی بە چەقی جیهانی ناسراو نیشانداوە.
لە دەوروبەری ١٣٢ ی زاینیدا جولەکەکان لە دژی ڕۆمانەکان ڕاپەڕین لەو شۆڕشەدا کە بە بار کۆخبا Bar Kokhbaناسراوە، جولەکەکان تووشی دڕندانەترین شێوەی تێکشکان بوون، کاتێک ڕۆمانەکان زیاتر لە نیو ملیۆنیان لێ قەتڵوعام کردن. هادریانی ئیمپراتۆر بڕیاریدا کە جودییە بەتەواوی لەسەر نەخشە بسڕێتەوە، بەرلەوەی پاشماوەی ئەو ڕەگەزە بە هەر چوار قوژبنی دنیادا بپرژێنێت. ئەو شارەی کە دەیڤدی تێدا لەسەر عەرش دانیشتبوو بەتەواوی لە هەموو ئەو سیمایانە پاکسازی کرا کە پەیوەندییان بە جولەکەوە هەبوو. ناوی جودییە گۆڕرا بۆ سوریا پەلەستینا Syria Palestina ، کە لەناوی دوژمنی دێرینی ئیسرائیلەوە داتاشرابوو کە ئەوانیش فیلیستینییەکانن. ئەمەش لە بەرانبەردا گۆڕا بۆ فەلەستین بەهۆی کاریگەری زمانی ئینگلیزییەوە. دوای ئەوەش، بۆ ئەوەی قوڕەکە زیاتر خەست بێتەوە، عەرەبەکان دەستیانگرت بەسەر ناوچەکەداو ئاینێکی نوێیشیان لەگەڵ خۆیان هێنا کە ئەویش ئیسلامە .
موحەممەد لە دەوروبەری ساڵی ٥٧٠ ی زاینیدا لە مەککە لەدایکبووە، کە کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەندی بازرگان بوون و لەسەر ڕێگای هاتوچۆی کاروانە بازرگانییەکان نیشتەجێ بوون. یەکێک لەو شتانەی کە شاری مەککەی سەرنجڕاکێش کردبوو ئەو بەردە ڕەشە گەورەیە بوو کە لە ئاسمانەوە کەوتۆتەخوارەوە و بوو بە خاڵی چەقبەستن و هەرە گرنگی ئاینی ئیسلام. موحەممەد خۆی یەکێک بوو لە ئەندامەکانی هۆزی قورەیش، ئەو هۆزەی کە نزیکەی سەدەیەک لەوەپێش دەستیان گرتبوو بەسەر شاری بازرگانی مەککەدا. موحەممەد لە تەمەنی گەورەییدا تەنیایی پێخۆش بوو، زۆر جار لە سەر گردەکانی ئەو دەوروبەرە دەیانبینی دانیشتبو لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو . لێرەدا بوو کە جوبرائیلی فریشتە لەبەردەمیدا دەرکەوت و ڕێنومایی موحەممەدی کرد کە هەرچی دەڵێت بەدوایدا بیڵێتەوە. کاتێک بۆ یەکەم جار بانگەوازی بۆ فەرمایشەکانی خودا (الله)[2] کرد لە مەککە دەریانپەڕاند و ناچاریان کرد ئاوارەی مێرگێکی نێو ئەو بیابانە بێت کە دواتر بە مەدینە ناسرا. ووشەی ئیسلام واتای "خۆبەدەستەوەدان یان تەسلیم بوون دەگەیەنێت بە فەرمایشەکانی خودا (الله)" ئەوانەش کە باوەڕیان بە (الله) هەیە پێیان دەڵێن موسوڵمان. زۆر گرنگە کە بزانیت موحەممەد مرۆڤێک بوو لەلایەن خودا (الله) وە هەڵبژێررابوو کە ببێتە پەیامبەری. موحەممەد بەر لە مەرگی لە گەشتەکەیدا بەرەو ئاسمان لە ئۆرشەلیم ( قودس) بۆماوەیەکی کورت لایداو ڕەشمەی بۆراقەکەی[3] بە دیوارەکەیەوە بەستەوەو قاچی لە سەر بەردێک دانا لە تێمپڵ ماونت Temple Mount الحرم الشريف. ئەم ڕوداوە شاری قودسی کرد بە سێهەم شار لە پیرۆزیدا، ئەم شارە چەندە لەلای جولەکەو مەسیحیەکان پیرۆز بوو ئەوەندەش لەلای موسوڵمانەکان پیرۆزی پەیداکرد .
لەگەڵ هاتنی خاچپەرستەکاندا و دوای ئەوەش کە ناوچەکە کەوتە ژێر ڕکێفی تورکەکانەوە وەک بەشێک لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئەم هەرێمە ئەوەندەی تر لە پاشاگەردانی و پەشێویدا نوقوم بوو. فەرمانڕەوایی تورکەکان چوار سەدەی خایاند تا لە کۆتاییدا، بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩١٧دا دەستیانگرت بەسەر ئەو وڵاتەدا. دوای ئەوەش بەماوەیەکی کورت و هەر دوا بەدوای ڕاگەیاندنی بەلفۆڕ ، قسە لەسەر دەوڵەتی ئیسرائیل و نیشتمانێک بۆ جولەکە سەری هەڵدا .
کەوابێت لەئەنجامدا نزاکان گیرابوون. بەڵام خەونی جولەکەکان نابەکام بوو بوو. چونکە لەو ماوە دورودرێژەدا کە ئەوان لەوێ نەبوون ئەو وڵاتە داگیرکرابوو. ئەو سەرزەمینە چیتر نیشتمانێکی بێ نەتەوە نەبوو بۆ

---

[2] دیارە من دەزانم کە لەلای ئێمە خوداو (الله) یەک واتا دەگەیەنێت، بەڵام زۆر کەس لە خۆرئاوا، چ موسوڵمان و چ نا موسوڵمان، لەباسی ئیسلامدا ئەو ووشەیە وەرناگێڕێت و وەک خۆی بە Allah بەکاریدەهێنێت، منیش بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەم بێگەرد بێت هەر وەکو نوسەر هەمان ووشەم بەکارهێناوە. [و.]

[3] نوسەر ووشەی ئەسپی بەکارهێناوە بەڵام لەنێو موسوڵماناندا ئەو ووڵاخەی کە پێغەمبەر ئەو گەشتەی پێکردووە بە بۆراق ناسراوە. [و.]

نەتەوەیەکی بێ نیشتمان. چونکە فەلەستینییەکان هێشتا هەر لەوێ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا جولەکەکان گوێیان پێنەدا و بەردەوامبوون. ووتیان) Ererr Yisrael سەرزەمینی ئیسرائیل) ، ئەو سەرزەمینەی کە خوا تەنها و تەنها بەخشیویەتی بەوان، دەبێت سەرلەنوێ لەدایک بێتەوە لەژێر سایەی ئاینی نەتەوایەتیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی باوەڕی جیهان هەیە بەتەنها ناتوانێت هیچ شتێک بەرهەم بهێنێت ئەگەر پاڵپشتێکی سیاسیت نەبێت کە خەونەکانت بۆ بگۆڕێت بۆ ڕاستی. ئەو پاڵپشتەش بەباشی دابینکرابوو ، نەک هەر لەلایەن حکومەتی بەریتانییەوە، بەڵکو لەلایەن ئەمریکییەکانیشەوە. پێدەچێت جولەکەکان لەو هەموو ماوە دووروودرێژەی تاراوگەیاندا ئەزمونی سیاسی باشیان لە چەندەها وڵات و لەژێر سیستەمی چەندەها جۆر حکومەتی لێکجودادا بەدەست هێنابێت. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ەکاندا ئیسرائیلییەکان خاکی زیاتریان وەدەستهێنا لە فەلەستین، ئەو زەوییانەیان بە پارەی جولەکەکانی بەریتانیاو ئەمریکا دەکڕی. ئەم زەوی فرۆشتنەی عەرەب و زەوی کڕینی جولەکەیە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە دروستکردنی چینێک عەرەبی بێخانەولانەدا. لەئەنجامی ئەوەشدا گەلێک لە جوتیارەکان ناچار بوون لادێکان جێبهێڵن و ڕوو بکەنە شارەکان بەدوای کاردا، یان لەلای ئەو جولەکانە کار بکەن کە خاوەنی باخی میوە ترشەمەنییەکان بوون. بەهۆی ئەوەشەوە ژمارەی زەوی فرۆشتن بە جولەکە لەلایەن ژماریەکی کەمتری عەرەبە خاوەن زەوییەکانەوە کە پێویستییان بە سەرمایە هەبوو بۆ ئەوەی درێژە بەژیانیان بدەن و ئامادە بوون پارچەیەکی زەوییەکانیان بفرۆشن زیادی کرد. مەرامی جولەکەکان بەئاشکرا ئەوە بوو کە خۆیان هەم لە لایەنی ژمارەوەو هەم لەلایەنی دەستگرتن بەسەر ناوچەیەکی هەرچی فراوانتردا لە ناو فەلەستیندا بسەپێنن و لەگەڵ ئەو بەربەستانەشدا کە خرانە بەردەم کۆچبەری، جولەکەکان بە ژمارەیەکی هەرچی زیاتر دەهاتن بەرەو فەلەستین ، هەم لە ڕوسیاوەو هەم لە ئەوروپای نازی پڕ لە زوڵم و ستەمەوە .

لەو کاتەوە کە نازییەکان لە ئەڵمانیا جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست ، لە سەرەتی ١٩٣٠ ەکاندا، سەرکوت و چەوساندنەوەی بێبەزەییانەیان بۆ جولەکەکان زۆریانی ناچارکرد کە کۆچ بکەن بۆ ئیسرائیل. ئەم شەپۆلی کۆچە بووە هۆی دروستبوونی نارەزایەتیەکی خوێناوی لەلایەن فەلەستینییەکانەوە و چەند هەڵمەتێکیان بەرپاکرد دژی نیشتەجێنشینە جولەکەکان. جولەکەکانیش سوپایەکیان پێکەوەنا کە ناوی هاگانا Hagana بوو، ئەم سوپایە خۆی پڕ چەک کردو شەوانە دژە هێرشی ڕێکدەخست بۆ سەر بنکەو بارەگای فەلەستینییەکان. لەساڵی ١٩٣٧ دا گروپێکی شۆڕشگێڕ کە ناسرابوون بە ئارگون Irgun دایانە پاڵ سوپای هاگانا و دەستیان کرد بە چالاکی خۆیان. ئارگون ڕێبازی تاکتیکی تیرۆریستیانەیان گرتەبەر کە ڕێک وەکو پەلاماری عەرەبەکان وابو بۆسەر جولەکە تاکە کەسەکان. لە ماوەی سێ هەفتەدا، لە ساڵی ١٩٣٧ دا، ٧٧ عەرەب کوژران بەهۆی بۆمباچاندنی ئارگۆنەوە لە ناوبازاڕە عەرەبییەکاندا. هێزەکانی بەریتانیاش لە دەوروبەری هەمان کاتدا چەند هەڵسوکەوتێکی تەواو نابەجێیان دا بە تەنگەی عەرەبەکاندا، بە لەسێدارەدانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لەنێوان ساڵانی ١٩٣٧ بۆ ١٩٣٩ و کوشتنی ژمارەیەکی لەوە زیاتریش لێیان لەلایەن سوپای بەریتانیاوە. ماڵی ئەو فەلەستینیانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا داڵدەی گەریلاکانیان دابێت بە دینامیت خاپوردەکرا، ئەم ڕەفتارە هاگانا دایمەزراندو هەتا ئێستاش حکومەتی ئیسرائیلی پەیرەوی لێدەکات. تەنانەت کاتێک حکومەتی بەریتانی ویستی ڕەشمەی ئارگۆن توند بگرێت بە هەڵواسینی یەکێک لە ئەندامەکانیان چونکە پەلاماری پاسێکی فەلەستینی دابوو، ئەمە لەلای جولەکەکان بە هەڵاواردن دانرا- ئەمە لەڕاستیدا هەوڵێکی گاڵتەجاڕانە بوو لەلایەن بەریتانییەکانەوە بۆ ئەوەی وا نیشانی عەرەبەکان بدەن کە گوایە ئەوان بە یەکچاو دەڕواننە کێشەکە. ئەم ڕوداوە وادیارە لەبەرانبەردا هەردوو گروپی هاگاناو ئاگرونی هاندا بۆ بەئەنجام گەیاندنی پەلاماری چڕوپڕتر دژی عەرەبەکان .

لەوکاتەدا بوو کە ڕوداوە سیاسیەکانی ئەوروپا پێی نایە قۆناغی کارتێکردنێکی زیاترەوە لە ڕوداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هێتلەر چیکۆسلۆفاکیای داگیرکردو پروپاگەندەی نازی و فاشی عەرەبەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هاندەدا بۆ ڕاپەڕین لەدژی بەریتانیەکان، تا لەو ڕێگایەوە پێگەی ستراتیجییان لە میسرو

نۆکەندی سویس بخەنە مەترسییەوە. بەریتانییەکان زۆر زوو بۆیاندەرکەوت کە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینێکی بەو جۆرە ژمارەیەکی زۆر لە سوپا تێوەدەگلێنێ و ناچاریان دەکات کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیربن ، لەکاتێکدا کە لە ئەوروپا زۆر لەوە زیاتر پێویستییان پێیان دەبێت و ناچاریان دەبن. ئەم بەهەندگرتنەی هەلومەرجەکە بووە هۆی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ساڵی ١٩٣٩ کە لەوێدا بە نایابی سیاسەتی بەریتانیا لنگەوقوچ کرابوو داوای ئەوە کرابوو کە ئاستەنگی لەبەردەم کۆچی جولەکەکاندا دابنرێت و بۆنی ئەوەی لێدەهات کە زامنی بەدەستهێنانی فەلەستینێکی عەرەبی دەکەن لەماوەی ١٠ ساڵدا. ئەمەش بێگومان فێڵ و تەڵەکەیەکی تایبەت و نمونەیی بەریتانیانە بوو بۆ بەکارهێنانی فەلەستین لە پێناوی مەرامەکانی خۆیاندا. ئەگەر ئەمڕۆ هەموو دەوڵەتە نەوت بەرهەمهێنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەپڕ پشت لە خۆرئاوا هەڵماڵن و بێژن نەوتتان نادەینێ هەتا دان بە سەربەخۆی فەلەستیندا نەنێن، دەبێت چی بقەومێت؟ ئایا ئەو کاتە شەڕیان لەگەڵ دەکەین- ئایا بە زەبری هێزی سەربازیی نەوتەکەیان لەبندەست دەردێنین؟

ئەو پاساوە گونجاوەی بۆ پێشنیارکردنی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەریهەڵدا کۆتایی پێهات. ئێمە هەمووومان هەستمان بە گوناهباری کرد. پاشماوەی جولەکە دورخراوەکانی ئەوروپا کە لە کامپی جینۆسایدی هاڵەکۆست Holocaust[4] دا بە زیندووی دەرچووبوون وەدەرکەوتنەوە. ئیسرائیل بوو بە پەناگا بۆ ئەو هەموو خەڵکانە لە چەندەها نەتەوەی جۆراوجۆرەوە، کە ڕەگەزو باوەڕی ئاینییان پێکەوە گرێیداونەوە. بەم جۆرە ئەوان جیاوازبوون لەو جولەکانەی کە لە فەلەستین دەژیان بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەمانە جوتیارو وەرزێر نەبوون، بەڵکو زۆربەیان ڕۆشنبیربون و هەموویشیان خاوەنی کارامەیی و دەسترەنگینی جۆراوجۆر بوون، کە لەنێوانیاندا چەندەها پسپۆڕی زۆر باش مەشقپێکراوی سەربازیشیان تێدابوو .

کەوابێت کێ ئەم ئارەزووەی بۆ جولەکەکان هێنایە دی و بۆ؟ ئایا لەسەر ئەم گۆی زەوییە شوێنێکی دیکە نەبوو جێگەی ئەوانی تێدا ببێتەوە، پارچە زەوییەکی فراوانی چۆڵ لە ئەمریکا، کەنەدا یان تەنانەت لە ڕوسیاش؟ ئەو سەرکردە جولەکانەی کە لە ئەمریکاو بەریتانیاش ئەوەندە بەتوندی پشتیوانی خەونەکەیان دەکرد نەدەبوا حیسابێکیان بۆ مەترسییەکانی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل بکردایە. وەک ئەوەی کە ئێستا دەرکی پێدەکەین، ئایا ئەو هەموو قوربانیە مرۆییەی دەهێنا کە لە پێناویدا بەختکرا؟ ئایا ئەگەر جولەکە دەوڵەمەندەکان و سیاسییە لێو بەخەندەکان بیانزانیایە ئەنجامی وا دەبێت ئەو سەدەها هەزار کەسەیان بەکوشت دەدا بۆ جێکردنەوەی شوێنپێیەکی خۆرئاوایی لە خۆرهەڵاتی ناوەند؟ مێژوو، ئاین، سیاسەت و تەنانەت بەداخەوەبونیش بۆ جولەکەکان ئەمانە هەموو واتا بەخشن. بەبارەکەی دیکەشدا دروستکردنی ئیسرائیل واتە سەرگەردانکردنی گەلێکی دیکە، عەرەبەکانی فەلەستین، ئەو گەلەی کە بە ئەندازەی هەر جولەکەیەک مافی یاسایی و ئەخلاقییان هەیە بۆ فەلەستین. دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئیسرائیل، بە خۆی و بە ئاینێکی ململانێکەرەوە، لە ئاژاوە زیاتر هیچی تری لێچاوەڕوان ناکرێت. لە تشرینی دووەمی ١٩٤٧ دا نەتەوە یەکگرتووەکان فەلەستینی دابەشکرد، کە هێشتا لەژێر ئینتیدابی بەریتانیدا بوو، بۆ دوو دەوڵەتی عەرەب و جولەکە. شەش مانگ لەوەدوا بەریتانییەکان کشانەوەو لە ١٤ ی ئایاری ١٩٤٨دا دەوڵەتی ئیسرائیل ڕاگەیەندرا .

بەم جۆرە ئیسرائیل هەر لە یەکەم چرکەی ژیانییەوە پەلەقاژێی بۆ مانەوەی خۆی کردووە. دەوڵەتە عەرەبییەکانی دراوسێ ویستیان ئیسرائیلییەکان ڕیشەکێش بکەن، ئەوانیش کە شوێنێکی تریان شک نەدەبرد پەنای بۆبەرن بێجگە لە دەریا، وەکو درندەی کێوی جەنگان. بەڵام ئەوان تەنیا نەبوون؛ دەوڵەتی ئیسرائیل گەلێک دۆستی هەیە لە خۆرئاوا، گەلێک سودیشی هەیە بۆ دەوڵەتە خۆرئاواییەکان، لەبەر ئەوە بوو کە پشتگیری ماددی و مەعنەوی بۆ ئیسرائیل دابینکرابوو. بەم جۆرە قەسابخانە تۆقێنەرەکە کەوتەکار. بەپەرۆشی ئەوەوە کە هێڵی

---

[4] بە جینۆسایدکردنی جولەکەکان دەوترێت لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی پێش جەنگی جیهانی دووەم و لەکاتی جەنگەکەشدا، کەبە ملیۆنانیان لێ قەتڵوعامکرا. [و.]

بەرگری پتەو دابمەزرێنن و لە دەست فەلەستینییەکانیش ڕزگاریان ببێت لە ناوەوە، ئیسرائیلیەکان تاکتیکی تیرۆریستییان پیادەکرد. یەکەم تاکتیکی تیرۆریستی مانگێک بەر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل بەکارهات. شەوی ٨ی نیسانی ساڵی ١٩٤٨، یەکەیەکی هاوبەشی ئارگون/ستێرن ( ستێرن ڕێکخراوێک بوو لە جەنگاوەرانی ئازادی ئیسرائیل پێکهاتبوو کە تاکتیکی تیرۆریستی بەکاردەهێنا) زیاتر لە ١٠٠ عەرەبی فەلەستینییان کوشت لە گوندی دێریاسین ، نزیک ڕێگای ئۆرشەلیم. ئیسرائیلییەکان ژیرییان وەلاناو لە تامەزرۆییدا بۆ خوێنڕشتن ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی و بێچەکیان کوشت. زۆر لە سەرکردە جولەکە بەناوبانگەکان ئەم کارەساتەیان بە کردارێکی تەواو قێزەونانە دایە قەڵەم. لەگەڵئەوەشدا کارەساتێکی تری هاوشێوەی ئەو چەند ساڵێک لەوەدوا ڕوویدا .

کاتژمێر ٩:٣٠ ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٣ ، هێزەکانی ئیسرائیل پەلاماری گوندی قبییەی ئەردەنیی سەرسنوریاندا، کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای ئۆرشەلیمەوە. حەوسەد کەس لە هێزە نیزامییەکانی ئیسرائیل بەشداری ئەو پەلامارەیان کرد کە لەوێدا هاوەن، ڕەشاش، تفەنگ و تەقەمەنی جۆراوجۆر بەکارهات. چل خانوبەرەی هاوڵاتیان و قوتابخانەو مزگەوتی گوندەکەش خاپورکران. ئیسرائیلییەکان هەرکەسێکیان بەردەست بکەوتایە دەیانکوشت بەبێ جیاوازی لە نێوان پیاوو ژن و مناڵدا، بەشێوەیەکی گشتی ٧٥ لادێنشینی بێتاوانیان لە خوێنی خۆیاندا گەوزاند .

دەوڵەتە عەرەبەکانی دراوسێ لوبنان، سوریا، ئەردەن، میسر و عێراق دابەشکردنی فەلەستین و قوتبوونەوەی ئەو دەوڵەتە نوێیەیان ڕەتکردەوە. ئیسرائیل لەجەنگی دواتردا، (١٩٤٨-٤٩) سەرکەوتنی بەدەستهێناو خاکەکەشی بوو بە ئەوەندەو نیو. نارەزایی عەرەبەکان هەر بەردەوام بوو، ئەگەرچی شەڕی بەرانبەرو ڕاستەقینە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٥٦ دا هەڵگیرسایەوە ( هەڵمەتی سینا)، کاتێک ئیسرائیل بە هاوکاری فەڕەنساو بەریتانیای گەورە پەلاماری میسریاندا دوای ئەوەی میسر کەناڵی سوێسی خۆماڵی کرد. بەهۆی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤییەتەوە پشتگیری دەکرا ناچاریانکردن شەڕ ڕابگرن .

لە ساڵی ١٩٦٤ دا بە کۆمەکی ناسری سەرۆکی میسر ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین PLO دامەزرا. ئەو ڕێکخراوە هەر لە سەرەتا لەرزۆکەکەیەوە بوو بە دەنگی سەرەکی نەتەوەیەکی بێ نیشتمان. زۆربەی نەتەوەی عەرەب پشتیوانی ئەو ڕێکخراوەی کرد و کۆمەکی ماڵی باڵی سەربازییان دەکردن کە ناسراون بە ئەلفەتح و پرچەک و تفاقیان دەکردن. لەساڵی ١٩٦٩ دا یاسر عەرەفات بە سەرۆکی گشتی و هەمەلایەنە هەڵبژێردرا. کێشەکە لەوەدا بوو کە ناتەبایی نێوان عەرەبەکان کارێکی وەهای کردبوو کە هەمیشە هەر دەوڵەتە لەگەڵ دەوڵەتەکەی دراوسێیدا خەریکی دەمەقاڵەو شەڕوشۆڕبێت. لە ئەنجامی ئەوەشدا گروپە لاوەکی و کێبڕکێکەرەکانی ناو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پشتگیری و پشتیوانی لێکجودایان لێدەکرا لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییە جیاوازەکانەوە. لەلایەکەوە میسر پشتیوانی گروپی جۆرج حەبەش (PFLP بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین) ی دەکرد و لە لایەکی تریشەوە سوریا پشتیوانی گروپی ئەحمەد جوبریل. هەندێک جار دۆست و تەبا بوون و هەندێک جاری تریش پەلاماری یەکتریان دەداو دەجەنگان. کەچی لەگەڵ ئەم هەموو کێشانەشدا یاسر عەرەفات و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین هەر بە زیندویی مانەوە. لە ساڵی ١٩٦٧ داو لە شەڕی شەش ڕۆژەدا، ئیسرائیل بە هەڵمەتی هەوایی و پێشڕەوەی کردنی زەمینی وەڵامی هەراسانکارییەکانی میسری دایەوە. ئەنجامی ئەو شەڕەش تێکشکانێکی ئابڕوبەرانە بۆ میسرو دەستکەوتی فراوانبوونی هەرێمیش بۆ ئیسرائیل بە بانی خۆرئاواشەوە، کە PLO لەوێوە بەردەوام بوو لەسەر پەلامارە تۆڵەسێنییەکانی. ئیسرائیلیەکان، وەک پیشەی هەموو کاتێکیان وەڵامی ئەو هێرشانەیان بە پەلاماری کوتوپڕ و لەناکاو دەدەدایەوە و ئەم جارە ئاراستەی سەرکردەکانی PLO یان کرد.

لە ١٩٦٨ دا ئیسرائیلییەکان خۆیان لە هەمبەری سیاسەتێکی نوێدا بینییەوە، دوای ئەوەی لە ٢٦ی کانونی یەکەمدا لە فڕگەی ئەسینا بە هۆی هێرشێکەوە بە نارنجۆکی دەستی بۆ سەر فڕۆکەیەکی جۆری E1A1

سەرنشینێکی ئیسرائیلی کوژرا. لە ئیسرائیل نائومێدی باڵی بەسەر کەشی گشتیدا کێشابوو. خەڵکەکە لەو باوەڕەدابوون کە هێزەکانی ئاسایشی ئیسرائیل لە ئاستی وەڵامدانەوەیەکی پێویستدا نین بەرانبەر هەناردنە دەرەوەی تیرۆریزمی فەلەستینی لە خۆرهەڵاتی ناوەندەوە بۆ ئەوروپا. لە کاتژمێر ٩:١٥ پاشنیوەڕۆی ٢٨ی کانونی یەکەمدا هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیل بە هەلیکۆپتەر لە فڕگەی نێودەوڵەتی کە دەکەوێتە خواروی بەیروتی پایتەختی لوبنانەوە دابەزین. گەرچی هێزەکانی سوپای لوبنان بەرەنگاریان بوونەوە بەڵام نەیانتوانی بەریان لێبگرن و لە ئەنجامدا ئیسرائیلییەکان ١٣ فڕۆکەی نەفەرهەڵگری مەدەنی بەتاڵیان تەقاندەوە کە سەر بە هێڵی هەوایی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە بوون. جەربەزەیی و چاوسوری ئەم کارە هەموو جیهانی هەژاند و ئیسرائیلیان بەوە مەحکوم کرد کە خۆی لەو کارانەوە گلاندووە کە بە "تیرۆریزمی دەوڵەت" ناوزەد دەکرێن .

سەرباری هەموو ئەم مەحکوم کردنانەش دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بوو لە پیادەکردنی هەموو جۆرەکانی هێرش و پەلامار. یەکێک لەو گۆڕانکارییانە کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانەی کە لەسەر خاکی وڵاتانی بێگانە چالاکی ئەنجام دەدەن. ئەم کارەش بە هاوئاهەنگی لەگەڵ چەندەها ئاژانسی زانیاری کۆکردنەوەی خۆرئاوادا ئەنجامدرا کە لە نزیکەوە لەگەڵ پیاوانی موساد ( ئاژانسی موخابەراتی ئیسرائیل) دا کاریان دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٣ دا موساد زانیاری نایابی دەستگیربوو دەربارەی پلانێک بۆ هاویشتنی موشەک بۆ فڕۆکەیەکی ُجۆری E1A1 لە فڕگەی فایۆمیساینۆ لە ڕۆما. زانیارییەکان تەواوی چەندوچونی کارەکەی تێدا یەکالاکرابۆوەو کاتی ئەنجامدانی کارەکەو ناوی پەلاماردەرەکانیشی گرتبووە خۆی. موساد ئاگادارینامەیەکی دا بە دەزگاکانی ئاسایشی ئیتالیاو ئەوانیش تەپکەیەکیان بۆ تیرۆریستەکان نایەوەو پێنج کەسیان دەستگیرکرد .

ئەو خۆشی و گەشکەیەی کە موخابەراتی ئیسرائیلی لەئەنجامی ئەو چالاکییەوە هەستی پێکرد زۆری نەخایاند. ئیتالیا لە ژێر فشاری ئابوری و دیپلۆماسی کۆلۆنێل موعەمەر قەزافیدا یەکەم بەهانە کە چنگگیری بوو بەردانی پێنج عەرەبەکە بوو. ئەوانیان بە شێوەیەکی نیمچە پەنهان سواری فڕۆکەیەکی کۆنی جۆری C-47 Dakota ی هێزی هەوایی ئیتالیا کرد بەرەو تەرابلوس. لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣ دا، هەر دوو هەفتە دوای گەڕانەوەی لە لیبیا، هەر هەمان فڕۆکە لە نزیک شاری ڤینیسیا کەوتە خوارەوە. لەو کارەساتەدا چوار ئەفسەری سوپای ئیتالیا، هەمان ئەو پیاوانەی کە تیرۆریستەکانیان بە مەنزڵگای ئارامیان لە تەرابلوس شادکردەوە گیانیان لەدەستدا. یەکسەر گومان لەوەکرا کە ئەو کارە کارێکی تێکدەرانە بووبێت ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەدەسەلمێنرا. سیازدە ساڵ لەوەدوا جەنەڕاڵ ڤیڤیانی بەڕێوەبەری پێشوی دەزگای دژە- موخابەراتی هێتلەر دانی بەوەدانا کە موساد ئەو فڕۆکەیەی خستۆتە خوارەوە. ڕۆژنامەکانی ئیتالیا وتیان ئیسرائیلییەکان بەتاسەوە بوون سزای حکومەتی ڕۆما بدەن چونکە ئەو حکومەتە لەگەڵ تیرۆریستەکان نەرم بووە .

لە شەڕی یوم کیبور ( یوم الغفران) دا ١٩٧٣-١٩٧٤ میسرو سوریاو عێراق سەرقاڵی و ئاگالەخۆنەبوونی جولەکەکانیان قۆزتەوەو لەو ڕۆژە پیرۆزەی جولەکەکاندا کە ڕۆژی نزای بەخشین و خۆپاکژکردنەوەیە لە گوناە پەلاماری ئیسرائیلیاندا.ئیسرائیل بەپەلە کەوتە خۆو لەشکرە عەرەبەکانی ناچارکرد لەو شوێنانەی کە گرتبویان پاشەکشە بکەن ، بەڵام نرخی ئەم شەڕە بۆ هەردوولا قورس بو. ئەمجاریشە هەمدیس ئاگربەست سەپێنرا. ئیسرائیل لەم ململانێیانەدا نەک هەر وەک بەرزەکی بانان دەرچوو بەڵکو سەرزەمینێکی فراوانی هاوسێکانیشی لکاندبەخۆیەوە و ڕازیش نەبوو بیانداتەوە بەبێ چەسپاندنی ئاشتییەکی سەقامگیر. یەکەم هەنگاو بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ساڵی ١٩٧٨ دا بوو، کاتێک مەناهیم بیگنی سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل و ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر لە کامپ دەیڤدی ئەمریکا کۆبونەوە. پەیماننامەیەکی ئاشتی لەنێوان میسرو ئیسرائیلدا مۆرکرا لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە واشنگتۆن DC و ئیسرائیل دەستی کرد بە پاشەکشەیەکی قۆناغ بەقۆناغ لە سینا کە لە ساڵی ١٩٨٢دا کۆتایی پێهات. ئەگەرچی لە ووتووێژەکانی ئۆتۆنۆمیدا بۆ هەرێمی غەزەو بانی خۆرئاوای

ئەردەن هەندێک پێشڕەوی کرا بەڵام چونکە فەلەستینییەکان چیتر بە ئاشکرا لەلایەن دەوڵەتە عەربییەکانەوە یارمەتی نەدەدران، تاکو تەنیا جێهێڵران بۆ ئەوەی مل بدەنە بەر ئەو خەباتە سەختە .

لەساڵی ١٩٨٢دا هێرشێکی فراوانی ئیسرائیل دەستی پێکرد کە ئامانجی تێکوپێکدانی هەموو بنکەو بارەگاکانی PLOبوو لە باشوری لوبنان. لەدوای ئەوەش، گەمارۆی دە ڕۆژە بۆ بەشی موسوڵمان نشینی خۆرئاوای بەیروت، کە قەڵاو پایەگای PLO بوو، فەلەستینییەکانی ناچارکرد کە لە ژێر چاودێری ئەمریکادا پلانێکی ئاشتی قوبوڵ بکەن. بەپێی ئەو پلانە گەریلاکانی PLO دەبوایە بەیروت چۆڵبکەن و ڕووبکەنە ئەو کۆمەڵە دەوڵەتە عەرەبیەی کە ڕازی بووبوون داڵدەیان بدەن. هێزەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە لەلوبنان پاشەکشەیان کرد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا نائارامی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا بەردەوامە و پێکهەڵپرژان لە نێوان خۆپیشاندەرە عەرەبەکان و سوپادا بووە بە کارێکی ڕۆژانە. لە ئۆردوگا قێزەونەکانی ئاوارەیی وڵاتە عەرەبییەکاندا فەلەستینییەکان چاوەڕوانی تۆڵە بوون و تا دەهاتیش ژمارەیان چەند قات زیادی دەکرد، تا وایلێهات لە ساڵی ١٩٨٠ دا ژمارەی ئاوارە فەلەستینییەکان لە چل ساڵ لەوەپێش زۆرتر بوو. دانیشتوانی عەرەبی بانی خۆرئاواو غەزەو ئۆرشەلیمی خۆرهەلات بەگشتی لە ملیۆنونیوێک تێدەپەڕی. هێشتاش زۆربەمان لە خۆرئاوا هەر ئاگاداری ئەوەبووین کە ئیسرائیلییەکان بەردەوام خەبات دەکەن؛ بەدەستێک دەوڵەتە نوێکەیان بینا دەکەن و بە دەستێکی تریش بەرگری لێدەکەن. ئەوەی کە نەماندەبینی کوێرەوەری فەلەستینییەکان و ئەو دڕندایەتییە بوو کە لە دژیان پەیڕەو دەکرا. ئەو دەوڵەتەی کە هاوڵاتییەکانی لە هەڵاتوانی دەستی چەوساندنەوە پێکهاتبوون ، ئێستا خۆی بووە بە چەوسێنەر. تاکە جارێک کە ڕۆژنامەکانی خۆرئاوا سەروتارەکانی خۆیان بۆ فەلەستینییەکان تەرخان کردبێت ساڵی ١٩٧٢ بوو، کاتێک فەلەستینییەکان ئەوپەڕی تورەیی خۆیان بۆ جیهان بەیانکرد. ئەم ڕقە ئەستورەش بە کرداری پیاوکوژە دەمامک- ڕەشەکان دەربڕرا کە ئاراستەی وەرزشەوانە ئیسرائیلیەکانیان کرد لە کاتی یاری ئۆڵۆمپی میونیخدا بەرلەوەی فڕۆکەیەک بڕفێنن بەرەو عێنتێبە (ئۆگەندا). بەم ڕوداوانە تیرۆریزمی نوێی جیهانی بەڕاستی دەستی پێکرد.

ئەم مێژووە کورتەی هەلومەرجی ئیسرائیل/فەلەستین کە لە سەرەوە پوختەیەکی پێشکەشکرا بە مەبەستی ئەوە بوو کە نیشانی بدەین کە تۆوی تیرۆریزمی نویٚ لە کۆتایی ١٩٤٠ هکاندا لە ئیسرائیل چێنراوە. نزیکەی بیست ساڵ لەوەدواش ئەو تۆوانە چەکەرەیان کرد. ساڵانی ١٩٦٠ هکان شاهیدی سەرەتای شۆڕشی سەرتاسەری بون. بەشی زۆری ئەو گرۆتینە شۆڕشگێڕییە تایبەت بوو بە لاوان. لاوەکان بەو جۆرە دەنگێکیان دیتبۆوە کە هەستونەستی خۆیان لە ڕێگای مۆسیقایەکی نوێوە دەربڕن. گۆرانییەکانیان ڕەخنەی توندی ئاراستەی جەنگی ڤێتنام و هەڕەشەی چەکی ناوکی دەکرد کە باڵی بەسەر ئەمریکاو ئەوروپادا کێشابوو لە ساڵانی شەڕی ساردا. سەردەمێک بوو کە سەربەستی تاکەکەس گرنگییەکی زیاتری پەیداکردبوو لەو دەسەڵاتە ڕێکخراوەی کە بەرەنگاریی دەکرد. تایەکی تەرازوەکە بزوتنەوەی ئاشتیخوازو هێزی گوڵ Flower Power[5] بوو، لە تاکەی دیکەشدا شۆڕشێکی توندڕەوانە جێگیرکرابوو. ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و بادەر-ماینهۆف Badder-Meinhof ی ئەڵمانی و سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی (IRA) شوێنپێی خۆیان قایمکرد .

لەدەوروبەری ئەم کاتەشدا بوو کە دیاردەیەکی نویٚ وەدەرکەوت- پەیوەندییەکان بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە، کە بڵندگۆیەکی جیهانی بەخشی بە میدیا. لەڕابوردودا ڕوداوە تیرۆریستییە تاک و تەراو کارە دڵتەزێنەکان بە گۆشەگیری دەمانەوە، زۆربەی دانیشتوانی جیهان هیچیان دەربارەیان نەدەبیست. ئەمڕۆکە هەمان ڕوداوی لەو چەشنە ڕاستەوخۆ بەرەو ملیۆنان ماڵ پەمپ دەدرێن لەسەرتاسەری جیهاندا. تیرۆریزم هەواڵ و دەنگوباسەو هەواڵ و دەنگوباسیش تەلەفیزیۆنە، هەردو ڕەگەزەکەش لە بەهاو گرنگیدا پێشڕەوییان کردووە.

---

[5] هێزی گوڵ (Flower Power) بەو بزوتنەوەی لاوانە دەوترا کە لە ١٩٦٠ هکان و ١٩٧٠ کاندا خوازیاری ئاشتی بوون و دژی شەڕ بوون.[و.]

زۆر لە ئێمە لە کاتی بەرچایی بەیانیاندا لە تەلەفیزۆێنەوە سەیری ئاکارە تیرۆریستییە قێزەونەکان دەکەین؛ هەشت کەس کوژران بەهۆی بۆمبێکەوە کە لە پاسێکدا چێنرابوو؛ چوار کارمەندی فریاگوزاری لەلایەن ئەفریقییە نەیارە نەناسراوەکانەوە سەربڕران؛ دوانزە کەس بە بارمتەگیران کاتێک بۆ پشو ڕویان کردبووە نێو جەنگەڵێک. لە کاتێکدا تۆ لەئامێزی ئارامی و سەلامەتی ماڵی خۆتدا دانیشتوی، ئایا هەرگیز بە بیرتدا دێت بپرسیت: داخۆ ئەوانە کێ بن کە بەو کارانە هەڵدەستن؟
لەکاتێکدا کۆتایی ١٩٧٠ کان وەڵامدانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی بەرانبەر بە تیرۆر، بەوەی زۆر وڵات تیمی تایبەتی دژ بە تیرۆریان پێکەوەنا، کەچی هەمان کات پێگەیشتنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیشی بەخۆیەوە بینی. ئەگەرچی ژمارەی پەلامارە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان دابەزی بەڵام کاریگەری پەلامارەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوت. تیرۆریستەکان باشتر مەشقیان پێدەکراو چاکتریش ڕێکخرابوون. ئەم هەلومەرجەش بە کشانەوەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٩ دا ئاڵۆزتر بوو، چونکە ئەو کشانەوەیە بۆشاییەکی دروستکرد و زەمینەیەکی نوێیشی بۆ مەشقی تیرۆریستی ڕەخساند. زۆر لە گروپە ئاینییە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان لایەنگرانی خۆیان دەنارد بۆ ئەوەی شانبەشانی موجاهیدەکان لە دژی سۆڤیەتییەکان بجەنگن؛ بە تەواوبونی جەنگەکە خەزێنەیەکی گەورە لە جەنگاوەرانی باش مەشقپێکراو لەبەردەستدا بوو. هەلومەرجی ناو ئەفغانستانیش یارمەتیدەر بوو بۆ ڕونکردنەوەی ئەو گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرەی پڕچەکبوونی ئیسلامی و بڵاوبونەوەی بە سەرتاسەری جیهاندا. لەکاتێکدا کە پێمان ناوەتە نێو ساڵی ٢٠٠٣ وە، زیاتر لە سەدا ٥٠ ی هەموو کارە تیرۆریستییەکان لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرێت .

## پێناسەکانی تیرۆریزم

زۆر کەس هەوڵیانداوە پێناسەیەک بۆ تیرۆریزم دابنێن و لە کاتێکدا کە هەموویان ( تا ڕادەیەک ) ڕاستن، هیچ کامێکیان بە تەواوی نەیتوانیوە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن کارە تیرۆریستییەکان وەبەرهەمدێن. ئەمریکا، بەتایبەت، سورە لەسەر دانانی پێناسەیەکی چەسپاو بۆ تیرۆریزم. ئەمەش پێدەچێت لەبەر ئەوەبێت کە ئەوان دەیانەوێت پێناسەیەکی یاسایی بدۆزنەوە بۆ پاساودانەوەی کارە تۆڵەسێنییەکانیان. تیرۆریزمی جیهانی ئەوەندە جۆراوجۆرە کە چەسپکردنی یەک مۆرکی ناوونیشان پێوەی کارێکی ترسناکە، ئەگەرچی گەلێک کەسیش هەوڵیداوە ئەوە بکات. ئەم ووتانەی خوارەوە هی چوار دەسەڵاتی سەرەکی و پێشڕەوی جیهانن لەمەڕ تیرۆریزم:

تیرۆریزم بریتییە لە بەکارهێنانێکی نایاسایی هێز بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی سیاسی لە کاتێکدا خەڵکی سیاسی دەبنە ئامانج .

والتەر لاکیور

تیرۆریزم... هەرجۆرە توندوتیژییەکی سیاسی کە پاساوێکی یاسایی یان ئەدگاری نەبێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەو لایەنەی بەوکارە هەڵدەستێت گروپێکی شۆڕشگێڕییە یان دەوڵەت.

ڕیچارد ئەی فاڵک

تیرۆریزم دەکرێت بە کورتی وەک بەکارهێنانێکی سیستماتیکی کوشتن ، بریندارکردن ، وێرانکردن و هەڕەشەی لەو بابەتانە پێناسە بکرێت، بۆ هێنانەکایەی کەشوهەوایەکی تیرۆر، بۆ ناساندنی مەسەلەیەک وە بۆ داسەپاندنی ئامانجێکی فراوانتر لەپێناوی ملکەچپێکردنیان بۆ داواو مەبەستی تیرۆریستەکان ...

پاوڵ ویڵکنسن

تیرۆریزم بەکارهێنان یان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزە بەجۆرێک کە نەخشەی بۆ دانراوە بۆ هێنانە کایەی گۆڕانێکی سیاسی.

بریان جێنکینس

پاوڵ پیلەر، جێگری سەرۆکی پێشوی سەنتەری دژەتیرۆری CIA ، هەر چوار ڕەگەزە سەرەکییەکەی تیرۆریزمی پێناسەکردووە:

- بیری لێکراوەتەوە- پێشتر نەخشەو پلانی بۆدانراوە، زیاتر لەوەی وەک هەڵچون و توڕەبوونێکی کاتی وابێت.
- سیاسییە- نەک تاوانکاری (ئیجرامی) وەکو ئەو توندوتیژییەی کە گروپێکی وەکو مافیا بەکاری دەهێنێت بۆ سەندنی پارە، بەڵکو بەجۆرێک داڕێژراوە کە ئامانجی گۆڕینی باری سیاسی ئێستایە.
- ئاراستەی خەڵکی سیڤیلّ (مەدەنی) دەکرێت- نەک ئاراستەی ئامانجە سەربازییەکان و ئەو هێزانەی کە ئامادەن بۆ نەبەرد .
- لەلایەن گروپە ناوچەییەکان (لاوەکییەکان)ەوە ئەنجام دەدرێت- نەک لەلایەن سوپای وڵاتێکەوە .

هەمدیسەوە زۆربەی ئەو بیرۆکانە ڕاستن بەڵام زۆربەی ئەو خاڵانەی سەرەوە بەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی هاوپەیمانانادا دەچەسپێت لە جەنگی جیهانی دووەمدا. پێناسەکەی پیلەر کۆمەڵێک پرسیاریش دەوروژێنێت. بۆچی تیرۆریزم پێشتر بیری لێکراوەتەوە؟ بۆچی سیاسییە ؟ بۆچی خەڵکە مەدەنییە بێتاوانەکە لە سوپا زیاتر ناسۆر دەچێژن؟
لەکۆتاییدا پێویستە هەموومان بگەینەپێناسەی تایبەت بە خۆمان بۆ تیرۆریزم. ناتوانین پێناسەی تایبەت بە خۆمان بەسەپێنین بەسەر خەڵکانێکی تردا کە خاوەنی پێشینەی ناوچەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینی جیاوازن. نەتەوەی جیاوازو کەلتوری جیاواز بەشێوەی جیاواز دەڕواننە ئەوەی کە کام کارە تیرۆریستییەو کامە تیرۆریستی نییە. وەکو پێشتر باسکرا، ئەوەی کە لەلای کەسێک تیرۆریستە لەلای یەکێکی تر جەنگاوەری ڕێگای ڕزگارییە .
هەموو جەنگەکانی مێژوو ئەوەیان نیشانداوین کە ئەم لێکجوداییەی گروپە ڕەگەزییەکان توێشویەکی لە هەژمارنەهاتو کەلێنی بۆ کێشەی نێوان مرۆڤەکان دابینکردووە. لەبەر ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین تیرۆریزمی جیهانی لە بیروباوەڕە جیاوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانەوە چەکەرەدەکات کە ئێمە هەمووومان بەشێکین لێیان. لەو چرکەیەوە کە لەدایک دەبین لەو جیاوازییانەوە دەگلێین؛ بەسانایی ڕێکەوتنی شتەکان بەو جۆرەیە .
تیرۆریزم تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەیەو تاکەکەسەکانی ناو ئەو چوارچێوەیەیە کە کارە تیرۆریستییەکان پێناسەدەکەن و هەر ئەوانیشن ئەنجامیان دەدەن. بۆ بەرگرتن لە تیرۆریزم پێویستە بەر لەهەموشتێک لە توخمی مرۆڤ تێبگەین. خەڵکی هەر لەخۆیانەوە نابن بە تیرۆریست یان پسپۆڕی دژە ڕفاندن؛ هەمیشە بناغەو بنچینەیەک هەیە کە دەبێتە هۆی وەرچەرخانی ژیانەکان .

## جۆرج حەبەش و وەدیع حەداد

دوای ئەوەی بەریتانییەکان فەلەستینیان جێهێشت وتاڵاوی شەڕی ناوخۆ دەستیپێکرد، گەلێک خێزانی فەلەستینی ناچاربوون وڵاتی باووباپیرانیان جێبهێڵن. لە گەرمەی قۆناغی یەکەمی شەڕەکەدا، ئیسرائیلییەکان گەلێک خێزانی نا-جولەکەیان دەرکردە دەرەوە، زۆربەی جاریش بە لولەی تفەنگ، لەکاتێکدا ئەوانەی کە ڕازی نەدەبوون بڕۆن دەیانکوشتن. ژیان بردنەسەر لە ئۆردوگای پەنابەراندا بەناچاری مەرجێک بوو دەسەپا بەسەر یەکێک لە قوتاربوانی ڕۆژانەی دەستی مردندا، زۆریان حەزیان دەکرد بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین. لەنێوان ئەوانەدا دوو لاو هەبوون ، جۆرج حەبەش و وەدیع حەداد .

تێبینی نوسەر: من ئەم دوو پیاوە لەبەر هۆیەکی گرنگ باس دەکەم. ئەوان هەردوکیان بەرپرسیارن لە وەدەرکەوتنی تیرۆریزمی ڕۆژگاری نوێ، نەک هەر لە داهێنانی ئەو دیاردەیە بەڵکو لە گەشەپێدانیشی. ئەوان بوون کە بیرۆکەی فڕۆکە ڕفاندنیان هێنایە ئاراوە. ئەوان بەشوێن دەستەوتاقمە تیرۆریستییەکاندا دەگەڕان لەسەرانسەری دنیاداو هاوئاهەنگییان لەگەڵ دەکردن. قوتابخانەی تایبەتمەند بە مەشقی تیرۆریستییان دروستکرد کە لەوێدا تاکتیکە تیرۆریستییەکان پوختەو گەڵاڵە دەکران. ئەوان پێناچێت تیرۆریزمیان پێناسە کردبێت، بەڵام بێ هیچ گومانێک ئەوان پوختەو گەڵاڵەیان کردووە .

جۆرج حەبەش لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە شاری لیدا Lydda لەدایک بووە ، کوڕی بازرگانێکی دەوڵەمەندی دانەوێڵە بوەو لەخێزانێکی ئاینپەروەری مەسیحیدا چاوی هەڵهێناوە. لەدەمە دەمی کۆتایی ١٩٤٠ مکاندا، جۆرج حەبەش وەکو ئەو هەموو گەنجە دڵپڕهیوایەی ناوچەکە، لە زانکۆی ئەمریکی دەیخوێند لە بەیروت. ئەو زانستی پزیشکی دەخوێندو کەسێکی زیرەکیش بوو کۆششی زۆری دەکرد لە وانەکانیدا. لە مانگی ئایاری ١٩٤٨ دا کە تەمەنی گەیشتبووە ٢٣ ساڵان، خەریکبوو ئامادە دەبوو بۆ جێهێشتنی زانکۆو بەدیهێنانی خەونەکانی بە کردنەوەی عەیادەیەکی تایبەت بە خۆی. هەر لەهەمان مانگی ئایاریشدا سوپای بەریتانیا لە فەلەستین کشایەوەو هەر دوابەدوای ئەوەش شەڕ دەستیپێکرد. لەماوەی چەند مانگێکدا خێزانەکەی ناچاربوون ڕووبکەنە تاراوگە. ئیسرائیلییەکان بەتەواوی دەستیانگرت بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت گەیشتنە ئەو ڕادەیەی کە ناوی ئەو شوێنەش بگۆڕن کە جۆرج حەبەشی تێدا لەدایکبووە. ناوی شارەکەیان گۆڕی بۆ لۆد Lod و هەر ئەو شاری لۆدەش ڕۆژێک لەڕۆژان شانازی بە لەئامێزگرتنی فڕگەیەکی گەورەی نێودەوڵەتییەوە کرد .
یاداشتی هەموو ئەو شتانەی کە جۆرج حەبەش بینی و بیستی لەو ڕۆژە پڕ کوێرەوەرییانەدا هەر دەبوا کاریگەری قووڵی هەبوایە لەسەری. لە کۆتایشدا لە سەرەتای ١٩٥٠ کاندا خوێندنی تەواوکرد و یەکسەر دوای ئەوەش عەیادەیەکی بۆ هەژاران کردەوە لە عەممان. یەکێکی تر لە هاوکارانی لە دامەزراندنی عەیادەکەدا دوکتۆرێکی تر بوو وەکو خۆی، فەلەستینییەکی مەسیحی سەر بە ڕێبازی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی، دوکتۆر وەدیع حەداد بوو. وەدیع حەداد کوڕە مامۆستا بوو لە سەفەد لە ناوچەی جەلیل لە دەمەدەمی جەنگی جیهانی دووەمدا لەدایک بووە. ئەویش لەتەمەنی نۆ ساڵییەوە بووە بە ئاوارەو ناچاربووە لەگەڵ خێزانەکەی ژیانێکی ڕەوەندی (کۆچەری) بەبەنەسەر. جیاوازی نێوان ئەم دوو پیاوە لە زیرەکیدا بوو؛ حەبەش خوێندکارێکی زیرەک بوو، لەکاتێکدا حەداد بەنقەنق و نارەحەتی بڕوانامەی وەرگرت. وەکو ڕێوشوێنی پیشەکەیان و لە ئەنجامی ڕاهێنانیشەوە ئەم دوو پیاوە هەردووکیان خۆیان تەرخانکرد بۆ پاراستنی ژیانی خەڵک، بەڵام چەرمەسەرێکانی ژیانی لاوێتییان وەک مێردەزمە لەسەر کۆڵیان دانەدەبەزی و تاڵاوی دەدانێ. لە ئەنجامیشدا هەردوکیان ئەو بیروباوەڕە پۆڵاینەی خۆیان کە بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی ژیان بوو لەپێش مردنەوە ئاوەژوکرد بۆ دانانی مەرگ لەپێش ژیانەوە .
لەسەرەتای دامەزراندنی PFLP دا جۆرج حەبەش لە لێدوانێکدا ووتی: " من لێرەدا وەکو کەسێک قسەدەکەم کە کۆمەڵگاکەی خۆی و ئەو جیهانەش کە تێیدا دەژی بەڕاستی دەناسێت. ئێمە دەبێت جۆرێکی تەواو نوێ لە

جەنگاوەران مەشق دابدەین." ئەو بەم جۆرە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، "ئەوەندەی کە پەیوەندی بە فڕۆکە ڕفاندنەوە هەیە، ئێمە هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵمانداوە بۆ دڵنیاکردنی سەلامەتی سەرنشینەکان. هیچ کەسێکی خۆرئاوایی بەهیچ جۆرێک ئازارنەدراوە. بەشێوەیەکی تر بڵێین چالاکییەکانمان بە پاکی و بێخەوشی ئەنجامدراون، وە بەشێوەیەکی گشتی بەڵگەی ئەوە دەدەن بەدەستەوە کە ڕێکخراوەکەمان ڕێکخراوێکی شەریفە. هیچ گومانی تێدا نییە، ئێمە یاسای نێودەوڵەتیمان پێشێلکردووە- بەڵام ئەی یاسای نێودەوڵەتی چی دەکرد لە ساڵی ١٩٤٩ دا، کاتێک ئیسرائیل بەبێ چەندوچون بەرپەرچی گەڕانەوەی ئاوارە فەلەستینییەکانی دایەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟ گەرچی لەوانەیە خۆرئاوا بەم ڕوداوانە توشی خورپە ببێت، ڕفاندنی فڕۆکە لە نێو فەلەستینییەکان و جەماوەری عەرەبیدا بەگشتی کارێکی نامۆ نییە- بەلای ئێمەشەوە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە. ئەم ململانێیە بەهیچ کلۆجێک تەنها ململانێیەکی سەربازی پوخت و پاراو نییەو بەس، بەڵکو لەهەمانکاتدا ململانێیەکی سایکۆلۆجیشە، بۆیە پێویستە کە ووزەی جەماوەر بەرز بکەینەوە لە هەمانکاتدا کە هەراسان لە ئیسرائیلییەکان هەڵدەگرین." ( لە بەرهەڵستکاری فەلەستینییەکانەوە وەرگیراوە)

ساڵانی ١٩٦٠ەکان بووبوون بە دەیەیەک کە بانگەشەی شۆڕشگێڕی لەسەرتاسەری جیهاندا بە تەوژمی بەتین دەڕژان بەسەر خەڵکدا. ئەوە سەردەمێک بوو لە توندڕەوی و خەونەکان. تیرۆریزم، مەرگ وە پەشێوی نانەوە لە سەرێکی ئاوێزەکەدا جێگیربووبوون و هیپی[6] ، هێزی گوڵ ، ئاشتی و ئازادی گوفتاریش لە سەرەکەی تریدا. لە کۆمەڵگای چێشتی مجەوری خۆرهەلاَتی ناوەڕاستدا، حەبەش و حەداد خەونیان بە یاخیبوونێکەوە دەبینی. هەردوکیان ڕوناکبیر و لە چینی ناوەند و دوورخراوە لەزێدی باووباپیران، هەردووکیشیان پێکەوە تێلاَیان نابوو بەسەر شانیانەوە و لە شەڕ دەگەڕان. لەو ساڵانەی دواییدا حەبەش ئەوەندەی داخ چووە دڵ کە بیروباوەڕە ئاینییەکەی توڕداو ئاینەکەی لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیدا ئاڵوگۆڕ کرد. تفاقە پزیشکییەکانیشی لەگەڵ جبەخانەیەکی چەکدا ئاڵوگۆڕکرد و بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستینی دامەزراند. گەرچی حەبەش هەر بەردەوام بوو لەسەر گێڕانی عەیادەکەی بۆ هەژاران، بەلاَم ناچارکرا کە لە عەممانەوە بیگوێزێتەوە بۆ دیمەشق. دوای ئەوەش بەهۆی گۆڕانکارییەکەوە لە فەلسەفەی سیاسی ناوچەکەدا، هاوکات لەگەڵ نەگبەتی و شەڕەنگێزی خۆیشیدا لەگەڵ دەسەلاَتە ناوچەییەکاندا، ناچارکرا کە بگەڕێتەوە بۆ بەیروت. لە ساڵی ١٩٦٨ دا لەلایەن سورییەکانەوە دەستگیرکراو زیندانی کرا لەسەر پلانگێڕانی بۆ ژێرەوژورکردنی ئەم ڕژێمەی ئێستا .

لەکاتێکدا کە لە بەندیخانەدا بوو، دوکتۆر وەدیع حەدادی هاوکاری لە پلانگێڕاندا، پیلانێکی هەڵاتنی زۆر جەربەزانەی داڕشت بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکەی لەو بەندیخانە قایم و بەتوند گیراوەدا. پیلانی ڕزگارکردنەکە سەریگرت و دەرەنجامی ناوبانگی ئەم شانۆگەریشە لەسەر PFLP تازە دروستبوودا بەباش گەڕایەوە. بەهۆی نمونەی وەک ئەو کردەوە دلێرانەوە، پەلەوپایەی PFLP لە پێنجسەد چەکدارەوە بەرز بوەوە بۆ سێهەزاروپێنجسەد ئەندامی چالاک و پشتگیری ژمارەیەکی زۆر فەلەستینی ئاساییشی بەدەستهێنا. جۆرج حەبەش سیاسەتی PFLP ی زۆر بە سادەو ساکاری شیکردەوە. ئەوان دژی جولەکە و دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی جولەکە بوون لە فەلەستین؛ ئەوان دژی ئیسرائیل بوون، وە هەروەها دژی ئیمپریالیزمیش. حەبەش هەڕەشەی ئەوەی کرد کە گۆڕەپانی جەنگەکەی سنورەکانی جیهان فەرامۆش دەکات و سەربازەکانی بەرەوپێش دەکشێن و مەرگ و وێرانکاری بەبێ مەودا دەچێنن. حەبەش ووتی :

"دوژمنی ئێمە ئیسرائیل نییەو بەس، ئیسرائیل لەلایەن هێزە ئیمپریالیستییەکانەوە پشتگیری لێدەکرێت ".

جۆرج حەبەش لە پشت پەردەوە بوو بە بیرتیژ و فەیلەسوف ی PFLP و پەیامەکانیشی بوون بەو هێزە بزوێنەرەی کە PFLP یان هەڵدەسوڕان. ئەو ئەو بیرتیژە بوو کە ووتارە ژیرانەکانی وای لە خەڵکانی تر دەکرد کە وەدویکەون و بانگەوازی " فەلەستینێکی ئازاد!" دووبارەبکەنەوە. حەدادیش، لەلایەکی ترەوە، گورزی

---

[6]هیپی Hippie بەو لاوانە دەوترێت کە خوازیاری ئاشتین و وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی باری کۆمەڵگاش قژیان درێژ دەکەن و جلوبەرگی سەیرو سەمەرە لەبەر دەکەن و بەزۆری بە کۆمەڵیش دەگەڕێن. ئەم دیاردەیە ئێستاش هەیە بەڵام لە١٩٦٠ەکاندا زۆر بلاَو بووە. [و.]

دەستی بوو، هاوکارێکی چالاک و شۆڕشگێڕو بەهێزی بوو؛ بەدیهێنەری خەونەکانی حەبەش بوو. چالاکییە تیرۆریستییەکانی حەداد زەمینەیەکی لەباری بۆ حەبەش سازدا بۆ پروپاگەندەکردن بۆ بیروباوەڕەکانی لەپێناوی سەرنجڕاکێشانی ڕای گشتی جیهان، وە بەتایبەتیش ئیسرائیل بۆ کوێرەوەرییەکانی خەڵکی فەلەستین.

دوای ئەوەی چەند ئەندامێکی PFLP کۆگایەکی مارک و سپێنسەر Mark and Spencer یان لە ١٨ی تەمموزی ١٩٦٩دا لە لەندەن دا ئاگرتێبەردا، جۆرج حەبەش لە لێدوانێکدا ووتی: "کاتێک ئێمە لە لەندەن ئاگر بەردەدەینە کۆگایەک، ئەو گڕە بچوکانە ئەوەندەی سوتاندنی دوو کیبوتز[7] بەهایان هەیە." ئەگەرچی جۆرج حەبەش ئەو لێدوانە ئاگراوییانەیەی دا، بەڵام ئەوەندەی وەدیع حەداد توندڕەو نەبوو. حەبەش پێی باش بوو کە مەینەتی و نەهامەتییەکانی فەلەستینییەکان بە پەیامی ووشەو ئاخاوتن بگەیەنێت بە هەموو قوژبنەکانی جیهان .

جۆرج حەبەش و وەدیع حەداد هەردووکیان بەجووت لێپرسراون بەرانبەر ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتیەی کە یەکەم هەڵمەتەکانی تیرۆری گەیاندە ئەوروپا لە سەرەتای ١٩٧٠ کاندا. بەهۆی ئەو ناووناوبانگەوە کە بەهۆی کارە توندوتیژییەکانەوە بەدەستیان دەهێنا، PFLPتوانی ووشیارکردنەوەیەکی بەردەوام وەبەربهێنێ دەربارەی ئەو هەلومەرجەی کە پەیوەندی بە فەلەستینەوە هەبوو. پروپاگەندەکانیان هێندە بەگوڕ بوو کە حەبەش کەوتبووە ژێر چاودێری موساد، دەزگای موخابەراتی ئیسرائیل، کە چەندەها جار هەوڵیاندا حەبەش و حەداد هەردوکیان بکوژن.

جارێکیان لە هاوینی ١٩٧٣دا دەزگا نهێنییەکانی ئیسرائیل زانیارییەکی سەرزارەکییان بەردەستکەوت لەلایەن هەواڵدۆزێکی مەیدانیانەوە کە لە لوبنان کاری دەکرد بەوەی کە جۆرج حەبەش لە بەیروتەوە دەفڕێت بەرەو بەغدا بە فڕۆکەیەکی جۆری کاراڤێلی هێڵە هەواییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەند(MEA) ، بە گەشتی ژمارە ٠٠٦ . لەپێناوی یەکلاکردنەوەی گەلێک حیسابی کۆن و کاسە پێڕشتندا، گۆڵدا مایری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل هێزی هەوایی سەرپشک کرد کە بەر بەو فڕۆکەیە بگرن. گەشتی هەوایی ٠٠٦ ی MEA هەر چەند خولەکێک پاش هەستانی دوو فڕۆکەی جەنگیی جۆری میراجی نەناسراو بەرەنگاری بوونەوەو هەر بەنزیکبوونەوە لێی فەرمانیان پێدا کە وەدویان کەوێت ئەگینا دەیخەنە خوارەوە. کاپتنی فڕۆکەی MEA گوێڕایەڵی تەواوی نیشاندا بۆ ئەم قامک ڕاکێشانە. فڕۆکەکان بەرەو باشور فڕین و لە کۆتایشدا فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەیان ناچار کرد کە لە فڕگەی بێن-گوریۆن Ben-Gurion بنیشێتەوە لە ئیسرائیل. هەر کە بۆ نیشتنەوە هێواشی کردەوە سەربازە ئیسرائیلییەکان خۆیانفڕێدایە سەر فڕۆکەکەو پشکنییان. هەرزوو ئاشکرا بوو کە جۆرج حەبەش لەو گەشتەدا نییە، هەر بۆیە سەرنشینەکان ڕێگەیان پێدرا کە بەردەوام بن لەسەر گەشتە سەرلێشێوێنراوەکەیان بۆ بەغدا،عێراق. هەواڵدۆزەکەی موساد کە ئەو زانیارییەی گەیاندبوو ژنێک بوو، ئەویش دوایی لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی بەیروتەوە گیراو ئەوانیش تەسلیمی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین PLO یان کرد. لە بەندیخانەی PLO دا شەش ساڵ ژیانی ناو دۆزەخی گوزەراند لەسەر دەستی زیندانیکەرانی هەتا ئەو کاتەی کە لەگەڵ دوو ئەندامی PLO دا گۆڕرایەوە .

جۆرج حەبەش ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی مەشقپێکردنی گەریلادا. ئەو کامپانەی کە جەنگاوەرە گەنجەکانی تێدا فێری تاکتیکەکانی تیرۆریزم و جەنگی پارتیزانی دەکرا بنکەیەکی کۆڕبەستنیشی وەدیهێنابووو بۆ گەلاڵەکردن و پێکەوەنانی تیرۆریزمی ناونەتەوەیی. یەکێک لەو تاکتیکە نوێیانەی کە لە سەرهەڵداندا بوو ڕفاندنی فڕۆکەی بازرگانی نێودەوڵەتی بوو. ڕێوشوێنەکان ئاسان بوون. دەستەیەکی بچوک ڕفێنەر بە ژمارەیەکی کەم چەک و تەقەمەنییەوە دەتوانن بڕیار لەسەر بەبارمتەگرتنی ژیانی سەدەها کەس بدەن. فڕۆکەکەش هەمدیسان تاڕادەیەکی زۆر سەربەستی بزوتنی دەدانێ بۆ هەر دەوڵەتێک کە بیانەوێ لەسەر گۆی

[7]کیبوتز Kibbutz ئەو کێڵگە یان کارگەیەیە لە ئیسرائیل کە لەوێدا ئەرک و قازانج وەک یەک دابەشدەکرێت و هەموو کارەکانیش وەک یەک هەڵدەسەنگێنرێن. [و.]

ئەم زەوییە. لە هەموویشی گرنگتر، سەرکەوتو بن یان دۆڕاو سەرنجی میدیای جیهانی هەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت .
یەکەم فرۆکە ڕفاندنی فەلەستینی لە هاوینی ١٩٦٨ دا ڕویدا، کاتێک فرۆکەیەکی E1A1 بۆینگ ٧٠٧ کە لە ڕۆماوە دەفڕی بەرەو تەلئەبیب ڕفێنرا بۆ جەزائیر. سەرنشینە ئیسرائیلییەکان و دەستەی فرۆکەکەش لەوێ بۆ ماوەی دوو مانگ زیندانی کران. دوای ئەوە، لە مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا فرۆکەیەکی تری E1A1 بۆینگ ٧٠٧ کەوتە بەر پەلامار. کاتێک فرۆکەکە لە فرگەی ئەسیناوە هەستا، سەرنشینەکان گوێیان لە دەنگی نارنجۆک و تەقەی چەکی سوک بوو. لەئەنجامی ئەم دەستدرێژییەدا سەرنشینێک کوژرا، بەڵام پەلاماردەرەکان دەستگیرکران. لە شوباتی ١٩٦٩ دا فرۆکەیەکی دیکەی E1A1 707 درایە بەر ڕێژنەی گوللە لە کاتێکدا کە خۆی بۆ فرین ئامادە دەکرد لە زیوریخەوە بۆ تەلئەبیب. یاریدەدەری فرۆکەوانەکە کوژراو پێنج کەسیش لە سەرنشینەکان بریندارکران. یەکێک لە پەلاماردەرەکان لەلایەن پاسەوانێکی ئیسرائیلییەوە لە ناو فرۆکەکەدا کوژراو سێ تیرۆریستەکەی تریش لە بەندیخانە توندکران. لە هەردوو ڕوداوەکەدا ئەو تیرۆریستانەی کە خرانە بەندیخانە ئازادکران دوای چالاکی زیاتری PFLP لە کاری فرۆکە ڕفاندنی دواتردا .
لێرەدا سەرنشین و نەفەری هێڵە هەواییەکان ئیتر ترس و تۆقین چووە جەستەیان و هەتا بۆیانبکرایە خۆیان لە گەشتی هەوایی لادەدا. لە مانگی ئابی ١٩٦٩ دا PFLP بە فەرماندەیی تیرۆریستێکی چەکداری ئافرەت فرۆکەیەکی تریان ڕفاند، ئەمجارە فرۆکەیەکی TWA بوو کە لە ڕۆماوە بەرەو تەلئەبیب دەفڕی. فرۆکەکە بەرەو دیمەشق ڕاپێچکرا کە لەوێ هەر ٢١٣ سەرنشینەکەی ئازادکران بێجگە لە دوو کەسی ئیسرائیلی. ئەم دوو پیاوە زۆر خەمیان بوو کە لەناویانبەرن تا ئەوکاتەی کە لەگەڵ دوو فرۆکەوانی سوریی ئاڵوگۆڕیانپێکرا. دوای ئەوەش هۆبەی فەرماندەیی فرۆکەکە ئاخنرایەوە لە تەقەمەنی و فرۆکەکە تێک و پێکدرا .
ئەم چیرۆکەی سەرەوە باسی دوو پیاو دەکات کە لە دایک و باوکی فەلەستینی لەدایک بوون و لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی وادا گوزەرانیان کردووە کە بەلانی کەمەوە پڕئاژاوەو پەشێوی بووە. هەردوکیان زیرەک و خاوەن پەرۆشی سیاسی بوون، هەردوکیشیان خاوەنی تواناو لێهاتوویەکی ئەوتۆ بوون کە بتوانن سەرکردایەتی خەڵکانی دیکە بکەن و ئاراستەیان بکەن بەرەو ئەو ئامانجانەی کە خۆیان دەیانەوێت. هیچکامێکیان موسوڵمان نەبون و بەپەرۆشیش بۆ کارە تیرۆریستییەکانیان تا ئەمڕۆش هەر برەوەی هەیەو تا چەندەها ساڵی تریش هەر دەیمێنێ .

## پەوڵ تەیلەر ( نازناو)

ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیانەی کە پەوڵ تەیلەر چاوی تێدا هەڵهێناوە ئەگەر لە گەڵ ژیانی حەداد و حەبەش بەرانبەر بکرێت زۆر جیاوازە. پەوڵ تیلەر لە دەمەدەمی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا لەدایکبووە. شوێنی لەدایکبوونی وێمە Wem لە ناوچەی گوندنشینی دڵڕفێنی ئینگلیزی شرۆپشایەری Shropshire باکور. لە خێزانێکی هەژار بەڵام میهرەباندا پەروەردەکراوە؛ بیرەوەرییەکانی منالی هەموویان دڵشادکەرو کامەران بوون. خێزانەکەیان خێزانێکی گەورەبوو، چوار براو دوو خوشکی لەئامێزگرتبوو. ئەم جۆرە خێزانە لە ناو ئەو کۆمەڵگا وەرزێرییەدا کە ئەوان بەشێک بوون لێی زۆر باوو بوو. قوتابخانە هات و ڕۆیشت، تا لە تەمەنی کەم ئەزمونی و نامۆ بە جیهانی ١٥ ساڵیدا قوتابخانەی بەجێهێشت، بەبێ ئەوەی کە یەک تاکە بڕوانامە وەربگرێت لە هیچ بابەتێکداو دەستی دایە کارکردن لە قەسابخانەیەکدا.
وەستاکەی ناوی جۆزیف کۆڵمان بوو. جۆزیف کۆڵمان بە خۆی و ژنەکەی و پەوڵ، شاگردە نوێکەیان، دوکانێکی خنجیلانەی چالاکیان دەبردبەڕێوە. لە کاتێکدا خێزانەکەی کاروباری فرۆشتنی بەڕێدەکرد، کۆڵمان خۆی ڕێنومایی پەوڵی دەکرد بۆ ووردەکارییەکانی قەسابی و گۆشت جنین و لەتوپەتکردن، بەدەم کارەکەیشییەوە کۆڵمان چیرۆکە سەرنجڕاکێش و بەتامەکانی ساڵانی ناو سوپای خۆی بە کارەکەیەوە گرێدەدایەوە. لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا ئەوان گوێبیستی چەندەها سەرکەشیی نایاب دەبوون کە پڕبوون لە گیانی

جەربەزەیی. ئەو چیرۆکانە ئەو تۆوە بوون کە لە مێشکی پەوڵ تەیلەردا چەکەرەیانکرد و وایانلێکرد ببێت بە سەرباز. سەرباری ناڕەزایی خێزانەکەی ئەو هەر تێیتەقاندو چووە ناو سوپا. یەکەم یەکەی سەربازی پەوڵ پاسەوانە وێڵشییەکان بوو. دوای مەشقی بنچینەیی یەکەمجار ناردیان بۆ ئەڵمانیاو دوای ئەوەش بۆ عەدەن .
عەدەن بەندەرێکی تاڕادەیەک گرنگ بوو کە لە ساڵی ١٨٣٩ وە لە ژێر ڕکێفی بەریتانیادا بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ دا یەکێتی سۆڤییەت پشتگیری ئاژاوە ناوخۆییەکانی یەمەنی دراوسێی کرد و لە ئەنجامدا بوە هۆی ژێرەوژووربوونی دەسەلاتی ئیمامی فەرمانڕەوا. بەریتانیا بە پەنهانی پشتگیری ئیمامی دەکرد، کە ئەو کاتە لە دەرەوەی عەدەنەوە چالاکی دەنواند. کێشەکە لەوەدا بوو یەمەن تەماعی ناوچەیی لە عەدەندا هەبوو . هەلومەرجێکی لەو بابەتەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکات کە حکومەتەکان حەزدەکەن پێی بڵێن "ڕووبەڕووبونەوە" . لەلای سەربازیش ڕووبەڕووبوونەوە بەساکاری واتای پەلامار دەبەخشێت .
یەکەم چێژی چالاکی پەوڵ تەیلەر ئەو کاتە وەبەرهات کە مەفرەزەی ڕیس، کە ئەویش بەشێک بوو لێی، لە سەروی وڵات جێگیرکرا لە نزیک گوندێکی بچوکی عەرەب ناوی ئەلمەللا بوو. ئەرکی ئەو مەفرەزەیە پاراستنی " ئەندازیارانی شاهانە" بوو کە سەرقاڵی دروستکردنی ڕێگایەک بوون. چەندەها جار ئەو کامپەی کە لە ئەلمەللا بوو کەوتە بەر ئاگری چەکی "عدو" (ووشەی دوژمن بە عەربی) بەڵام زۆربەی ئاوپرژێنکردنێکی بەرانبەرو هاوتا بوو. بەم جۆرە، ئەوان دزەیان دەکرد بۆ نزیکی بەریتانییەکان، بەتایبەتی بە شەو، وە لە دووری سێسەد مەترەوە هەرچییەکیان لەتوانادا بوایە پێوەیان دەنان، بەریتانییەکانیش لەبەرانبەردا بە شادومانییەوە وەڵامییان دەدایەوە.
ڕۆژێکیان، کە ڕۆژی پشوو حەوانەوە بوو، پەوڵ و ئەندامەکانی تری مەفرەزەکە یاری بالەیان دەکرد لەو یاریگا کۆنکرێتییەدا کە وەک مەیدانی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەریش بەکاردەهات. یارییەکە بە گەیشتنی هەلیکۆپتەرێکی چاوەڕواننەکراو پەکیکەوت. ئەو هەلیکۆپتەرە ئاراستەی ژیانی پەوڵی گۆڕی. ئەو بە بێتاقەتی دانیشتبوو کە هەلیکۆپتەرەکە لە بزووتن کەوت و دوو سەرباز لە قاپییەکەیەوە خۆیانفڕێدایە خوارەوە. بەڵام ئەم سەربازانە جیاواز بوون. ئەگەرچی جلوبەرگی ڕەسمیی سەربازییان لەبەردانەبوو بەڵام زۆر لە خاوەن ئەزمون و کارامە دەچون. لە سەرو هەمویشییەوە بەو پەڕی متمانەبەخۆبوون و خۆ بەقورسگرتنەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەردوو سەربازەکە گەیشتنە لای هەلیکۆپتەرەکە و بەهەردووکیان لاشەیەکی مردووی دوژمنیان هێنایە دەرەوە. دوای ئەوەش بە بێرێزو قەدر بەرەو چادرێکی پزیشکی نزیک کێشیانکرد. بە هەمان شێوە لاشەیەکی تریشیان کێشکرد. دوای چەند ساتێکی کەم، سواری هەلیکۆپتەرەکەیان بوونەوەو دەرچون. لێرەدا بوو کە پەوڵ تەیلەر بۆ یەکەمجار گوێی لەو پیتە ئەفسوناویانە بوو، ) SASئەرکە هەواییە تایبەتەکان). هەردەبوا پەیوەندییان پێوەبکات .
ئەرکە هەواییە تایبەتەکان (SAS) لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا پێکهات. ئەمڕۆ وەکو پێشکەوتوترین یەکەی سەربازی جیهان چاویلێدەکرێت. سەربازێکی کارامە بۆ ئەوەی بچێتە ڕیزی SAS وە پێویستە ئەو ئەزمونە سەختە ببڕێت کە بە دەسبژێری SAS ناوزەد دەکرێت. ئەم کۆرسە نەک هەر قورسە، بەڵکو تەنانەت زۆر نزیکیشە لە ئاستەمەوە! ئەو دەسبژێرە بەزۆری لە ناوچەی برێکن بییەکۆنس Brecon Beacons لە باشوری وێلز ئەنجام دەدرێت، گەرچی چیاکانی بڵند نین بەڵام ناوچەیەکی سەخت و مەترسیدارە. گۆڕانی بەردەوامی کەش و هەوا دەیکوتێت و هیچ پەناگایەکیشی لێنییە بتپارێزێت. ئالودەبوون بە نەخۆشی هایپۆسێرمیا Hypothermia[8] بەدەگمەن دوورە لە سەربازەکان، وە زۆریان گیرۆدەی ئەم مردنە لەسەرخۆیە بوون. ناکرێت هەموو کاریگەرییەکانی ئەو کۆرسە شەش مانگییە لێرەدا باس بکەم، بەڵام ئەوە بەسە کە بڵێین تەنها ئەوەندەی ژمارەی پەنجەکانی دەست ئەو کۆرسە بە سەرکەوتویی دەبڕن. ئەوانەش کە سەرکەوتو دەبن چەندەها سەرکەشی نەبیستراو دێتە ڕێیان. ئەگەرێکی زۆری مەرگی ناوەخت و نابەکامیش لە ڕێگایاندایە.

---

[8]هایپۆسێرمیا نەخۆشییەکی سەختە کە دەبێتە هۆی دابەزینی پلەی گەرمی لەشی نەخۆش بۆ خوار رادەی ئاسایی. ئەم نەخۆشییە بەهۆی مانەوەی کەسێکەوە لە شوێنێکی زۆر سارددا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تووشی دەبێت. [و.]

ژیانی سەربازی پەوڵ تەیلەر هەر لە جەنگەڵەکانی ئەمەریکای باشورەوە بیگرە تا دەگاتە بیابانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی بچوک SAS .یش وەکو یەکەم یەکەی دژەتیرۆری بەریتانی دەستنیشان کرابوو، کە پەوڵیش بووە بەشێک لەوان. تا ئەمڕۆ ئەو شانازی بەو ١٨ ساڵەیەوە دەکات کە لەگەڵ SAS دا بووە.

بەرانبەرکردنی ژیانی پەوڵ تەیلەر، کە لە دەوروبەری ئارام و پڕنازو نیعمەتی لادێی ئینگلتەرەدا پەروەردە بووە بڕیاردانی بۆ ئەوەی ببێتە سەربازێکی گیان لەسەردەستی باش مەشقپێکراو، لەگەڵ ئەوەی حەداد و حەبەش، کە ژیانێکی پڕمەینەت و کوێرەوەرییان بردۆتە سەر لە درێژەی ئەو گەشتەیاندا کە کردنی بە تیرۆریست، خزمەتی وێنەکێشانی ئەو جیاوازییە دەکات کە لەنێوان هەردوو بەری بارودۆخێکی تیرۆریستیدا هەیە. ئەمە تەنها و بە سانایی کێشەی چاکە نییە بەرانبەر خراپە. لەکاتێکدا پەوڵ تەیلەر بەرگری لە ئازادی و لە ڕێوشوێنی ئەو ژیانەی کە لە گەنجیدا ڕاییواردبوو بزواندبووی، تیرۆریستەکانیش بەبێ گومان و دوودڵی خەبات بۆ چڕینی شێوازی تایبەتی خۆیان دەکەن لە بەستەکەی پەوڵ. سوپای بەریتانیا، وەکو هەموو سوپا خۆبەخشەکان، پشت بە کەسانی وەک پەوڵ دەبەستێت، ئەوانەی کە پێشینەی کۆمەڵایەتییان و شێوازی پەروەردەیان دەیانکات بە مادەیەکی نمونەیی وا کە سەربازی کارامەیان لێدروست بکرێت. بەڵام ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پشت بە کەسانی وەک حەداد و حەبەش دەبەستێت .

بێجگە لەو هەلومەرجە گوزەرانییەی کە تێیدا لەدایک بووین، گەلێک فاکتەری تریش هەن کە کاریگەرییەکی بەهێز دەسەپەنێن بەسەر ئەو ڕێگایەدا کە ئێمە بۆ ژیان هەڵیدەبژێرین. یەکێک لەو فاکتەرانە جۆری ئەو حکومەتەیە کە لە وڵاتەکەماندا فەرمانڕەوایە یان سروشتی ئەو سەرکردەیەی کە باڵادەستە لە وڵاتەکەماندا. بەدرێژایی مێژوو زۆر لەوانە فەرمانڕەوا بوون کە پلەوپایەی خۆیان بۆ وەبەرهێنانی ئازارو مەینەتی و  مەرگ بۆ کەسانی تر بەکارهێناوە. ئەم پرنسیپە وەکو یەک بەسەر تاکە کەس و دەوڵەتەکاندا دەچەسپێت- خراپ بەکارهێنانی هێز بەهەر شێوەیەک بێت ترس بەرهەم دەهێنێت، ترسیش شادەماری ژیانی تیرۆریزمە.

ترس چەکی سەرەکی جبەخانەی تیرۆریزمە. تیرۆریستەکان ترس بەکاردەهێنن بۆ تۆقاندن و تەمێکردنی شوێنکەوتوان و لایەنگرانی خۆیان، دەتوانین بڵێین ، بەهەمان ئەندازەی ئەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بەکاریدەهێنن. وەکو سەرکردە ماوتسی تۆنگ وتویەتی، " یەکێک بکوژە، هەزار دەترسێنیت."
ترس دەکرێت گەلێک شت بێت؛ ئازار، ماندویی و پڕزۆڵەلێبڕان، بێزاربوون، تەنیایی، سەرما، تینوێتی وە برسێتی ئەمانە هەموویان ترس بەرهەم دەهێنن. ترس لە مەرگ یان بریندارببوون خەزێنەی تیرۆریستە لە بازرگانیدا. بڵاوکردنەوەی ترس لەناو دوژمنەکانیاندا واتە بازرگانی کردن بە ترس لە نەزانراوەوە کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لەسەر زۆربەی خەڵکە ئاساییەکە. بۆمبای داهاتوو لە کوێ دادەنرێت تا بتەقێتەوە؟ تۆبڵێیت من نامەیەکم پێبگات لە ڕێگای پۆستەوە ئەنسراکسی تێدابێت؟ بەشینەوەی ترس بەسەر خەڵکیدا تیرۆریستەکە سەرکەوتو دەکات؛ ئەوە سەرەکیترین شتە کە جەختی لەسەردەکرێت کاتێک پلان بۆ پەلامارێک دادەنێن، چونکە ترس زامنی سەرنجڕاکێشانی میدیاکانە .

لە جەنگدا ئامانجەکان بەپێی گرنگی ستراتیجی و ئابورییان دیاریدەکرێن. لەوانەیە تیرۆریستەکانیش ئەمانە بکەنە ئامانج، بەڵام ئامانجی ستراتیجی سەرەکییان بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارانەیە کە بەهایەکی بەرزی خورپەیان تێدایە وە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لەناو هاوڵاتیانی ئاسایی وڵاتە نەیارەکانیاندا. مەرگی خەڵکی بێگوناە ، وە بەتایبەتیش منالان، یان وێرانکردنی نەخۆشخانەیەک، ئەمانە هەموویان ترس و تۆقاندن بەرهەمدێنن .

بەڵام خۆ ترس خۆی لەخۆیدا دوژمنی ئێمە نییە. ترس سۆزێکی ئاسایی و پێویستە کە لەش ئامادە دەکات بۆ هەڵاتن یان جەنگین لە کاتی مەترسیدا. ترس ڕادەی بەرزی هۆرمۆنی ئەدرینالین دەڕێژێتە نێو سیستەمەکەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات کە لەگەڵ ئەو خواستە گەورانەدا هەڵبکات کە خەریکن بەردەرکی پێدەگرن. ڕووبەڕووبوونەوەی ترسەکەت یارمەتیت دەدات کە بەرەوڕووی کێشەکە ببیتەوەو ئەو ئەدرینالینەش کە دەڕژێت

هێزو گوڕوتینێکی گەورەتر دەدات بە لەش، هەستکردن بە ئازار کەم دەکاتەوە و توانای بیرکردنەوەی ڕوونترو هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەکی گونجاوو هاوتا فەراهەم دەهێنێت. باشترین بەرگری لە دژی ئەو ترسەی کە تیرۆریستەکان بەرهەمیان هێناوە ڕەتکردنەوەی کاریگەرییەکەیەتی لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتمان. هەرگیز نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە تیرۆریستەکانیش مرۆڤن؛ ترس چۆن کار لە هەریەک لە ئێمە دەکات بەهەمان شێوە کار لەوانیش دەکات .

تێبینی نوسەر: من چەندەها جار ڕوبەڕوی مەرگ بومەتەوە. ئەوە کێشە نییە کە چۆن هاتۆتە ئاراوە، لە دوا چرکەدا ترس لە مەرگ سۆزێکی زۆر واقیعییە. ئاخر زۆر جار شوێنێکی دیکە نییە کە بۆی بچین؛ ناتوانین هیچی تر بکەین. لەڕاستیدا لەو ساتانەدا ترس هیچ مانایەکی نییە. لەهەر سەربازێک بپرسیت کە لە بەرەنگاربوونەوە و شەڕدا ئەزمونی بینیوەو تاقیکراوەتەوە، هەر ئاگرکوژێنەوە یان پۆلیسێک کە لە مەرگی ڕاستەقینە قوتاری بووە- ئەوان پێتدەڵێن. هەندێک جار تەنها پێویستە لەسەرت هەڵوێستەیەک بکەیت. ترسیش سنوری خۆی هەیە؛ لە سەر لێواری مەرگ ترس جێگای نابێتەوە.

یەکێک لە گەورەترین کاریگەرییەکانی سەر هەر کۆمەڵگا یان کولتورێک بیروباوەڕی ئاینییە. ئاینە جیاوازەکان بلۆکی جیاواز جیاوازیان پێکهێناوە لە سەرتاسەری جیهاندا. هەندێک لەم بلۆکانە لە گەلێک ڕەگەزی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا هاوبەشن وە ئێمەش لە چوارچێوەی ئەم گروپە کۆمەڵایەتیانەدا دەتوانین لە ڕەگوڕیشەی هۆکارەکانی تیرۆریزم بکۆڵینەوە .
لەمن بپرسە باوەڕت بەچی هەیە، منیش پێتدەڵێم باوەڕم بەو خەڵکە هەیە کە لە دەوروبەرمدان. من تەمەنم ٥٧ ساڵە و لە چەندەها شەڕدا جەنگاوم کە ئەو ڕقەی لەپشت ئەو شەڕەوە بووە بزوێنەرێکی ئاینی هەبووە. من نە موسوڵمانم و نە هیندوو نە بوزی و نە کاسۆلیک، لەبەرئەوەیە کە ناتوانم پێتبڵێم کە خەڵکانی ئەو ئاینانە هەستیان چۆنە بەرانبەر خەڵکەکانی خۆیان. من لەهەمانکاتدا مەسیحییەکی ڕاستەقینەش نیم. ڕاستە، من لە کۆمەڵگایەکی مەسیحیدا پەروەردەبوم و بەشداری ڕێوڕەسمی مەسیحیانەی وەک زەماوەند و پرسە دەکەم، بەڵام لەنێو دڵمدا دەرکمکردووە بە دەبەنگی پەیڕەوی کوێرانە لە دۆگمای ئاین و ئەو مەرگەساتانەش کە دەتوانێت بیانهێنێتە بەرهەم. ئێستەش سەرباری ئەم هەموو مەرگ و ئازارو مەینەتیانە گەلێک شتی باشیشم بینیوە کە بەرهەمی مرۆڤایەتین. بۆنمونە.خەباتی مرۆڤێک بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێکی تر، هیچ سنورێک ناناسێت و من لەوباوەڕەدام کە زۆربەی مرۆڤەکان لە جەوهەردا مرۆڤی چاکن. کاتێک مرۆڤەکان خۆیان دەدۆڕێنن، لە ڕێگای ترس و وەبەرهێنانی ترسەوە خۆیان دەدۆڕێنن.
بلۆکە ناوچەییەکانیش تاڕادەیەکی زۆر بەهەمان شێوەی بلۆکە ئاینییەکان کاردەکەن و ئەمانیش هەمدیس هۆکارێکی ترن لە ڕەگوڕیشەی تیرۆریزمدا. لەوەتەی مرۆڤ بەسەر ئەم سەرزەمینەدا گاگۆڵکێی کردووە خێڵەکان، حکومەتەکان، وڵاتەکان و کیشوەرەکان لەنێو خۆیاندا شەڕدەکەن. ململانێی تیرۆریستی لەسەر خاک و زەمین کەمتر پەیوەندی هەبێت بە کیشوەرێکی تەواوەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کار بۆ بەدەستهێنانەوەی شتێک دەکەن کە نکولی لێکراوە یان بەهۆی داسەپاندنی یاسای نابەرانبەر یاخود بەزەبری چەک لێیان زەوتکراوە .
بۆ نمونە، سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندە IRA بەدوای ئەوەدا وێڵە کە هەموو ئیرلەندا یەکبگرێتەوە، کەچی ئیتا ETA هیواداری نیشتمانێکی سەربەخۆی هەبێت جودابێت لە وڵاتانی ئیسپانیاو فەڕەنسا. هەندێک لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەسادەو ساکاری هەوڵی لابردنی حکومەتێک دەدەن کە ئەوان بە نادادوەرو گەندەڵی دەزانن. زۆر لەم ڕێکخراوانە پشتگیریەکی ڕاستەقینە لە ناوەوەو دەرەوە بۆخۆیان دەچننەوەو مسۆگەری دەکەن. هەروەها هەندێکیشیان یارمەتی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لەو حکومەتە بێگانانەوە وەردەگرن کە ئەوانیش دژی ئەو ڕژێمەن کە ئێستا فەرمانڕەوایە .

# میدیاو کاریگەرییەکانی لەسەر تیرۆریزم

کێشەی مامەڵە لەگەڵ تیرۆریزم لەوەدایە کە گەرچی لە ناسنامەدا بە جیهانی ناسراوە، بەڵام ڕوداوەکان لەیەکدی دابڕاون و هەموکاتێک ڕاستەوخۆ کاریگەرییان نابێت لەسەر جەماوەر. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کارە تیرۆریستییەکان دەبنە سەرباری ئەو ترسە گشتییەی کە لەلایەن جەماوەرەوە هەستی پێدەکرێت. هۆکانی ڕاگەیاندنی نوێ لە هەمووشتێکی تر زیاتر پروپاگەندە بۆ تیرۆریزم دەکەن وەکو هۆکارێکی بەهێز بۆ بانگەشەکردن بۆ جەنگ. ئەگەر تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ نەبوایە، چەندەها مانگ و بگرەساڵیشی پێدەچوو تا هەندێک وڵات هەواڵی پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەری سەر ئەمریکایان دەبیست. لەڕاستیدا مانگەدەستکردەکان کارێکیان کردووە کە زۆربەی خەڵکی سەر گۆی زەوی ڕاستەوخۆ پرۆسەی ئەنجامدانی ترس و تۆقینەکان دەبینن. بەهەمان پێودانگیش، میدیاکانیش شووتی ئاگادارکردنەوەن (یُفارە الانڒار)، ووریات دەکەنەوە کە ئەو جۆرە کارانە خەریکن ڕوودەدەن .

زۆربەی کارە تیرۆریستییەکان زۆر توندوتیژن و توندوتیژیش باشترین برەو دەدا بە هەواڵەکان. لەکاتێکدا ئێمە سەرکۆنەی میدیاکان ناکەین لەبەر ئەوەی ڕوداوەکانی جیهان دەگەیەنن بە هەموولایەک، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە بڵێین ئەوان بەبێ ویستی خۆیان تاڕادەیەک بەرپرسیارن لە هەڵاوساندن و گەورەکردنی تیرۆریزم .

وێنەی تەقاندنەوەی پاسێک لە سەر شەقامەکانی تەلئەبیب چەندەها جۆر هەست دەوروژێنێت. جولەکەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەست بە هاوسۆزییەکی گەورە دەکەن بۆ ئەو کارەساتەی کە بەسەر برا جولەکەکانیاندا هاتووەو ڕقیان لێدەبارێت بۆ ئەنجامدەرانی ئەو مەرگەساتە، کەچی هەمان ئەو وێنانە کە لە بەغدا دەبینرێن ئاوڕشێنی دڵی هەندێک لە بینەرەکانی دەکەن. باقی ئەوانی تریشمان سەیردەکەین و لەبەرخۆمانەوە بیردەکەینەوە، " زۆر سوپاس خوایە کە ئێمەی تیانەبوین" . گوێگرتن لە هەواڵەکان لەوانەیە بیرۆکە نائاگاکانی لەمەڕ ئاین و بەها کۆمەڵایەتییەکان زۆر بەباشی بتەقێنێتەوە. بۆ نمونە، ئایا بینینی موسوڵمانێک بە جلوبەرگی نەریتی خۆیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بوونی ئەو پیاوە لە وڵاتەکەتدا ببەستیتەوە بەو هەڕەشەیەوە کە تازە لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن بینیوتە؟ ئایا شێوەی جلوبەرگەکەی بێزارت دەکات؟ مەسەلەکە لەسەر ئەوە بەندە کە ئایا میدیاکان چ جۆرە هەستێکیان لە نێو مێشکتدا چاندووە؟ ئایا بەرنامەکانیان لێپرسراوە بەرانبەر گەشەپێدانی ترس و ڕق؟ بەهەمان شێوە، ئایا ئەو هەواڵانەی میدیاکان هیچ ڕادەیەکی لێپرسراوێتی نیشان دەدەن لە وەسفکردنی گشتییاندا بۆ هەڕەشەی تیرۆریستی؟ ئایا دەبێت زیاتر ووشیاربن بەرانبەر ئەو ڕاستییەی کە ئەوان توانای بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورەیان هەیە؟ میدیاکان پێدەچێت زۆرچاک بتوانن تێگەیشتن و قوبوڵکردنێکی جەماوەری گەڵاڵە بکەن بۆ ئەو کارانەی کە حکومەتە تاکەکان بە تیرۆریزم ناوزەدیان دەکەن، بەڵام ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کە بەهۆی ڕاپۆرتە وروژێنەرەکانەوە وەدیهاتووە پاساو دەداتە دەست حکومەتەکان ، تەنانەت لەوانەیە متمانەی جەماوەریش، بۆ ئەوپەڕی تۆڵەسەندنەوەی بەهێز دژی کارە تیرۆریستییەکان. ئایا لەم کاتەدا ئێمە لایەنگری ئەم تۆڵەسەندنەوەیە بەهۆی ئەو ترس و ڕق و قینەوە دەکەین کە پشت بەو "ڕاستییە" ڕاگەیەنراوانە دەبەستێت کە ( هەمیشە بێلایەن و بابەتیش نین) لەلایەن چەند پەیامنێرێکی تەلەفیزیۆنییەوە پێشکەش کراوە؟

بێگومان دیوەکەی تری دراوی میدیا ئەوەیە کە، ئەو فراوانبونە خێرایەی هەموو جۆرەکانی میدیا لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە پەنجەرەیەکی بەرەو باقی جیهان ئاوەڵاکرد بۆ ئەو کۆمەڵگا دابڕاوانەی کە دەستیان بە ڕادیۆ، سینەما یان تەلەفیزیۆن ڕانەدەگەیشت. ئایا دەتوانیت کاریگەری ئەوە بێنیتە بەرچاوت کە هەژارو برسییەکان گوێدەگرن و لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن دەبینن چۆن خۆرئاواییە دەوڵەمەندەکان لە خانوی خۆش و دڵڕفێندا دەژین و منداڵەکانیان دەنێرن بۆ قوتابخانە لە کاتێکدا دایکیان هێواش هێواش و بێخەم و خەیاڵ بەچواردەوری ڕەفە پڕ لە شتومەکەکانی سوپەرمارکێتە ناوچەییەکەیاندا دەسوڕێتەوە؟ ئەم جیاوازی و

نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابورییانە ئەو سەرەبزوتکانەن کە ئاگری تیرۆریزم هەڵدەگیرسێنن و کڵپەی پێدەسێنن .

## تیرۆریستەکان و حکومەت

ئەمریکا ڕەنگە لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە خۆی بە قوربانیی تیرۆریزم بزانێت، کەچی هەمان نەتەوە خۆیشی ڕێک بەئەندازەیەکی یەکسان تاوانبارە بە پراکتیزەکردنی تیرۆریزم و توندوتیژی بێبەزەییانەو دڕندانە. وەکو بینیمان، تیرۆریزم گەلێک پێناسەی هەیەو گەلێک هۆکاری لێک جیاوازیش لەپشت بەرقەراربوونی تیرۆریزمەوە خۆیان مەڵاسداوەو هەتا لە نزیکتریشەوە تێبڕوانیت زیاتر دەرک بەوە دەکەیت کە زۆر سەختە بتوانیت چالاکییە "یاساییەکان" ی حکومەت لە کارە تاوانکارییە دزێوەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە جودابکەیتەوە. چالاکییەکانی ) FARC هێزە شۆڕشگێڕە چەکدارەکانی کۆڵۆمبیا) بەچیدا لە کارەکانی CIA ئەمریکا جیاوازن ؟ ناتوانیت هەروا بەئاسانی بڵێیت ئێمە باشین و ئەوان خراپن. ئایا فڕۆکەوانی ئەو بۆمباهاوێژەی کە عەماری تەقەمەنییەکانی بەسەر ئەفغانستاندا خاڵی دەکاتەوە هیچ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ تەقینەوەیەکی خۆکوژی حەماسدا؟ هەردوکیان خەڵکانی بێتاوان دەکوژن. جیاوازیەکە لە نیازو مەبەستدایە. بەڵام چی دەقەومێت کاتێک " کوڕە باشەکان" بە ئەنقەست کاری تیرۆریستی ئەنجامدەدەن؟ هەمدیس دەگەڕێینەوە بۆ پێناسەی تیرۆریزم. چۆن دەتوانین بزانین کام کارە بە تیرۆریستی پێناسە دەکرێت لەکاتێکدا کە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی حکومەتەکان، لە ڕوانگەی توندوتیژییەوە، یەکسانن و بگرە گەورەتریشن لە هەر کارێکی تیرۆریستی؟

جەنگ کارێکە لەلایەن دوو لایەن یان زیاترەوە بەرپادەکرێت. دەکرێت باری جەنگ ڕابگەیەنرێت و چەندەها " فەرمانی جەنگی" دەخرێنە کار، کە زۆریان لەلایەن جاڕنامەی بەناوبانگی جنێفەوە دانیان پێدانراوە. ئێمە چەندە دڵنیاین لە پێناسەی ئەم کارە هەر بەهەمان پێودانگیش هەمیشە دەیناسینەوە. ئەگەرچی زۆربەی خەڵک کاتێک کارێکی تیرۆریستی دەبینن دەتوانن بیناسنەوە، کەچی پێناسەکەی بەشێوەیەکی گەردونی ڕوون نییە لای هەموان. هەندێک کەس تەقینەوەی بۆمبایەک بە تیرۆریزم دەزانن، لەکاتێکدا کەسانی تر بە خەبات و بەرهەڵستکاریی دەزانن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەم جۆرە پێناسەی تیرۆریزم دەکات: " کارێکی توندوتیژی خاوەن پاڵنەرێکی سیاسییە کە پێشتر پلانی بۆدانراوەو لەلایەن گروپە ناوچەییەکان یان جاسوسە نهێنییەکانەوە لەدژی ئامانجە مەدەنییەکان ئەنجامدەدرێت و بەزۆری بەمەبەستی جێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر جەماوەر." لەهەمانکاتدا هەر هەمان پێناسە دەکرێت لە دژی حکومەتی ئەمریکی بەکاربهێنرێت چونکە ئەو خۆیشی کارو ئۆپەراسیۆنی ئەوتۆی ئەنجامداوە کە ڕێک دەکەونە نێو چوارچێوەی هەمان پێناسەوە. لەکاتێکدا ڕەنگە ئەمریکا ئەم کارانە بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی پەنهانی خاوەن شەرعییەتی یاسایی بداتە قەڵەم، خەڵکانی تر، بەتایبەتی ئەوانەی لایەنەکەی تر ئەم کارانە بە تیرۆریزمی بەزەبری دەوڵەت ئەنجامدراو چاولێدەکەن .

لێرەدا یەک نمونە دەهێنینەوە. لە ساڵی ١٩٩٧ دا CIA 1400 لاپەڕە دۆسییەی نهێنی ئاشکراکرد لەسەر یەکەمین ئۆپەراسیۆنی پەنهانیان لە ئەمریکای لاتین. ئەم ئۆپەراسیۆنە سەرکەوتنێکی هێندە گەورە بوو کە بوو بە نمونە و سەرمەشق بۆ ئۆپەراسیۆنی دیکەی لەو جۆرەی CIA و زۆر لە تەکنیکەکانی تا ئەمڕۆش بەکاردێن. ئەمڕۆ لە کەشوهەوای شەفافییەت و ئازادییدا هەموو کەس ئازادە کە ئەم بەڵگەنامانە بپشکنێت و پێویستیشە بپشکنرێن چونکە پەردە لەسەر گەلێک زانیاری تۆقێنەری ئەوتۆ هەڵدەماڵن کە ئەمڕۆ ئێمە بە " کارە تیرۆریستییەکان" ناویان دەبەین .

لە ساڵی ١٩٥٢دا جاکۆب ئاربێ نز گوزمان بوو بە دووەم سەرۆکی بەشێوەیەکی یاسایی هەڵبژێردراوی گواتیمالا. یەکەم ئەرکی سەرشانی گۆڕینی ئەو یاساو ڕێسایانە بوو کە کەمایەتییە باڵادەستەکە لەوەپێش بەپێی ئەوە حوکمی کردبوو. ئەم گۆڕانکارییانەش بەرەسمی ناسینی پارتی کۆمۆنیستی گواتیمالاو چەند چاککردنێکی گرنگی زەوی گرتبووەخۆ کە هەڕەشەی لە کۆمپانیا ئەمریکیەکان دەکرد، وەکو کۆمپانیای بەهێزی

یونایتد فروت. ئەمریکا ئەو سەرۆکە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراوەی وەک هاوپەیمانێکی خۆی چاو لێنەدەکرد، لەبەرئەوە بیری لە داڕشتنی پلانێک کردەوە بۆ ڕوخاندنی. ئەم ئەرکە بە CIA سپێردراو نەخشەیەکی کارکردن داڕێژرا کە پیلانی کوشتن و کاری تێکدەرانەی گرتبووە خۆی CIA.لە بەرنامەیدا بوو کە لە هەموو قۆڵێکەوە پەلاماری جاکۆب ئاربێ نز گوزمان بدات، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی ئەو هەڵمەتە دابڕینی پشتگیری هێزە چەکدارەکان بوو لێی. ئاربێ نز پێویستی بە سوپا بوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ بکات بەسەر وڵاتدا CIA.سەرکەوتنی بەدەستهێناو لە ساڵی ١٩٥٤دا ئاربێ نز دەسەڵاتی واز لێهێنا بۆ سوپا، سوپاش لەلایەن ئەمریکاوە بە تاکە هێز دادەنرا کە بتوانێت فەرمانڕەوایی سەقامگیربکات. ڕژێمی سەربازی لە دیکتاتۆرییەت بەولاوە شتێکی تر نەبوو- چیت پێدەڵێین جێبەجێی بکە ئەگینا دەتکوژین. هەرکاتێک ناڕەزایەتییەکی بچوک ڕوییدایە، سوپای گواتیمالای لەلایەن ئەمریکاوە مەشقپێکراوو پڕچەککراو شەپۆلێکی دڕندانەی سەرکوتکردنی بەرپادەکرد کە دەبووە هۆی مردنی هەزارەها وەرزێر. ئەم سەرکوت و چەوساندنەوەیە چل ساڵی خایاند، ڕایەڵەکانی کۆمەڵگای گواتیمالای بەتەواوی لەبەریەک هەڵوەشاند و بووە هۆی مردن یا بێسەروشوێنبوونی نزیکەی چارەکە ملیۆنێک مرۆڤ. چیرۆکی لەم بابەتە شتێکی نوێ نییە. لەهەر سەربازێکی هێزە تایبەتەکان بپرسیت پێتدەڵێن کە لە شتێکی لەو بابەتەدا بەشدارییان کردووە.

وەک هەڵسوڕاوێکی نهێنی CIA ، من مەشقم بە ئاوارە گواتیمالاییەکان دەکرد لە هیندوراس بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆیان داگیربکەنەوەو سەرۆکە هەڵبژێردراوەکە لەسەر کورسی حوکم بهێننە خوارەوە ...
ئەو کودەتایەی کە لە ساڵی ١٩٥٤دا ڕوویداو من ئەندازیاری بووم سەردەمێکی حوکمی کەللەڕەقی سەربازی لە ئەمریکای ناوەندا هێنایە سەر کار کە لە مێژوودا وێنەی نەبوو. جەنەڕاڵ و کۆلۆنێلەکان بێباکانەو بەبێ هەستبەلێپرسینەوەکردن بەرهەڵستکارانیان ڕادەماڵی و ماڵ و سامان و گەنجینەکانیان فەرهود دەکردن بۆ خۆیان و دەستوپێوەندەکانیان ...
لە دواییدا بۆمدەرکەوت کە ئێمە بەهیچ کلۆجێک دژی کۆمۆنیزم نەدەجەنگین، ئێمە دژی خەڵکەکە دەجەنگین .

فیلیپ ڕۆیتینگەر،
کۆلۆنێلی خانەنشینی دەستەی مارینز ی ئەمریکی و هەڵسوڕاوی نهێنی CIA

## جۆرەکانی تیرۆریزم

تیرۆریزم نوێ نییە. لە هیندستانی سەدەی حەوتەمدا زۆر ڕێبوار لە ناکاو لەلایەن چەتەکانی Thug[9]ەوە پەلاماری دەدراو بەڕۆژی ڕوناک و بەبەرچاوی خەڵکەوە دەستیان دەنایە بینەقاقای تا دەیانخنکاند. چەندەها سەدە بەر لەوەش، گەلێک هاوڵاتی ڕۆمانی دەبونە دیلی زیلۆتە[10] جولەکەکان و کە ئەوانیش خویەکی زۆر قەڵبیان هەبوو ئەویش ئەڵقۆمە هەڵهێنانەوەی نێچیرەکانیان بوو، ئەمانیش هەمدیس بەئاشکراو لەبەرچاوی

---

[9] Thug کۆمەڵێک پیاوکوژی کارامە بوون لە باکوری هیندستاندا دەبزوتن و کالی خواوەندی مردن و وێرانکارییان دەپەرست ، ئەو قوربانییانەی کە دەیانکوشتن پێشکەشی ئەویان دەکرد، دواتر ئەو ووشەیە هاتە ناو زمانی ئینگلیزییەوەو بۆ چەتەو پیاوکوژ بەکار دەهێنرێت. [و.]

[10] Zealot بزوتنەوەیەکی جولەکە بوو لە فەلەستین کە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا دژی ڕۆمانەکان دەجەنگین.ئەم ووشەیە ئێستا بۆ توندڕەوی و قیرسیچمەیی لەمەڕ بیروباوەڕ بەکاردێت. [و.]

خەڵک. لە سەدەی یازدەهەمدا "Assassins"[11] ئەو تاقمە شیعەیەی کە شێتی مادده سرکەرەکان بوون، لە قەراغی ئەو ڕێگاوبانانەدا کە بە بەردەوامی دوژمنەکانیان هامشۆیان لێوەدەکردن خۆیان مەڵاس دەدا ، بەرلەوەی هەڵبکوتنە سەریان و بیانکوژن. ئەگەر بگەڕێین لە هەموو کیشوەرەکاندا بەدرێژایی مێژوو ڕوداوی لەو بابەتانە دەبینرێتەوە ، زۆربەشی لەپێناوی چاندنی ترس و دڵەڕاوکێدا بووە لەناو کۆمەڵگا ناوچەییەکاندا.

چەندە گروپە تیرۆریستەکان جۆراوجۆرن، ئامانجی تیرۆریستەکانیش بەهەمان ڕادە جۆراوجۆرن. بەشێوەیەکی گشتی گروپەکان دەکرێت بە باڵی چەپ، باڵی ڕاست، ناسیونالیست، پشت بە دەوڵەت بەستو، ئانارشیست و ئاینی ناوزەد بکرێن. لەزۆر باردا گروپە تیرۆریستە تاکەکان دەکرێت سەر بە کۆمەڵێک لەم لایەنانە بن .

ئامانجی تیرۆریزمی ناسیونالیستی یەککگرتنەوەی نیشتمانێکی پارچەپارچەکراو یان ڕزگارکردنی گەلێکی چەوساوەو زوڵملێکراوە. لەنێو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکاندا ئەم گروپانە لە هەموویان سەرکەوتوترن. لەکاتێکدا حکومەتی فەرمانڕەوا پێدەچێت وەک تیرۆریست ئاماژەیان بۆبکات، بەڵام زۆرکەس، بەتایبەتی هاوڵاتی و هاونەتەوەکانی خۆیان بە جەنگاوەرانی ڕێگای ئازادی و سەرفرازییان دەزانن. ئەم گروپانە زۆر حسابی وورد بۆ کارو چالاکییەکانیان دەکەن و دەرەنجامی کارەکانیان و کاردانەوەو بیروڕای لایەنگرانیان بەهەند وەردەگرن. هەر کارێکی توندوتیژی کە بیانەوێت پێیهەستن بەجۆرێک نەخشەی بۆدادەنێن کە لەپێناوی سەرنجڕاکێشانی میدیاکانی جیهاندا بێت بەلای خۆیاندا بەبێ لەدەستدانی برێکی زۆری ئەو پشتگیری و پشتیوانییەکی کە لەناوەو دەرەوە هەیانە. زۆر گروپی تیرۆریستی ناسیونالیست خەبات و تێکۆشانێکی زۆریان کردووە تا لە ئەنجامدا توانیویانە ڕژێمەکەی دوژمنیان چۆکپێدابدەن. ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین، سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی و پڵنگەکانی تامیل ئەمانە هەموویان دەچنە خانی تیرۆریزمی ناسیونالیستییەوە. زۆر گروپ هەن نایانەوێت دژایەتی حوکمی وڵاتەکە بکەن بەشێوەیەکی گشتی بەڵکو تەنها لە بەشێکیدا دژایەتی دەکەن، وەکو باسکە جودایخوازەکان لە ئیسپانیا. گروپی ناسیونالیستی تریش هەن کە تێکۆشاون بۆ خۆرزگارکردن لە نەتەوە کۆلۆنیالییەکان – ئارگون کە لە ١٩٤٠ ەکاندا لە فەلەستین دژی بەریتانییەکان دەجەنگین نمونەیەکی باشە .

ئێستا نزیکەی پەنجا گروپی تیرۆریستیی نێودەوڵەتی چالاک لە سەرتاسەری جیهاندا هەیە؛ لەوانەش نزیکەی نیوەیان پاڵنەرێکی ئاینییان لەپشتەوەیە. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانە خوازیارن بیروباوەڕە ئاینییەکانیان بەسەر هەموو ئەوانەدا بسەپێنن کە دژایەتییان دەکەن یان ملکەچ ناکەن بۆیان. ئەو ئاینانەی کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن دەتوانین بڵێین هەر لە ئاینە سەرەکییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە تیرەو تایەفە ئاینییە بچوک و نەبیستراوەکان هەمویان دەگرنەوە. هەمویان تا بڵێیت ترسناکن. ترسناکییەکەیان لە دەمارگیرییەکەیاندایە. تیرۆریزمی ناسیونالیستی خەباتێکی بنچینەییە لەپێناوی نیشتماندا و بەدەستهێنانی مافی فەرمانڕەوایی ئەو نیشتمانەو گەلەکەیدا. تیرۆریستی ئاینی، بە بەرانبەرکردن لەگەڵ تیرۆریستی نەتەوەیدا، زۆرجار شوێنپێی دیدگای خواستێکی یەزدانی دەگرنەبەر. ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ داسەپاندن و ملکەچپێکردنێکی ڕەها بۆ چەند دەستورێکی دیاریکراوی بیروباوەڕی ئاینی . بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە دژوارە، گروپە تیرۆریستە ئاینییەکان پەنادەبەنە بەر پەلاماردانی هەر ئامانجێک کە بۆیان هەڵبکەوێت بە بەکارهێنانی توندوتیژی تۆقێنەرانە لە دژی هەرکەسێک کە لەگەڵ بڕیارەکانیاندا هاوجووت نەبێت .

تۆڕی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن نمونەی پێشەنگی تیرۆریزمی ئاینییە. پێش شەڕەکەی ئەفغانستان، ئەو توندڕەوییە ئاینییە کوێرانەیەی کە لەوێ نرابووەوە کاریگەرییەکانی بەزۆری لە سنوری ئەفغانستان تێپەڕی نەدەکرد و ئەوەی کە ناچارکرابوو لەژێر ئەو بارە قورسەدا بتەزێت ئەفغانییە ئاساییەکان بوون. ژنان بەتایبەت ستەمی زۆریان کێشا لەژێر نیری ڕێسا ئاینییە کۆن و پەککەوتەکاندا. تیرۆریستەکان هەروەک چۆن ترس بۆ

---

[11] ئەم ووشەیە لە ووشەی حەشیش و حەشیشخۆرانەوە هاتووەو بووە بە هەساسین و دواتریش بە ئەساسین لەو سەردەمەدا بە شیعە ئیسماعیلییەکانیان ووتوە کە دوایی بەدەستی هۆلاکۆ قەڵاچۆ بوون. ئەمرۆ ئەم ووشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ پیاوکوشتن بەکاردێت. [و.]

کۆنترۆڵکردنی لایەنگران و دۆستەکانیان بەکاردەهێنن، ئاینیش بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنن. حەماس، ڕێکخراوی موسوڵمانە سونییە فەلەستینییەکان ئاین بە ڕێگایەکی زۆر زیرەپێکەرانە بەکاردەهێنێت .
تیرۆریزمی پشت بە دەوڵەت بەستو بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە خۆیان یان بە دەوڵەتێکی بێگانەوە بەستووەتەوە کە پشتیوانی مەسەلەکەیان دەکات، یاخود بە حکومەتەکەی خۆیانەوە. ئەم گروپە تیرۆریستیانە دەتوانرێت بەشێوەیەکی نهێنی مەشقیانپێبکرێت و پڕچەک و تفاق بکرێن بۆ بەگژاچوونی دوژمنانی ئەو وڵاتە بەبێ ئەوەی کە حکومەتەکە وادەربکەوێت کە چنگی خوێناوی بووە. لە قۆناغێکدا پاسەوانانی سوری چینی لەژێر سەرکردایەتی ماودا بەم جۆرە کارەکانیان ئەنجامدەدا- حکومەت دەتوانێت خۆی لەو کارە تیرۆریستیانە بێبەری بکات کە ئەو گروپە ئەنجامیداوە. نمونەیەکی تر بەکارهێنانی گەنجە شەڕەنگێزە بەناو سەربەخۆکان بوو لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا .
لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ دا خوێندکارە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەلێشاو هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران و ٥٢ هاوڵاتی ئەمریکییان بە بارمتە گرت. حکومەتی ئێران هیچ هەنگاوێکی نەنا بۆ بەرگرتن لە خوێندکارەکان و تەنانەت ڕێگاشی بۆ کارەکانیان خۆشکرد. پەیوەندی نێوان حکومەتی ئێرانی و حکومەتی ئەمریکی تێکچوو دوای ئەوەی کە سەرۆک جیمی کارتەر بڕیاریدا ئابلۆقەی تەواو بخرێتە سەر نەوتی ئێران هاوکات لەگەڵ چەندەها ئابلۆقەی ئابوری تر. بەهۆی بەردەوامبونی تەنگەشەکەوەو لەبەرئەوەی کە وتووێژەکان بۆ ئازادکردنی بارمتەکان نابەکام بوون، ئەمریکا پەیوەندی دیپلۆماسی خۆی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێهێنا. دوای ئەوە هەر لەو مانگەدا کارتەر ئەرکێکی زۆرنهێنی سەرپشککرد، چالاکییەکی سەربازی بە مەبەستی ڕزگارکردنی بارمتەکان. هەموو هەوڵە دیپلۆماسی و سەربازییەکان نابەکام بوون بەهۆی بەردەوامبوونی باری پەشێوی و نائارامییەوە لە ئێران. لەو کاتەوە کە باڵیۆزخانەکە پەلاماردرابوو پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بەبەردەوامی خرابووە ژێر باری سەرنجەوە. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان دووری تاران بوو لە هەموو ئەو بنکە ئەمریکیانەوە کە هەبوون. لە کۆتاییدا پلانەکە لەسەر هێرشێکی هەوایی چاوەڕوان نەکراوی هێزی دەلتا چڕبوەوە. هەوڵی ڕزگارکردنەکە سەرکەوتو نەبوو .

## تیرۆریزم لە تەرازودا

لەکاتێکدا ئێمە ڕەنگە لە هۆکارەکانی تیرۆریزم یان کارە تیرۆریستییە تاکەکان تێبگەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئێمە تیرۆریزم لە تەرازودا هەڵبسەنگێنین. تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئەمڕۆکە بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمان. لە هەموو کیشوەرەکان و تەنانەت دەتوانین بڵێین لە هەموو دەوڵەتەکانیشدا تیرۆریزم بەرچاودەکەوێت. بەڵام چەندەها هۆکاری تری مردنیش هەر بەو جۆرە بەربڵاون. چل هەزار ئەمریکییەک ساڵانە دەمرن بەهۆی ئەو کارە توندوتیژیانەوە کە چەکی تێدا بەکاردێت، لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی ڕێک ئەوەندەی ئەوەش لە کارەساتی شەقام و ڕێگاوبانەکاندا گیانیان لەدەست دەدەن. هەوڵەکانی حکومەتی ئەمریکی بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەم قوربانیانە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتو نەبووە. گروپی لەلایەنی سیاسییەوە بەهێزی " گوشاری چەک" بەتوندی بەرگری لە مافی دەستوری ئەمریکییەکان دەکات بۆ چەک هەڵگرتن- وە هەروەها مافی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل، بەوپەڕی ئازادی و هەرچۆن دڵت بخوازێ، لەسەر شاڕێ گشتییەکان بەهەمان تین و تاوو حەماسەوە بەرگری لێدەکرێت. لەڕاستیدا زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا ساڵ لەدوای ساڵ ڕادەی ئەوپەڕی خێراییان بەرزکردۆتەوە، بەمەش چوارسەد مەرگی دیکەیان خستۆتە سەر خەرمانی کەڵەکەبووی قوربانیانی ڕێگاوبان. لەکاتێکدا ئەو کارەساتانە وەک کارەساتی ناگەهان و بەدبەختانە چاویانلێدەکرێت، کۆمەڵگاکە لەوەدەچێت تاڕادەیەک ئارەزوی قبوڵکردنی ئەو مەرگانە بکات .
ئەگەر وادابنێین کە ئەو مەرگانە جیاوازن لەو مەرگانەی کە بەهۆی تیرۆریزمەوە ڕودەدەن، لەوانەیە پێویست بێت کە لەخۆمان بپرسین بۆ؟ ئایا مردنی شاگرد دوکانێک کە لە ئەنجامی تاڵانکردنی دوکانێکی سەوزەومیوەوە لە ناوچەیەکی هەژارنشینی ئەمریکادا دەکەوێتە بەر زرمەی گوللەو دەکوژرێت ، بە ترس و سامناکییەکی ناوچەیی

دادەنرێت؟ ئایا کارەساتی کوژرانی کوڕەکەت یان کچەکەت بەهۆی سەرخۆشی شۆفێرێکەوە تەنها بە کارەساتێکی دڵتەزێنی قەزاوقەدەر حسابدەکرێت؟ لەوانەیە کۆمەڵگا بۆیە ئارەزوی قبوڵکردنی ئەم مەرگانە بکات چونکە وەکو کارەساتی نەهامەتی و بێشانسی تاکەکەسی سەیردەکرێن. بەدبەختی چەندکەسێکیش شایانی پەسەندکردنە لەپێناوی پاراستنی سەربەستی مەدەنی هەمواندا.

کارە تیرۆریستیەکان، لەلایەکی ترەوە، تەنها بە مەبەستی بەدبەختکردنی چەند تاکە کەسێک ئەنجام نادرێن؛ ئەوانە بۆ چاندنی ترس لەنێو دڵی خەڵکداو هەڕەشەکردن لە ئازادیە مەدەنییەکانی کۆمەڵانی خەڵک ئەنجامدەدرێن. خەرمانی مەرگی تیرۆریزم لە ئەمریکا لەوانەیە لەو مەرگانەی کە بەهۆی تەقوتۆقەوە ڕودەدەن بچوکتربێت، بەڵام کێشەکە لە ژمارەی مردنەکاندا نییە- کێشەکە مەسەلەی کارەتیرۆریستییەکان خۆیانە. ئەو ٤٠٠٠٠ کەسەی کە بەهۆی کارەساتی ڕێگاوبانەوە لە ئەمریکا ساڵانە گیانیان لەدەستدەدەن وا لە شۆفێرەکان ناکات کە چیتر بە شارێکاندا گەشت نەکەن. کەچی مەرگەساتی ١١ی سێپتەمبەر وای لە ملیۆنان کەس کرد کە بڕیاربدەن گەشتی هەوایی زۆر زۆر ترسناکە. هەندێک لەو هێڵە هەواییە نێودەوڵەتیانەی کە پشتیان بە بازرگانی ئەمریکا بەستبوو نابوت بوون. پرۆژەکانی پشودان و گەشتوگوزار لە هەردوبەری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی توشی بێبازاڕی بوون. ئەو ترس و سامناکییەی کە لە ئەنجامی وێرانبوونی سەنتەری بازرگانی جیهانییەوە وەدی هات ئاکامی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەوتۆی لێکەوتەوە کە تیرۆریستەکان مەگەر هەر خەونیان پێوە بینیبێت. چونکە هەرچەندە ئاکامی کارە تیرۆریستییەکان درێژخایەن بێت، تیرۆریستەکان زیاتر هاندەدا بۆ کاری تیرۆریستی زیاتر و بۆ کۆمەڵگایەکی جێگیریش سەختتر دەبێت کە خەبات بکات بۆ بەرگرتن لەو جۆرە کارانە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە بڵێین تیرۆریزم هەرگیز ناگاتە ئەو قۆناغەی کە تەنها ژمارەی قوربانییەکان بەهەند بگیرێت و بەس. ئێمە هەندێک جار پێشبینی ئەوەمان کردووە کە گروپە تیرۆریستییەکان چەکی ناوکی و بایۆلۆجی بەکاربهێنن، نەک هەر هەزاران بەڵکو سەدان هەزار کەسیش بکوژن. بەڵام ئەو پێشبینییە هەرگیز ئەوەندە نزیک نەبووەتەوە کە ببێتە ڕاستی.

## قوربانییەکانی تیرۆریزم

تیرۆریستەکان بۆسە بۆ ئامانجە بێتاوان و چاوەڕوان نەکراوو بێئاگا- لاوازەکان دادەنێن. بۆ زۆر کەس مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە لە کاتێکی هەڵەدا لە شوێنێکی هەڵەدا بیت، وەکو قوربانیانی تەقینەوەکانی بالی. ئەم دوو نمونەیەی خوارەوە تێگەیشتنێکی کورتمان دەدەنێ دەربارەی ئەوەی کە چۆن بێتاوانەکان دەبنە قوربانی تیرۆریزم.

لە تەمموزی ١٩٧٣دا، وازانرابوو کە علی حەسەن، سەرکردەیەکی سێپتەمبەری ڕەش و نەخشەدانەری قەسابخانەی ئۆڵۆمپی میونیخ، لە شارۆچکەی بچوکی لایلیهامەری نەرویجیدا لە تەپکەنراوە. ئیسرائیلییەکان یەکسەر کۆبونەوەو تیمێکی هەڵمەتبەریان بەرەو نەرویج کشاند. کەڵکیان لە وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆن وەرگرت کە لەوباوەڕەدابوون علی حەسەن، کە ناسراویشە بە شازادەی سور، لەوێدا دەستنیشانیان کردووە. دوو ڕۆژ لەوەدوا، لە ئێوارەیەکی شەممەدا، تارمایی قوربانیەکەیان دیتەوە کە لەگەڵ کیژێکی قژزەردی نەرویجیدا لە سینەمایەک دەهاتنە دەرەوە. ئەو جوتەیە بەرەو شوێنی پاسێکی ناوخۆ کەوتنەڕێ کە بیانباتەوە بۆ فلاتەکەیان لە قەراخ شاری لایلیهامەر.

تێبینی نوسەر: من چاوپێکەوتنم لەگەڵ تۆریل باوچیکیدا کردووە دەربارەی کوژرانی ئەحمەدی هاوسەری، ئەمەش بەسەرهاتەکەیە لە زمانی ئەوەوە. ئەو کاتە ئەو سکی حەوت مانگان بوو.

لە سینەما هاتینە دەرەوەو بە پیاسە بەرەو وێستگەی پاسەکە ڕۆیشتین. لەم قۆناغەدا تەنها ئەوەم لەبیرە کە ئەحمەد باسی ئەو دەمەتەقێ کورتەی خۆی کرد لەگەڵ عەرەبێکی تردا کە لە ناوشار بینیبووی؛ هیچ کامێکمان

لەوە زیاتر بیرمان لەو مەسەلەیە نەکردەوە. پاسەکە لەشار دەرچوو بەرەو دارستانەکانی قەراخ شار، لەوێ ئێمە لە وێستگەیەکدا بەرانبەر بلۆکی فلاتەکانمان دابەزین. کە پاسەکە کەوتەوەڕێ و بە گردەکەدا سەرکەوت ئێمەش لە شەقامەکە پەڕینەوە و رومانکردە ئەو باریکە ڕێگە چەوڕێژکراوەی کە دەیبردینەوە سەر دەرگاکانی قاتی ئەرزی. بیست مەتر زیاتر نەڕۆیشتبووین کە لەدوامانەوە زرمەیەکی گەورە هات. هەردوکمان ڕاوەستاین، وەرچەرخاینەوە بزانین ئەو زرمەیە چی بوو. ئێمە ئاگامان لەو ئۆتۆمۆبێلە نەبوو کە بە گردەکەدا دەهاتە خوارەوە بەرەو ڕوی ئێمە، هەر لەو بەر ئێمەوە ڕاوەستا؛ بەڵام تەقەی دەرگاکەی وای لە ئێمەکرد کە سەیربکەین. پیاوێک لە تەنیشتی لای ئێمەوە خۆی فڕێدایە دەرەوە، هەر لە هەمانکاتیشدا، لە لایەکەی ترییەوە ژنێک دەرپەڕییە دەرەوە. من ئەوە هات بە مێشکمدا کە لەوانەیە بیانەوێت ڕێگایان نیشانبدەین، بەڵام بینیم ئەحمەد خۆی لەمن دوورخستەوەو هاواری کرد، "نەخێر! نەخێر"!

ئینجا ئەو تیشکە بروسکەئاسایانەم بینی کە لەلای پیاوەکەش و ژنەکەشەوە بەرەو ڕومان دەهاتن. ئەوان زۆر لە ئێمە نزیک بوون، بەڵام من گوێم لە هیچ تەقەیەک نەبوو. تووشی خورپە بووم، بەبەرچاومەوە لاشەی ئەحمەد پەلەقاژێی دەکرد بەرلەوەی بدرێت بەئەرزدا. منیش کەوتمە سەرزەوی، بە هەردوودەستم وورگە هەڵئاوساوەکەمم لەئامێزگرتبوو، چاوەڕوانی مەرگ بووم بگاتە لام. پیاوەکە تەقەی ڕاگرت، بەڵام ژنەکە بەرەو لای ئەحمەد هەنگاوی نا، لەم کاتەدا ئەحمەد خۆی خستبووە سەرسک و بەهیوابوو بە سکەخێشکێ خۆی دەربازبکات، ژنەکە مشتی پشتملی ئەحمەدی گرت و بەوپەڕی مەبەستەوە دوو گوللەی پێوەنا. دوای ئەوە ڕۆیشتن. هەتا ئەمڕۆش، هەر کە چاوم دەنوقێنم، ئەم ڕوداوە دەبینم دەڵێیت هەمدیس دووبارەدەبێتەوە.

بە گوێگرتن لە تۆریل و سەرنجدان لە دەربڕینی هەستەکانی، هەستم بە دڵتەنگی کرد. ئەوە خەمبارییەکەی ئەو بوو کە من هەستم پێکرد. ئەو بە لەدەستدانی ئەحمەد زۆر زوخاوی چەشت، بەڵام پەژارەکە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، لە لەدەستدانی خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو خۆشەویستییەی کە لێی دزرا. دوو هەفتە دوای مەرگی ئەحمەد، ئەو ژنە دووگیان و قورسە ناچاربوو بگەڕێتەوە سەر کار بۆ ئەوەی بتوانێت گوزەرانی خۆی دابین بکات. حەزدەکەم بزانم داخۆ پیاوکوژەکانی موساد دەیانەوێت بچن و بەچاوی خۆیان ئەوماڵوێرانییە ببینن کە بەسەر ئەو خێزانە بێتاوانەیان هێنا .

تیمی هەڵمەتبەر گەڕایەوە ئۆسلۆو هەواڵی سەرکەوتووی ئەرکەکەیان گەیاند بە ئیسرائیل. ئەو ئەندامانەی موساد کە کەتنەکەیان کردبوو هەر ئەو شەوە وڵاتیان بەجێهێشت، بەڵام ئەوانی دیکەیان بڕیاریاندا بۆ بەیانی بڕۆن. هەرچۆنێک بێت بۆ بەیانی شەش کەسیان لێگیرا. ئەگەرچی ئەوان بۆ لێپێچانەوە گیران و دانیان بەوەدانا کە بە هەڵە پیاوێکی تریان کوشتووە لەباتی ئەوەی کە بەدوایدا دەگەڕێن، تەنها فەرمانی دوو ساڵ زیندانییان بەسەردادان- چونکە موساد بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیان نا بە هەڵەکەیاندا هەرگیز قوروشێکیان نەدا بۆ بژاردنەوە .

لە حوزەیرانی ١٩٧٨دا، هەواڵگریی ئاماژەی دا کە تیمێکی IRA دەیانەوێت عەمباری فەرمانگەی پۆستەی بەڵفاست بتەقێننەوە. تیمێکی SAS تێوەگلێنرا کە لە گروپێکی کاردانەوە کە لە ڤانێکی ڕاوەستاودا جێگیرکرابوو وە خاڵی چاودێری کە لە خانویەکی نزیکدا بوون پێکهاتبوو. خاڵی چاودێرییەکە بەڕوونی ئەو کۆڵانە بچوکەی لێوە دیاربوو کە دەچووەوە سەر تەنیشتی بیناگەلی فەرمانگەی پۆستەکەو هەموو ئۆتۆمۆبێل و ئامێرەکان لەوێدا ڕاگیرابوون. بیناگەلی فەرمانگەی پۆستەکە بە دیوارێکی بەرز پارێزرابوو کە وابیردەکرایەوە IRAڕەنگە هەوڵبدەن بەو دیوارەدا سەربکەون بۆ ئەوەی دەستیان بگات بە شوێنی مەبەست.

دوای چەند ڕۆژێک، گروپی کاردانەوە لە ڤانەکەوە گوێزرانەوە بۆ ناو کۆمەڵێک دەوەن لە نزیک کۆڵانەکە، لەگەڵ چەند گروپێگی پەکخستن کە بە نهێنی بەچواردەوری بیناگەلەکەدا دابەشکرابوون. شەوی ٢١ی حوزەیران، ئەو

سەربازەی SAS کە لە خاڵی چاودێریدا بوو لەگەڵ ئەندامێکی بەشی تایبەت، هەستیانکرد چەند پیاوێک دێنە ناو کۆڵانەکەو ڕادەوەستن. هێندەی نەبرد یەکێک لە پیاوەکان تورەکەیەکی چەرمی بچوکی بەسەر دیواری بیناگەلەکەدا هەڵدا، لەوکاتەدا بۆسەکە لەبەردەمیاندا قوتبوەوە. دوو کەس لە ئەندامانی IRA خەریکبوون تورەکەی پڕ بۆمبی زیاتر هەڵبدەن، کاتێک SAS دەسرێژی لێکردن. دوو کەسیان یەکسەر کوژران و سێهەمیش کاتێک بەهیوابوو بەڕاکردن بەکۆڵانەکەدا دەرچێت کوژرا. ئەو پیاوانە دواتر بە ناوی جاکی میلی، جیم موڵنێنا و دێنیس براون ناسران .

ئەمە لە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتو دەچێت، هەر بەوجۆرەش بوو، بەڵام لەم ساتەدا دوو پیاوی دیکە هاتنە ناو کۆڵانەکەو SAS تێیانخوڕی. پیاوێکیان بەگوێیکردن و دەستی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی؛ پیاوەکەی تریان بۆی دەرچوو. بەیەک گوللە دایان بە زەویدا. کاتێک مەسەلەکە ڕوونبوەوە، دەرکەوت کە ئەو دوو پیاوە بۆخۆیان لە مەیخانە دەگەڕانەوەو بە ڕێکەوت بەرەو ناوەڕاستی شەڕی نێوان IRA و SAS ملیاننناوە. ئەگەر ئەو پیاوە پرۆتستانتە کە ناوی ولیەم هانا بوو لەجێگای خۆی بێچرکە ڕابوەستایە کاتێک تێیخوڕین ، ئێستە زیندوو دەبوو. ئەو لەترسا ڕایکرد. بەبۆنەی تازە ئازادبوونیەوە لە بەندیخانە ئەو ئاهەنگی گێڕابوو، لەو باوەڕەدابووبوو کە ئەو پیاوانە بە جلوبەرگی مەدەنی و بەو چەکانەوە کە هەڵیدەسوڕێنن، ئەندامی IRA ن و هاتون بیگرن.

## وەڵامی تیرۆریست بۆ ئاشتی

لە چل ساڵی ڕابوردودا ڕێبازەکانی ڕوبەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تیرۆریزمدا دەست لە نێو دەست لەگەڵ هەوڵە ڕاستەقینەکاندا بۆ چەسپاندنی ئاشتییەکی بەردەوام ڕۆیشتووە. لەم ساڵانەی دوایدا، بەڕێوەبەرێتی کلینتن لە ئەمریکا بەشداریەکی بەرچاوی لە پرۆسەی ئاشتیدا کرد، ئەمریکا هەنگاوی باشی نا بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەنێوان دوو تاقم لە لایەنە ڕکەبەرەکاندا، ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان ؛ وە بەریتانیەکان و . IRA

یەکەم نیشانەی ئەگەری ڕێکەوتنێکی ئاشتی ئیسرائیلی/فەلەستینی لە کانونی یەکەمی ١٩٩٢دا وەدەرکەوت ،کاتێک دیدارێکی نهێنی لە ئوتێلێکدا لە ناوەندی لەندەن سازدرا. یایر هیرشفیلد، پرۆفیسۆری مێژوی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یاسای ئیسرائیلی بەزاند بە دەمەتەقێکردن لەگەڵ ئەحمەد قرەیع، سەرۆکی بەشی ئابوری PLOدا. دیدارەکە تەنها چەند کاتژمێرێکی خایاند و شتێکی ئەوتۆشی لێ وەبەرنەهات بێجگە لەوەی کە هەردوکیان جەختیان کردەوە لەسەر ئارەزوی هاوبەشیان بۆ ئاشتی. بەڵام ئەو پرۆسەیە لەوێدا کۆتایی پێنەهات؛ دیدارەکان بەنهێنی بەردەوام بوون، تا گەیشتنە بەدەستهێنانی گەورەترین داهێنان لە وتووێژەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدوای ئەوەوە کە ئەنوەر سادات لە ساڵی ١٩٧٩دا لەگەڵ مەناهیم بیگن پەیماننامەی ئاشتی مۆرکرد .

قرەیع و هیرشفیلد هەردوکیان دۆستایەتییان لەگەڵ ئەندامانی پەیمانگای نەرویجی بۆ زانستی کۆمەڵایەتی پراکتیکیدا هەبوو، کە خاوەنی کۆمەڵناس و زانای ئەوتۆ بوون کە سەرقاڵی خوێندکاریکردنی باری ژیان و گوزەران بوون لە بانی خۆرئاواو هەرێمی غەزەدا. هیرشفیلد پەیوەندی کرد بە تێرجی ڕەود لارسن سەرۆکی پەیمانگاکەوە، ئەویش گوشاری خستە سەر پەیوەندییەکانی حکومەتەکەی لە ناوخۆداو بە هەواڵی دڵخۆشکەرەوە گەڕایەوە. لارسن بە هیرشفیلدی ووت: "ئەگەر ئێوە پێویستیتان بە پشتگیری ئێمە هەیە، ئێمە وا لە حکومەتی نەرویجی دەکەین کە هەموو ئەو ئاسانکاریانەی کە پێویستتانە بیخاتە بەردەستتان ".

تامەزرۆیانی ئاشتی ئەو هەلەیان قۆزتەوە. قرەیع و هیرشفیلد لە کانونی دووەمدا بەرەو ئۆسلۆ کەوتنە ڕێ. لە ماوەی هەشت مانگی داهاتودا ئەوان ١٤ جار کۆبونەوە و هەر کۆبونەوەیەکیش دوو تا سێ ڕۆژی خایاند. شاندەکان بە گەشتی جیاجیا دەگەیشتن و بە شێوەیەکی نهێنی لە نێو فڕگەدا ڕێنومایی دەکران بۆئەوەی نەناسرێنەوەو پۆلیسی نەرویجی بە خێراییەکی زۆر پاسەوانی دەکردن بەرەو خاڵە یەکتربینینە نهێنییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی پایتەختدا .

هەرچەندە روون بوو کە هیچ کامێکیان، قرەیع و هیرشفیلد، بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕۆڵ نابینێت و تەنها ڕێگە خۆشدەکەن، هەردوکیان بەبەردەوامی پەیوەندی نەپساوەیان بە لێپرسراوانی خۆیانەوە هەبوو. یەکەم پرسیاری ئیسرائیلییەکان ئەوە بوو کە ئایا کەسایەتییەکانی PLO بەناوی یاسر عەرەفاتەوە دەدوێن. کاتێک بۆیاندەرکەوت کە بەوجۆرەیەو بەناوی ئەوەوە دەدوێن، ڕابینی سەرەک وەزیران فەرمانی دا کە لە نزیکەوە، بەڵام هێشتا هەر بە شێوەیەکی ناڕەسمیانە، چاودێری ئەو گفتوگۆیانە بکەن کە بە "کەناڵی ئۆسلۆ" ناسراوە. تا ئەو کاتەش کەنیست ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە کە ڕێگەی دەگرت لە کۆبونەوەی ئیسرائیلییەکان لەگەڵ PLO دا .

لە ئەنجامدا پێشنیازێکی ڕەشنوس ئامادەکرا؛ پێشنیازێک کە بە مەبەستی ڕامالینی ڕق و کینە کۆنەکان داڕێژرابوو. ئەوەندە دڵخۆشکەر بوو کە هەندێک متمانەی ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت، عەرەفات کە ئەو کاتە لە تونس بوو وە ڕابیین لە ئۆرشەلیم هەردوکیان بەوە قایل بوون کە پێشنیازەکە لە هەمولایەکەوە بەباشی لێکدراوەتەوە. هێشتا پێداچونەوەی لە هەژمارنەهاتوو دانوستانکەرانی چەندەها هەفتە لە مامەڵەدا هێشتەوە، هەر ڕەشنوسیان ئامادەدەکردو جارێکی دیکەش هەڵیاندەوەشاندەوەو دەیانکردەوە بەڕەشنوس، تا پێشنیازەکە گەیشتە بارێکی ئەوتۆ کە شایانی گفتوگۆ بێت .

ئیسرائیلییەکان ئەمریکییەکانیان لەڕێگای وارین کریستۆفەر وەزیری دەرەوەوە لە دەسپێشخەری ئاشتی ئاگاداارکردەوەو ئەویش یەکسەر تەلەفونی بۆ سەرۆک کرد. ئەگەرچی ئەمریکا ئاگاداری چەندەها دەسپێشخەری ئاشتی لەوبابەتە بوو، بەڵام سەریان سوڕما لەو پێشکەوتنانەی کە ئەم دەسپێشخەرییەی ئەمجارە بەخۆیەوە بینیبوو. بەڕێوەبەرێتی کلینتن پشتگیری ڕاستەوخۆی خۆی پێشکەشکردو دەسخۆشکەری لەهەردولا کرد بۆ سوربونیان لەسەر بەدواداچونی چارەسەری ئاشتییانە .

تا ساڵی ١٩٩٤ ، پەیماننامەی ئۆسلۆی نێوان عەرەفات و ئیسحاق ڕابین چوارچێوەیەکی ئەوتۆی پێکهێنا کە لەو ڕێگەیەوە ئیسرائیل زەوی بگۆڕێتەوە بە ئاشتی و دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی کۆتایی بکات. ئۆسلۆ ئەوەی بردە ناو ئەندێشەی ئیسرائیلییەکانەوە کە ووردەوردە پارچەی بچوک بچوک لە بانی خۆرئاواو هەرێمی غەزە وازلێبێنن و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەو قەوارە کاتییەوە کە بە دەسەڵاتی فەلەستینی ناسراوە. بەهۆی ئەم بەشەوە لە ڕێکەوتننامەی ئاشتی، یاسر عەرەفات و ئیسحاق ڕابینی ئیسرائیل خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیان وەرگرت .

دوای چەندەها ساڵ ململانێ و گیان لەدەستدانی خەڵکێکی زۆر، حکومەتی بەریتانی و IRA لە کۆتایدا گەیشتنە ڕێککەوتنێک. بە ویژدانەوە بڵێین، زۆربەی ئەم ڕێکەوتنانە بە ناوبژی سەرۆک کلینتن و ئەو کۆمەکانە بەدەست هاتن کە بەهەمان سەنگ لەلایەن سەرەک وەزیرانی ئیرلەنداوە پێشکەش کران. لە دوایدا، لە مانگی نیسانی ١٩٩٨دا ڕێکەوتننامەی هەینی چاک (Good Friday)[12] ، هەروەک بەو ناوەوە بەنێو بانگە، لەلایەن هەموو لایەکەوە ئیمزاکرا. هەندێک ناڕەزایی لەلایەن کامپی یەکگرتنەوە خوازەکانەوە بەرچاو دەکەوت بەڵام لەپێناوی ئاشتیدا ئەم ناڕەزاییانە وەلانران. ڕێکەوتننامەکە دەبوایە ئەنجومەنێکی پێکبهێنایە لە ستۆرمۆنت Stormont کە هەموو لایەنەکانی ئەو کێشەیە بگرێتەخۆ، بە شین فینیشەوە. ئەرکێکی گران لەبەردەمدا بوو، هەموو لایەنەکانیش داخوازی قورسیان پێشکەش کردبوو. هەروەها ڕێکەوتننامەکە داوایشی لە IRA و UDA(کۆمەڵەی بەرگری یولستەر)[13] کردبوو کە چەکەکانیان دامالن و ئازادکردنی هەموو زیندانییە سیاسییەکان، بە کۆماریخواز و لایەنگرانی جیانەبونەوەشەوە Loyalists لە ماوەی دوو ساڵی داهاتودا داواکارییەکی دیکە بوو .

---

[12] لە ئاینی مەسیحیدا هەینی چاک (Good Friday)ئەو هەینییەیە کە لەو باوەڕەدان مەسیح تێیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەو هەینییە دەکەوێتە پێش یەکشەممەی ئیستەرەوە.

[13] ڕێکخراوی نیمچەسەربازی لایەنگرانی جیانەبونەوەیە لە ئیرلەندای باکور.

کارەکان بەباشی بەڕێوەچون تا ئەو کاتەی کە گروپێکی نوێی کۆماریخوازی جیابۆوە کە ناویان لەخۆیان نابوو سوپای ڕاستەقینەی کۆماریخوازی ئیرلەندی(rIRA) ، ئەسکوێیەکیان لە مەنجەڵەکە وەردا، بەوەی کە ڕایانگەیاند ئەوان دژی بەشداریکردنی شین فینن لە ڕێکەوتننامەی هەینی چاکدا. ئەگەرچی ڕێگاکە هێشتا پڕ دڕکوداڵ بوو بەڵام پرۆسەی ئاشتی ئیرلەندای باکور بە هەنگاوی فراوان پێشڕەوی کرد تا ٢٤ی ئایار، کاتێک خەڵکەکە بە زۆرایەتیەکی ئاشکرا بۆ قبوڵکردنی پرۆسەی ئاشتی دەنگیاندا rIRA .بڕیاریدا کە تورەیی خۆی بە هەڵمەتێکی بۆمبا تەقاندنەوە دەربڕێت، کە ئەنجامەکەشی بەیەکێک لە خراپترین مەرگەساتەکان شکایەوە کە ئەو ناوچەیە لە مێژوودا بەخۆیەوە بینیبێت. لە ١٥ی ئابدا، ئوتۆمۆبێلێک بە بڕی ٥٠٠ پاوەند[١٤] مادەی تەقینەوەی بەهێزەوە لە ناوبازاڕی ئۆماگ Omagh ، ناوچەی تایرۆن Tyrone بەجێهێڵرابوو. کاتژمێر ٣ ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە بوو کە ئۆتۆمبێلەکە تەقییەوە. بۆ ئەوەی قورەکە خەستتر بێتەوە ئاگادارینامەیەک بڵاوکرابووەوەو تێیدا ڕاگەیاندرابوو کە تەقینەوەیەک چێنراوە، بەڵام ئەو شوێنەی کە تێیدا دەستنیشانکرابو بەتەواوی هەڵە بوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پۆلیس ئەو شوێنەی کە لە ئاگادارینامەکەدا دەستنیشانکرابوو بەتەواوی چۆڵ بکەن و دوکاندارەکان لە شوێنێکی تەنگەبەرو کۆدا مۆڵ بدەن، کە لە ڕاستیدا ئۆتۆمۆبێلە مینڕێژکراوەکە لەو شوێنەدا دانرابوو. تەقینەوەکە زۆر دڵتەزێن بوو؛ ٢٩ کەس کوژراو زیاتر لە سێسەد کەسیش بریندار بوون، زۆریان برینەکانیان قورس بوو. کوژراوو بریندارەکان زۆربەیان ژن و مناڵ بوون .

rIRAدانی بە تاوانەکەدا ناو "ئاگربەست" ی ڕاگەیاند. سێ هەفتە لەوەدوا شەش پیاو دەسگیرکران کە پەیوەندییان بە تەقینەوەکەوە هەبوو، ناوو زانیاری دەربارەی شوێنی نیشتەجێ بونیان ئەندامێکی rIRA ئاشکرای کرد کە بەهۆی ئەو گەلە کوژراوەوە قێزی لەو کارە هاتبۆوە .

زۆری پێنەچوو کە دەستەی کارگێڕی تازە هەڵبژێردراوی نیمچە سەربەخۆی ئیرلەندای باکور نیشانەکانی لەبەریەک هەڵوەشانی لێوە دەرکەوت. ئەو متمانەپەیداکردن و سەرەتا تازەیەی کە لە نێوان پرۆتستانتە یەککگرتنەوەخوازەکان و کاسۆلیکە ناسیونالیستەکاندا ئاواتی بۆ دەخوازرا ناکام بوو. یەککگرتنەوەخوازەکانی یولستەر ڕازی نەبوون بە هاوبەشکردنی شین فین تا ئەو کاتەی کە IRA هەڵدەوەشێتەوەو چەکەکانی دادەماڵرێت IRA .یش ،لەلایەن خۆیانەوە، داوای گۆڕانکاری بنەڕەتییان کرد لە هێزی پۆلیسی شاهانەی یولستەرداو، هەروەها وتیان سوپای بەریتانیا دەبێت ناوچەکە جێبهێڵێت. وا پێشبینی دەکرێت کە IRA هێشتا هەزار پارچە چەکی پەلاماردان و ملیۆنێک گوللە و تەقەمەنییان بەدەستەوە بێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پێشبینی دەکرێت سێ تەن ماددەی سێمتێکسی خاوەن توانایەکی بەهێزی تەقینەوەو چەندەها موشەکی زەوی بە ئاسمانیان هەبێت .

لەکاتێکدا ئەم تەنگەشەیە بەردەوامە، هەروەها توندوتیژیش، کە زۆربەی گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ڕادەیەی کە یەکەمجار کێشەکان دەستیانپێکرد، کوشتنی پەردەوازەو تۆڵە سەندنەوەی خێڵەکیانە لەنێوان کاسۆلیک و پرۆتستانەکاندا. لەگەڵئەوەشدا، ڕێککەوتنی هەینی چاک بووە هۆی ئارامکردنەوەی ناوچەکە لە ئاستی خەڵکە ڕەشۆکییەکەدا، هەردوو لایەنەکەش هەست بە گەڕانەوەی جۆرێک لە ئاسایی بوونەوە دەکەن .

ئەم دوو ململانێیە کەڵک و سودی دانوستانە ئاشتیخوازانەکان دەخەنە ڕوو بەپێچەوانەی شەڕو ئاژاوەی بەردەوامەوە. چەند کەس کوژراون لەئەنجامی جەنگی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا؟ چەند کەس کوژراون بەهۆی تەقینەوەو تەقەکردنی IRA و سوپای بەریتانیاوە لە ئیرلەندای باکور؟ چەند کەس بکوژرێت ئیتر بەس دەبێت؟ تیرۆریزم لە بەرەی جەنگدا بەرەنگاری ناکرێت کە لەوێدا براوە دەستدەگرێت بەسەر دەسکەوتەکاندا. تەنها وەڵامێک بۆ تیرۆریزم چارەسەری میانەڕەوانەیە لە ڕێگای دانوستانی ئاشتییەوە .

[14] پاوەند یەکەی کێشانەی بەریتانیایەو دەکاتە دەوروبەری ٤٥٤ گرام.

# ٢.ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان

ئەو پەنجا گروپە تیرۆریستە جیهانییە زۆریان لەلایەن خوێنەرێکی ئاساییەوە نەناسراون ئەوەش هەر لەبەر ئەوەیە کەهەندێک گروپ تەنها تایبەتن بە یەک وڵاتەوە، یان لەبەر ئەوەی کەچالاکییەکانیان کەمتر دوبارەدەبنەوەو کەمتریش دەنگدانەوەیان هەیە.بەڵام لەگەڵئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە زۆر بەکەمی ڕۆژێک تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی کە کارێکی تیرۆریستی لە شوێنێکی سەر ئەم هەسارەیە ڕوبدات.
زۆربەی ئەو پەلامارانە زۆرزۆر توندوتیژن و دەتوانین بڵێین کە هەمویان دەبنە هۆی کوژرانی خەڵکانی بێتاوان و کاولبوونی بیناو موڵک و ماڵ. هەندێک جار ئەم کارانە دەنگدانەوەی گەورە لە میدیاکاندا دروست دەکەن، کەچی هەندێک جاریتر کەمێک لەستونێکی بچوکی ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی زێدەتریان پێدەبرێت.

زۆربەی خەڵک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو هێزە بزوێنەرەی لەپشت زۆربەی کارە تیرۆریستییەکانەوەیە لەسەر سەرکوتکردن، سیستەمی سیاسی/یاسایی ناقۆلا، ناکۆکییە ڕەسەنی، ئاینی، یان هەرێمییەکان دەژی. بەڵام ئایا لە چ خاڵێکدایە کە نائومێدی و بێهیوابوونی تاکەکەس ئەو کەسە دەگۆڕێت بۆ تیرۆریست؟ چۆن خەڵکانی ئاسایی دەتوانن وایان لێبێت کە وابنوێنن تیرۆریستێکی دڕندەی بێبەزەین؟

زۆر ئاسانە وابیربکەیتەوە کە گوایە تیرۆریستەکان جۆرە مرۆڤێکی جیاوازن- بەڵام وانین.ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە چەندەها ئەندام پێکهاتوون ، هەمویشیان خێزان وماڵیان هەیە، هەمویشیان ئەو زنجیرە سۆزە مرۆڤییە دەیانگرێتەوە کە سەرتاپای ئێمەش دەگرێتەوە. زۆربەی هەرە زۆریان گەرنەڵێین هەر هەمویان باوەڕیان بەو کارانە هەیە کە ئەنجامی دەدەن، لەسەر ئاستی تاکەکەسیش، زۆربەیان لەوباوەڕەدان کە لەپێناوی بەرژەوەندی بەرزی کۆمەڵگاکەیاندا تێدەکۆشن. ئەو کوشتو بڕو توندوتیژییەی کە ڕێکخراوەکەیان پەیڕەوی دەکات، بە بڕوای کەسی تیرۆریست، پێویستە لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیاندا؛ وەکو هەر کارێکی جەنگی دیکە پاساوهەڵگرە. ئەمەش لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەو سەربازە نیزامییەی کە لەوباوەڕەدایە ئەو فەرمانەی پێیدراوە بۆ کوشتنی دوژمن بەکارهێنانێکی یاسایی هێزە.

ئەو پەنجا گروپە تیرۆریستە جیهانییە زۆریان لەلایەن خوێنەرێکی ئاساییەوە نەناسراون ئەوەش هەر لەبەر ئەوەیە کە هەندێک گروپ تەنها تایبەتن بە یەک وڵاتەوە، یان لەبەر ئەوەی کە چالاکییەکانیان کەمتر دوبارەدەبنەوەو کەمتریش دەنگدانەوەیان هەیە. بەڵام لەگەڵئەوەشداپێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە زۆر بەکەمی ڕۆژێک تێدەپەڕێت بەبێئەوەی کە کارێکی تیرۆریستی لە شوێنێکی سەر ئەم هەسارەیە ڕوبدات. زۆربەی ئەو پەلامارانە زۆرزۆر توندوتیژن و دەتوانین بڵێین کە هەمویان دەبنە هۆی کوژرانی خەڵکانی بێتاوان و کاولبوونی بیناو موڵک و ماڵ. هەندێک جار ئەم کارانە دەنگدانەوەی گەورە لە میدیاکاندا دروست دەکەن، کەچی هەندێک جاریتر کەمێک لە ستونێکی بچوکی ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی زێدەتریان پێدەبڕێت .

شێوازێکی تایبەت و دیاریکراو نییە بۆ پێکهاتەی تیرۆریستە تاکەکان. دەکرێت دوکتۆر یان مامۆستا بن، وەرزێر یان دوکاندار بن. ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیش، لە لایەکی ترەوە، زۆر لەوە دەچن، هەمان شێوازی کارکردن دەیانگرێتەوە. لە زۆربەی بارەکاندا ئەوان لە ناوچەو هەرێمی خۆیاندا کاردەکەن و لایەنگرەکانیان چواردەوریان داون. ئەگەرچی ئەوان بە لافیتەیەکەوە بەوناوەدا ناسوڕێنەوە کە لەسەری نوسرابێت : "من تیرۆریستم". تاڕادەیەکی زۆر وەکو ئەوانەی کە دژیانن هەڵسوکەوت دەکەن- بەپەنهانی. پێویست بوون بە پاراستنی نهێنی و ئاسایش مانای ئەوەیە کە چونە نێو ڕیزی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە هیچ کاتێک هەڕەمەکی و ئاسان نییە. بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا وەربگیرێت ئەو کەسە دەبێت کۆمەڵە مەرجێکی تایبەتی تێدا بێت. تیرۆریستەکان یاساو ڕێسای زۆر توندوتیژیان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دێنە نێو ڕێکخراوەکانیانەوە؛ ئەگەر بە درۆ یان بتەوێت بە فێڵ خۆت بخزێنیتە ناو ڕێکخراوێکەوە لە زۆرترین باردا ئەگەری لەناوچونت هەیە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێساکان بۆ پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوەکە و بەرگرتن لە سیخوڕەکانی حکومەت و دزەکردنی دوژمنان بۆ ناو ڕیزەکانیان داڕێژراون .

مەرجێکی سادەی پاڵاوتن پێدەچێت ئەوە بێت کە ئەو کەسەی پەیوەندییان پێوە دەکات پێویستە لەلایەن زۆربەی ئەوانەوە کە ئێستا لە ناو ڕێکخراوەکەدان ناسرابێت. پێویستە ڕێکخراوەکە لە مەیل و بۆچونە سیاسی و ئاینییەکانی ئەو کەسە ئاگاداربێت و بزانێت سەر بە چ بنەماڵەیەکە. ئەندامە نوێکان پێویستە لە ناوچەکەی خۆیاندا لەدایک بووبن و هەر لەوێش گەورە بووبن و بە هیچ کلۆجێکیش ناوچەکەی خۆیان جێنەهێشتبێت نە بۆ ماوەی کورت و نە درێژ. کاتێک کەسێک لە وڵاتێکی بێگانە بمێنێتەوە، جا ئیتر ماوەی مانەوەکەی هەرچەندێک بێت، لەوانەیە لەلایەن CIA یان هەر دەزگایەکی ئاسایشی نهێنی دیکەوە بقۆزرێتەوەو بنێررێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی بۆ ئەوەی سیخوڕی لەسەر هاوڕێ کۆنەکانی بکات. ئێستا دەزگا ئاسایشییە هەرە گەورەکانی جیهان بەدوای کەسانێکی لەو بابەتەدا دەگەڕێن .

تیرۆریستە پایە بەرزەکان لە ناو ڕێکخراوەکەدا پلە بە پلە بەرزبونەتەوە، لەوکاتەوە دەستیانکردووە بە فێربونی پیشەکەیان کە وەک چاودێرو تەماشاکەر ڕۆڵیان بینیوە، پێدەچێت هەر لە سەردەمی منالێشەوە. وەکو پاسەوانێکی سادە دەست بەکار بوون و بەرەو ئەرکی ئاڵۆزترو سەختتر پێشڕەوییان کردووە، وەکو گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی یان لەوانەیە فێری ئۆتمۆبێل لێخوڕین بووبن. دوای ئەوەش کە گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە بەتەواوی ئامادەیان کردون، گەنجە خۆبەخشەکان نێرراونەتە دەرەوە بۆ کامپەکانی مەشق کردن لەپێناوی فێربوونی تەکنیکەکانی تیرۆریزمدا.

مەشقپێکردنی تیرۆریستان فراوان و ئاڵۆزە، لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تریش دەگۆڕێت. ئەگەر گروپێکی تیرۆریستی لە دەوروبەرێکی گوندنشیندا چالاکی بنوێنن ئەوا هەمیشە لە گەشت و جێگۆڕکێدان بە چەک و تفاقەوە؛ پڵنگەکانی تامیل باشترین نمونەی ئەم جۆرەن. ئەگەر گروپە تیرۆریستییەکە زیاتر لە ناوشاردا بن، چەک و تەقەمەنی یان بۆمبەکانیان شاراوەدەبن و تەنها ماوەیەکی کورت بەر لە هەر کارێکی نەخشە بۆدانراو دروستیان دەکەن، ئەم تەکنیکە لە شێوازی کارکردنی IRA دا بەرجەستە بووە. تیرۆریستەکان هەر جۆرە ڕێبازێک هەڵبژێرن بۆ کارەکانیان، ئەو مەشقەی کە لەبەردەستیاندایە بۆ بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی نوێ ( وە هەروەها تاکتیکە تیرۆریستییەکانیش) ڕێک ئەوەندەی چەک و تەقەمەنییە نوێیەکان گشتگیرو پڕ ووردەکارین .

لە ڕێکخراوە شانەییە بچوک یان داخراوەکاندا، مەشقپێکردن لەسەر بنچینەی تاکەکەسی و ڕووبەڕوو ئەنجامدەدرێت. لەوانەیە ئەو کەسە فێری دروستکردنی بۆمبێک ، یاخود بەکارهێنانی تفەنگێکی ڕیزپێکردن (ئۆتۆماتیکی) ببێت. ڕێکخراوە گەورەترەکان، وەکو ئەوانەی کە وەک هێزێکی یاخی لە ناوچەیەکی لادێنشیندا چالاکی دەنوێنن، لەوانەیە کامپی مەشقپێکردنی تایبەتمەند دابمەزرێنن کە لەوێدا دەتوانرێت ئەندامە نوێکان بە کۆمەڵی گەورە گەورە مەشقیان پێبکرێت. لەو کامپانەدا مەشقکەرانی نوێ دەتوانن ڕێنومایی سیاسی ، ئاینی یاخود هاندەرانەو وورووژێنەرانەش وەربگرن .

تێبینی نوسەر: من چەندەها کامپی مەشقپێکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستم بینیوە کە لەلایەن تیرۆریستانەوە بەکارهاتون. ئەو کامپانە بەزۆری لە ناوەڕاستی بیابانێکدا دامەزرێنراون کە بە چیای بەرزو بڵند چواردەورە دراوە. ئەگەر واش نەبێت، ئەوا زۆر

بەچاکی حەشاردراون. کامپەکە خۆی لە چەندەها خانوی سەربان تەختی جۆراوجۆر پێکهاتووە، کەپاشماوەی گوندێکی کۆنن. ئەم جۆرە کامپانە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ مەشق و هەوارگەی ڕێنومایکردن بەکاردێن. مەشقکەران ناچاردەکرێن کە لەگەڵ ژیانی نائاسایی ناو چادر ڕابێن. بەشێوەیەکی ئاسایی مەشقکەرە نوێکان لە ژوورێکی چێشتلێنانی بچوکدا نان دەخۆن. ئەم شوێنە بۆ یەکتربینینیش بەکاردێت هەر کاتێک کاتی پشوودان بێت یان بێکاربن. هەر لەو نزیکەش شوێنێکی تەختکراوو ئامادەکراو هەیە بۆ مەشقکردن و مەیدانی خۆڕاهێنان لەسەر تەقەکردن .

ئەم کامپانە زۆر بە کەمی چواردەوریان تەلبەند کراوەو بە هیچ کلۆجێکیش ناچنەوە سەر سەربازگە خۆرئاواییەکان، چونکە ئەمانە هەتا بڵێیت ناخۆش و دڵقەبزن. بەڵام خۆ مەشقکردن

دەربارەی سەربازگەی دڵڕفێن نییە بە ئاسانکاری و هۆکاری سەرنجڕاکێش و ڕاقی و مەیدانی مەشقی هێلکاریکراوو بێگەردەوە. مەشق دەربارەی چالاکی پڕزانیاری، کاریگەر و پڕ جۆشوخرۆشە. خۆپاڵاوتن بۆ بونە ئەندام و ئاسایشی ناو کامپەکان زۆر بەتوندی گیراوەو سەخت و ئەستەمە، چەندەها پاڵێوراوی نوێ لە پرۆسەی ڕێورەسمی بونە ئەندامدا گیانیان لەدەست دەدەن. باوەڕم پێبکە ئەم کامپانە تەنها بۆ کەسانی بەجەرگن .

# تیرۆریستە تاکەکەسەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان

ئەم بەسەرهاتەی کە لێرەوە دەگێڕرێتەوە ڕاست و دروستە، هەروەها ناوەکانیش، ئەگەر وانەبێت ئەوا لەشوێنی خۆیدا ئاماژەی پێکراوە. ئەم بەسەرهاتە چەندەها لایەنی پەیوەندی نێوان تیرۆریستە تاکەکەسەکان و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەخاتەڕوو. بۆ پشتئەستورکردنی چیرۆکەکە لە کۆتاییدا دۆسییەیەکی هەواڵگری ڕاستەقینەی پێوەلکێنراوە کە لەلایەن یەکێک لە باشترین سیخوڕەکانی جیهانەوە کۆکراوەتەوە. چیرۆکەکەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکە هەردوکیان پێکەوە هێمایەکی ڕوون پێکدەهێنن بۆ چۆنیەتی گونجانی تاکەکەسێک بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی .

لەدەمەدەمی کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا، لە ئەڵمانیا فەرمانێکی گرتن دەرچو بۆ ژنێک کە ناوی مۆنیکا هاس بوو. بەپێی بۆچونی لێکۆڵێرەوان، وادانرابوو کە هاس بە قاچاخ چەک و تەقەمەنی بردبوو بۆپاڵما دی مالۆرکا Palma de Mallorca بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە دەستی کۆماندۆ تیرۆریستە فەلەستینییەکان کە لە ١٣ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ دا دەستیگرت بەسەر فڕۆکەی "لاندشەت"ی لوفسانسادا .Lufthansa

هاس پێشتر لەسەر مەسەلەی "لاندشەت" گیرابوو. لە بەهاری ١٩٩٢ دا، دوای یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، پارێزەرە فیدراڵییەکان لە دۆکومێنتەکانی لقی ٢٢ (لقی دژە تیرۆر) ی وەزارەتی ئاسایشی دەرەوەی بەرلینی خۆرهەڵاتی پێشو (Stasi) دا چەند تێبینییەکیان دیتبوەوە کە تێیدا هاتبوو گوایە هاس چەک و تەقەمەنی گەیاندۆتە فڕێنەرانی فڕۆکەی لاندشەت. هەرچۆن بوو دوای حەوت هەفتە لێکۆڵینەوە، دادگای دادوەری فیدراڵی فەرمانی گرتنەکەی هەڵوەشاندەوە. هۆ: دۆکیومێنتەکانی ستاسی Stasi بەتەنها ناتوانن پێویستییە دەستورییەکان بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەوەی کە لە کێشەکەدا هاتووە دابین بکەن .

ئەم گیرانە نوێیەی هاس بەدوای ئەوەدا هات کە وەک دەڵێن لێکۆڵەرەوە ئەڵمانییەکان شوێنی ژنێکی فەلەستینیان دەستنیشان کردبوو، ئەویش سورەییا ئەنساری بوو، تاکە ئەندامی کۆماندۆ ڕفێنەرەکان کە بە زیندوی دەرچوبێت، لە ئەرکی GSG9 دا لە مۆگادیشۆ بە خەستی بریندار بوو بوو. لە ١٣ ی ئۆکتۆبەردا، ١٧ ساڵ دوای ڕفاندنی لاندشەت، سورەییا لە ئۆسلۆ گیرا. لەکاتێکدا کە دادگای نەرویجی لە مەسەلەی تەسلیمکردنەوەی سورەییای دەکۆڵییەوە بە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، Heidi Bache Wüg پارێزەرە نەرویجییەکەی تێکۆشا بۆ بەرگرتن لەو کارە، بە بیانوی ئەوەی کە نەفەرەکەی ، کە هێشتا کاریگەری تەقەکردنەکە لەسەری نەڕەویوەتەوە، پێویستە ڕێگای پێبدرێت لەسەر بناغەی مرۆڤایەتی لە نەرویج بمێنێتەوە. سەرباری ئەوەش، ئەو کاتە سورەییا ئەنساری ژنێکی شوکردوو بوو کچە تەمەن نۆ ساڵەکەی دەبووە قوربانیی ئەو تەسلیمکردنەوەیە .

لەماوەی ٤٨ کاتژمێر لێکۆڵینەوەی بەردەوامدا، کارمەندانی ) BKA فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی تاوانی فیدراڵی) لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ سورەییا ئەنساری کرد، ئەویش دانی نا بە بەشداریکردنیدا لە دەستگرتن بەسەر لاندشەتدا. ئەو هەروەها وای لێچاوەڕوان دەکرا کە ئامادەی دەربڕپێت بۆ ئاوەژوو کردنی بەڵگەکەی دەوڵەت، ئەوەیش بە تێوەگلاندنی مۆنیکا هاس لە پێناوی سوککردنی ماوەی زیندنیکردنەکەیدا. ئەوەی کە لەوانەیە ئەو دوو ژنە لە یەمەن یەکتریان ناسیبێت شایانی قبوڵکردنە؛ بەڵام ئایا لە دورگەی پشودانی مالۆرکا یەکتریان بینیوەتەوە کاتێک کە چەک و تەقەمەنییەکان گواستراونەتەوە، ئەمە پرسیارێکە کە دادوەری باڵای کارلسرۆهە Genralbundesanwalt – (GBAنوسینگەی داواکاری گشتی ( ماوەی سێ ساڵ هەوڵیدا بۆ ساخکردنەوەی. لەکاتێکدا کە بێنەوبەرەی یاسایی و لێکۆڵینەوەی درێژخایەن بەردەوام بوو، هەردوو ژنەکە خۆیان بە زیندانی دەزانی: سورەییا ئەنساری فەلەستینی تەمەن ٤١ ساڵ لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئۆسلۆ بەشێوەیەکی کاتی دەستبەسەر بوو لەپێناوی تەسلیمکردنەوەیدا، ئەو شوێنەی کە لەساڵی ١٩٩١ ەوە تێیدا دەژیا. مۆنیکا هاسی ئەڵمانی تەمەن ٤٦ ساڵییش لە بەندیخانەیەکی ئەڵمانیادا بوو .

دەسەڵاتداران لەوباوەڕەدا بوون کە هەردوو ژنەکە سەر بە گروپی جیابووەوەی PFLP فەلەستینین کە گرنگترین بنکەی لە کامپێکی بیابانیدایە، هەروا دوو کاژێرو نیوێک لە عەدەنی پایتەختی یەمەنی باشورەوە

دووره به ئۆتۆمۆبێل. هەر وەکو کادرەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکە، کاربەدەستانی PFLP یش گەشتی چونە ناوەوەو هاتنە دەرەوەیان کردبوو بۆ نێو بلۆکی خۆرهەلاتی پێشو، بەمەش بوو بوونە جێگای سەرنجی هەواڵدۆزانی ستاسی. بۆ نمونە زەکی حلوی ئەندامی PFLP کرپارێکی بەردەوامی کارگەی چەکی ناووناوبانگ زراوی KINTEX بوو لە سۆفیا، کە لەلایەن پۆلیسی نهێنی بولگاریاوە کۆنترۆڵکرابوو. زەکی حلو پێشتر مۆنیکا هاسی هێنا بوو، بەڵام سەرباری ئەم پەیوەندییە نزیکەش، هاس نکولی لەوە کرد کە دەستی هەبێت لە هیچ چالاکییەکی تیرۆریستیدا .

نوسینگەی داواکاری گشتی دەرئەنجامی بەدواداچونی زیاتری هێنایە پێشەوە، کە بەپێی ووتەی رۆڵف هانیشی قسەکەری پەخشی GBA بووە هۆی گەلآڵەکردنی "جەختکردنەوە لەسەر راستی و دروستی دەرئەنجامەکانی پێشو" . لە لیستێکی ستاسی " ئەندامان و لایەنگران" ی گروپە تیرۆریستیەکەدا، یەک لەدوای یەک ئەم ناوانە دەبینرانەوە: زکی حلو، مۆنیکا هاس وە سورەییا ئەنساری .

ئەگەرچی لەکاتی خۆیدا باس نەکرا، سەرەداوێکی گومان سەری هەڵدا کە لە بەڵگەنامەکانی ستاسییەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەڵگەنامەکان بۆچونی ئەوتۆیان تێدا بوو کە مۆنیکا هاس پێدەچێت هەواڵدۆزێکی نهێنی ئەڵمانیای خۆرئاوا یان فەرەنسا بێت و وەکو هێڵی لار (خگ مائیل) لە بازنە تیرۆریستیيە فەلەستینییەکاندا بەکارهاتبێت- بۆچونێکی وەها تەنها تایبەت نییە بە کارگوزارییە نهێنییەکانی ئەڵمانیای خۆرئاواوە. هەروەها گەلێک جەنگاوەری PFLP یش دڵنیا بوون کە مۆنیکا هەواڵدۆزە؛ سوربوونیان لەسەر بیروڕاکەیان ئەوەندە بەهێز بوو گەیشتە رادەی پلان دانان بۆ کوشتنی .

لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا کارمەندێکی ستاسی لە ڕەفتارێکی بیرۆکراتیانەی وشکدا ئاشکرای کرد کە ئەبو حەنەفی لە خۆئامادەکردندایە بۆ " لەناوبردنی هاوڵاتی ئەڵمانیای خۆرئاوا مۆنیکا هاس". کوشتنی مۆنیکا کارێکی تۆڵەسێنی دەبوو دژی ئەڵمانیای خۆرئاوا. ئەبو حەنەفی لە بەندیخانەیەکی ئیسرائیلیدا پاڵێدابوەوە دوای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی بۆ رفاندنی فرۆکەیەکی E1 A1 لە ساڵی ١٩٧٦دا لە نایرۆبی. لەلای ئەبو حەنەفی دەبێت وادیاربوبێت کە روون و ئاشکرایە زانیاری دەربارەی پلانەکە دزەیکردووە بۆ مۆنیکا هاس .

لە ساڵی ١٩٨٤دا، زەکی حلوی مێردی مۆنیکا لە شەقامێکی ئاشکرادا لە مەدرید کەوتە بەر رێژنەی گولله. ئەو لەگەڵ قاچاخچی چەک و تەقەمەنی و دەرمان و مادەسرکەرەکان مونزر ئەلقەساری سورییدا دەسوڕایەوە، هەر بۆیە لەلایەن کارگوزارییە ئاسایشییەکانی خۆرئاوا و هەروەها خۆرهەلاتیشەوە بە دابینکەری چەک و تەقەمەنی PFLPدادەنرا. لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣دا کارمەندانی BKA لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەلقەساردا ئەنجامدا دەربارەی مۆنیکا هاس. ئەلقەسار دەبوایە ئامادەبێت لەبەردەم دادوەرێکیشدا لە ئیسپانیا، بە تاوانی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەو کۆماندۆیانەی کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٥دا دەستیانگرت بەسەر پاپۆڕی گەشتوگوزاری Achille Lauroدا ( بڕوانە بەشی ٣)

تێبینی نوسەر: ئەوەی کە لەخوارەوە دەیخوێنیتەوە وەرگێڕانێکی ڕاستەوخۆی دۆسیەیەکی کارگوزاری نهێنییە. گەلێک ناوو ڕێکخراوی تیرۆریستی لەوێدا باسکراوە، بەڵام ئەوەی کە تۆ پێویستە چەقبەندی بکەیتە سەر تەنها ئەوانەی مۆنیکا هاس، یان "ە" یە وەکو ئاماژەی بۆکراوە. بەهەمان شێوە، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکخراوەکانی وەک BDR و BND و هتد.، ئەڵمانیاو کارگوزاری نهێنی ئەڵمانی بخوێنەرەوە. لەپێناوی پاراستنی ڕاستی و دروستی دەقەکە و هێشتنەوەی وەکو خۆی، شێوازی نوسینی دەقە ئەسڵییەکە پەیڕەو کراوە.

بەشی XXII/8 بەرلین، ١٩ی شوباتی ١٩٨١

دڵنیاکراوەتەوە;[ئیمزاکە ناخوێندرێتەوە[

کرانەوەی راپۆرتەکە

لە" OV گورگ" کەسەکە

هاس، مۆنیکای

لەدایکبوی٢.٥.١٩٤٨/فرانکفۆرت/ مەین

/1948.12.29شتوتگارت

پێویستە لەرێگای چالاکی سەربازییەوە کۆنترۆڵبکرێت بەپێی

=Strafgesetzbuch StGB. [StGB – 98 StGB §لە پەیوەندی بە § ١٠٨

سیستەمی سزادان [

دەربارەی کەسەکە

زانیارییە سەرەتاییەکان لەسەر ە. دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ . لەم قۆناغەدا ئەو لە دامەزراوەیەکی سوپای ئەمریکیدا بوو لە فرانکفۆرت/مەین، وەکو کارمەندی تەلەفون کاریدەکردو پەیوەندیشی دروستکردبوو لەگەڵ ئەندامانی ] "RAF" کەرتی سوپای سور]. ئەو کاتی خۆی نکولی لەوەکرد کە بە شێوەیەکی چالاکانە پشتگیری ئەو گروپەی کردبێت لە پەلامارێکدا بە بۆمب بۆ سەر ئەم دامەزراوەیە. تەنها لە ساڵی ١٩٧٥دا بەتەواوی چووەرِیزی "RAF" ەوە، ئەوەی کە پێیی دەڵێن "گروپی " Haag ، یەکەم پاڵنەری بۆ ئەم بریارە ئازادکردنی هاورێ زیندانییەکەی بوو .

ی تێبینی: ئەو ناوانەی کە بە تۆخ نوسراون لە دۆکیومێنتە ئەسڵییەکەدا بە دەست نوسراون، نوسخە تایپکراوەکە هەموو جارێک تەنها............ی داناوە.



هۆپ، وێرنەر

)سەردەمێک ئەندامی "RAF" بوو

لە ساڵی ١٩٧٢ دا فەرمانی ١٠ ساڵ

زیندانی بەسەردا درا(

هەر لە هەمان ساڵدا لەگەڵ Haag و ئەندامەکانی تری ئەم گروپە چوو بۆ VDR یەمەن. لەو کاتەدا کورەکەی لەلای ژنی ئەم پیاوە بەجێهێشت

گایشلەر، کریستیان

لەدایکبوی ٢٥.١٢.١٩٢٨/ هامبورگ

لە هامبورگ دەژی

لە عەدەن کەسایەتی پلە-دووی سەرکردایەتی ئەوکاتەو سەرکردەی ئێستای بنکەی گروپەکەی پێشوی " وەدیع حەداد" ی ناسی.

ساکی[15]
له دەوروبەری ناوەڕاستی ١٩٧٦ دا شوی پێکرد .
لەئەنجامی ئەم خێزان پێکهێنانەوە تا ئێستا دوو منالّ بەرهەم هاتون (لەسالّی ١٩٧٣ و ١٩٨١ دا) . لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ وە لەگەڵ منالّەکانی لە کۆماری ئەلّمانیای فیدرالّ یەکیگرتەوە .

هەڵسەنگاندنی سیاسی- سەربازی
- وەکو ئەندامێکی گروپەکانی "RAF" و" وەدیع حەداد" ڕاهێنانی پارتیزانی لە عەدەن تەواوکردووە، هەروەها زانیاری وەرگرتووە لەسەر پێکهاتەکان، لۆجستیک وە هەروەها ناوچەی چالاکیە سەربازییەکان و کاتی لەباری هێزی تیرۆریستی .
وەکو خێزانی سەرکردەی ئێستای بنکەکە لە عەدەن ئەم زانیاریانە بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزبوون .
- وەکو ئەندامێکی "گروپی وەدیع حەداد" لە کانونی دووەمی ١٩٧٦دا لە کینیا بوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ چالاکی دژی فڕۆکەی EL-AL لە فڕۆکەخانەی نایرۆبی.
دوای سەرنەکەوتنی چالاکییەکەو دەستگیرکرانی شولّتز، بریگیت و ڕۆیتر، تۆماس- جارێکی تریش بە هەمان پاسپۆرت نێردرایەوە بۆ کینیا، بەپێی گێڕانەوەی خۆی، وە وا پێشبینی دەکرێت کە هەر یەکسەر لەگەڵ چونەناوەوەی بۆ وڵاتەکە لەلایەن پۆلیسی کینییەوە لەسەر بناغەی پاسپۆرتەکەی دەسگیرکرابێت. وەک دەڵێن لەوێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوەو ئەشکەنجەدراوە بۆ ئەوەی زانیاری لێوەربگرن دەربارەی ژنێکی فەلەستینی هاوکاری. لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا، کە لە لایەن کارگوزاری نهێنی ئیسرائیل "موساد"ەوە ئەنجامدەدرا، واپێشبینی دەکرێت کە زانیاری پێدرابێت دەربارەی ژنێکی تری هاوکاری کە ئەو لەو باوەڕەدا بووە لە شوێنێکی سەلامەتدایە .

3 (١)
بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بکەن بەو هاوکارەی دواییانەوە لەگەڵ کارگوزارانی نهێنی "موساد"دا ،وەک دەڵێن، چون بۆ تەنزانیا بۆ ئەوەی لەوێشەوە بفڕن بەرەو بەیروت .
بەپێی گێڕانەوەی خۆی توانیویەتی لە تەنزانیا لەدەست کارگوزارانی نهێنی موساد هەڵبێت و جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ عەدەن .
گروپەکانی "RAF" و " Carlos " گومانیان هەبوو لە ڕونکردنەوەکانی و ئامادە نەبوون هاوکاری زیاتری بکەن .
- لە دەوروبەری ناوەڕاستی ١٩٧٧دا بە پاسپۆرتێکی پیرۆیی گەشتیکرد بۆ کۆماری ئەلّمانیای فیدرالّ بۆ ئەوەی منالّەکەی بهێنێت. ئەگەرچی لایەنی بەرانبەر شوێن و جێگەورێگەی منالّەکەیان دەزانی، بەلّام ئەو بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک بەرەو عەدەن دەرچوو .
ئەوەی جێگای سەرنجە لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە ژمارەی زنجیرەی پاسپۆرتەکە لەلایەن BKA [Bundeskriminalamt]ەوە زانرابوو Pohle, Rolf .ی ئەندامی "RAF" لە تەمموزی ١٩٧٦دا دەستگیرکرا لەسەر بنچینەی پاسپۆرتێکی پیرۆیی کە لە هەمان زنجیرە بو .
- بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی نارەسمی ە. لە سالّی ١٩٨١ دا ئاشکرای کردووە کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٧دا ئەو چەک و تەقەمەنی داوەتە دەست کۆماندۆ فەلەستینییەکان بۆ ڕفاندنی فڕۆکەی لوفسانسا "لاندشەت" لە مالۆرکا .

---

[15]ساکی Sakki لێرەدا هەر مەبەست لە زەکی حلووە کە پێشتر باسیکرا. چونکە نوسەر پێشتر زەکی بەکارهێناوە بەلّام لێرەدا بۆ پاراستنی شێوازی دەقەکە (ساکی) وەکو دەقە ئەلّمانییەکە هێشتۆتەوەو نەیگۆڕیوە، منیش پێم باشبوو هەر بەو جۆرە بەکاری بهێنم. و.

بەپێی پێشنیازی نارەسمی تریش ئاشکرابووە کە ئەو هەرچۆنێک بوو‌بێت چەک وتەقەمەنییەکانی لە جەزائیر داوەتە دەست ئەوان، لەبەر ئەوە ئەو هیچ جۆرە بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبووە دەربارەی شوێن وکاتی راستەقینەی رووداوەکە .
جێگای سەرنجە لەم پەیوەندییەدا کە بێسیمی ئیسرائیلی رۆژێک بەر لە رفاندنەکە رایگەیاند کە کارێکی وا بەدەستەوەیە، بەڵام نەیتوانی هیچ زانیارییەک بدات بەدەستەوە دەربارەی ووردەکارییەکانی .
- بەشێوەیەکی نارەسمی دەکرا بزانرێت کە ه. چەندە بەپەرۆشەوە بوو بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دەرامەتی گشتگیر. دەتوانرێت ئەوە نیشان بدرێت کە لە ساڵی ١٩٧٩دا پارەی لە کۆماری فیدراڵی ئەڵمانییەوە بۆ حەواڵە کراوە بۆ بانکێکی کوەیتی و چەندەها جاریش لەوێ بووە بۆ شت کرین و بازارکردن. لە ١٩٨٠ دا دەکرا تێبینی ئەوە بکرێت کە بەختەوەر دیار نەبوو، چەندەها جار هەست و سۆزی دژە کۆمۆنیست و دژە سۆڤیەتی دەربەبڕی، وەهەروەها لە ژیانی ژن و مێردایەتیشدا ناتەبا بوو. لەو کاتەشدا پەیوەندی کردبوو بە باڵیۆزی فەرەنسییەوە لە عەدەن، کەلوپەلی ناوماڵی لەو کڕیبوو، ئەوەش ئەوە بوو کە ووتیان هەندێکی گەیشتۆتە دەستی.

3(ب)
لە ناوەراستی ١٩٨٠ وە ئەم زانیاری و ئاماژانە تەواو پەرەیانسەند، بەجۆرێک کە ئەو گومانەی کە گوایە ه. لە بەرژەوەندی دەزگا ئاسایشییە دوژمنەکان کاردەکات دەکرا وەک راستییەک فەراهەم بێت.

لە پەیوەندی بە دەستگیرکرانی پێنج ئەندامی "RAF" هوە لە ئایاری ١٩٨٠دا لە پاریس، لە چەندەها سەرچاوەوە زانرا کە دەستگیرکردنەکان بەهۆی زمانلێدان (ئیخباری) هەواڵدۆزێکەوە بووە لە عەدەن.

4
ئەم زانیاریانە بەهۆی بەڵگەی نارەسمییەوە سەلمێنران .
جێگای سەرنجە کە مێردەکەی هاس ژمارە تەلەفونی ئەو فلاتەی دەزانی کە ئەو کەسانەی تێدا دەستگیرکران .
لەو فلاتەوە دوو پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ هەواڵدۆزێکی ساکیدا ئەنجامدرا بوو .
یەکسەر دوای پەیوەندییە تەلەفونییەکە ٥ ئەندامەکەی "RAF" دەستبەسەر کرابوون .
وەکو سەلمێندراو، بە پێچەوانەی راپۆرتە خۆرئاواییەکانیشەوە هۆفمان، سیگلیندی ئەندامی "RAF" کە لە هەمانکاتدا لە پاریس دەستگیرکرا بە فرۆکە نەچوو بوو بۆ پاریس بەڵکو بە شەمەنەفەر چووبوو. لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا باڵیۆزی ئوستراليا

د. ئامری

لە بەیروت گومانی خۆی دەربری لەمەر "ئاسایشی " PLO بەوەی کە ئەو دەستگیرکرانانەی پاریس بە پشتیوانی ئەو زانیاریانە ئەنجامدراون کە خۆفرۆشێک لەناو ریزەکانی PFLP هوە بۆی ناردون .
زانیاریەکان وا پێشبینی دەکرێت کە لە رێگای باڵیۆزخانەی فەرەنسییەوە لە عەدەن چنگکەوتبن لە بەرانبەر پاداشتی مادییدا. ( تەنانەت ئەمرۆش هێشتا هەر "گروپی وەدیع حەداد"ی پێشو هاوتایە لەگەڵ ئەندامێتی PFLPدا ).
لە زانیارییە نامەگۆرینەوەکانی بەشی □□□ دا دەکرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت کە BND – (Bundesnachrichtendienstکارگوزاری زانیاری فیدراڵی( بەبێ هیچ گومانێک زانیاری لە ناو چوارچێوەی PLO وە وەرگرتووە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە دەستگیرکرانەکانی پاریس سەربگرن. بەپێی

بەشی □□□ ئێمە ئێستا پەیوەستین بە یەک کەسەوە، ئەو کەسەش کۆنترۆڵکراوە، یان ڕاستتر بڵێین قۆرخ کراوە، لەلایەن دیپلۆماتێکەوە یان هاوەڵێکی BND وە کە پایەی دیپلۆماسی هەیە و لە دەرەوەی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ جێگیرکراوە .
ئەم ئاماژەپێکردنانە لەلایەن سەرۆکی BND
کلینکڵ، کلاوسەوە

جەختیان لەسەرکراوەتەوە بۆ سەرۆکی BKA
هێرۆڵد، هۆرست

لە پەیوەندیدا بە دەمشڕی [Bundeskriminalamt] BKA بۆ پەخشی BRD ، چونکە لە "Die Welt " ی ١٩٨٠.٦.٥ دا ناوی "بەیروت" یان ڕاستتر بڵێین "عەدەن" هاتووەو بڵاوکراوەتەوە وەک ئاماژەپێکردنێکی سەرەتایی بۆ دەستگیرکردنەکانی پاریس، وە ئەوەش کە ٥ "تیرۆریستەکە" لە عەدەنەوە گەشتیان کردووە بۆ فەڕەنسا .

5

- بە بیروڕای کلینکڵ بەم ڕوداوە سەرچاوەکەی BND ئەوەندەی ئەو دیپلۆماتەی کە لە میانەی هەردولادا کاردەکات کەوتۆتە مەترسییەوە .
- 1980.5.2 چوار ئەندامی " ETA" بە گەیشتنیان بۆ فڕگەی " براجاس"/ مەدرید دەستگیرکران کە لە عەدەنەوە هاتبون .

لێرەدا کێشەکە کێشەی ئەندامەکانی " ETA" یە کە لە عەدەن مەشقیان لەسەر " شێوازی شەڕی گەریلا" کردبوو .
لەسەر بناغەی دوا چالاکییەکانی هاس، کورتە سەفەرەکەی بۆ BRD دەتوانرێت بە گەورەترین ڕەگەزی سەلماندنی ئەو گومانانە دابنرێت کە لەسەرێتی .

- لە ناوەڕاستی سێپتەمبەردا هاس بە خۆی و منداڵەکانییەوە گەشتی کرد بۆ BRD بە پاسپۆرتێکی لوبنانییەوە بەناوی

ساکی، حلو

وە بە ڤیزەیەکی تەواوەوە بۆ BRD کەماوەکەی تا ١٩٨٠.١١.٢ بوو .
لە دەمەتەقێیەکیدا لەگەڵ سەرچاوەیەکی ناڕەسمیدا ئەو ئاشکرای کردبوو کە ئەو ڤیزەیەی بۆ BRD بە هەڵە وەرگرتووە، ئەو لە بنەڕەتدا نیازی بوو بوو کە بچێت بۆ DDR (deutsche Demokratische Republic). [16]
هەرچۆن بوویێت لەکاتێکدا DDR باڵیۆزخانەی هەبوو لە VDR یەمەن بەڵام BDR تەنها نوسینگەیەک، هەڵە لەم پەیوەندییەدا زۆر زەحمەتە ڕوبدات .
ئەو بەدوادا چونانەی کە لە باڵیۆزخانەی DDR ئەنجامدران ئەوەیان سەلماند کە هیچ داواکارییەک بۆ چونە ناو DDR پێشکەش نەکراوە .
هەڵوێستی دژە-سۆشیالیستیانەی ە. یش ئەوە دوپاتدەکاتەوە .

- گەشتەکە خۆی لە ڕێگای پراگەوە ڕێکخرابوو، لە کاتێکدا کە چەندەها ئەندامی سەرکردەیی "RAF"لە پایتەختی CSSR دا نیشتەجێ بوو بوون .

کاتێک ئەوان CSSR یان بەجێهێشت، هاسیش درێژەی بە گەشتەکەی دا بەرەو . BRD

- لە BRD پەیوەندی کرد بە

---

[16] DDR کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات ، کە دەکاتە ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی جاران. و.

بایتز، ڕێجینا ناوێکەوە
دانیشتوی: فرانکفۆرت/مەین،
مایورڤێگ ٣

لەسەرەتادا لەگەڵ ئەو دەژیاو لەوێوە هەوڵیدا پەیوەندی بکات بە و ئەندامانەی "RAF" ەوە کە لەو ناوچەیەدا چالاک بوون و ئەو دەیناسین. بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە کەسایەتییە سەرکردییەکانی "RAF" یش زانیان کە هاس لە BRD نیشتەجێ بووە .

6

• لە فرانکفۆرت/مەین ئەو پەیوەندی لەگەڵ پشتگیریکەرێکی یاسایی"RAF" دا دامەزراند، ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی بە نیازی ئەوەوە ڕێکخستبوو کە وانیشانبدات ئەو پەیوەندی دامەزراندنە بەتەوەواوی لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە بووە .

لێکۆڵینەوەکان دەریانخست که هاس بەوپەڕی نیازو مەبەستی پلان بۆدانراوەوە پەیوەندی کردووە بەو کەسەوە.

• ئەوەش جێگای سەرنجە کە ئەو وای لێچاوەڕواندەکرا کە سەردانی دایکی بکردایە کە لە خانەیەکی تایبەت بە بەساڵاچواندا دەژیا. بە قسەی خۆی دوای سەردانێکی کاربەدەستانی ئاسایشی دەوڵەت ئەو بووەتە جێگای سەرنج .

شتێکی ناماقوڵە کە لە هەلومەرجێکی لەوجۆرەدا "تیرۆریستێک" کە بەدوایدا دەگەڕێن لە BRD دا تەنها ببێتە جێگای سەرنج و هیچی تر.

• لێدوانەکانیشی لە پەیوەندی بەو لێپێچانەوەو زانیاریانەوە کە بەهۆی پارێزەرێکەوە ئەنجامدەدران لە نوسینگەی داواکاری گشتی فیدراڵیدا[Bundesanwalt-schaft] بەهەمان شێوەو قورسایی متمانەپێنەکراوو جێگای گومان بوون .

ئەگەرچی HAAG ی هاوکاری شەڕی فەرمانی ١٥ ساڵ زیندانی بەسەردا درا بە تاوانی پێکهێنانی " کۆمەڵەیەکی تاوانکاری" واپێشبینی دەکرا کە هیچ شتێک دەربارەی هاس لەئارادا نەبێت، وە لێپێچانەوەی یاساییش سەبارەت بە کەسێک کە دەست پێیڕانەدەگەیشت درێژەی پێنەدرا .

چونکە ئەندامێتی هاس لەو گروپەدا کە بە "گروپی هاگ" ناوزەدکراوە لەلایەن ناوەندە ئاسایشییە نەیارەکانەوە زانرابوو، لێپێچانەوەیەک بەپێی § ١٢٩ ( ئەندامێتی " کۆمەڵەیەکی تاوانکاری" ) دەبوایە لەئارادا بوایە .

لە ١٩٧٧.١٠.١٨ دا لە پەیوەندیدا بە ڕفاندنی "لاندشەت"ەوە، زانرا کە هاس لە باشوری یەمەن وەکو "تیرۆریست"ێک مەشقی پێکراوەو لەم کارەشدا بەشداریکردووە. جێگای سەرنجیشە کە هیچ جۆرە ڕێوشوێنێکی بەدوادا گەڕان لە BRD لە دژی هاس نەگیرابووەبەر لەلایەن ناوەندە ئاسایشییە نەیارەکانەوە.

• شتێکی سەرنجڕاکێشە کە هاس درێژەی بە پەیوەندییەکانی داوە لە فرانکفۆرت/مەین ەوە ، یەکەمجار بە تەلەفون و دواتریش بەشێوەیەکی خودی (شەخسی) لەگەڵ
گایسسلەر
لە هامبورگ.
گایسسلەر ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیبوو لە " خەباتی ئازادکرن" ی هاوڕێکەی زووی
هۆپە Hoppe دا
لە بەندیخانە، وە بەردەوام پەیوەندی شەخسی پێکدەهێنا لەگەڵ ئەندامە زیندانییەکانی"RAF" دا .

7

• بە کۆمەکی گایسسلەر و "تیرۆریست" ی کۆن بێرستەر، کریستینا، هاس لە هامبورگ فلاتێکی دەستکەوت لە

لەوێ بە ناوی ئەسڵی خۆیەوە ژیانی بردەسەر. ئەو پاسپۆرتەی BRD کە بۆ ئەو مەبەستە پێویستی پێی بوو، بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لە کاربەدەستە پەیوەندیدارەکانەوە لە هامبورگ بەدەستیهێنا .

دوای لەدایکبوونی منالّی سێهەمی لە شوباتی ١٩٨١دا گواستییەوە بۆ فلاتێکی نوێ، کە لەلایەن ئەنجومەنی بالآوە بە بڕی ٦٠٠٠ مارکی ئەڵمانی نوێکرابوەوە. وە هەروەها بەبێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لەماوەیەکی تاڕادەیەک کورتدا کۆمەکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیشی وەرگرت.

هەڵسوکەوت و ڕەفتاری هاس، لێدوانەکان و هەروەها ئەو پەیوەندییانەی کە ئەنجامیدەدان هەمویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو ژنە بۆ ئەوە بەکارهاتووە کە بەمەبەستەوە پەیوەندی دروستبکات لە نێو گروپە تیرۆریستییە گێرەشێوێنەکاندا لە بەرژەوەندی ناوەندە ئاسایشییە نەیارەکانیان .

لەم میانەیەدا پێویستە بوترێت کە زانیاری لەبەردەستدایە، بەپێی ئەوەی کە ئەو پێشبینی کردووە ساکی مێردی ببینێت لە پایتەختی DDR بەرلین، بەڵام لەم ساتەدا پێناچێت هیچ تامەزرۆییەک لەئارادا بێت بۆ ئەو زانیارییانە .

ئەوەندەی کە پەیوەندی بە مێردەکەیەوە هەیە، جێگای سەرنج و گرنگییێدانە کە بە هەواڵدۆزی ئیسرائیل یان ئەردەن ناوزەدکراوە.

بە پشتبەستن بە هەلومەرجەکان چەندەها نیشانە لەئارادایە کە ئاماژە بۆ کاری هاوبەش و نەخشەبۆدانراو دەکەن لەگەڵ مێردەکەیدا .

بەدواداچونی تاوانکاری

زانیارییەکان و بەڵگە سەلمێنراوەکان کە هەتا ئێرا کاریان لەسەرکراوە ڕێگە بە گومانەکەمان دەدات کە لە هاس دا

ئێمە مامەڵە لەگەڵ هەواڵدەر یان هەواڵدۆزێکی کارگوزارییە نهێنییەکانی فەڕەنسا یان BRD دا دەکەین .

لەپەیوەندیدا بە VDR یەمەنەوەو هەروەها لەپەیوەندی بە ئەگەری چالاکییەوە لە سەر خاکی DDR گومانەکە بوونی هەیە کە هاس تاوانبارە بەبەزاندنی یاسای سزاکانی DDR بەپێی § ٩٨ StGB لە پەیوەندیدا بە § ١٠٨ . StGB

ئۆرتزشیگ
ملازمی یەکەم

ئەگەرچی مۆنیکا هاس چەندەها جار دەستگیرکرابوو بەڵام هەرگیز بەوە تاوانبار نەکرابوو کە ئەندامی گروپێکی تیرۆریستی بێت یان بەشداریکردبێت لە کارێکی تیرۆریستیدا. من لەو باوەڕەدام کە ئەو هێشتا ئازادبێت و لە ئەڵمانیا ژیان باتە سەر. کەوابێت ئایا ئەو تیرۆریست بوو یاخود هەواڵدۆزی ئەڵمانیا یان فەڕەنسا بوو؟ هەرچەندە ئەو لەوەوە دوورە کە تیرۆریستێکی تەواوبێت، بەڵام ئەو نوێنەرایەتی کۆمەڵێکی باش خەڵک دەکات کە لە جیهانی ترسناک و ئەنگوستەچاوی تیرۆریزم و سیخوڕیدا گوزەران دەکەن. لە زۆربەی هەرەزۆری گەر نەڵێین هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا کەسانێکی وەکو هاس دەبینرێتەوە و بە بێ هیچ گومانێک دۆسییەی کارگوزارییە نهێنییەکان کە لەلایەن چەندەها دەزگای جۆراوجۆرەوە پارێزراون دەیسەلمێنن کە بەهەمان ئەندازە سەرنجڕاکێشن. شانبەشانی تیرۆریستە لەخۆبوردو، تەواو بەپەرۆش و جۆش و خرۆش و گیان لەسەردەستەکان، کەسانی بەر تارمایی لە بۆسەدان. خەڵکانێکی وەک هاس بە ئاشکرا لەلایەن تیرۆریست

و دژە تیرۆریستەکانیشەوە بەکارهاتون. ئەو کەسانە بە دڵنیایەوە بەوە ناسراون کە لە کوێوە بای بێت لەوێوە شەن دەکەن، وە لەلای ئەوانەش کە پەیوەندیدارن زۆرجار وادیاردەبێت کە کەس نازانێت سەر بە چ لایەکن.
لەبەرئەوە پەیوەندی تاکەکەس بە ڕێکخراوی تیرۆریستییەوە دەکرێت بە ئەندازەی ئەو هۆکارە مێژوویی، سیاسی یان ئاینیانە ئاڵۆزو سەرلێشێوێن بێت کە بونەتە هۆی بەرقەرار بونی ئەو ڕێکخراوە .

## ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان

توێژینەوەیەکی دورودرێژ لەسەر هەریەک لەو گروپە تیرۆریستیانەی کە ئێستا چالاکن لە هەموو لایەکی جیهاندا چەندەها بەرگ داگیر دەکات، لە بەرانبەردا من هەوڵم داوە ئەو گروپانە هەڵبژێرم کە نوێنەرایەتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهان دەکەن ( لیستێکی گشتگیری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دەبینرێتەوە). زانیاری و ئاگاداربوونی من لە کاری ڕاستەوخۆمەوە سەرچاوەی گرتووە لە دژی هەندێک لەم ڕێکخراوانەو هەروەها زانیاری توێژینەوە لەسەر ئەوانی دیکە بەهۆی ئەگەری ئەوەی کە ئێمەش ڕەنگە ببینە دوژمن و هەڤڕکیان .
مایەی سەرنجە کە بڕوانینە شێوەی کارکردنی هەر گروپەو ببینین چۆن دەستبەکار دەبن بۆ هێنانە دیتنی ئاواتەکانیان لەڕێگای کاری تیرۆریستییەوە. بەهەمان قورسایی مایەی سەرنجیشە کە بزانین ئەم گروپانە، دەتوانرێت بوترێت، کە پەیڕەوی لە سکالاو گازەندەیەکی یاسایی ( شرعی) دەکەن کە پێدەچێت باشتر یەکلایی بکرێتەوە لەوانەی کە پشتدەبەستن بە پەشێوی و ئاژاوەی گشتی و گێرەشێوێنی .

## FARC

FARC ) هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا) لە ساڵی ١٩٦٤دا وەک وەڵامدانەوەیەک بەو سەرکوتکردنە توندوتیژەی کە سوپای کۆلۆمبی دژی کۆمەڵێک جوتیاری تورەی کۆلۆمبی بەرپایکردبوو سەریهەڵدا. لەماوەی ئۆپەراسیۆنێکی سێ هەفتەییدا، سوپا بە پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەرنامەیەکی بۆردومانکردن، دەستبەسەرکردن، ئەشکەنجەو لەسێدارەدانی لە زەوییە بەپیتە کشتوکاڵییەکانی مارکیوتاڵیادا جێبەجێ کرد. چلوهەشت جوتیار لەو جوتیارانەی کە بەزیندویی دەرچووبوون بڕیاریاندا کە درێژە بە خەباتیان بدەن سەرباری ئەو ڕاستییەی کە بەدەگمەن خاوەنی هیچ جۆرە چەک و تەقەمەنییەک بوون. ئەم ڕۆژانە ڕۆژە سەرەتاییەکانی FARC بوون. لەدوایدا وایلێهات کە ببێت بە باڵی سەربازی پارتی کۆمۆنیستی کۆلۆمبی .
نزیکەی چل ساڵ لەوەدوا، FARCبوو بە گەورەترین و کۆنترین گروپ لە نێو گروپە ڕکەبەرە جۆراوجۆرە کۆلۆمبییەکاندا. ئەم گروپە لەهەموویان پۆشتەترو پڕچەکترەو بەواتەی خۆیان خاوەنی ٢٠٠٠٠ ئەندامە، کە لانی کەم ١٢٠٠٠ یان جەنگاوەری چەکدارن. پشتگیری و کۆمەکیان بەزۆری لەلایەن ناوچە لادێنشینەکانەوە دابیندەکرێت، ئەگەرچی لەم دواییەدا کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکە گلەیی و گازەندەیان لە توندوتیژی و زوڵموزۆری FARC دەکرد و بێزاری خۆیان دەردەبڕی لەو ئاوارە بوون وماڵوێرانییەی کە بەهۆی جەنگی نێوان گروپە جۆراوجۆرە مارکسیەکان و دەوڵەتەوە توشیان دەبێت .
FARCلەلایەن ناوەندێکی سکرتاریەتەوە دەبرێت بەڕێوە، سەرۆکی ئەو ناوەندەش مانیۆڵ مارولاندای بەساڵاچووە، کە بە " تایرۆفیجۆ" ش ناسراوە. شەش کەسی دیکەش لە سەرکردایەتیدا بەشدارن، کە یەکێکیان جۆرج بریسینۆ سەرکردەی سەربازی پایەبەرزو، یەکێکی دیکەشیان پەوڵ ڕایس بەرپرسی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی FARC یە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا FARC .وەک ڕێکخراوێکی سەربازی دەبرێت بەڕێوەو بەسەر حەوت "دەڤەر"ی ناوشاردا دابەشبووە، شوێنی ئەم دەڤەرانەش بەردەوام لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەدایە لەئەنجامی ئەو شەڕە جۆراوجۆرانەوە کە لەگەڵ سوپای دەوڵەتی و تاقمە چەکدارە ڕاسترەوەکاندا بەرپای دەکات .

دەرامەتی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن چەندەها سەرچاوەی لێکجوداوە دابین دەکرێت لە ناوەوەو دەرەوە FARC . خۆی لەڕێگای سەرانەسەندن لە ڕفێنراوەکان، تالانوبڕۆ و کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و بازرگانی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی وەک کۆکاین و هیرۆینەوە داهات دابیندەکات. کۆمەکی دەرەکی لە کوبا وەردەگرن، کە هەندێک پێویستی پزیشکی و ڕێنومایی سیاسیان پێشکەش دەکات. لەم دواییەدا FARC پەیوەندی کردووە بە IRA ەوە، وا باس دەکرێت کە بەپەنهانی لەگەڵ ئەو گروپە ئیرلەندییەدا دەستیان تێکەڵکردبێت لەپێناوی ئاڵوگۆڕکردنی تەکنۆلۆجیاو تاکتیکدا .

بەرقەراربوونی بەردەوامی ترس و تۆقاندن لەلایەن FARC ەوە لە کۆڵۆمبیا هەمیشە کێشەیەکی گەورە بووە بۆ حکومەتی کۆڵۆمبی. زۆر ناوچەی گوندنشین بوون بە ناوچەی لەهاتوچۆ داماڵراو (منگقه محرمه)، بەتایبەتی بۆ خەڵکانی بیانی، چونکە ئەوانە ئامانجی سەرەکین بۆ ڕفاندن. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی وەکو ئۆپەراسیۆنی ڕەشەکوژی و قڕکردنی گشت گیانلەبەرێک، ئۆپەراسیۆنی کەشتی پەلاماردەر Destroyer وە ئۆپەراسیۆنی هەڵمەتی جەنگ، هەندێکیان بەپشتیوانی کۆمەکی سەربازی نهێنی ئەمریکاش، هەموویان نابەکام بوون بۆ تێکشکاندنی .FARC وەهەروەها سیاسەتی ڕژاندنی دەرمانی بژارکوژ بەسەر کێڵگەکانی دەرماندا بووە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی و ژیانی جوتیارە گوندنشینەکان زیاتر لەوەی کە ببێتە هۆی لەناوبردنی سەرچاوەیەکی دەرامەتی بەردەوامی گروپێکی تیرۆریستی. لە ساڵی ٢٠٠١ دا حکومەتەکەی ئەندریاس پاسترانۆ شێوازێکی نوێی تاقیکردەوە ئەویش بە چونەناو پرۆسەی ئاشتییەوە لەگەڵ FARC دا و پێکهێنانی ناوچەیەکی لەچەک داماڵراو کە لەوێدا گروپەکە بتوانن چالاکی خۆیان بنوێنن لەژێر سەربەخۆییەکی سنورداردا .

پرۆسەکە هەروا بە ئاسانی نەڕۆیشت بەڕێوە، بەهۆی بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایەتیەوە لەنێو چەند توێژێکی دیاریکراوی دانیشتوانی وڵاتدا، وە هەروەها لەنێو بازرگان و گروپە پەرلەمانییەکانیشدا. بەتایبەتی ئەوان ناڕازییوون بەرانبەر سوربونی FARC لەسەر لابردنی پلانی دژە دەرمان و مادە سڕکەرەکانی کۆڵۆمبیا. ئەم پلانە کە لەلایەن دەوڵەتەوە داڕێژرابوو لەلایەن ئەمریکایشەوە کە خەمخۆری بوو پشتیوانی لێدەکرا، بە ئامانجی بەرگرتن لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەی دەرمان و مادەسڕکەرەکان دانرابوو. دانوستانەکان بەبەردەوامی تووشی گرژی و ئاڵۆزی دەبوون و لەوەدەچو هیچ لایەنێک متمانەی بەلایەنەکەی تر نەمابێت. دوای هەستکردن بەوەی کە ناگەنە هیچ ئەنجامێک، بەتایبەتیش لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکانی کۆڵۆمبیادا، لە ئایاری ٢٠٠٢ دا FARC گەڕایەوە بۆ فێڵە کۆنەکانی، ڕفاندنی پاڵێوراوێک و ئەنجامدانی چەند تەقینەوەیەک. پرۆسەی ئاشتی لەبارچوو شەڕ لەنێوانی هەردوولادا هەڵگیرسایەوە .

## تۆپاک ئەمارۆ

تۆپاک ئەمارۆ کە بە کورتکراوە ئیسپانییەکەی MRTA یش ناسراوە، بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی مارکسی-لینینی نەریتییە و لە ساڵی ١٩٨٣ دا دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی ئەم بزوتنەوەیە دامەزراندنی ڕژێمێکی مارکسی و پاککردنەوەی پیرۆیە لە هەموو ئاسەوارە ئیمپریالیستییەکان، بەپلەی یەکەمیش کاریگەرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یابان. ژمارەی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ١٠٠ ئەندام تێپەڕناکات، ئەوانیش بەزۆری لە جەنگاوەرانی لاو پێکهاتون کە خاوەنی کارامەی سەرکردەیی نین و بێئەزمونن. چالاکییەکانیان بریتین لە تەقاندنەوە، ڕفاندن، بۆسەدانان و غافڵکوژی. یەکێک لە ئامانجە گەورەکانی MRTA پاککردنەوەی وڵاتەکەیانە لە کاریگەرییە ژاراوییەکانی یابان لەسەر سەرۆک فوجیمۆری ( کە خۆیشی نیوە یابانییە) و بەرگرتنە لە لافاوی کۆمپانیا یابانییەکان کە لە پیرۆ کاردەکەن. کۆمپانیکانیش ئەمانە دەگرنەوە:پیشەسازی کارەبایی ماتسوشیتا؛ کان و تواندنەوەی کانزای میتسوی؛ کۆمپانیای گەورەی تۆمین؛ نیشۆ ئایوای؛ کانیماتسو؛ Mitsui &Co؛ مارویێنی؛ میتسوبیشی؛ ئەجینۆمۆتۆ؛ NEC ؛ تویۆتا؛ نیسان؛ پیشەسازی کیمیاوی ئاشای؛ فوجیتا؛ چارەسەرکردنی ئاوی یابانی؛ هێڵە هەواییەکانی یابان؛ ڕاوێژکارانی.NGS

MRTAدوا کاریگەری گەورەی خۆی لەسەر میدیاکانی جیهان نەخشاند کاتێک ئەندامەکانی باڵیۆزخانەی یابانیان لە لیما داگیرکرد. پەلامارەکەیان هاوکات بوو لەگەڵ ئاهەنگێکی گەورە لە باڵیۆزخانەکەدا، بەم جۆرە دڵنیابون لە دەستبەسەرکردنی چەندەها کەسایەتی بیانی پایە بەرز کە دوایی بەبارمتە گرتنیان. ئەم بارە نائاسابیە چەند مانگێکی خایاند و بەشێوەیەکی فراوان سەرنجی میدیاکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەر لەوەی لەشکرە تایبەتمەندەکان بتوانن دزە بکەنە ناو باڵیۆزخانەکەوە ، ئەوان بە لێدانی تونێلێک بەژێر بینای باڵیۆزخانەکەدا کۆتاییان بەو گەمارۆدانە هێنا. هەموو ئەو ئەندامانەی MRTA کە بەشدارییان لەو گەمارۆدانەدا کردبوو لەو هێرشەدا کوژران .

## IRA

لەگەڕان بەدوای ڕەگوڕیشەی "کێشەکان"ی ئیرلەندای باکوردا تولەڕێکان دەمانبەنەوە بۆ ساڵی ١٦١٠ و کۆڵۆنیالیزەکردنی ئیرلەندای باکور لەلایەن نیشتەجێبووە پریزبایتێرییە[١٧] سکۆتلەندییەکانەوە. لەسەدا ٩٠ی هەرێمی لەندەندری درابوو بە تازە کۆچکردووەکان لەکاتێکدا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە ناچارکرابوون کە دووقات باج بدەن لەسەر ئەو لەسەدا دەیەی خاکەکە کە مابوەوە. تا ساڵی ١٦٢٢ دەوروبەری ١٣٠٠٠ نیشتەجێبوو، کە زۆربەیان دژە کاسولیک بوون ، وەکو داگیرکەر لەسەر ئەو خاکە پاڵیانلێدایەوە .
سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی دەتوانێت بنچینەی کەلەپورەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی ١٧٩٠ ەکان کاتێک پیاوانی ئیرلەندی یەکگرتوو بڕیاریاندا بەرەنگاری زوڵم و چەوساندنەوەی حکومەتی بەریتانی ببنەوە، یەکەمجار بە نارەزایی دەربڕینی ئاشتییانەو دواتریش کاتێک ئەم نارەزایەتییانە بە سەرکوتکردن وەڵامیاندرایەوە، بە خەباتی چەکدارانە. ماوەی سەد ساڵی دواتریش چەندەها ڕاپەڕینی بەخۆیەوە بینی لە دژی فەرمانڕەوایی بەریتانی، هەموویان یەک لەدوای یەک دامرکێنرانەوەو سەرکردەکانیان لەسێدارەدران. ئەو تاکتیکە سیاسیانەش کە لەپێناوی چەسپاندنی یاسایەکدا بوون بۆ فەرمانڕەوایی ناوخۆیی لە ئیرلەندە ئەنجامێکی باشتریان نەدا بەدەستەوە. ڕێکخراوێکی نوێ- خۆبەخشە ئیرلەندییەکان- کە لەدوایدا بوو بە سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی، لە ساڵی ١٩١٣دا دامەزرا. لە کاتی ڕاپەڕینی ئیستەری ١٩١٦دا IRA ڕاگەیاندنی کۆماری بڵاوکردەوە- ئەو ڕاگەیاندنە بەڵگەنامەیەک بوو کە تێیدا کۆمارێکی سەربەخۆ وە " مافی یەکسان و بواری یەکسان" بۆ هەموو خەڵکی ئیرلەندا ڕاگەیەندرابوو. ئەم ڕاگەیاندنە بەشێوەیەکی گشتی وەک بەڵگەنامەی دامەزراندنی IRA چاویلێدەکرێت. لەساڵی ١٩٢١دا، باشوری ئیرلەندا سەربەخۆیی وەرگرت، تەنها شەش ناوچەی باکور لەژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیادا مانەوە. پشتیوانی IRA زۆر کەمیکردو ڕێخراوەکە بەزویی وایلێهات کە لە لەناوچونەوە نزیک بێت .
ساڵانی ١٩٦٠ ەکان سەرەتای خۆپیشاندانی نارەزایی بەرانبەر نەبوونی مافە مەدەنییەکانی بەخۆیەوە بینی لە ئیرلەندای باکور، لەوێدا کاسۆلیکە ئیرلەندییەکان داوای مافە بنچینەییەکانی خۆیان دەکرد لە دەنگدان، نیشتەجێبوون و کارکردندا. ئەم بزوتنەوە ناچەکدارو تارادەیەکی زۆر ئاشتیخوازانەیە بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرەنگاریکرا، وە تا ساڵی ١٩٦٩ ناوچە نەتەوەپەروەرەکان لە بیڵفاست و دێری لەلایەن RUC و تاقم و دەستە یەکێتیخوازەکانەوە کەوتنە بەر پەلامار. وەک وەڵامدانەوەیەک بەم کردارانە ئەوەی کە لە IRA مابوەوە بوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان خوازیاری ئەوەبوو کە درێژە بە نارەزایی دەربڕینی ئاشتیانە بدەن و بەشەکەی تریش سوربوو لەسەر ئەوەی کە خەباتی چەکدارانە تاکە ڕێگایە بەرەو پێشەوە. لەکاتێکدا کە باڵی سیاسی ڕێکخراوە نوێیەکە، شین فین، هەوڵیدەدا ڕێگاچارەیەکی سیاسیانە بدۆزێتەوە، باڵی سەربازی، کە ئێستا بە IRA ی کاتی (PIRA)ناسراوە، لەگەڵ حکومەتی بەریتانی و چەندەها گروپی تر لە لایەنگرانیدا لە ململانێیەکی توندوتیژو خوێناوییەوە گلا .

---

[17] Presbyterian پریزبایتێرییەکان گروپێکی مەسیحین، گەلێک ئەندامیان هەیە بەتایبەتی لە سکۆتلەندەو ئەمریکا.

تێبینی نوسەر: یەکەم جار کە بەشوەیەکی ڕاستەقینە IRA م ناسی ئەو کاتە بوو کە هارۆڵد ویڵسن فەرمانیدا SASبچێت بۆ ئیرلەندای باکور. من لە پاپۆڕێکدابووم بەرەو نەرویج کە بڕیارەکانی سەرەک وەزیران بوون بە سەردێڕی ڕۆژنامەکانی سەرلەبەیانی. چەند مانگێک لەوەدوا، خۆمم بینییەوە بە ناوچە لادێ نشینەکانی خواروی ئارماگدا بە جلوبەرگی سەربازێکی سادەوە دەسوڕامەوە لە کەرتی پەڕەشوتدا- ئەمە شێوازی نهێنی من بوو بۆ بینینی هەلومەرجەکە بە چاوی خۆم. ئەوکاتە من زانیارییەکی زۆر کەمم هەبوو دەربارەی IRA ، بەڵام دوای مانەوەم بۆ چەندەها ساڵ لەناوچەکەدا شارەزایان بووم.

بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٧١ IRA دەستپێژکردن و تەقاندنەوەو ئاژاوەو ئاشوبی ڕێکخراوی ئەنجامدەدا. پشتگیری بۆ مەسەلەکەیان لەنێو کۆمەڵگای کاسۆلیکە چەوساوەکاندا ڕۆژبەڕۆژ زیادی دەکرد. کاتێک حکومەت بەرنامەی دەستبەسەرکردن بەبێ دادگایکردنی هێنایە ناوەوە، کە بووە هۆی دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵی هەڵسوڕاوان و لایەنگرانیPIRA ، ئەم پشتگیرییە ئەوەندەی تر زیادیکرد. گەرچی ڕوداوەکانی ٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٢ بوو کە گەورەترین زیانی گەیاند بە پشتگیری فەرمانڕەوایی بەریتانی لە هەر شەش ناوچەکەدا. لەم ڕۆژەدا هێزەکانی پەڕەشوتی بەریتانیا تەقەیانکرد لە ڕێپێوانێکی ئاشتیانەی ناڕەزایی دەربڕین و سێزدە کەسی مەدەنی کاسۆلیکیان کوشت. لەگەڵ ئەوەشدا کە سوپا پێی لەسەرئەوە دادەگرت کە یەکەمجار ئەمان تەقەیان لێکراوە، بەڵام "یەکشەممەی خوێناوی" هەروەکو بەو ناوەوە بەناوبانگە، هەتا ئێستاش وەکو نمونەیەکی دڕندەیی دەوڵەت ئاماژەی بۆدەکرێت .

لەساڵی ١٩٧٣ بەدواوە، ژمارەی تەقینەوەکان و تەقەکردنەکان زیادیکرد. حکومەتی بەریتانی بە هێزەکانی دژە ڕکەبەران، یەکەکانی هەواڵگری و لەهەمویشی مشتومڕهەڵگرتر، بە بەکارهێنانی تاقمی پیاوکوژی لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیکراوی سەر بە حکومەت بەرپەرچی دانەوە. سەرباری ئەمەش PIRA بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی پشتگیری و بەدەستهێنانی هەرچی زیاتری جبەخانەی چەک و تەقەمەنیدا. ڕێبازی کارکردنیان زیاتر ئاڵۆز بوو هەروەکو چۆن ڕێکخستنی کارەکانیشیان ئاڵۆز بووبوو .

ئەگەرچی IRA لەلایەن کۆمەڵگای کاسۆلیکەوە لە ئیرلەندای باکور پشتگیرییەکی زۆری لێدەکرێت، کەچی تەنها دەوروبەری پەنجا ئەندامی کارای هەیە لە یەک کاتی دیاریکراودا. ئەندامە کاراکان ئەوانەن کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی گروپەکە بەئەنجام دەگەیەنن. ئەم ئەندامانە لەشێوەی شانەی چوارکەسیدا ڕێکخراون کە دەکەونە ژێر فەرماندەیی ئەنجومەنی گشتی. کاروباری لۆجیستیکی و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی لەلایەن کەسێکەوە دابیندەکرێت کە سەر بە شانەکەیە و بە بەرپرسی ئازوقەو پێداویستییەکان ناسراوە. ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنانە پێویستە زۆرجار لە شوێنە هەرە دوورەکانەوە دابیندەکرێت. لایەنگران و هاوسۆزان لە وڵاتە یەکگرتووەکان داهاتیان کۆکردبوەوە، وا دانرابوو کە بۆ یارمەتیدانی زیندانییە کۆماریخوازەکان و خێزانەکانیان بەکاربێت، کەچی لەڕاستیدا زۆربەی بۆ کڕینی چەک و شارەزای و زانیاری خەرج کرابوو. لیبیا بۆ ماوەیەک پشتگیری دەکردن، ئەو پشتگیرییە چەک و مەشقیشی دەگرتەوە، لەکاتێکدا گروپە تیرۆریستییە جیهانییەکانی تری وەک گروپی ETA ش لە زانیاری وزانینەکانیاندا هاوپشکیان بوون. ئەو IRA ە کاتییە بەخێرایی بوو بە هێزێک کە لێپرسراوبێت بەرانبەر کوژران و برینداربوونی سەدەها کەس بە دڕندانەترین شێوە، وەک ئەو ڕوداوانەی کە لەخوارەوە باسکراون نیشانی دەدەن .

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤دا یەکەیەکی ئەرکە چالاکەکانیPIRA ، وەک خۆیان حەز دەکەن وا ناوبنرێن، لە بێرمینگهام دوو بارییان تەقاندەوە. ئەو تەقینەوە وێرانکەرانە بوونە هۆی کوژرانی ٢١ کەس و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر. ئەو توڕەیی و فشارە جەماوەرییەی کە بەدوای پەلامارەکاندا هاتن بوونە هۆی ئەوەی کە یاسای "بەرگرتن لە تیرۆریزم" دەربچێت. دوای ئەوە شەش پیاوی ئیرلەندی گیران و گوناهبارکران. ئەو

پیاوانە، کە بە "شەش کەسەکەی بێرمینگهام" ناسراون سوربوون لەسەر ئەوەی کە بێتاوانن و ١٦ ساڵ لەوەدوا بە بڕیاری دادگای تێهەڵچونەوە ئازاد بوون[18] .

تێبینی نوسەر: ئەو شەوەی کە تەقینەوەکان ڕویاندا من لە بێرمینگهام سەرقاڵی ڕاهێنان بووم لە کۆرسێکی پزیشکی SAS دا. نەخۆشخانەی کارەساتی بێرمینگهام، هەر وەک دوایی ناوی لێنرا، دەرودەشتی پڕ بووبوو لە بریندار. برینەکان کە زۆربەیان بەهۆی شوشەی شکاوو تەڵزمی تەختەی کورسی و مێزەکانەوە ڕویاندابوو، دیمەنێکی تۆقێنەریان هەبوو .

خێزانی شاهانەی بەریتانیش لەسەردەستی IRA تاڵاوی چەشتووە. لە ٢٧ی ئابی ١٩٧٩دا ئێرڵ ماونتباتن لەکاتێکدا کە بەلەمە تیژڕەوەکەی لە گوندی بچوکی ڕاوگەی ماسی مولاگمۆر لە کەناری سلیگۆی ئیرلەندای باشورەوە بەرەو دەرەوەی گوند دەهاژو کوژرا. دوو کوڕەزا دووانەکەی کە تەمەنیان ١٤ ساڵ بوو، کچەکەی و مێردەکەی و هەروەها خاتونی پایەبەرز دۆرین برادبوێرن کە تەمەنی ٨٣ ساڵ بوو، هەمویان لەو گەشتەدا لەگەڵ ئەوبوون. تەنها کەسێک کە یاریدەدەری کەشتیەوان بوو کوڕێکی گەنجی تەمەن پازدە ساڵی خەڵکی ئیرلەندای باکور بوو. لۆرد ماونتباتن پاراستنی ڕەسمی خۆی بۆ کەمترین ڕادە کەمکردبوەوە و ئەو دوو پۆلیسە ئیرلەندییەی کە دەبوایە پارێزگاری بونایە لە کەنارەکە مانەوەو لەوێوە بە دوربین چاودێریی بەرەوپێشچونی بەلەمەکەیان دەکرد. ئەو بەیانییە نیازیان وابوو چەندەها قەفەزی قرژاڵی دەریا هەڵبگرنەوە کە پێشتر دانرابوون. بەلەمەکە ٢٠٠ مەترێک لە کەنارەکە دورکەوتەوەو ڕاوەستا بۆ هەڵگرتنەوەی یەکەم قەفەزی قرژاڵی دەریا. لەوێدا تەقییەوە. بۆمباکە کە بە پێنج پاوەند مادەی تەقینەوەی هەویری مەزەندەکرابوو، لە چەقی بەلەمەکەدا، ئەو شوێنەی کە زۆرترین زیان دەگەیەنێت، چاندرابوو. بەهۆی یەکەیەکی بە ڕادیۆ کۆنترۆڵکراوی بە ساکاری دەسکاریکراوەوە، هاوشێوەی ئەوانەی کە بۆ هەڵدانی فڕۆکەی یاری بەکاردێن، تەقێنرابوەوە .
تەقینەوەکە وێرانکەربووبوو، یەکسەر ئێرڵ ماونتباتن و یەکێک لە کوڕە دوانەکان، نیکۆلاس برادبوێرن و کوڕە یاریدەدەری کەشتییەوانەکە پەوڵ ماکسوێڵی لەجێگادا کوشتبوو. کچەکەشی دوای ئەوە هێندەی نەبرد بەهۆی کاریگەری زامەکانیەوە مرد. سێ کەسەکەی تریش سەرباری ئەوەی کە بەخەستی بریندار بووبوون ژیان .
هەردوای ئەوە لەهەمان ڕۆژدا PIRA بۆسەیەکیان بۆ باری لۆرییەک سەربازی بەریتانی دانا لە وارینپۆینت کە ناوچەیەکە لە خواروی ئیرلەندای باکورو بۆمبایەکیان تەقاندەوە کە بووە هۆی کوژرانی ١٨ کەس. ناوچەی بۆسەکە ئامێرێکی تری تێدا چێندرابوو کە لەکاتی گەیشتنی کۆمەکدا بۆ ناوچەی ڕوداوەکە تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی چەندەها سەربازی تر. چونکە شەش سەرباز لەو سەربازانە سەر بە کەرتی پەرەشوت بوون، ئەو کەرتەی کە بەرپرسیاربوو لە کارەساتی "یەکشەممەی خوێناوی"، ئەم چالاکییە لە نێوەندە کۆماریخوازەکاندا وەک سەرکەوتنێکی گەورە چاوی لێکرا .
IRAبەدرێژایی ساڵانی ١٩٨٠ کان بەردەوام بوو لەسەر هەڵمەتەکانی تەقاندنەوەو تەقەکردن بەوپەڕی دڕندایەتییەوە نەک هەر لەدژی سەربازە بەریتانییەکان لە ئیرلەندای باکور بەڵکو لەدژی ئامانجە مەدەنییەکانیش لە بەریتانیای گەورەو ئەوروپادا (بڕوانە بەشی ٣). لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانی دوادوای ١٩٩٠ ەکان یەکەم تروسکایی هیوای بەخۆیەوە بینی کە لەئەنجامدا بووە هۆی ئاشتییەکی جێگیر لەنێوان IRA و حکومەتی بەریتانیدا ( بڕوانە بەشی ١). سەرباری ئەوەی کە چەندەها جار تەنگوچەڵەمەی هاتۆتە ڕێ، ئەو هیوایە هەتا ئێستاش هەر بەرقەرارە .

---

[18] "شەش کەسەکەی بێرمینگهام" وەک یەکێک لە گەورەترین نمونەکانی لەبارچونی داد لە سیستەمی دادوەری بەریتانیادا ئاماژەیان پێدەکرێت. گەرچی ئەوان هەر سوربوون لەسەر بێتاوانیان کەچی ١٦ ساڵ لەوەدوا لەئەنجامی داهێنانێکی زانستی نوژداری دادەوە باوەڕیانپێکردن کە بێتاوانن. و.

# ETA

ETAبۆ ئیسپانییەکان وەک IRA وایە بۆ بەریتانیەکان. لەنێوان مەسەلەکانیان وهەڵبژاردنی شێوازی کارە تێکدەرانەکانیاندا دژی حکومەتی بەریتانی و ئیسپانی وێکچونێکی زۆر هەیە. شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە IRAو ETA پەیوەندی زۆر نزیکیان هەیە و پێکەوە کاردەکەن و زانیاری ستراتیجی ئاڵوگۆڕ دەکەن و تەنانەت بە چەندەها شێوەی ئۆپەراسیۆن و مەشقپێکردن یارمەتی یەکتر دەدەن .

ڕێکخراوی Euskadi Ta Askatasuna ٬ (ETA)کە واتای باسکی نیشتمانی دایک و ئازادی دەگەیەنێت لە ساڵی ١٩٥٨ دا دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە لە وەڵامدانەوەدا بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە. گەلی باسک هەزاران ساڵە لەسەر ئەو سەرزەمینە دەژی کە بە هەردوو دیوی باکوری ئیسپانیاو باشوری خۆرئاوای فەرەنسادا شۆڕبۆتەوە. ئەوان خاوەنی کەلتوری خۆیان و زمانێکن کە لە هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی جیاوازە. گەلی باسک کە شانازی بە کەلەپوری خۆیانەوە دەکەن لەبێر زەمانەوە بەرەنگاری فەرمانڕەوایی ئیسپانی و ئەو چەوساندنەوەیە بونەتەوە کە لەگەڵ خۆی هێناوێتی. پارتێکی سیاسی کە بەناوی پارتی نەتەوەپەرستی باسکەوە ناسرابوو پێکهێنرا بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ ئەو کێشانە، بەڵام هەوڵەکانی بە نابەکام و نابەجێ ناوزەد کران. لەبەرئەوە بوو کە گروپێک خوێندکاری لاوی چالاک EKIN یان دامەزراند، بەئومێدی ئەوەی کە دەنگیان لەڕێگای هۆکاری بەهێزترەوە ببیسترێت .

لە ساڵی ١٩٥٨ دا EKIN ناوی گۆڕرا بۆ ETA و ئەندامە چالاکەکانی دەستیاندایە بەدەستهێنانی چەک بۆ ئەوەی لە خەباتەکەیاندا بەهانایانەوەبێت. یەکەم ئامانجی بۆمبەکانیان شارەکانی سانتاندەر، بیلباوو ڤیتۆریا بوون بەدرێژایی هێڵی کەناری باکور. تا ساڵی ١٩٦١ ڕادەی سەرکەشییان ئەوەندە بەرز بووەوە تا گەیشتە ئەوەی کە هەوڵیاندا بۆ لەڕێرەولادانی شەمەنەفەرێک کە پربوو لە جەنگاوەری دێرین و بەرەو دۆنۆستیا دەچون بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی یادی بیست وپێنج ساڵەی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا. هەوڵەکەیان سەرکەوتو نەبوو نرخی ئەو ناکامییەش کەوتە ئەستۆی گەلی باسکەوە، چونکە پۆلیس بە ڕێگا داخستن ، دەستگیرکردن و ماڵ پشکنین وەڵامیاندایەوە و هەندێک جار ئەشکەنجەیان بەکاردەهێنا بۆ هەڵهێنجانی زانیاری لە دۆست و لایەنگرەکانیان. لەترسی ئەم کەشوهەوای ترس و تۆقاندنە، ژمارەیەکی زۆر باسک لە ئیسپانیا هەڵهاتن و ڕویانکردە ژیانی تاراوگە لە فەرەنسا. باسکەکانی تر بڕیارياندا بمێننەوە، ئەو بڕیارەی کە بۆ ئازادبوون لە نیری فەرمانڕەوایی ئیسپانیا دابویان بەهێزتربوو وە هەروەها پشتگیری و پشتیوانی ETA ش زیادیکرد.

باڵی سەربازی ETA کە پێی دەڵێن ETA-Militar ستراتیژییەتێکیان دارشت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەلامارەکانیان دژی حکومەتەکەی فرانکۆو پشتیوانەکانی، کە دەزگای پۆلیسە. یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی زوویان کوشتنی ئەدمیراڵ لویس کاریرۆ بلانکۆی سەرەک وەزیرانی ئیسپانیا بوو کە چاوەڕوان بوو بچێتە جێگای فرانکۆ. ئەو بۆمبە گەورەیەی کە ئەوی کوشت سەرەتای کۆتایی فاشیزمی ئیسپانیا بوو .

لە ١٩٧٦دا فرانکۆ مرد و ئیسپانیا حکومەتێکی دیموکراتی چنگگیربوو. حکومەت ڕادەیەکی باش ئۆتۆنۆمی بەخشی بە هەرێمی باسک و گەلێک لە ئاوارەکان دەستیانکرد بە گەڕانەوە بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئاشتی بەرقەراربێت. بەڵام بۆ ئەوانەی کە سەر بە ETA بوون چاکسازییەکان لەئاستی پێویستدا نەبوون؛ ئەوان هێشتا خاوەنی نیشتمانێکی سەربەخۆ نەبوون وەکو لە داواکارییە ڕەسەنەکانیاندا هاتبوو. کارە توندوتیژییەکان بەردەوامبوون و تەنانەت لەدژی ئامێری دەوڵەت، بەتایبەتیGuardia ، چەقیانبەست کە بەوپەڕی تواناو هێزەوە ئەو هەموو ماوە دووروردرێژە پاسەوانی ناوچەکەیان دەکرد. حکومەت بە دەستبەرداربوونی زیاتر هەوڵیدا کارە توندوتیژییەکان ڕابوەستێنێت Guardia -ی گۆڕی بە هێزێکی ئاسایشی ئارەزومەندی ناوچەیی و هانی کەلتورو زمانی باسکی دا. بەهۆی ئەم دەستبەرداربونە نوێیانەوە زۆر لە هاوڵاتیانی باسک وورده وورده هەستیان بەوەکرد کە سەربەخۆی دەکرێت لەڕێگای دانوستانەوە بەدەستبێت

زیاتر لەوەی کە بەهۆی بۆمبەوە. پشتگیری بۆ ڕێبازە توندوتیژەکانی ETA وورده وورده سەربەرەوخوار داکشا، بەڵام ETA بەبێ گوێدانە ئەو گۆڕانکارییانە هەر بەردەوامبوو .
نائومێدییەکانی ئیسپانیا بەرانبەر بە ئاژاوەییەکان بەزوویی هەڵگەڕانەوە بەدیوی ئەودیوداو بوون بە کردار. حکومەتەکەی فیلیپ گۆنزالیز بەکارهێنانی مەفرەزەکانی GAL ی هێنایە کایەوە- ئەو مەفرەزانە گروپی ڕزگاری دژەتیرۆری لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیریکراو بوون. ئەوان بەخێرایی مەرگی ٢٨ ئەندامی ETA یان هێنایەدی. ئەم گۆڕانکارییە نوێیە وای لە ETA کرد کە پێبنێتە ناو دانوستانی نهێنییەوە لەگەڵ ئیسپانیا لە ١٩٩٢ دا بەڵام هیچ بەرهەمێکی نەبوو- هێشتا هیچ لایەکیان ئەوەندەی کە پێویست بوو متمانەیان بەیەکدی نەدەکرد. لە ١٩٩٧ دا ETA کەسایەتی سیاسی لاوی باسک مایگویڵ ئەنجڵ بلانکۆیان ڕفاند و کوشتیان، بەڵام لەباتی ئەوەی گروپەکە لە بەدەستهێنانی داواکانیان نزیکتر بکاتەوە، بووە هۆی نارەزاییەکی فراوانی جەماوەری. خەڵکانێک کە بە شەش ملیۆن کەس مەزەندەکراون لەسەرتاسەری ئیسپانیادا ڕژانە سەرجادە بۆ نارەزایی دەربڕین. بە بەهەند گرتنی ئەو هەستە جەماوەرییە بەهێزە دژی تیرۆریزم، حکومەت دەستبەکاربوو بۆ ئەوەی جارێکی تریش گورزی کوشندە لە ETA بوەشێنێت، ٢٣ ئەندامی دەستگیرکرد- هەموو سەرکردایەتی – باڵی سیاسی ETA ، . Herri Batasuma
ETAهەستی بەوەکرد کە هێزی سەربازی بەتەنها ناتوانێت مەسەلەکەیان بەرەوپێش بەرێت. هەر لەدەوروبەری هەمان کاتدا، پرۆسەی ئاشتی لە ئیرلەندای باکور خەریک بوو دەکەوتە سەرپێ، ئەم ڕوداوە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر بڕیارەکەیان بۆ جاڕدانی ئاگربەست و پێنانە ناو ووتووێژی ئاشتییەوە لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیادا. لەگەڵئەوەشدا حکومەت بەوە قایل نەبوو، ئەگەرچی ئەمە یەکەم ئاگربەستی ETA بوو لەو کاتەوە کە کێشەکە دەستی پێکردووە. دەزگا هەواڵگرییەکانیان پێیڕاگەیاندبوون کە ETA هێشتا هەر پەلاماردەباتە سەر جبەخانەکان و سەرقاڵی خۆچەکدارکردنەوەیە بۆ خەباتی پاشەڕۆژ. پەلامارەکان بۆ سەر کەسایەتیە سیاسییە ناوچەییەکان هێشتا هەر بەردەوام بوو، ئەگەرچی کارەساتی دڵتەزێنی گەورە لەم کاتەدا ڕوی نەدا. چواردە مانگ لەوەدوا و لە تشرینی دووەمی ١٩٩٩ دا، دوای ئەوەی کە هیچ پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە بەدی نەکرا، ETA کۆتایهاتنی ئاگربەستەکەی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد کە پرۆسەی ئاشتی " بەریلێگیراوەو ژاراوی بووە ."
ETAهیچ کاتێک ژمارەیەکی زۆر ئەندامی نەبووە، پێدەچێت بەهۆی ئەوەوە بوو بێت کە زۆربەی باسکەکان بەو ئاستی ئۆتۆنۆمییەی کە ئێستا هەیانە دڵشادن. لەزۆربەی باردا تەنها ٢٠ ئەندامی چالاک پەلامارەکان ئەنجامدەدەن کە لەلایەن چەند سەد لایەنگرێکەوە پشتیوانییان لێدەکرێت. لەم دواییەدا لەناوچەکەی خۆیاندا پشتیوانی جەماوەرییان لەدەستدا بەهۆی سەپاندنی باجێکەوە بەناوی "باجی شۆڕشگێڕی باسک" ەوە- شێوازێک لە شێوازەکانی دادۆشین و ڕوتکردنەوە- بۆ گیانی خەڵکەکەی خۆیان. سەرچاوەکانی تری داهاتیان بێجگە لە یارمەتی لایەنگرەکانیان، سەرانەی ڕفێنراوەکان، تاڵانی بەزەبری چەک و قاچاخچێتی دەرمان و مادەسڕکەرەکان دەگرێتەوە ETA .پەیوەندی بەهێزیان هەیە بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ترەوە، بەتایبەتی IRA، وەهەروەها دەستی یارمەتیشیان درێژکردووە بۆ گروپە تیرۆریستییەکان لە ئەمریکای لاتین .
ETAپێکهاتەیەکی هەرەمی نییە لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر سەخت بێت بۆ هێزەکانی ئاسایشی ئیسپانیا کە دزەبکەنە ناویانەوە. شانە بچوکە چالاکەکان پێدەچێت بەدابڕاوی لەهەموو ئەوانی دیکە چالاکی بنوێنن و تەنها جاروبار پەیوەندی بکەن بە سەکردایەتییەوە. ئەگەرچی ETA بەزۆری لەناو ئیسپانیادا چالاکی دەنوێنن، لە باشوری خۆرئاوای فەرەنساشدا بنکەیان هەیەو زۆرجار لەوێش پەلاماری ئامانجەکان دەدەن .
بێجگە لەو ڕوداوانەی کە لەسەرەوە بەدوورودرێژی باسکران، چالاکیەکی تیرۆریستی بەرچاوی تریان هەوڵە سەرنەکەوتوەکەیان دەگرێتەوە بۆ کوشتنی پاشا جوان کارلۆس لە ئابی ١٩٩٥ دا. هەر هەمان ساڵ پەلامارێکی سەرنەکەوتوانەی تری بەخۆیەوەبینی لەدژی سەرکردەی پارتی میللی ڕکەبەر جۆس ماریا ئەنزار. ئەنزار، کە دواتر بوو بە سەرەک وەزیران، لەو کارەساتی تەقینەوەی ئۆتۆمۆبێلە قوتاری بوو کە بۆ مەبەستی کوشتنی ئەو

ئامادەکرابوو. هەوڵی سێیەمیان بۆ غافڵکوژی سەرکەوتو بوو کاتێک بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبێلێکی مینڕێژکراو ئەندامێکی پێشکەوتوی پارتی میللی، مانیۆل زامارینۆیان کوشت .

بێجگە لەم کارەساتە بەناوبانگانە، ETAلێپرسراوە بەرانبەر سەدەها تەقینەوە و کوشتار کە هێندەی ئەوانە سەرنجراکێش و وورووژێنەر نەبوون لەماوەی مێژووی خوێناویاندا، ئەم کارەساتانەش زیاتر لە ٧٧٠ قوربانیان لێکەوتۆتەوە. هەروەها ئەوان لێپرسراویشین لە ٤٦ کاری مرۆڤ ڕفاندن کە هەمویان لەپێناوی سەندنی پارەی سەرانەدابوون. ئێستاش کارە تیرۆریستیەکانیان بەردەوامەو بۆمبەکانیان لەو ناوچانەدا دەچێنن کە گەشتیارانێکی زۆر بەبەردەوامی ڕویانتێدەکەن .

## بادر-ماینهۆف

چەتەکانی بادر-ماینهۆف، کە بەناوی دامەزرێنەرانیەوە ئەندریاس بادر و ئولڕایک ماینهۆفەوە ناونراوە، گروپێکی تیرۆریستین کە حکومەتی ئەڵمانیان هەراسان کردبوو لە ماوەی نێوان کۆتایی ١٩٦٠ەکان و ناوەڕاستی ١٩٧٠ کاندا. لەکاتێکدا کە IRA دەتوانن بڵێن کە بۆ ڕزگاربونی وڵاتەکەیان لەدەست بەریتانیەکان دەجەنگن، بادر-ماینهۆف هیچ کاتێک وادیارنەبووە کە مەسەلەیەکی ڕەوایان لەپێشەوەبێت کە پاساوی چالاکییە تیرۆریستییەکانیان بداتەوە، بێجگە لەوەی کە ڕقیان لە سەرمایەدارییە. بادر-ماینهۆف کۆمەڵێک لاوی زۆر سەرلێشێواو بوون کە کەڵلەڕەقییە ئایدیۆلۆژییەکەیان زۆر لە چالاکی ئاسایی خوێندکارە چەپڕوەکان واوەتری دەبردن. گروپی بادر-ماینهۆف تیرۆریستی ئاسایی نەبوون. ئەوان لەسەر بناغەی تەنهاو تەنها وێرانکاری و کاولکردن کاریان دەکرد- تیرۆریزم تەنها لەپێناوی تیرۆریزم خۆیدا. هیچ سیاسەتێکی ئەوتۆیان نەبووە کە بۆنی سیاسەتی ڕەسەنی باڵی چەپی لێهاتبێت، بێجگە لەوەی کە ئامانجیان پەکخستنی سەرمایەداری بووە. زۆربەی ئەندامەکانیان هەرگیز ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانی چینی ناوەندیان وازلێنەهێناوە کە لەسەری ڕاهاتبوون. تەنانەت هەرگیز نەشیانویستووە کە حکومەتی ئەڵمانی ژێرەوژوربکەن و بەڕێوەبەرێتیەکی ڕادیکاڵتر لە شوێنی دابنێن. بەهیچ شێوەیەکیش کۆمەڵێک چەتەی ڕێگرو تاوانباری ئەوتۆ نەبون کە تەنها بۆ پارە تێبکۆشن. پێدەچێت ئەوان تەنها ویستبێتیان ڕەوتی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە تێکبدەن کە تێیدا ژیاون، ئاژاوەیان تەنها لەپێناوی ئاژاوەدا بەرپاکردبێت.

ئەگەرچی چەتەکانی بادر-ماینهۆف لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا ژمارەی ئەندامەکانیان زیادیکرد کەچی زۆربەی ئەندامەکانیان پێدەچێت لەو لایەنگرە چالاکانە پێکهاتبن کە ئامادەبوون یارمەتی ماڵی، خانوی بێمەترسی یان هۆکارەکانی گواستنەوەیان بۆ دابینبکەن و لە نارەزایی دەربڕینەکان و ڕێپێوانەکان و شەکاندنەوەی لافیتەکاندا شانبەشانیان بڕۆن. لەو سەردەمانەدا کە ئەوپەڕی تافانیان بوو کارگوزاری ژمارەیەک پارێزەری چەپڕەویشیان بۆخۆیان دابینکردبوو. ئەم پیاوانە هەمیشە ئامادەبوون کە لە دادگادا بەرگری لە نەفەرەکانیان بکەن و ڕێوشوێنی بەڕێوەچونی ئەو دادوەریانە بگۆڕن بۆ ڕوداوی زۆر بەناوبانگ و دەنگدەرەوە لە میدیاکاندا. لەوسەدەمەدا یاساکان لە ئەڵمانیا ئەوەندە ئاڵۆز بوون کە بەردەوام پارێزەرەکان ئەندامی پلەبەرزو کەڵلەڕەقی ئەو تاقمەیان لە زیندان ئازاد دەکرد لەسەر چەند وردەکارییەکی تەکنیکی. لەماوەی حەوت ساڵ چالاکی هەرە هاشاوڵبەرانەی ئەم چەتانەدا، بیست کەس لە ئەنجامی چالاکییە تیرۆریستییەکانی بادر-ماینهۆفەوە کوژران ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر زیاتر بریندارادا. ئەم گروپە لە ١٤ی ئایاری ١٩٧٠ دا بەتەواوی سەرنجی جەماوەری بەلای خۆیدا ڕاکێشا، کاتێک گودرون ئێنسلین بادری لە زیندان ڕزگارکرد. ئەمەش بەهۆی شەڕە تفەنگێکی سەختەوە ئەنجامدرا کە بووە هۆی ئەوەی کابرایەکی بێتاوان بکەوێتە بەر ڕێژنەی گوللە.

ئەندریاس بادر لەسەر " ئاگرخستنەوە کە ژیانی مرۆڤ بخاتە مەترسییەوە" فەرمانی زیندانیکرانی بەسەردا درابوو. ئەو دەبوا ماوەی زیندانیەکەی لە بەندیخانەی تێگال لە بەرلین بەسەربەرێت. ئەمە یەکەم جاری نەبوو لە بەندیخانەدا. بەڵام ئەمجارە ماوەی سێ ساڵ فەرمانی زیندانیکردنی بەسەردا درابوو چونکە ئەوو گودرون ئێنسلین بۆمبێکی ئاگرخستنەوەیان لە کۆگایەکی گەورەدا لە فرانکفۆرت دانابوو. لەکاتی دادگایکردندا بادر دانی

بەوەدانا کە ئەو جانتایەکی لە دۆلابێکدا چاندووە لە نێو کۆگاکەدا و ئەو جانتایەش ئامێرێکی تێدا بووە . ئەو فەرمانی زیندانیکردنی بەسەردا درا، بەڵام کاتێک دژی فەرمانەکە رویکردە دادگای تێهەڵچونەوە بە دەستەبەر (کەفالەت) بەربوو. ئەو لەو شوێنە هەڵهات بەبێ هیچ نیازێکی ئەوتۆ کە جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ بەندیخانە. لەماوەی هەڵهاتنەکەیدا گەلێک پەیوەندی بەشێوەی ژێرزەمینی دروستکرد و ژمارەی شوێنکەوتوانی زیاترکرد و پەرەیدا بە دەستکەوتنی کەلوپەلی زیاتری وەک بۆمبی گڕدارو تفەنگ. ئەو بەهۆی زمانلێدانی یەکێک لەوانەوە کە پەیوەندی پێوە کردبوو جارێکی دیکە دەستگیرکرایەوە، ئەو کەسە لەڕاستیدا ئەندامی دەزگای دژەهەواڵدۆزی بێگانەی ئەڵمانی بوو. تەپکەیەک بۆ بادر نرایەوە بەناوی ئەوەوە کە گوایە هەندێک چەکی پێدەفرۆشن. دەزگای دژەهەواڵدۆزی بێگانە، کە خۆیان تەپکەکەیان نابوەوە بادریان دەستگیرکرد و بردیانەوە بۆ بەندیخانەی تیگال .
ئولڕایک ماینهۆف پەیوەندی بە بادرەوە نەپساند کاتێک بادر لە تیگال بوو. بڕیاریاندا کە هەردوکیان پێکەوە پێویستە کتێبێک بنوسن دەربارەی خۆشگوزەرانی گەنجان و پەخشکەرێکیشیان ئامادەکردبوو کە تێچونی بابەتێکی لەوجۆرە بگرێتە ئەستۆ. لەژێر پەردەی کارکردن لە پرۆژەی ئەو کتێبەدا، بادر داوای لە کاربەدەستانی بەندیخانە کرد کە رێگای بدەن ئولڕایک ماینهۆف لە کتێبخانەی پەیمانگای کۆمەڵایەتیدا لە کەناری داهلیم ببینێت. ئەو دوو کەسە بە یاوەری دوو کارمەندی پۆلیس و بە ئامادەبوونی دوو یاریدەدەری کتێبخانە چوون بۆ شوێنی مەبەست .
پیاوێک کە ناوی جۆرج لینکە بوو لە نوسینگەکەی خۆیدا کاری دەکرد بەرانبەر هۆڵی ژووری خوێندنەوەکە. لەکاتێکدا ئەو سەرقاڵی کارکردن بوو کارەکەی بەهۆی دوو ژنەوە لێتێکچوو کە بانگیان دەکرد. داوایلێکردن کە لە هۆڵەکەدا چاوەڕوان بکەن و گەڕایەوە بۆ نوسینگەکەی خۆی. ئەمجارە گوێی لە غەڵبەغەڵب و دەنگە دەنگی نائاسایی بوو. رۆیشتە دەرەوەو چاوی کەوت بە دوو کەس کە دەمامکیان بە روەوە بوو، هەردوکیشیان چەکدار بوون. یەکێکیان روی تفەنگەکەی کردە ئەوو زرمەی لە گەدەی هەستاند. لەو پەشۆکان و ژاوەژاوەدا کە بەهۆی تەقەی تفەنگەکەوە دروست بوو بوو، بەهۆی رژانی گازی فرمێسک رژێنیشەوە ئەوەندەی تر خەستبوبوەوە، ئەندریاس بادر ، ئولڕایک ماینهۆف، گودرون ئێنسلین ( کە دواتر ناسرایەوە یەکێک بوو لەوانەی کە دەمامکیان بە ڕوەوە بوو) و پیاوێکی تر کە نەناسرابوو رایانکرد. جۆرج لینکە ئەوەندەی نەمابوو بمرێت بەهۆی زامەکانیەوە. حکومەت هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەندامانی چەتەکانی بادر-ماینهۆف، سەدەها خانوی پشکنی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا کە بووبنە پەناگای ئارام بۆیان و لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا خاڵی ڕاوەستانی لەسەر رێگاکان دانا .
لەبەرئەوەی تورەیی حکومەت بەرانبەر بەوان گەیشتبووە لوتکە، ئەو تاقمە گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە کاتی ئەوە هاتووە ئەڵمانیا جێبهێڵن و ڕوبکەنە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لێرە رێکخراوی PFLP ی حەداد پەیمانی کۆمەک و مەشقی سەربازی پێدابوون لە یەکێک لە سەربازگەکانیاندا لە ئەردەن. لە دەوروبەری کۆتایی ساڵدا ئەکتەرە سەرەکییەکانی چەتەکانی بادر- ماینهۆف لە خۆرهەڵاتی بەرلینەوە بەرەو بەیروت فڕین. کاتێک لە کۆتاییدا گەیشتنە عەممان لەوێ لەلایەن سەرکردەکانی بەشی سەربازی PFLP وە بەگەرمی پێشوازیکران و بردنیان بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی خۆیان. لێرە وێنەی فۆتۆگرافیان گرتن و هەموو زانیارییە کەسێتییە تایبەتەکانیان تۆمارکران- چەند ساڵێک لەوەدوا ئیسرائیلیەکان ئەو بارەگایانەیان گرت و هەموو فایلەکانی تاقمی بادر- ماینهۆف کەوتە دەست ئەوان. دوای ئەوە تاقمی بادر-ماینهۆف بەوپەڕی شادومانییەوە مەشقەکەیان ئەنجامداو زۆر بەختەوەر بوون بەو میواندارییە گەرمەی کە لەلایەنPFLP وە دابینکرابوو بەرلەوەی نەخشەدانێن بۆ گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیا .
بەگەڕانەوەیان بۆ ئەڵمانیا، تاقمەکە خۆیانکۆکردەوەو خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرشی گورچکبڕ لەدژی حکومەت و سەرمایەداری. ئەوان لەم قۆناغەدا ژمارەیان زیادیکردبوو چالاکییە تاوانکارییەکانیشیان دەبوا زیاد بکەن. ئەم چالاکییانە بریتیبوون لە بۆمبی گڕدار، بڕینی بانک و هەروەها بەتەنیشتی ئەوانەشەوە لە بواری ئۆتۆمۆبێل دزیندا خاوەنی لقێکی بچوکی ناسکۆڵە بوون.لەسەرەتای ١٩٧٠ کاندا چەندەها پەلاماریان سازکرد بۆ سەر

بانکی جۆراوجۆر لە ناوچەکەی خۆیاندا لە بەرلین. بۆ ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە شوێنی مەبەست کەڵکیان لە ئۆتۆمۆبێلی دزراو وەردەگرت و بەهۆی چەکی ناپاسایییشەوە کۆنتڕۆڵیان دەکرد بەسەر کارمەندی بانکەکاندا. لەکاتی ئەم هێرشانەدا هەندێک لە پاسەوانی بانکەکان تەقەیان لێکراو کوژران .

لەکۆتایی کانونی یەکەمی ١٩٧١دا، RAFکە لەوکاتەدا بەو ناوەوە ناسرابون، توشی بەدبەختییەکی باش بوون کاتێک کارتۆنێکی پێچراوە کە ناونیشانی ئەوانی لەسەربوو لەلایەن کارمەندانی پۆستەوە دۆزرایەوە. کارتۆنە پێچراوەکە بەهەڵوەشاوی گەیشتبووە فەرمانگەی پۆستەکە و کارمەندانی پۆستە لەناویدا ١٦ دەمانچە، سێ تفەنگی ڕیز، بێدەنگکەر، بینەری تەلەسکۆبی و بڕێکی زۆریش گوللەو تەقەمەنییان دۆزییەوە. بێجگە لەوانە ٨ پاوەند مادەی تەقینەوەو ئامێری ڕادیۆی وۆڵکی تۆڵکیشی تێدا بوو. حکومەت لەترسی ئەوەی نەبادا شەپۆلێکی نوێی توندوتیژی و کوشتار دوبارەبێتەوە، سێ هەزار پۆلیسی زیادەی هێنایە مەیدان و دەستی کرد بە پشکنینێکی سەرتاسەری و گشتگیر بۆ هەموو ئەو ناونیشانانەی کە بۆنی تیرۆریستییان لێدەهات. ئەگەرچی شتێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا کە شایانی باس بێت، بەڵام لە ژمارەیەک خانوی ئارام هەڵیانکەندن و چەتەکانیان ناچارکرد بەردەوام لە جوڵان و جێگۆڕکێدا بن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە چالاکییە تاوانکارییەکانیان تاڕادەیەک تووشی ئیفلیجی ببێت .

لەماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی دوایدا چەتەکان بەردەوام بوون لە بەشداریکردن لە هێرش بۆ سەر بانکەکان بە سەرکەوتویی و بەبێ ئەوەی دەستگیربکرێن، بەمەش توانیان بڕێکی زۆر زۆر پارە بەتاڵان بەرن. بەردەوامبوون لەسەر پەلاماردانی دەزگاو دامەزراوە گەورە ئەڵمانیەکان بە بۆمبی گڕدار و هێرش بردنە سەر بنکەکانی هێزی دەریایی و بنکە سوپاییەکانی تر، هەمیشە بەمەبەست و نیازی کەمئەندامکردن و کوشتن. ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان بابەتی وروژێنەریان لەسەر دەنوسین و وایان ڕادەگەیاند کە ئەو چەتانە جەنگیان لەدژی ئەڵمانیا ڕاگەیاندووە. گروپەکەش لەبەرانبەردا پەیامیان بۆ ڕۆژنامەکان دەنوسی و نیازی خۆیانیان تێدا ڕادەگەیاند بە لەبەریەکهەڵوەشاندنی کۆمەڵگای ئەڵمانی. لەسەرتاسەری وڵاتدا کۆمەڵانی خەڵک زانیارییان دەدا بە پۆلیس، بەزۆریش بە نادروستی، بەوەی کە گوایە دەزانن چەتەکان لەکوێ خۆیان حەشارداوە .

ڕۆژێک لە فرانکفۆرت پۆلیس زمانلێدانێکی دیکەیان وەگیرکەوت، زانیاریەکان لە پیاوێکەوە وەرگیرابون کە لەوباوەڕەدا بوو گەراجێکی نزیکی ئەو بۆ دروستکردنی بۆمب بەکاردێت. پۆلیس دەستیکرد بە چاودێریکردنی گەراجەکە. لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا سێ پیاو گەیشتنە گەراجەکە. ئەوانیش ئەندریاس بادر، هۆڵگەر ماینس و جان-کارڵ ڕاسپە بوون. یەکسەر پۆلیس لە گەراجەکە نزیکبونەوە، بەڵام لەلایەن ڕاسپەوە هەستیانپێکراو ئەویش دەستڕێژێکی لێکردن و بۆی دەرچو. بۆ خۆشبەختی پۆلیس توانیان ڕاسپە دەستگیربکەن.

کاتێک دوانەکەی تر لەدەرگای گەراجەکەوە سەیری دەرەوەیان کرد بینیان وا پۆلیس بەرەوڕویان دێت. یەکێک لە پۆلیسەکان بە ئاماژەی لولەی تفەنگەکەی فەرمانیدا بە بادرو ماینس کە بگەڕێنەوە ناو گەراجەکە. ئەوان فەرمانەکەیان جێبەجێکردو یەکێک لە پۆلیسەکانیش ئۆتۆمۆبێلەکەی کە جۆری Audi بوو بەرەو دەرگای گەراجەکە لێخوڕی بۆئەوەی زیاتر دڵنیابێت لەوەی کە ناتوانن دەرچن. بادر دەستی بە تەقەکرد لە دەرگای گەراجەکە بەڵام تەقەکانی کوێرانە بوون و کەس نەپێکرا. بەمجۆرە ئەوان لەنێو گەراجەکەدا لەتەپکەنران تا هێزی پشتگیری زیاتری پۆلیس گەیشتن و گەراجەکە بەتەواوی لەلایەن ١٥٠ پۆلیسەوە ئابلۆقەدرا کە هەمویان ڕوی چەکەکانیان کردبووە پیاوە گەمارۆدراوەکان .

لەگەڵ ئەوەی کە هەلومەرجەکەیان بێئاکام بوو، بادر و ماینس ملیاننەدا بۆ خۆبەدەستەوەدان. ئەوان هەر بەردەوامبوون لە جگەرەکێشان و هەڵسوڕاندنی چەکەکانیان لە پەنجەرەکەوە لەدژی پۆلیسەکان. دەوروبەری کاتژمێرێک لەوەدوا پۆلیس بڕیاریاندا کە قوتوی گازی فرمێسکڕژێن فرێبدەنە ناو گەراجەکە لەڕێگای ئەو کونانەوە کە لە پشتەوەی بیناکەدان. وایاندەزانی بەمجۆرە کێشەی ئەو دوو کەسە تەواودەبێت هەر بۆیە پۆلیس بە بڵندگۆ ڕایانگەیاند کە دەبێت چەکەکانیان توڕبدەن و خۆبدەن بەدەستەوە. هەردوکیان بەهێواشی پاڵیاننا بەو دەرگایەی گەراجەکەوە کە بە ئۆتۆمۆبێلە Audi ەکە بەریلێگیرابوو وەک ئەوەی کە بیانەوێت چۆنیان

لێداواکراوە وەها بکەن، بەڵام وادیاربوو ناتوانن دەرگاکە بجوڵێنن بەهۆی ئۆتۆمۆبێلەکەوە. لەئەنجامدا پۆلیس ئۆتۆمۆبێلەکەیان والێکرد کە دەرگاکە زیاتر بکرێتەوە بەڵام بادر بە پێکەنینەوە قوتوە گازە فرمێسکڕژێنەکانی فڕێدایەوە دەرەوە، هەموو پۆلیسەکانی ناچارکرد بکشێنەوە دواوە .

دوای ئەوە پۆلیس داوای ئۆتۆمۆبێلێکی زرێپۆشیانکرد کە چوار کەسی تێدابوو. هەلومەرجەکە خەریکبوو دەبوو بە گاڵتەجاڕییەکی تەواو لەبەرئەوەی بەو ژمارە زۆرە پۆلیسە چەکدارەوە نەیاندەتوانی دوو پیاو لە گەراجێکدا دەستگیربکەن. لە کۆتاییدا دوو پیاوەکە دوا مۆڵەتی خۆبەدەستەوەدانیان پێدرا بەڵام قبوڵیان نەکرد. دوای ئەوە پۆلیس هەڵمەتیان بردە سەر بەشی پێشەوەی گەراجەکە و ئۆتۆمۆبێلە زرێپۆشەکەیان وەک پیکی دەرگا شکاندن بەکارهێنا. لەهەمان کاتیشدا ژمارەیەکی هەرچی زیاتری بوتڵی گازی فرمێسکڕژێنیان بۆ گەراجەکە هەڵدا. ئۆتۆمۆبێلە زرێپۆشەکە نەیتوانی لە دەرگای گەراجەکەوە بچێتە ناوەوە. لەڕاستیدا فشاری خستە سەر دەرگاکان بۆ ئەوەی زیاتر دابخرێن و ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە قوتوە گازە فرمێسکڕژێنەکان نەدەچونە ناو گەراجەکە بەڵکو گازیاندەڕژاند بەسەر ئەو ناوچەیەی دەرەوەدا کە پۆلیسەکانی لێبوون. لەبەرئەوە پۆلیسەکان ناچاربوون کە بکشێنەوە دواوە. لەهەمانکاتدا بادرو ماینس بەردەوامبوون لەسەر تەقەکردن بە تفەنگەکانیان لە گەراجەکەوە .

لەکاتێکدا ئەم هەموو فەرتەنەیە بەردەوام بوو، پۆلیسێک خۆیکرد بە بینایەکی بەرانبەر گەراجەکەداو چووە ناو فلاتێکەوە لە قاتی سێ کە لەوێوە بەباشی دەیڕوانی بەسەر گەراجەکەو ناوچەکانی دەوروبەریدا. چەکێکی بەدەستەوە بوو کە بینەرێکی تەلەسکۆبی بەسەرەوە بوو چاودێری ئەو بارە گاڵتەجاڕییەی خوارەوەی دەکرد و لەسەر ئەندریاس بادر چەقی بەست. مشتی گرت و گوللەیەکی نا بە بادرەوە، گوللەکە بەر ڕانی کەوت. بادر بە هاوار هاواری برینەکەیەوە تلایەوەو درا بە زەویدا. جارێکی تر بەو دوو پیاوەیان ووتەوە کە چەکەکانیان فڕێبدەن و خۆیان بدەن بەدەستەوە. هۆڵگەر ماینس بقسەی کردن و بەدەستی هەڵبڕاوەوە هاتە دەرەوە. بادر هەر لەوشوێنە مایەوە کە لێی کەوتبوو، تەپاوەتلی دەکردو دەینالاند لەسەر ئەرزی گەراجەکە کاتێک دوو پۆلیس کە چاکەتی گوللە نەبڕیان لەبەردا بوو لێی نزیک بوونەوە. یەکێک لە پۆلیسەکان بە شەقێک چەکەکەی لەدەستی بادر فڕێداو بەرەو دەرەوە کێشیانکرد. هێشتا هەر دەیقیڕاند و دەیبزڕکاند، بردیان بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلێکی فریاگوزاری لەژێر پارێزگارییەکی توندوتیژدا. ئێستە ئیتر چەندەها ئەندامی هەرە گرنگی تاقمەکەیان دەستگیرکرابوو خستبونیانە گرتوخانە .

دوو هەفتە لەوەدوا، بەهۆی بەدواداچونی زمانلێدانێکی دیکەوە، پۆلیس ئولڕایک ماینهۆفیان دۆزییەوە کە لە ماڵی هاوڕێیەکیدا خۆی حەشاردابوو. لەماوەی پازدە ڕۆژی ڕابوردودا پۆلیس توانیبویان ماینس، ئێنسلین، بادر، ماینهۆف و بریگیت مۆنهاوپت دەستگیربکەن. دوای ئەو ماوە دورودرێژە فەرمانگە ئاسایشییەکانی ئەڵمانیا دەبوایە نیشانەکانی هەست بە حەوانەوەیان لێ وەدەربکەوتایە چونکە وادیاربوون کە کۆنترۆڵیانکردبێت بەسەر هەلومەرجەکەدا .

هەموو گیراوەکان خرانە ژووری تاکەکەسییەوە لە زیندانی جیاوازدا. کێشەیەکی بچوک لەئارادا بوو. کاتێک ئولڕایک ماینهۆفیان دەستگیرکرد هیچ تۆمارێکی تاوانکاری ڕابوردویان لەبەردەستدا نەبوو کە بەهۆیەوە بیناسنەوە. ئەوەی ئەوان دەربارەی ئەو ژنە دەیانزانی ئەوەبوو کە چەند ساڵێک لەوەپێش نەشتەرگەرییەکی بۆکراوە بۆ تەقینی دەمارێکی خوێن لە مێشکیدا. ئەوەش بەهۆی پەیوەستکەرێکی زیوەوە داخرابوو. دوکتۆری پۆلیس سەری ماینهۆفی پشکنی بۆ بینینەوەی نیشانەی برینەکەی بەڵام نەیتوانی هیچ نیشانەیەکی کرداری نەشتەرگەری بدۆزێتەوە. ئولڕایک ماینهۆف بەزۆر بێهۆشکرا بۆئەوەی بتوانن وێنەی تیشکی X ی سەری بگرن و بیسەلمێنن کە ئەو کەسە کێیە لەڕێگای تۆماری پزیشکی تایبەتی خۆیەوە .

لە ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤دا، نزیکەی دوو ساڵ و نیو دوای دەستگیرکرانیان، هەر پێنجیان بە تاوانی ئەنجامدانی پێنج تاوانی کوشتنی بەئەنقەست تاوانبارکران و گوێزرانەوە بۆ بەندیخانەی زۆر قایم و پارێزراوی ستامهایم. دادگایکردن دەبوایە ساڵی داهاتو دەستپێبکات. کاتێک پرۆسەی دادگایکردن دەستپێکرد هۆڵگەر

ماینس لەوێ نەبوو چونکە ئەو ساڵی پێشو لەئەنجامی مانگرتنەوە لە نانخواردن مردبوو. دادگایکردنەکە دەبوایە لە حەوشەی بەندیخانەکەدا ئەنجام بدرایە لە بینایەکی بەتایبەت دروستکراوی بە پۆڵاو کۆنکرێت بەهێزکراودا. ئاسایشی ئەوشوێنە ئەوەندە بەتوندی گیرابوو کە ناوچەکە بە تۆڕی ئاسنین داپۆشرابوو ڕێگەشیان نەدەدا هیچ جۆرە فڕۆکەیەک بەسەر ئەو زیندانەدا بفڕێت. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا لەم تاقمەو لە هێزو توانایان تورە بوون .

لە ڕۆژی شەممەی ٨ی ئایاری ١٩٧٦دا ئولڕایک ماینهۆف لە ژوورەکەی خۆیدا بوو لە قاتی حەوت کە دەنگی ئامێری چاپەدەستییەکەی دەبیسترا. بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتو، کاتژمێر ٧.٣٠ سەرلەبەیانی، دوو کارمەند دەرگای ژوورەکەیان کردەوە. لەبەردەمیاندا لاشەی ئولڕایکیان بینی کە بە شیشی پەنجەرەی ژوورەکەیەوە هەڵواسرابوو. وادیاربوو کە ئولڕایک ماینهۆف لەتەمەنی ٤١ ساڵیدا بە خاولییەک خۆیخنکاندووە کە بەستویەتی بە شیشی ناوەڕاستی پەنجەرەی ژوورە تاکەکەسییەکەیەوە. کارمەندانی بەندیخانەکە دوکتۆری بەندیخانەکەیان بانگ کرد و ئەویش دڵنیای کردنەوە لە مردنی. لە کاتژمێر ١٠.٣٠ سەرلەبەیانیدا لاشەکەیان کردەوەو لەوکاتەدا گەلێک کارمەند سەردانی ژورەکەیان کرد کە بەدوای سەرەداوی زانیاریدا دەگەڕان و وێنەیان دەگرت. لەئەنجامی تێبینییەکانیانەوە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو ژنە خاولییەکی بەندیخانەکەی پارچە پارچە کردووەو بەستونی بەیەکەوە بۆ ئەوەی پەتێکیان لێدروستبکات. ئەو پەتەکەی لە شیشی پەنجەرەکەی توندکردوەو لەسەر کورسییەکەوە بازیداوەتە خوارەوە کە لەسەر دۆشەکەکەی هاوسەنگی کردبو. پشکنینێکی ڕەسمی پاشمەرگی بۆ ئەنجامدراو لەوێدا هۆی مردنەکەی بە خۆکوشتن بە خنکاندن دیاریکرا.

ئەوەی سەیرو سەرنجڕاکێش بوو ئەوەبوو کە هیچ تێبینیەکی نوسراو نەبوو بۆ خۆکوشتنەکە کە ببێتە پشتگیری و سەلماندن بۆ ئەو دەرئەنجامانە. ماینهۆف زۆر بەوە بەناوبانگ بوو کە حەزی لە ووشەی نوسراو بوو وەهەروەها شەوی پێشوتریش ئەو خەریکی چاپ بوو. ئەوە زۆر نامۆ دیاربوو کە ئەو لەو ساتانەی دواییدا هیچی نەبووە بینوسێت. زۆر کەس لەوباوەڕەدا بوون کە ئەو کوژراوە، دوای ئەوە مێشکەکەیان دەرهێنا بۆ پشکنین. زۆرکەس لەو کاتەدا پێکەنینیان بەم کارە دەهات و بە شتێکی دوور لە ڕاستی و باوەڕکردنیان دادەنا. لەهەمووی سەیرتر لە کۆتایی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ دا ، لەکۆمەڵێک ڕۆژنامەی ئینگلیزیدا ستونێکی بچوک دەرکەوت تێیدا هاتبوو کە مێشکی ئولڕایک ماینهۆف لەم ماوەیەدا سوتێنراوەو نێژراوە. پێدەچێت زانکۆیەکی ئەڵمانی لەماوەی ٢٦ ساڵی ڕابوردودا مێشکەکەی بۆ توێژینەوە لەسەر تیرۆریزم هەڵگرتبێت.

## HAMASحەماس

HAMASکە کورتکراوەی (حرکە المقاومە الاسلامیە) یە، بە بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی وەرگێڕراوە. ووشەکە لەهەمانکاتدا مانای " بەجەرگی و ئازایی" ش دەبەخشێت. ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە بنەڕەتدا لەساڵی ١٩٧٨دا وەک المجمع الاسلامی دامەزرا ، ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ برایەتی موسوڵمانێتی ساڵانی ١٩٢٠ ەکان، لەسەرەتادا وەک ڕێکخراوێکی یاسایی وەدەرکەوت کە خۆی تەرخانکردبوو بۆ خزمەتکردن بە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی فەلەستین. بە پێکهێنانی ژێرخانێکی فراوانی کۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕۆشنبیری و کەلتوری لە غەزەو بانی خۆرئاوا، ئەم ڕێکخراوە وەکو جێگرەوەیەکی سیاسی سەرکەوتوی ڕێکخراوی ڕزگارییەخشی فەلەستین (PLO) متمانەی پێبەخشرا. لەو بیست ساڵەی پێش ئینتیفازەدا ، سیاسەتێکی زۆر ئاشتیخوازانەیان هەبوو، پێیانباشبوو کە خەباتی چەکدارانەی PLO و گروپە ڕادیکاڵەکانی تر پشتگوێ بخەن لەپێناوی ئامۆژگارییە ئاینییەکان و کاروباری کۆمەڵایەتیدا، بەتایبەتی لەنێو هەژاراندا .

ئەم گروپە بەهۆی کارە مرۆڤدۆستانەکانیەوە پشتگیرییەکی زۆری بەدەستهێنابوو بۆ ئایدیۆلۆژیاو ئامانجەکانی بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی ئیسلامی فەلەستینی سەربەخۆ کە لە دەریای سورەوە بەرەو بانەکانی ڕوباری ئەردەن دەکشێت .

له ١٩٨٧دا ڕێبازی ئاشتیانەی ڕێکخراوەکە تاڕادەیەک گۆڕا، ڕەگەزێکی سەربازی بەهێزتر لە هزریاندا چەکەرەی کرد. سەرکردەی ڕێکخراوەکە، شێخ ئەحمەد یاسین، لە دوادوای ساڵی ١٩٨٧دا ناوی ڕێکخراوەکەی گۆڕی بۆ HAMAS(حەماس) و دەستیدایە دژایەتیکردنی نەک هەر ئەو دەوڵەتی ئیسرائیلەی کە زۆر ڕقی لێی دەبوەوە، بەڵکو PLO ش. ڕێکخراوەکە لەپشت پەردەوە وا بیناکرابوەوە کە خاوەنی باڵێکی سەربازی و بەشێکی ئاسایش بێت، سەرباری ئەو ئاسانکاریانەی کە بەردەوام بۆ خەڵک چەکدارکردن لەگەڕدابوو .

لەسەر ئاستی شەقام، حەماس کارە توندوتیژییەکانی لەشێوەی ئاژاوەو ناڕەزایی دەربڕیندا ڕێکدەخست. هەر کۆمەڵە لاوێک ئەوپەڕی گیانی لەخۆبوردوی و نەبەردییان نیشانبدایە پێدەچو فەرمویان لێبکرایە بۆ ئەوەی قۆناغێک بچنە پێشەوە- بەرەو بەشی سەربازی گروپەکە، یان بۆ ناو تیپە دەستوەشێنەکانی عیزە ئەلدین ئەلقەسام یاخود بۆ نێو بەشی ئاسایشی جیهاز ئەمن. عیزەدین ئەلقەسام دوا بەرجەستکردنی ئەو گروپە پەلاماردەرانەیە کە ماوەیەکی کەم پێش ئینتیفازەو لەکاتی ئینتیفازەدا[١٩] پێکهێنران. شێخ یاسین یەکەمجار لە ١٩٨٢دا دەستیکرد بە ڕێکخستنی گروپی لەو جۆرە، کە دواتر بەناوی ئەلموجاهیدون ئەلفەلەستینیونەوە ناسران، بە پەیداکردنی چەک و زەمینەخۆشکردن بۆ خەباتی چەکدارانە. چالاکییەکانی شێخ ئەحمەد یاسین لە ١٩٨٤دا ئاشکرا بوون و فەرمانی سیازدە ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا درا. ئەگەرچی لەماوەی یەک ساڵدا هاتەوەدەرەوە، لە مامەڵەیەکی دیل گۆڕینەوەدا ئازاد بوو. لەیەکەم هەنگاودا یاسین ڕێکخراوەکەی خۆی و دەوروبەری لە هەموو ئەوانە پاککردەوە کە بۆنی ئەوەیان لێدەهات کە لەوانەیە سەربە دوژمن بن یاخود کافر و گومڕا بن، ئەوەش واتە هەرکەسێک کە بەپێی یاساو شەریعەتی ئیسلام نەجوڵێتەوە. لە ١٩٨٩دا یاسین پلانە تیرۆریستییەکانی خۆی ئاراستەی ئیسرائیل کردو حەماس سەردەمی ترس و تۆقاندنی خۆیان دەستپێکرد بە ڕفاندن و کوشتنی دوو سەربازی ) IDF هێزی بەرگری ئیسرائیل .(

تیپە دەستوەشێنەکانی عیزەدین ئەلقەسام لە ساڵی ١٩٩٢دا وەدەرکەوتن، لەلایەن کۆمەڵێک لە پیاوە هەرە تاوانبارەکانی غەزەوە دەبرا بەڕێوە. ئەوان لێپرسراوبون بەرانبەر هەندێک لەو کارە هەرە قێزەونانەی کە حەماس ئەنجامیدەدان، بە کاری خۆکوژیشەوە. ئەوان لەمردن نەدەترسان،

مەرگ لەلای ئەوان شەهادەتێکە الله فەرمانی پێداوە. بەبیروڕای ئەوان ئەوانەی کە لەو کارانەدا دەمرن، هەروەک زۆریش مردون، بەکەوش و کڵاشەوە دەچن بۆ بەهەشت .

بەشی ئاسایشی حەماس سەرقاڵی چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری بو لەسەر ئەوانەی کە گومانی هاوکاریکردنیان لێدەکرا لەگەڵ دوژمن و ئەوانەش کە بەگومڕایی سەرپێچی شەریعەتی ئیسلامیان دەکرد. لەساڵانی پێکهاتنی حەماسدا، هەرکەسێک گومانی ئەوەی لێبکرایە کە قاچاخچی دەرمان و مادە سڕکەرەکانە یان وێنەو بەرهەمی سێکسی (پۆرنۆگرافی) دەفرۆشێت لەلایەن تیپە دەستوەشێنەکانی مەجدەوە جیادەکرایەوە بۆ قڕکردن و پاکسازی. هەندێک لەو یەکانەی زووی مەجد ئێستا بەشێکن لە تیپەکانی عیزەدین.

حەماس لەگەلێک سەرچاوەوە بە یارمەتی ماڵی شاد دەبوو، لەنێوانیشیاندا پیتاک لە وڵاتانی وەک ئێرانەوە. موسوڵمانەکانی خۆرئاواش بەلێشاو پارەیان دەڕژاندە سەرچاوە ماڵییە خێرخوازییەکانی سەر بە حەماسەوە لە شانشینی یەککگرتو، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هۆڵەنداو بەلجیکا. هەروەها حەماس لە برایەتی و هاوسۆزی موسوڵمانان و هەندێک پرۆژەی بچوکی خۆیشیەوە داهاتی دەستدەکەوت. سەرباری هەوڵەکانی ئیسرائیل، وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و هێزە خۆرئاواییەکانی دیکە بۆ بەرگرتن لە لێشاوی پارە بۆ نێو دەستی تیرۆریستەکان، هێشتا ڕێکخراوەکە هەر ئەوەندەی پارە پێدەگات کە خۆی پێببات بەڕێوە .

لە ساڵی ١٩٨٩ وە حەماس بەرپرسیارە لە گەلێک پەلاماری تیرۆیرستی و مرۆڤ کوشتن، بەتایبەتی لە ئیسرائیل و ناوچەکانی. ئەو گروپە پەلاماری خەڵکی مەدەنی بێتاوانیان داوە، بە مناڵیشەوە، وەهەروەها پەلاماری ئامانجە سەربازی و کارگێڕییەکانی ئیسرائیلیش. بەکارهێنانی ڕولەزیادی کارە خۆکوژییەکان – ئەو

[19] نوسەر خۆی ووشەی Intifada ئینتیفازە و ، گەلێک ووشەی عەرەبی دیکە کە دواتر دەیانبینین ، وەک خۆیان بەکارهێناوەو وەرینەگێڕاون بۆ ئینگلیزی هەربۆیە منیش بەوجۆرە پاراستومن. و.

پیاو و ژنانەی کە ئامادەن لەپێناوی بیروباوەڕیاندا بمرن- ترسێکی بەرفراوانی بەرهەمهێناوە لەناو ئیسرائیلییەکاندا. زۆرجار بۆمبەکان لە شوێنە گشتییە قەرەباڵخەکانی وەک بازاڕەکاندا دەتەقنەوە، یاخود لەو پاسانەدا دەچێنرێن کە منالٌی قوتابخانە دەگوێزنەوە .

تێبینی نوسەر: لەلای زۆربەی ئێمە زۆر سەختە کە باوەڕ بەو کارانە بکەین کە حەماس ئەنجامی دەدات، بەکارهێنانی هەرزەکارە گەنجەکان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆکوژی و ڕەزامەندی و ئامادەیی ئەو گەنجانەش بۆ بەرەو پێشەوە چونی مەرگی خۆیان. تێگەیشتنێکی وورد لەسەر بەکارهێنانی تاکتیکی کارە خۆکوژییەکان لە ئەنجامی وەڵامی پرسیاری هاوڕێیەکی منەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵدرا کاتێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردەیەکی حەماسدا ئەنجامدەدا. ئەوە کارێکی ئاسان و حازر بەدەستە- ئەوان ناتوانن لەمەیدانی شەڕی بەرانبەرو سەربازیدا کێبڕکێ لەگەڵ ئیسرائیل بکەن چونکە ئیسرائیل خاوەنی یەکێک لە گەورەترین سوپاکانی جیهانە. لەکاتێکدا شتێکی بەڵگە نەویستە کە فەلەستینییەکان ژمارەیەکی کەم چەکی سوک، تفەنگی ئۆتۆماتیکی و چەند RPG 7ێکیان بەدەستەوەیە، بەهیچ جۆرێک لەئاستی ئەوەدا نین کە لە شەڕێکی نەریتیدا بەرانبەر سوپای ئیسرائیلی بجەنگن. ئەوان ئامادەیی ئەوەیان لەبەردەستدا نییە کە دژی تانک بجەنگن، یان فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەری شەڕکەر بخەنە خوارەوە. هەربۆیە ئەوان پشت بەو تاکە چەکە دەبەستن کە لەبەردەستیاندایە- کارەخۆکوژییەکان. سەرکردەکەی حەماس لەهەمان چاوپێکەوتندا جەختی باشیشی کردەوە لەسەر ئەو گەنجانەی کە بەکاری خۆکوژی هەڵدەستن. ئەوانە پێیان نەوتراوە کە ئەگەر بەکارێکی خۆکوژی هەستن شوێنێکیان لە بەهەشتدا بۆ ڕازێنراوەتەوە، وەکو زۆر کەس لە خۆرئاوا وابیردەکەنەوە. ئەوانە پێیان وتراوە کە دەمرن، بەڵام لەپێناوی مەسەلەیەکدا کە باوەڕیان پێیەتی .

لە ٢٥ی شوباتی ١٩٩٦دا خۆتەقێنەرەوەیەک سوار پاسی ژمارە ١٨ بوو لە ئۆرشەلیم و لە نزیکی ناوەڕاستی پاسەکەدا کورسیەکی گرت. کە پاسەکە لە وێستگەی ناوەندی ئۆرشەلیم نزیک بوەوە، کەسە بۆمبرێژکراوەکە بۆمبەکەی تەقاندەوەو ١٧ کەسی مەدەنی و نۆ سەربازی کوشت. یەک هەفتە لەوەدواو لە ٣ی مارسدا کەسێکی خۆتەقێنەوەی دیکە سوار پاسی جێگرەوەی ژمارە ١٨ بوو، لەکاتێکدا کە پاسەکە بە ڕێگای یافادا گوزەری دەکرد لە ئۆرشەلیم، کەسەکە بۆمبەکەی تەقاندەوەو ئەمجارە شازدە مەدەنی و سێ سەربازی کوشت. ژمارەیەکی هەرچی زیاتریش بریندار بوون.
کارە خۆکوژییەکان بەردەوام بوون بەڕێژەی نزیکەی دە کارەسات لە ساڵێکداو بە ئەندازەی ئاماری پێنج کوژراو بۆ هەر پەلامارێک. دوای ئەوەش لە ١ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا بۆمبێک لە نزیکی یانەیەکی شەوانە لە تەلئەبیب تەقییەوە. هەموو ئەو ناوچەیەی ناوەوەو دەرەوەی یانەکە جمەی دەهات لە کوڕ و کچی گەنج کە خۆشییان لە ژیانی شەوانەی ناوچەکە دەبینیەوە. تەقینەوەکە بووە هۆی کوژرانی بیست کەس و زامدارکردنی ١٢٠ کەسی دیکە. دوو مانگ لەوەدواو لە ٩ی ئابدا کوڕان و کچانی گەنج و خێزانەکان جارێکی دیکە بوونەوە بە قوربانیی کارێکی خۆکوژی. ئەمجارەیان کارە خۆکوژییەکە لە دوکانێکی پیتزا دا ئەنجامدرا لە نزیک ناوەندی ئۆرشەلیم. لەو تەقینەوەیەدا پازدە کەس کوژران و زیاتر لە نەوەد کەس زامدار بوون. پێنج ئەندامی یەک خێزان لەو کارەساتەدا کوژران کە سیانیان منالٌ بوون، تەمەنیان چواردە، چوار وە دوو ساڵ بوو. بەشێوەیەکی گشتی لەو کارەساتەدا شەش منالٌ گیانیان لەدەستدا .
لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٢دا کەسێکی خۆتەقێنەرەوە لە نێو پاسێکدا خۆی تەقاندەوە کە بەرەو ناوەندی ئۆرشەلیم گەشتی دەکرد. نۆزدە کەس کوژران ، کە ژمارەیەکیان منالٌی تەمەنی قوتابخانە بوون، وە ٧٤ کەسیش بریندار بوون. ئەو هەواڵانە خەریکە وەک ڕوداوی ڕۆژانەیان لێدێت. زیادکردنی کارە خۆکوژییەکان و بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری ئاستی دڕندایەتی ئەوکارانە وای لە ئیسرائیل کردووە کە بەشێوەیەکی سنوردار دەست بکاتەوە بە دوبارە داگیرکردنەوە لەو هەرێمانەدا، لەژێرپەردەی ئەوەی کە گوایە دەیەوێت تیرۆریستەکان

له ماڵەکانیان و لانە ئارامەکانیان هەڵبکەنێت. لەکاتێکدا کە ئۆپەراسیۆنەکان هەندێک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵام دەکرێت ئەوەش بوترێت کە دەستوەشاندنە قورسەکانی IDF میراتێکی گەورەتری ڕق و قینی لەناو فەلەستینییەکاندا بەجێهێشتووە. ئەم هەستانە تەنها دەتوانن زیادکردنێکی بەرچاوی هەڵچونی کارە توندوتیژییەکان مسۆگەر بکەن، بەوەی کە بوونە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی هەرچی زیاتر، کە ژنانیش دەگرێتەوە ،خۆیان ئامادەبکەن بۆ ئەوەی بەکاری خۆکوژی کۆتایی بەژیانیان بهێنن لەپێناوی مەسەلەکەیاندا. حەماس و ئیسرائیل ئێستا لە هەرکاتێکی تر زیاتر دوورن لەوەی کە بگەنە ڕێککەوتنێکی ئاشتی .

## ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین (PLO)

PLOیەکێکە لە ڕێکخراوە تیرۆریستیە باشتر ناسراوەکان. ئەم ڕێکخراوە ساڵی ١٩٦٤ دامەزرا لە کاتی کۆنگرەی فەلەستیندا، کە کۆبونەوەیەک بوو بە مەبەستی لێدوان لە باری ژیانی مەینەتباری هەزارەها فەلەستینی سازدرابوو کە لە ئۆردوگای ئاوارەکاندا دەژیان لە لوبنان. لەبەرئەوەی کە چەندەها کەسایەتی لەسەر دیاریکردنی باشترین ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین ناکۆک بوون، ژمارەیەک ڕێکخراوی کەرتبوو سەریانهەڵدا، وەکو بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین؛ بەرەی میللی دیموکراتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین- سەرکردایەتی گشتی؛ وە ئەلفەتح ( وەرگێڕراوە بۆ بزوتنەوەی ڕزگارکردنی نەتەوەیی فەلەستین). سەرباری ناکۆکیەکانیان لە بیروڕادا، ئەم ڕێکخراوانە هەموویان کەم تا زۆر هەر سوربوون لەسەر لایەنگری PLO و ئامانجە کۆتاییەکەی ، کە لە ساڵی ١٩٦٧ ەوە گۆڕا بۆ کۆتایهێنان بە دەوڵەتی ئیسرائیل .

لەبەرئەوەی کە ئەم ئامانجە نوێیەی لە کەڵلەدا بوو، PLOتاکتیکەکانی گۆڕی و شانیدایە بەر هەڵمەتێکی تیرۆریستی، مەرگ و ترس و تۆقاندنی هێنا بۆ ئیسرائیلییەکان چونکە لە پەلامارەکاندا بە هەزاران کوژران. لەبەرانبەریشدا ئیسرائیل بە پەلاماری بنکە و بارەگا قایمەکانی PLO و ئۆردوگا فەلەستینییەکان تۆڵەی سەندەوەو ئەمەش تەنها ئەوەندەی دیکە کوژراوو برینداری بەدواوە بوو. لە ١٩٧٤دا دوای ئەوەی کە خوێنڕشتنی چەند ساڵە هیچ بەرهەمێکی نەبوو، PLOبڕیاریدا کە جارێکی تریش تاکتیکەکانی بگۆڕێت، بە کردنەوەی بەرەیەکی سیاسی بە ئومێدی ئەوەی کە دایەلۆگێک دەستپێبکرێت، بە هیوای ئەوەی کە ئەو ئەنجامانەیان بۆ بهێنێتەدی کە نەیانتوانی لەڕێگای هێزەوە بەدیبهێنن. هەموو ئەوانەی کە لە گروپەکەدا بوون بەم ئاراستە گۆڕینە دڵشادنەبوون و ئەمەش بووە هۆی کەرتبونێکی دیکەو پێکهاتنی گروپێکی نوێ- بەرەی ڕەتکردنەوە. لەم ساتەوەختی نائارامییەدا بوو کە یاسر عەرەفاتی سەرکردەی ئەلفەتح سەرکردایەتی PLO ی گرتە دەست.

عەرەفات سیاسیەکی بەتواناو زیرەک و لێهاتوو لەهەمانکاتدا سەرکردەیەکی سەربازیش بوو، تواناکانی و کاریزمای کەسایەتییەکەی کاتێک پێگەیشتن کە PLO لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕێکخراوێکی خاوەن داخوازی یاسایی دانپێدانرا. لە کۆنفرانسی ڕەباتیشدا لەلایەن گەلێک وڵاتی عەرەبیەوە دانپێدانرا. ئیسرائیل لەمکاتەدا خۆی بە بێ پشتیوان بینییەوەو وایلێهات کە بگاتە ئەو بڕیارەی کە PLO بۆ یەکجارەکی لەڕیشە هەڵبکەنێت. لەساڵی ١٩٨٢دا ئیسرائیل مارشێکی سەربازی سازکرد بۆ بەیروت لە لوبنان و بەمەش PLOی لە بارەگاکانی خۆی هەڵکەند. عەرەفات هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نەمایەوە تەنها ڕێگای ووتوێژ نەبێت لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا، ئەگەرچی هیچ ڕێککەوتنێکی بەردەوامی لێنەکەوتەوە. ئەم هەلومەرجە گرژی و ئاڵۆزی ڕولەزیادی نێو پلەوپایەکانی PLO ی زەقکردەوەو هێندەشی نەبرد دوای ئەوە کە هەندێک لەو سەرکردانەی کە زۆر سەربازی نەبوون غافڵکوژکران.

لەکاتێکدا کە PLO لەوپەڕی تەنگەشەدا بوو، عەرەفات جارێکی تر دەسپێشخەرییەکی دیکەی کردو پشتگیری خۆی بۆ ئۆپەراسیۆنێکی تیرۆریستی دوبارەکردەوە، پێدەچێت ئەمکارەی بەئومێدی ئەوەکردبێت کە بەڵکو ورەی ڕێکخراوەکەی توندوتۆڵبکاتەوە. ڕفاندنی پاپۆڕی گەشتوگوزاری Achille Lauro لە ١٩٨٥دا، ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە PLOشانبەشانی PLF ئەنجامیدا، بەجۆرێک شکایەوە کە ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە

کاتێک ئەندامانی تیپەکە تەقەیان لە گەشتکەرێکی جولەکە کردو کوشتیان لەکاتێکدا لە ناو کورسییەکی کەمئەندامانددا دانیشێنرابوو. لەپڕ PLO خۆیان بینییەوە کە لەلایەن بیروڕای جیهانییەوە تاوانبارکرابون بۆ کردارەکانیان و جارێکی تریش تاک و تەنیاو بێکەس کەوتنەوە.

کوشتارو مەرگی ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان بەبێ پشوو بەردەوام بوو ، بەبێ ئەوەی هیچ لایەکیان بتوانێت هۆکارەکانی دیاریبکات. لە ١٩٨٨دا عەرەفات جارێکی تر هەوڵیدا پلەوپایەی ڕێکخراوەکەی بەرزبکاتەوە بە ڕاپگەیاندنی ئەوەی کە چیتر پشتگیری تیرۆریزمی PLO ناکات و ڕەزامەندی خۆیشی ڕاگەیاند لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل مافی بوونی هەیە. ئەم ڕاگەیاندنە ئیسرائیلی ڕازیکرد کە بێتە سەر مێزی دانوستان و لە ئەنجامیشدا ملیاندا بۆ مافی خۆبەڕێوەبردنێکی فەلەستینی سنوردارو هەروەها بۆ گفتوگۆی زیاتریش لەسەر دانان بە نیشتمانێکی فەلەستینیدا. لە سێپتەمبەری ١٩٩٣دا عەرەفات ئەم مەسەلەیەی هەنگاوێکی تر بردە پێشەوە، لە نامەیەکدا بۆ سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل ڕابین و وەزیری دەرەوەی نەرویج هۆڵستدا پەیمانیدابوو کە کۆتایی بهێنێت بە هەموو ئەو کارە توندوتیژی و تیرۆریستیانەی کە پەیوەندیان بە PLO وە هەیە. چەند ڕۆژێکی تر لەوەدوا ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکان جاڕدانی دەسپێکەکانیان لە واشنگتۆن DC ئیمزا کردو بەمەش مۆری دڵنیاییان نا بە پەیوەندییە نوێکەیاندا. بێجگە لە یەک دوو ڕوداوی پەرت و بڵاو ، کە واباوەڕدەکرێت تاکەکەسەکان لەخۆیانەوە ئەنجامیاندابن، ئاگربەستەکە تاڕادەیەک بەباشی ڕاگیرا .

لەکاتی جەنگی کەنداوی ١٩٩٠دا عەرەفات بەئاشکرا پشتگیری سەدام حوسەینی کرد، ئەوەش گەرچی لەناو هاوڕێ فەلەستینیەکانیدا ناووناوبانگی بۆ دابینکرد بەڵام لەهەمانکاتیشدا بووە هۆی ئەوەی کە لەلایەن دەوڵەتە عەرەبە دەوڵەمەندەکانەوە پشتگوێبخرێت کە جاران پشتگیری ماڵیان بۆ دابیندەکرد. لێرەدا PLO خۆی تەریک بینیەوە لە هەندێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی داهاتی خۆی. لە ١٩٩٠ەکاندا گرژی وئاڵۆزی جارێکی تر لەنێوان ئیسرائیل و PLO دا دەرکەوتەوەو بێتمانەیی پەیماننامە کۆنەکانی ڕزاند و تیرۆریزمی سەر بە PLOسەرلەنوێ خەڵکی بێتاوانی دەکوشت. هەلومەرجەکە ئاڵۆزتر بوو کاتێک ئیسرائیل دەستیدایە کاری تۆڵەسێنی دژی PLO و، بەتایبەتیش دژی عەرەفات، بە کاولکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتیەکەی لە ڕامەڵڵاو سەپاندنی دەستبەسەرکردنی ماڵەوە بەسەریدا. ئەمڕۆ ئەگەرچی لەپشت پەردەوە دانوستان هێشتا هەر بەردەوامە، کاری توندوتیژی و دژەکارەکەشی هەر بەردەوامن، ئەگەرچی ڕاستە گەر بڵێین PLO چیتر ئەوەندەی جاران بە مەترسی دانانرێت .

## پڵنگەکانی ئازادیی تامیل ئیلام(LTTE)

پڵنگەکانی تامیل، یاخود هەروەک بەتەواوەتی ناسراون، پڵنگەکانی ئازادیی تامیل ئیلام (LTTE) لەسەرەتای ساڵانی ١٩٧٠کاندا دامەزراوە، وەک وەڵامدانەوەیەک بەوەی کە ئەوان وەک چەوساندنەوەی گەلی تامیل لەلایەن سریلانکاوە دەیانبینی. گەلی تامیل لەبنەڕەتدا لەلایەن بەریتانیەکانەوە لە باشوری هیندستانەوە هێنرابوون بۆ کارکردن لە کێڵگەکانیاندا لەو شوێنەی کە دواتر بە سیلان ناسرا. کاتێک سەربەخۆییان لە بەریتانیا وەرگرت گەلی سینحالی زۆرینە کۆنترۆڵی سیاسیان گرتە دەست و لە ١٩٧٢دا ناوی دورگەکەیان گۆڕی بۆ سریلانکا. زمانی ڕەسمیشیان گۆڕی بۆ سینحالیس و ئاینی ڕەسمیش بۆ بوزیزم، بەم جۆرە کەمایەتیە تامیلەکانیان گۆشەگیرکرد. بەدوای ئەوەشدا کاری هەڵاواردنی زیاتر لەدژی تامیلەکان ئەنجامدرا تا گرژی و ئاڵۆزی تەشەنەی کردو ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی LTTE و هەروەها بەرەی یەککگرتوی ڕزگاریخوازی تامیل (TULF) ، کە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٧٧دا لەهەموو ناوچە تامیلەکاندا کورسی بەدەستهێنا .

پڵنگەکان لە پێکەوەنانی هێزێکی سەربازی بەهێزدا بەردەوامبون ، پشتگیرییان لەو کرێکارە تامیلیانەوە هەڵدەهێنجا کە خۆیان لەلایەنی ئابورییەوە ڕەنج بێوەر بوون و لە سەردەمی چاککارییە ئابورییە بێبەزیانەکانی ساڵانی ١٩٧٠ کاندا لە گوزەرانی ژیان بێبەریکرابوون. پشتگیری زیاتریش لە ژمارەیەک بەڕێوەبەرێتی هیندییەوە دەهات کە LTTE یان مەشق پێدەکردو پڕچەکیاندەکردن .

پشتگیری ماڵی بەشێوەیەکی سەرەکی لە چالاکی ئاوارەکانیانەوە دابیندەکرا لە خۆرئاوا کە ئەوان نەک تەنها لەڕێگای چالاکی بازرگانی یاساییەوە داهاتیان کۆدەکردەوە بەڵکو لەڕێگای سەرانەسەندن و کاری نایاسایی دیکەشەوە. بەهۆی ئەو داهاتانەوە LTTE توانی چەک و تەقەمەنی نوێ و هاوچەرخ بکڕێت، بەزۆرییش لە وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە. چالاکییەکانی ناوخۆی وڵاتیش بڕێکی زۆر چەک و مادەی تەقینەوەی بۆ دابیندەکردن کە لە پەلامار بۆسەر هێزەکانی ئاسایشەوە دەستیان بەسەردا دەگرتن. ئەو یاخیانە واناسراون کە موشەکی زەوی بە ئاسمان و موشەک هاوێژو هەروەها تۆپخانەی نەریتیشیان هەبێت .
سەرکردەی پڵنگەکانی تامیل ڤێلوپیلای پرابهاکارانە، کە لە ١٩٥٤دا لە شارۆچکەیەکدا لەدایک بووە لە نیمچە دورگەی جافنا. کابرایەکی هەتا بڵێیت گۆشەگیرەو بەتەواوی خۆی تەرخان کردووە بۆ مەسەلەکەی، هەروەها دەڵێن زۆر بێبەزەیی و جەربەزەو نەترسەو بەوەش تاوانبارکراوە کە لێپرسراوە بەرانبەر کوژرانی قایمقامی جافنا لە ١٩٧٥دا. لە بەهاری ٢٠٠٢دا بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا خۆی نیشانی جەماوەردا وەک هەنگاوێک بەرەو دانوستانی ئاشتی لەگەڵ حکومەتی سریلانکادا .
یاخییەکانی تامیل، هەروەک سەرکردەکەیان، ناووناوبانگیان وەهایە کە نەترس و بێبەزەیین. بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ژمارەیان ١٠٠٠٠ کەسێک دەبێت، بە ژن و مناڵیشەوە، مەشقە سەربازییەکەیان قورس و گشتگیرەو وایشیان لێچاوەڕوان دەکرێت کە خۆیان نەدەن بەدەستەوە بەهەر نرخێک بێت، وە ئەگەر پێویست بکات خۆیان بکوژن بەهۆی بەکارهێنانی ئەو کەپسولی سیانیدەوە کە هەموویان پێیانە. ئەم خۆتەرخانکردنە ئایدیۆلۆژییە بۆ خۆکوشتن گوێزراویشەتەوە بۆ شێوازی پەلامارەکانیان و بووەتە هۆی ئەوەی کە پیاوو ژن خۆیان بکەن بە بۆمبی مرۆیی لەپێناوی ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیدا LTTE .لەناو هەموو گروپە تیرۆریستییەکانی جیهاندا خراپترین ناووناوبانگی هەیە لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە پەلامارانەدا. لە یەک پەلاماری خۆکوژیدا، کە LTTE لە ساڵی ١٩٩٨ دا لە کاندی ئەنجامیدا بۆ سەر پیرۆزترین شوێنی بوزییەکان لە سریلانکادا، شازدە کەس کوژران. هەروەها لە ١٩٩٦دا کەسێکی خۆتەقێنەرەوە بە لۆرییەکی مینڕێژکراوەوە خۆیکرد بە بانکی ناوەندیدا ، ٩١ کەسی کوشت و ١٤٠٠ کەسیشی بریندارکرد .
بێجگە لە کاری خۆکوژی، پڵنگەکان بە ئەنجامدانی مەرگەساتی دیکەش تاوانبارکراون. گروپێک گوندنشینی سینحالیس، بە ژن و مناڵیشەوە، لە دوادوای ١٩٩٩دا لە پەلامارێکی پێش بەرەبەیاندا پارچەپارچەکران. هەروەها LTTEلێپرسراویشە لە پاکسازی نەژادی لە جافنا، ئەو ناوچەیەی کە بە "نیشتمان" ی خۆیانی دەزانن . LTTEهەروەها تێوەگلاون، یان لێپرسراون بەرانبەر، کرداری غافڵکوژی لە ئاستی زۆر بەرزدا وەک کوژرانی سەرەک وەزیرانی هیندستان ڕاجیف گاندی لە ١٩٩١داو سەرۆکی سریلانکا پریماداسا لە ١٩٩٣دا .
لەسەرەتای ١٩٩٠ کاندا و لەسەردەمی سەرۆک کوماراتونگادا چەند هەوڵێک بۆ دانوستانی ئاشتی درا، بەڵام گفتوگۆکان بەزویی پەکیان کەوت لە کەش و هەوای بێمتمانەیداو هەر زوو شەڕ هەڵگیرسایەوە. یەکسەر دوای دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی کوماراتونگا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ دا، هیوایەکی نوێ بۆ ئاشتی سەریهەڵدا. کابینەی نوێ بە سەرکردایەتی ڕانیڵ ویکرماسینگە ڕاسپاردەیەکی بەدەستەوە بوو لەپێناوی ئاشتیداو سوربوو لەسەر بە سەرکەوتن گەیاندنی هەوڵەکانی لەو شوێنەدا کە ئەوانی دیکە کۆڵیانداوە. دوای ئەوەی کە LTTE ئاگربەستی یەکلایەنەی ڕاگەیاند، حکومەت یەکسەر ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ گفتوگۆو ئاگربەستەکەش لە شوباتی ٢٠٠٢دا کرا بە هەمیشەیی بەپێی ڕێککەوتنامەیەک کە لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا. گفتوگۆکان بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٢ بەردەوام بوون و هەردولاش زیاتر لە داواکارییەکانی خۆیان دەستبەردار دەبوون و دیلیان ئاڵوگۆڕ دەکرد LTTE .دەستبەرداری داواکەی خۆی بوو بۆ دەوڵەتی سەربەخۆو حکومەتیش یاسای قەدەغەکردنی لەسەر ڕێکخراوە یاخییەکە هەڵگرت. لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٢ دا، لەکاتی گفتوگۆی ئاشتیدا لە نەرویج، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەردولا دەبێت لە فەرمانڕەواییدا هاوپشک بن و تامیل دەبێت لەو ناوچانەی باکورو خۆرهەڵاتدا کە زۆرینەن ئۆتۆنۆمییان هەبێت .

# سوپای سوری یابانی(JRA)

لەساڵی ١٩٧٠دا وەک بەشێکی جیابوەوە لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی یابانی پێکهات، بزوتنەوەی سوپای سور، یان تیپی نێودەوڵەتی دژە-ئیمپریالیستی (AIIB) هەروەکو بەو ناوەشەوە ناسراوە، تاکە گروپی تیرۆریستیی نێودەوڵەتی یابانییە. ئەم گروپە لە قەوارەدا بچوکە، ژمارەی ئەندامەکانی لە دەرزەنێک تێپەڕناکات، وە وا پێشبینی دەکرێت کە لەو ناوچانەی لوبناندا جێگیربن کە لەژێر دەسەڵاتی سوریادایە، بەڵام لە ئاسیاش بنکەیان هەیە. ئەم گروپە خۆیان وەک "نێودەوڵەتی" دایە قەڵەم کاتێک چەندەها پەلاماریان لەجیاتی ڕێکخراوی ڕێکخراوی وەک PLOئەنجامدا. ئەندامەکانی زۆربەیان خوێندکارانی باڵی چەپ بوون کە شوێنی هێڵەسەرەکییەکانی پلانی تیرۆریزم کەوتبون کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەیان گرتووە .

ڕێکخراوەکە بە سەرەتایەکی هێواشەوە هاتە مەیدان وەک بەکارهێنانی بۆمبی بەنزین و خۆپیشاندانی لاواز، کە زۆربەی لەلایەن پۆلیسی یابانییەوە چارەسەردەکران. ئەم گروپە ئەگەر شتێکی دیکە نەبێت، ڕەخنە لەخۆگرەو ئەندامەکانی ڕووبەڕووی سزای توند دەبنەوە و بە پرۆسەی پاڵاوتن و وەرگرتنی سەیرو سەمەرەدا تێدەپەڕن.
یەکەم کاری فڕۆکە ڕفاندنیان لە ٢٦ی ئازاری ١٩٧٠دا ڕویدا کاتێک تاقمێکی JRA کە لە نۆ کەس پێکهاتبون کۆنترۆڵیانکرد بەسەر فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٢٧ داو بە دەمانچەو نارنجۆکی دەستی هەڕەشەیان لە ١٣٠ سەرنشینەکەی کرد. فڕۆکەکە لە ئەنجامدا لە کۆریای باکور کۆتایی بەگەشتەکەی هێنا، لەوێ بارمتەکان ئازادکران و تاقمەکەی JRA یش پەنابەری سیاسیان پێبەخشرا. ئەم کارە سەرنجی جۆرج حەبەشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و ئەویش، وەک دەڵێن، پەیوەندی کردووە بە گروپەکەوە بۆ دامەزراندنی چەند داوێکی پەیوەندی و پشتگیری لە خۆرهەڵاتی دوور. پەیوەندی پێوەکردنەکە هەرچۆنێک بووبێت، ئەوە ڕون و ئاشکرایە کە هەندێک جێگاوڕێگاو هەوارگە سازکراوەو JRA هاوپەیمانێتییەکی لەگەڵ PFLP دا پێکهێناوە. ماوەیەکی کەم لەوەدوا، هەندێک لە یابانییەکان خۆیان لە ئۆردوگا مەشقکردنەکانی PLO دا بینییەوە لە لوبنان سەرقاڵی مەشقکردن بوون. لەماوەی دوو ساڵی داهاتودا JRA جەختیکردەوە لەسەر دوبارە مەشقپێکردنەوەی زۆربەی ئەندامەکانی، لەکاتێکدا ئەوانەی کە لە یابان مابونەوە سەرقاڵی داهات پێکەوەنان بوون لەڕێگای بانکبڕین و سەرانە سەندنەوە. هەروەها سەرکردایەتی گروپەکەش گۆڕرا بە ژنێک و فوساکۆ شیگنۆبو بوو بە سەرکردە. شێوەی کۆنترۆڵکردنی بێبەزەییانە بوو و ئەوانەی کە سەرپێچیان دەکرد لە بەجێهێنانی فەرمانەکاندا یان لاوازو سست دیاربوون لەدار دەدران. لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەگەڵ ئەندامێکی JRA دا پەردە لەسەر ئەوە هەڵماڵرا کە ژمارەیەک لاشە لە گۆڕی کەم قوڵکراودا حەشاردراون لە چیا بڵندەکانی نزیک مایباشی. کێومالێک لاشەی چواردە ئەندامی پێشوی JRA ئاشکراکرد، زۆربەیان ئەشکەنجە درابون و هەندێکیشیان هەر زیندەبەچاڵ کرابون. دەیانوت کە شیگنۆبو تەواوی کات و ووزەی خۆی بۆ سەرکردەی PFLP جۆرج حەبەش تەرخانکردوەو لەهەمانکاتیشدا هاوڕێیەکی تایبەت و نزیکی لەیلا خالید بوە.

لە ٣٠ی ئایاری ١٩٧٢دا سێ ئەندامی سوپای سوری یابانی لە ڕۆما چاویان بە شیگنۆبو کەوت، کە لەوێ هێڵە سەرەکییەکانی پلانێکی ئاسان بەڵام تۆقێنەری پێراگەیاندن. یەکسەر دوای ڕونکردنەوەکە، چەکی ڕیز و نارنجۆکی دایە دەستیان و بە خێرایی ڕێنومای کردن کە دەبێت ئەوانە لەنێو جانتاو شتومەکەکانیاندا بشارنەوە. دوای ئەوە هەر هەمان شەو سێ پیاوەکە سواری فڕۆکەیەکی هێڵی هەوایی فەڕەنسی بوون بەرەو تەلئەبیب. گەشتەکەیان تەواوکرد و لەکاتی خۆیدا گەیشتنە فرگەی لۆد لە تەلئەبیب. هۆڵی جانتا وەرگرتنەوە پڕبوو لە خەڵک چونکە ژمارەیەک فڕۆکە تەنها ماوەی چەند خولەکێکیان بەین بوو کە نیشتبونەوە. لەناوەندی ئەم حەشاماتی مرۆڤایەتیەدا، سێ تیرۆریستەکە چاوەڕوانیانکرد تا هەرسێکیان جانتاکانیان وەرگرتەوەو چەک و نارنجۆکەکانیان دەرهێنا. دوای ئەوە هەرسێکیان ڕاوەستان و بە شەلم کوێرم ناپارێزم دەستڕێژیان لە قەڵەباڵخییەکە کرد و بەدوای ئەوەشدا ژمارەیەک نارنجۆکیان هەڵدا. ٢٦ کەسی بێتاوانیان کوشت، پێش ئەوەی یەکێکیان بە هەڵە هاوڕێیەکی خۆی بکوژێت و یەکێکی تریشیان بەهۆی یەکێک لە نارنجۆکەکانی خۆیەوە

بکوژرێت. سێهەمیشیان گیراو لەئەنجامی لێکۆڵینەوەوە جەختیکردەوە لەسەر پەیوەندی نێوان PFLP و JRA.

ئەم کارە تیرۆریستیە نەک تەنها ئیسرائیلیەکانی ترساند بەڵکو زۆربەی جیهانی ئازادیشی تۆقاند. کاردانەوەکەی ئەوەندە بەهێز بوو کە بوە هۆی تێکچونی دۆستایەتی نێوان وەدیع حەداد و جۆرج حەبەش، هەروەها بوە هۆی دابەزینێکی گەورە لە ڕادەی هاوسۆزیشدا بۆ فەلەستینیەکان. سەرباری ئەو ڕەخنانەش، JRAبەردەوام بوو لەسەر کارکردن لەگەڵ PFLP بۆ ئەنجامدانی فڕۆکە ڕفاندنی زیاتر و کاری تیرۆریستی تر.

یەکێک لەو ڕوداوانە ڕفاندنی فڕۆکەیەکی DC8 ی هێڵی هەوایی یابانی بوو بە ١٤٦ سەرنشینەوە. فڕۆکەکە لە پاریسەوە بۆ تۆکیۆ دەفڕی، بەڵام لە بۆمبای پشویەکی دەدا. ماوەیەکی کورت دوای بەجێهێشتنی بۆمبای تیرۆریستەکان دەستیانگرت بەسەر فڕۆکەکەداو فڕۆکەوانەکەیان ناچارکرد بەرەو دەککەی بەنگەلادش بفڕێت. داواکاری تیرۆریستەکان یەکسەر دوای نیشتنەوە بڵاوکرانەوە. داواکارییەکانیان بریتیبوون لە ئازادکردنی نۆ تیرۆریست کە لەوکاتەدا لە بەندیخانەکانی یاباندا بوون و بارمتەی شەش ملیۆن دۆلار، بەڵام دەبێت هەمووی بە پارچەی (گەڵای) ١٠٠ دۆلاری بێت .

حکومەتی یابانی لەترسی ئەوەی کە هەندێک لە ڕفێنەرەکان " سەرچڵ" ن و لە مەرگەساتەکانی پێشودا بەشداریانکردووە، ملی بۆ داواکارییەکان شلکرد. بۆبەدبەختی کاتێک دەستیانداية جێبەجێکردنی، سێ تیرۆریست لەوانەی کە لە بەندیخانەکانی یاباندا بوون ڕازی نەبوون بڕۆن، بەو هۆیەوە داواکارییەکان دەبوایە بە نیوەناچڵی جێبەجێ بکرانایە. لە ئەنجامدا ڕفێنەرەکان ئەوەیان قبوڵکرد و ماوەی دیاریکراویان درێژکردەوە بۆئەوەی کە حکومەتی یابانی کاتی زیاتری بەدەستەوە بێت بۆ کۆکردنەوەی پارەکەو هێنانی زیندانییەکان بۆ دەککە. لەم قۆناغەدا کێشەیەکی تر سەریهەڵدا: ڕفێنەرەکان داوای شەش ملیۆن دۆلاریان کردبوو بە پارچەی ١٠٠ ی بەڵام ئەم بڕە پارە کاژە لەیابان تەواو نەدەبوو، چوار ملیۆن دۆلار دەبوایە لە ئەمریکاوە بهێنرایە .

لەکۆتایدا شەش تیرۆریستە زیندانییەکە و پارەی بارمتەکە گەیشتنە دەککە، لەبەر چەند هۆیەک فڕۆکەی ڕفێنراوی DC8 بەرەو ڕێگای دەرچون بزوت و ئامادە بوو بۆ هەستان. لەم قۆناغەدا جێگری مارشاڵی هەوایی بەنگەلادش کە دانوستانەکانی لەئەستۆدا بوو فەرمانیدا بە جێب و تەنکەرەکانی ئاگرکوژاندنەوە کە ڕێگای فڕۆکە هەستانەکە بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕفێنەرەکان لە فڕۆکەکەوە تەقەیان لە ئۆتۆمۆبێلەکان دەکرد، فڕۆکەکە ناچارکرا ڕابوەستێت. دوای ئەوە ناوبژیوانە بەنگەلادشیەکە بە ڕفێنەرەکانی ووت کە ئەوان مامەڵەیەکیان دەستپێکردوەو ئێستاش ئەوەتا زیندانیەکان و پارە بارمتەکە گەیشتووە " ئیتر لەوە زیاتر چیتان دەوێت کۆتای پێبهێنن". ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ڕفێنەرەکان ڕازیبوون و فڕۆکەکەیان گێڕایەوە بۆ شوێنی ڕاوەستانی پێشوی .

کرداری ئاڵوگۆڕەکە ئەنجامدرا، بەڵام ڕفێنەرەکان ژمارەیەک بە بارمتەگیراویان هێشتەوە بۆ دڵنیابون لە سەلامەتی خۆیان کاتێک بەرەو شوێنە نەزانراوەکەیان فڕین. کەبەڕێگاوەبوون ناچاربوون لە کوەیت بنیشنەوە بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی زیاتر، کوەیتیەکان تەنها بەوە ڕازیبوون کە سوتەمەنی بە بەبارمتە گیراوەکان بگۆڕنەوە و بەمجۆرە حەوت کەسی تریش لە بارمتە گلدراوەکان ئازاد بوون. لە ٣ی ئۆکتۆبەرداDC8 ی ڕفێنراو لەسەر خاکی جەزائیر نیشتەوەو ڕفێنەرەکان پاشماوەی بارمتەکان و دەستەی فڕۆکەکەیان ئازادکرد. دەسەڵاتدارانی جەزائیری پێنج ڕفێنەرەکەو گیراوە ئازادکراوەکانیان بەرەو جێگایەکی نهێنی برد- لەوکاتەوە هەتا ئێستاش هیچ دەربارەیان نەبیستراوە .

بەمجۆرە بەسەرهاتی تاڵ و دژواری شەش ڕۆژو ٦٠٠٠ کیلۆمەتری سەرنشینەکان و دەستەی فڕۆکەکە کۆتایی پێهات. لە تۆکیۆ بەڕێز تاکیو فوکودا سەرەک وەزیرانی یابان بە پەرلەمانی ڕاگەیاند کە " لەبنەڕەتدا حکومەت بڕیاریدا مل بدات بۆ داوا نایاساییەکانی ڕفێنەرەکان لەپێناوی پاراستنی ژیانی زیاتر لە ١٤٠ کەسدا." بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکە، ملکەچکردن بۆ داوای تیرۆریستەکان سەلمێندرا کە ستراتیجێکی ڕاست بووە و

لەبەرئەوەش کە سوپای سوری یابانی لە ڕابوردودا سەلماندبویان کە هەتا بڵێیت بێبەزەین، پێدەچێت ئەوە تاکە ڕێگا بووبێت بۆ پاراستنی ژیانی بارمتەکان .
سەرکردەی JRA شیگنۆبو بە بەرەڵایی مایەوە، بێگومان ئەندامەکانی دیکەی ڕێکخراوەکە بەو جۆرە نەبون، لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە هەشت کەسیان لێدەستگیرکراوە. لە نیسانی ١٩٨٨دا یو کیکومورا، یەکێک لە ئەندامەکانی JRA، لە شارێیەکی تایبەتی نیو جێرسیدا دەستگیرکرا. ئەو مادەی تەقینەوەی پێبوو وادیاربوو کە نەخشە بۆ پەلامارێک دادەنێت کە هاوکات بێت لەگەڵ تەقاندنەوەی یانەیەکی USO دا لە ناپلس. کیکومورا ئەو تاوانانەی بەسەردا ساخبوەوەو ئێستا ماوەی فەرمانێکی دورودرێژی زیندان بەسەردەبات لە وڵاتە یەکگرتوەکان. ئێکیتا یوکیکۆ یەکێکی دیکە لە هەڵسوڕاوانیJRA ، لە ئازاری ١٩٩٥دا لە ڕۆمانیا دەستگیرکراو و هەر دوای ئەوەش سنورداشکرایەوە بۆ یابان.

## ڕاستی باڵای ئاووم

ڕاستی باڵای ئاووم بیروباوەڕێکی ئاینییەو بنکەکەی لە یابانە. ئامانجەکەی ئەوەیە کە لە یابان دەسەڵات بگرێتە دەست و دوای ئەوەش هەموو جیهان داگیربکات. ئەم بیروباوەڕە هەروەها بە ئاووم شینریکیۆش ناسراوە- ئاووم ووشەیەکی سانسکریتیەو واتای " هێزەکانی وێرانکردن و دروستکردن لە گەردوندا" دەبەخشێت، هەروەها شینریکیۆش واتای " فەرمایشی ڕاستی باڵا" دەگرێتەوە. دامەزرێنەرەکەی شۆکۆ ئاسەهارا لە ساڵی ١٩٥٥دا بەناوی " چیزیو ماتسومۆتۆ" وە لەدایک بوە لە دورگەی کیوشوی ناوچەی باشور. ئاسەهارا بەشێوەیەکی ئاسایی خوێندبوی، بەڵام کە لە ١٩٧٧دا چوو بۆ تۆکیۆ، نەیتوانی تاقیکردنەوەی تایبەتی وەرگیرانی زانکۆ بەسەرکەوتویی ببڕێت. تاڕادەیەک بەهۆی نائومێدبونیەوە خوی دایە ئاین، پەیوەندی کرد بە ئاراستەیەکی نوێوە کە ناوی ئاگۆنشو بوو. ئاگۆنشو ئامۆژگاری پاکبونەوە لە کارما[20] ی خراپی دەدا بە خەڵک لە ڕێگای بۆپاڕانەوەوە. ئاسەهارا ئەم باوەڕەی گۆڕی و چەندەها شێوە ئازارکێشانی بۆ زیادکرد بۆ پاکژکردنەوەی لەش و مێشک؛ ئەمەش بووە بنچینەی بیرروباوەڕی ئاووم. لە ١٩٨٧دا کاتێک بەتەنیا ڕویکردە چیاکانی هیمالایا، ناوی خۆی گۆڕی و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی شوێنکەوتوانی زیاتر.
زۆر لەو شوێنکەوتوە نوێیانە ناچارکراون کە بە ڕێوڕەسمی زۆر سەختی پاڵاوتندا تێبپەڕن. لەوانەش وەکو دانانی ئەندامەکان لەناو ئاوی نزیک لە پلەی کوڵانداو ڕوبەڕوکردنەوەیان لەگەڵ هەلومەرجی دژوارو تەنانەت ئەتککردنی ئەندامەکانی لەشیشیاندا. ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەندامەکانی ئاووم لەماوەی چەند ساڵێکدا وون بوون و زۆربەی ئەوانەش وا پێشبینی دەکرێت کە لەناوبرابن. ئەو ڕێبازەی کە ئێستا پەیڕەودەکرێت بۆ لەداردانی ئەندامێکی "سەرنەکەوتو" ڕەشەکوژی بێدادگایکردنە. هەواڵی ئەم کۆڕی پاڵاوتنانە بە زوویی بڵاوبوەوەو لە ئایاری ١٩٨٩دا ژمارەیەک خێزانی تۆقیو کە منداڵەکانیان چوبونە ڕیزی ئاوومەوە تسوتسومی ساکامۆتۆی پارێزەری یۆکۆهامایان بەکرێگرت تا لەو بیروباوەڕە ئاینییە بکۆڵێتەوە. یەکەم ڕێنومایی ئەم پارێزەرە ئاشکراکردن و سەلماندنی ئەو مەرجانە بوو کە شوێنکەوتوانی ئاووم ناچارکرابوون جێبەجێیان بکەن. کاتێک ئەم باسە لە هەواڵەکاندا دەنگیدایەوە، ژمارەیەکی هەرچی زیاتری دایکوباوکان هاتنە پێشەوە. تاقمە ئاینیەکە بەم لێکۆڵینەوانە زۆر تورەو بێزار بوو و هەموو ئەو تاوانانەی ڕەتکردەوە کە بە پیادەکردنی کاری دڕندانەو نائاسایی درابوەپاڵیان. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە پارێزەرەکە بە خۆی و ژنەکەی و منداڵێکەوە بێسەروشوێن بوو. لەگەڵئەوەشدا کە پۆلیس هێمایەکی ئاوومیان لەو شوێنەدا دۆزییەوە، هیچ بەڵگەیەک لەئارادا نەبوو کە ئەو تاقمە ئاینییەو بێسەروشوێنکردنەکە پێکەوە ببەستێتەوە. شەش ساڵ لەوەدوا، لە سێپتەمبەری ١٩٩٥دا، لاشەی هەرسێکیان لە ناوچە شاخاوییە دوورەدەستەکاندا دۆزرانەوە .

---

[20] کارما: لە ئاینەکانی بوزی و هیندۆسیدا ئەو هێزیەیە کە لە ئەنجامی کردارو رەفتارەکانی مرۆڤەوە دروست دەبێت لە یەکێک لە ژیانەکانیداو کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو روداوانەی کەبەسەری دێت لە ژیانەکانی پاشەرۆژیدا. و.

ڕاستی باڵای ئاووم پێی نایە نێو مەیدانی سیاسەتیشەوە کاتێک پارتی ڕاستی باڵا ٢٥ پاڵێوراوی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی یابانی ساڵی ١٩٩٠ دەستنیشانکرد. لەگەڵئەوەشدا کە چاوەڕوانبوون چەند کورسییەک بەدەستبهێنن، هیچ پاڵێوراوێکیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. ئەمەش وایکرد کە قەشمەری بەتاقمە ئاینییەکە بکرێت و "گاڵتەکردن بە ئاووم" بوو بە باو. لەبەرانبەریشدا گروپەکە دەستیانکرد بە گۆشەگیرکردنی خۆیان و چالاکیەکانیشیان. لە ئایدیۆلۆژیای تاقمە ئاینییەکەشدا گۆڕانکاری ڕویداو بەوجۆرە دەستیاندایە ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنەکانی تۆڵەسەندنەوەی بەکۆمەڵ .

وا مەزەندە دەکرێت کە ئەو تاقمە ئاینییە ژمارەیان ٢٠٠٠ کەس بێت، بەڵام واباسدەکەن کە ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر پشتگیریکەریان هەبێت لەسەرتاسەری جیهانداو لەنێوانیشیاندا ژمارەیەکی نەزانراو لە ڕوسیا. تاقمەکە زۆر بەئاسانی پاڵێوراوانی نوێ دەدۆزنەوە، زۆربەی ئەوانە بۆ دابینکردنی دەستی کاری خۆڕایی بەکاردەهێنن لە کاروبارە بازرگانییە قازانجبەخشەکانیاندا. ئاووم خۆی زۆربەی هەرە زۆری داهاتەکانی خۆی وەبەردەهێنێت؛ ئەمەش بەزۆری لە کۆمەکی ئەندامەکانی و بازرگانی بەرنامە کۆمپیوتەریەکانەوە دابیندەکرێت. ئەمەی دواییان بەشێوەیەکی گشتی قازانجبەخشترین سەرچاوەی دەرامەتیانە چونکە توانیویەتی بۆڕی زۆربەی کێبەرکێکرانی بداتەوە لەرێگای بەرهەمهێنانی بەرنامەی هەرزانترەوە .

تاقمە ئاینییەکە تاقیگەی نهێنی هەیە کە لەوێدا خۆبەخشانی زۆر بەتوانا بەهۆی چەندەها ڕەگەزی بایۆلۆژییەوە تاقیکردنەوەیان لەسەردەکرێت لەپێناوی بەرهەمهێنانی هۆکاری کۆکوژدا. کاتێک ئەم تاقیکردنەوانە دەریانخست کە ئەم مادانە کاریگەرنین، تاقمەکە ڕویانکردە بەرهەمهێنانی گازی دەمار کە لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی تایبەت سارین کاریگەر دەرچو. چەندەها کارەساتی تەمومژاوی کە گازی سارینی تێدا بەکارهاتبوو لە هاوینی ١٩٩٤دا لەسەرتاسەری یاباندا ڕویدا کاتێک ئەو تاقمە ئاینییە بەرهەمهێنانی خۆی بۆ گازی سارین تاقیدەکردەوە. لە حوزەیرانی ١٩٩٤دا ئاسەهارا فەرمانی پەلامارێکی دەرکرد دژی سێ دادوەر کە ئەندامانی داوایەکی دادگایان پێکدەهێنا لەدژی ئەو- شێوەی پەلامارەکەش بە گازی سارین بوو. دوو لۆری بەفرگر بەشێوەیەک ئامادەکرابون کە لەگەڵ تێپەڕینیاندا بەناوچەی کیتا-فوکاهی ناوەندی یاباندا گازەکە بڕێژن. ئەم پەلامارە لە زامدارکردنی دادوەرەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. یەکەمجار وایانزانی کە باخەوانێکی ناوچەکە ئەو کێشەی گازەی دروستکردووە هەتا هەواڵهات کە ژمارەیەک ئەندامی ئاووم بینراون هۆکاری هەناسەدانی دەسکردیان بەسەرەوە بووەو لەو بینایەوە ڕایانکردۆتە دەرەوە کە گازەکەی لێوە بڵاوبۆتەوە. هەموو ئەو ناوچەیە بەو گازە ژاراوی بوو ئەم ڕوداوەش بووە هۆی دەستگیرکرانی چەندەها ئەندامی تاقمە ئاینییەکە .

یەکەم پەلاماری تیرۆریستی گەورەی ئاووم لە ٢٠ی ئازاری ١٩٩٥دا بوو کاتێک ئەندامەکانی ئاووم گازی دەماری دروستکراوی ماڵەوەیان بەسەر خەڵکی بێئاگای تۆکیۆدا بەردایەوە. پەلامارەکە دژی ئەو گەشتکەرانە بوو کە شەمەنەفەری ژێرزەمینی تۆکیۆ بەکاردەهێنن و لەوێدا ئەندامەکانی ئەو تاقمە گازەکەیان بەشێوەیەک بەردایەوە کە کار لەچەندەها شەمەنەفەر بکات. بەشێوەیەکی گشتی دە ئەندامی ئەوان پەلاماری پێنج شەمەنەفەریاندا لە کاتی هەرە قەرەباڵغی و ڕاکەڕاکەی بەیانیدا. ئەوان سارینەکەیان لەنێو کیسەدا شاردبووەوەو بە ڕۆژنامە پێچابویانەوە. کیسەکان کاتێک کونکرابون کە ئەندامانی تاقمەکە خەریک بووبوو شەمەنەفەرەکان جێبهێڵن. ئەم کارەساتە بوە هۆی مردنی دوازدە کەس و زامداربوونی شەش هەزار کەسێک. ئاووم پەلاماری دووەمیشی ئەنجامدا لەسەر شەمەنەفەرەکانی ناوچەی تۆکیۆ-یاکۆهاما کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەوەزیاترو ژمارەی زامدارەکانیشی گەیاندە نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس. دوو مانگ لەوەدوا پۆلیس، کە گومانیان هەبوو ئاووم لەپشت ئەو پەلامارانەوە بێت، ئاسەهارایان دەستگیرکرد .

بێجگە لە کارەساتەکانی گازی دەمار، ئاسەهاراو ئەندامەکانی دیکەی ئاووم تاوانی ڕفاندن و کوشتنی تسوتسومی ساکامۆتۆشیان درابووەپاڵ ، ئەو پارێزەرەی کە نوێنەرایەتی دایکوباوکانی ئەندامەکانی ئاوومی دەکرد و لەگەڵ ژنەکەی و کوڕە کۆرپەلەکەی لەناوبران. هەروەها بەتاوانی ڕفاندن و کوشتنی دادنوسی تۆکیۆ، کیۆشی کاریاش لە شوباتی ١٩٩٥دا تاوانبارکران .

## ئەلقاعیدە

ئەم گروپە تیرۆریستییە بووە بە گەورەترین مەترسی چاوەڕوانکراو بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی گەلێک وڵات، بەتایبەتی دوای مەرگەساتی دوو بورجەکە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا ( بڕوانە بەشی ٣). بە هۆی هەبونی بنکەو لایەنگرانەوە لە گەلێک وڵاتدا، ئەلقاعیدە بزوتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی هەموو جیهان لەئامێز دەگرێت و پشتگیرییان دەکات، داوایانلێدەکات کە حکومەتە موسوڵمانە سەربەخۆرئاواو نەریتشکێنەکان ژێرەوژوربکەن و لە تواناو دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمبکەنەوە، کە بە دوژمنی سەرسەختی خۆیانی دەزانن.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٨دا لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە دامەزراوە، کە ئیسلامییەکی توندڕەوەو سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەندی عەرەبستانی سعودییە. لەکاتی گەشتەکەیدا بۆ ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩دا بۆ پشتگیریکردنی بزوتنەوەی بەرهەڵستکاری دژی داگیرکەرە سۆڤیەتیەکان، جەنگاوەرە موسوڵمانەکانی بینی پۆشتەوپرچەک نەبوون و لەئاستی بەرەنگاربونەوەی دوژمنێکدا نەبون کە لەبارەی تەکنیکییەوە لەوان باڵادەست تربوو. کەموکوڕییەکانیان تەنها لە ژمارەو کارامەیدا نەبوو بەڵکو لە ژێرخانێکی بەهێزیشدا بوو کە بۆ پشتیوانی جەنگاوەرەکان پێویستە. بە کەڵک وەرگرتن لە دەوڵەمەندی و کاریگەرییەکەی، دەستی کارو نەخشەی ئاوەدانکردنەوەشی هێنا بۆ ئەفغانستان وپێکەوە لەگەڵ عەبدوڵا عەزامی سەرکردەی برایەتی موسوڵمانانی فەلەستین، دەستیانکرد بەڕێکخستنی بەرنامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ فتوا بۆ جیهاد و سەربازگیری لەڕێگای فەرمانگەی سەربازگیری نوێ: مەکتەب ئەلخەدەمات -(MAK فەرمانگەی خزمەتگوزاری) یەوە. تازەسەربازەکان لە وڵاتانی وەک عەرەبستانی سعودییە، یەمەن، جەزائیر و میسرەوە دەهاتن و بن لادن کرێی هاتوچۆی هەموویانی دەدا و هەروەها دەستی کرد بە دروستکردنی ئاسانکارییەکانی مەشقکردن. لەسەرتاسەری جیهانەوە تایبەتمەندانیان هێنا بۆ ئەوەی لەسەر تاکتیکەکانی شەڕی پارتیزانی و گەریلا ڕاهێنان بەو پیاوانە بکەن .

لەم کاتەدا، ئەمە مایەی گاڵتەجاڕییە، زۆر لەوەدەچێت کە بن لادن لە خەباتەکەیدا لەلایەن هێزە خۆرئاواییەکانەوە یارمەتیدرابێت. ناتۆ و بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگیرکردنی ئەفغانستانیان لەلایەن ڕوسیاوە بە هەڕەشەیەک دەزانی بۆ بوونی خۆیان لەناوچەکەدا CIA .ئۆپەراسیۆنێکی چەندەها ملیۆن دۆلاری خستەگەڕ بۆ مەشقپێکردن و پۆشتەو پرچەککردنی یاخییەکان، یان موجاهیدەکان هەروەک دوایی بەوجۆرە ناسران، ئەوەش پێدەچێت هەندێک لە پیاوەکانی بن لادنیشی گرتبێتەوە. موجاهیدەکان بەهۆی وەرگرتنی نوێترین چەکوتەقەمەنی، مەشق و ڕاهێنان و گوێڕایەڵییەوە لە ئەنجامدا توانیان نەک هەر بەرەنگاری هێزەکانی سۆڤیەت و سوپای داگیرکەر ببنەوە بەڵکو دوای دەساڵ داگیرکردن توشی پاشەکشەیەکی ئابڕوبەرانەیان کردن .

لەکۆتایی شەڕەکەدا بن لادن دەوروبەری دەهەزار جەنگاوەری دێرینی پۆشتەوپرچەک، چاک مەشقپێکراوو لەشەڕداقاڵبووی لەژێر فەرماندەیدا بوو. هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی پێشویان و نێو باوەشی خێزانەکانیان، ووتیان ئێمە ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ کردووەو ئێستاش دەتوانین بە ئاشتی و ئارامی بژین. هەندێکی دیکەیان ئەوەندە شێتگیری توندڕەوێتی ئیسلامی بووبوون کە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانیان و شێلگیرانە بڕیاریاندا کە گروپی تیرۆریستی تایبەت بەخۆیان ڕێکبخەن و ئەو دەوڵەتانە بڕوخێنن کە ئەوان بە " سکیوڵەر" ( عیلمانی) یان دادەنان. میسرو جەزائیر هەردوکیان سەرهەڵدانی گروپی توندڕەوی نوێی ترسناکیان بەخۆیانەوە بینی کە سوربوون لەسەر کوشتن و زامدارکردنی ئەوانەی کە ئەوان بە لەمپەریان دەزانین لەبەردەم گەیشتنیاندا بە دەوڵەتێکی ئیسلامیی توندڕەوی نوێ. ئەو وڵاتانەش کە خۆیان سەرکردایەتییەکەیان لەشێوەی " یاسایەکی پشت بە شەریعەت بەستو " دا بوو، پێشوازیان لە موجاهیدەکان و ئوسامە بن لادنیش کرد. بەتایبەتی سودان زۆر دۆستانە لەگەڵیدا جوڵایەوەو کارو ڕاهێنانیشی بۆ پیاوەکانی دابینکرد .

کۆتایی شەڕی ئەفغان-سۆڤیەت لەزۆرلایەنەوە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ ئەو هەموو گروپە ئیسلامیانە کە بۆ مەبەستی بەرەنگاری پێکهاتبون. لە ساڵی ١٩٨٨دا بن لادن لە عەبدوڵا عەزامی هاوپشکی لە دامەزراندنی MAK

دا جیابوەوە لەپێناوی پێکهێنانی گروپێکدا کە بتوانێت درێژەبدات بە ڕێبازە پیرۆزەکەی لەپێناوی ئیسلامدا. ئەو گروپەش ناونرا ئەلقاعیدە. ساڵی داهاتو عەزام بەهۆی تەقینەوەیەکی ئۆتۆمۆبێلەوە لەناوبرا. لەگەڵئەوەشدا کە هەمان گومان لە سەر ژمارەیەک کەسی دیکەش هەبوو، ئێستاش ئەو قسەیە هەر ڕەواجی هەیە کە بن لادن لەپشت ئەو کارەوە بووبێت. بەڵام لەگەڵئەوەشدا کە ژمارەیەک کاری تیرۆریستی بەناوی بن لادنەوە چەسپیون، کەچی ئەوەی هەر لەسەر ساخ نەبوەوە.

جەنگی نوێی بن لادن لەگەڵ ئەو وڵاتە بوو کە خۆی بەرەچەڵەک سەر بەوێندەرێ بوو. دوای شەڕی ئەفغانستان گەڕایەوە بۆ سعودیە لەپێناوی سازدانی ئاشوبێکدا لەدژی ئەو حکومەتەی ئەوێ. ئەگەرچی ئەم پلانە پەکیکەوت و بن لادن لە وڵات شاربەدەرکراو بڕوانامەی هاوڵاتێتی لێسەندرایەوە. بەبێ پونگانەوە بنکەی چالاکییەکانی گواستەوە بۆ سودان، سەروەت و سامانەکەی خستەگەڕ بۆ دروستکردنی کێڵگەو کارگە، لەپێناوی دابینکردنی کاردا بۆ شوێنکەوتوەکانی. هەروەها ژێرخانی ئابوری وڵاتەکەشی بەهێزکرد- بە دروستکردنی ڕێگاوبان و فڕگەیەک. بەرژەوەندییە فرەچەشنە بازرگانییەکانی بانکێک و کۆمپانیایەکی بیناسازی و پڕۆژەیەکی بازرگانی ناردەو هاوردە دەگرنە خۆ. ئۆردوگای مەشقکردنی زیاتر پێکهێنراو هەڤاڵە ئەفغانییەکانی پێشو هاندران کە ڕوبکەنە سودان.لە ساڵانی ١٩٩٠ ەکاندا ناوی بن لادن لکێندرا بە چەندەها ڕوداوی تیرۆریستییەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ لەئارادا نەبوو کە بیبەستێتەوە بە کردارە تەقینەوەکانەوە. ڕوداوە نەخشەبۆدانراوەکانی تر، وەکو هەوڵی تیرۆرکردنی پۆپ جۆن پەوڵی دووەم لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ مانێلا و تەقاندنەوەی چەندەها فڕۆکەی ئەمریکی بە نیوەی ئاسمانەوە هەرگیز جێبەجێنەبوون .

میوانداری گەرموگوڕی سودان بۆ میوانە ئەلقاعیدەکانی وورده وورده دەستیکرد بە وردوخاشبوون کاتێک حکومەتەکەیان سەری بۆ فشارەکانی ئەمریکا نەویکرد. لەپێناوی ئەوەی کە گەمارۆی ئابوری یان شێوازەکانی تری فشارو ناچارکردنیان بەسەردا نەسەپێت، حکومەتی سودانی داوای لە بن لادن کرد کە بڕوات و ئەو وڵاتە جێبهێڵێت. لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەو بەو کارە هەستا، بە خۆی و بە شوێنکەوتووەکانییەوە گەڕایەوە بۆ ئەفغانستان. چونکە هێشتا هەر ژمارەیەک بەرژەوەندی بازرگانی و شوێنکەوتوانیشی لە سودان مابوو، کاریگەری خۆی لەوێ پاراست و واپێشبینی دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای سودانی وەکو بەرەیەک هەڵسوکەوت بکەن بۆ هەندێک لە چالاکییەکانی.

لەپێناوی بردنە پێش و بەهێزکردنی دیدگاکەی بۆ جیهانێکی ئیسلامی توندڕەو، لە شوباتی ١٩٩٨دا بن لادن ڕێکخراوێکی چەتری پێکهێنا کە بە " بەرەی ئیسلامی جیهانی بۆ کوشتار لەدژی جولەکەکان و خاچپەرستەکان" (الجبهە الاسلامیە العالمیە لقتال الیهود و الێلیبیین) ناسراوە. ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە گروپە میسرییە تیرۆریستەکان: ئەلجەماعە ئەلئیسلامیە و ئەلجیهاد و، کۆمەڵێک گروپی ئەوپەڕی توندڕەوی پاکستانی دەگرنەخۆ. مەبەستی ئەم ڕێکخراوە ئەوە بوو کە شەڕەکە بگوێزێتەوە بۆ ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. بن لادن پاساوی پێویستی بوونی ئەم ڕێکخراوەی بەوە دەدایەوە کە گوایە ئەو وڵاتانە لێپرسراون بەرانبەر چەوساندنەوەی موسوڵمانان لە هەمووشوێنێک. کەواتە بۆ پاراستنی بێدەرەتانان و لەهەمانکاتدا بیروباوەڕەکەش، پێویستە شەڕ لەدژی ئەو وڵاتانە بەرپابکرێت و کاولبکرێن. سێ "فتوا" ڕاگەیەندرا کە داوایان لە هەموو موسوڵمانە خاوەن باوەڕەکان دەکرد بۆ دەستدانە جەنگی پیرۆز، یان "جیهاد، لەدژی "دوژمنانی ئیسلام ."

لەوباوەڕەدان کە بن لادن لەپشت زنجیرەیەکی تەواو پەلامارەوە بێت، کە زۆربەیان ئاراستەی کەسایەتی و کارمەندانی سەربازی ئەمریکی کراون. پەلاماری ١١ی سێپتەمبەر ئەمریکای والێکرد کە ڕاگەیاندنێک دەربکات بۆ پاککردنەوەی جیهان لە تیرۆریزم و ئەلقاعیدە. ئەمریکا بە پشتیوانی زۆربەی دەوڵەتان لە سەرتاسەری جیهاندا هێرشێکی سەرکەوتوانەی کردە سەر ئەفغانستان، بەنیازی تێکوپێکدانی هەموو بنکەو بارەگاکانی ئەلقاعیدە، ژێرەوژوورکردنی حکومەتی تالیبانی فەرمانڕەوا لە ئەفغانستان و دەستگیرکردنی زۆربەی سەرکردەکان. لە بەدەستهێنانی دوو ئامانجیاندا بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتو بوو. هەندێک لەوباوەڕەدان کە

بن لادن لەژێر ئەو بۆردومانە فەرشییەدا فلیقاوەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە زۆر لێیەوە نزیک بوون، بە مەلا عومەری سەرکردەی تالیبانیشەوە، دەڵێن هەڵهاتون. واپێشبینی دەکرێت کە زۆر لە شوێنکەوتوانیان هێشتا هەر لە حەشارگەدابن و بەدوای کاتی لەباردا بگەڕێن بۆ ئەوەی جارێکی تر هاشاوڵبیەنەوە بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەلقاعیدە لایەنگرانێکی فرەی هەیە لەسەرتاسەری جیهاندا کە ئامادەن بچن بەپیر مەرگەوە لەپێناوی ئەوەدا کە باوەڕیانپێیەتی، وەهەروەها بەڕەچاوکردنی ئەوەش کە ڕێکخراوەکە، ئەگەر ئێستا ئەو توانایەشی نەبێت، زانیاری تەواوی لەبەردەستدایە بۆ بەرهەمهێنانی چەکە کۆکوژەکان، ئەم ڕێکخراوە هەتا ئێستاش بە ترسناکترین ڕێکخراوی تیرۆریستی سەر ڕوی زەمین دادەنرێت .

لەدوای شەڕی ئەفغانستانەوە چەندەها جار ڕاگەیەنراوە کە ئوسامە بن لادن هێشتا زیندووە، بەڵام ئەم ڕاگەیاندنانە بەڵگەی زۆر لاوازیان پێبوو بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو بۆچونە. دوای ئەوە لە شوباتی ٢٠٠٣دا ئەمریکییەکان شریتێکی ڤیدیۆیان چنگگیر بوو کە بە ڕون و ئاشکرایی ئوسامە بن لادنی نیشاندا ساخوسەلامەت بوو. ئەو شریتە کە بەنیازی هاندانی چالاکی لەنێو لایەنگرە فرەکانیدا تۆمارکرابوو، بانگەوازی دەکرد بۆ توندڕەوە ئیسلامییەکان کە دەستبدەنە چەک دژی ئەمریکای "شەیتان ."

## گروپە تیرۆریستییەکانی چیچان

پەیوەندی نێوان جەنگاوەرانی ڕزگاری چیچان و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەهیچ کلۆجێک ڕوون نییە. چیچان دەوڵەتێکی بچوکە لە نێو ڕوسیای فیدراڵدا بەڵام چیچانییەکان خۆیان گەلێکی جەربەزەو تامەزرۆی سەربەخۆیین و ماوەیەکی دورودرێژ جەنگاون بۆئەوەی خۆیان لە فەرمانڕەوایی مۆسکۆ ڕزگاربکەن. ڕەگوڕیشەی ئەم کێشانەی ئەمڕۆی ئەو وڵاتە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم کاتێک ستالین لەوباوەڕەدابوو کە گەلی چیچان لایەنی نازییەکان دەگرن لەدژی ئەو. وەڵامی ستالین بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوە بوو کە هەموو میللەتەکەی بە زۆر ڕاپێچی کازاخستان کرد و لەوێش چەندەها هەزاریان لێمردن. ئەوانەش کە بەزیندویی مانەوە تەنها دوای مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٣دا توانیان بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان .

نارەزاییەکان دژی دەوڵەتی سۆڤییەتی هێوربوونەوە هەتا ئەوکاتەی کە یەکێتی سۆڤییەت هەرەسی هێنا لە ١٩٩١دا. جەوهەر دۆدایڤی سەرۆکی چیچان هەلەکەی قۆزتەوەو سەربەخۆیی ڕاگەیاند لە ڕوسیا، ئەمەش وای لە سەرۆک یەڵسن کرد کە هێزی چەکدارو هێزی هەوایی بهێنێتە سەریان. شەڕە یەک لەدوای یەکەکان تا ئابی ١٩٩٦ بەردەوامبوون، کاتێک یەڵسن پاشەکشەیکرد دوای لەدەستدانی زۆربەی ناووناوبانگی خۆی بۆ هەڵمەتێک کە وادیارە سەرنەکەوتو بووە. لێرەدا چیچان سەربەخۆبونەکەی ڕێگای پێدرا. ئەم شەڕانە بووبوونە هۆی زیانی گەورەی گیانی و ماڵی لەسەرتاسەری وڵاتدا و بیروبۆچونی خەڵکیشیان زیاتر بەهێز کردبوو لەدژی هەر دەستتێکەڵاوکردنێک لەگەڵ ڕوسیادا لەپاشەڕۆژدا .

ئەو ئاشتییە لەرزۆکە زۆری نەخایاند، چونکە لە ١٩٩٩دا چوار تەقینەوەی گەورە بینا نیشتەجێییەکانی ڕوسیای لەرزاند و بوونە هۆی کوژرانی نزیکەی ٣٠٠ کەس. هەر لە دەوروبەری هەمان ماوەدا یاخیبووە چیچانییەکان دەستێوەردانی سەربازییان لە دژی داگستانی نزیکیان پیادەدەکرد، بە ئومێدی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی. ئەم ڕوداوانە لەڕادەی پێویست زیاتر بیانویان دەدا بەدەست پوتینی سەرۆکی نوێی ڕوسیاوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوپاکەی ڕەوانەی ئەوێ بکاتەوە ، کە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی دووەم و ئەو داگیرکردنەی بەدواداهات کە هەتا ئێستاش بەردەوامە .

تاقمە تیرۆریستییە چیچانییەکان هەروەها بەئەنجامدانی ژمارەیەک مەرگەسات و پەلاماری دیکەش تاوانبارکراون. لە حوزەیرانی ١٩٩٥دا گروپێکی یاخییە چیچانییەکان دەستیانگرت بەسەر نەخۆشخانەیەکدا لە شارۆچکەی بودیۆنۆڤسکی باشوری ڕوسیا و ٢٠٠٠ کەسیان بەبارمتەگرت. ڕوسەکان دوو هەوڵی ڕزگارکردنی سەرنەکەوتویاندا بەڵام لەکۆتاییدا بەبارمتەگیراوەکان ئازادکران لەبەرانبەر کردنەوەی دەرویەکی سەلامەتدا کە لەوێوە یاخییەکان بتوانن بەرەو چیاکان هەڵبێن. لە کانونی دووەمی ١٩٩٦دا یاخییە چیچانییەکان دوبارە

دەستیانگرتەوە بەسەر نەخۆشخانەیەکدا، ئەمجارە لە داگستان. فرۆکەکانی ڕوسیا ئەو گوندەیان بۆردومان کرد کە زیاتر لە سەد بەبارمتەگیراوی تێدا یەخسیرکرابوو. لەماوەی چواررۆژ بۆردوماندا گەلێک کەسی بێتاوان گیانیان لەدەستدا. هەر لە کانونی دووەمی ١٩٩٦دا چەکدارە چیچانییەکان پاپۆڕێکی تورکییان ڕفاند کە پەیوەندی بە ڕوسیاوە هەبوو، هەر ١٦٥ سەرنشینەکەی و دەستەی پاپۆڕەکەشیان بە بارمتەگرت .

لەوانەش نوێتر چەکدارە چیچانییەکان بەوە تاوانبارکران کە لەپشت پلانگێڕانێکەوە بووبن بۆ غافڵکوژکردنی سەرۆک پۆتین لە کانونی دووەمی ٢٠٠١ دا لە ئازەربایجان. هەروەها گوناهباریش کران بۆ ئەو بۆمبەی کە لە ئایاری ٢٠٠٢دا لە نمایشێکی سەربازیدا لە کاسپییسک تەقییەوەو بووەهۆی کوژرانی ٤١ کەس کە ١٧ کەسیان منداڵ بوون. بەپێچەوانەشەوە، کاتێک هەموو جیهان زیاتر وشیاربووەوە لەو مەترسییەی کە تیرۆریستە چیچانییەکان پێکیانهێناوە کە ٥٠ کەس لەوان دەستیانگرت بەسەر شانۆیەکدا لە مۆسکۆ لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢داو ٧٠٠ کەسیان بەبارمتەگرت. لانی کەم ٧٠ کەس لەو تەماشاچیانە هاوڵاتی وڵاتانی دیکە بوون جگە لە ڕوسیا، هەربۆیە سەرنجێکی فراوانی میدیاکان و بەدواداچونێکی باشیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. سەرکردەی یاخییەکان لەو کارەدا مۆڤسار بارایڤی تەمەن ٢٣ ساڵی کوڕەزای سەرکردەی سەربازی ناووناوبانگ زراو ئاربی بارایڤ بوو. ئاربی بارایڤ کە هێزەکانی ڕوسیا لە حوزەیرانی ٢٠٠١دا کوشتیان خۆیشی لێپرسراوبوو بە ڕفاندن و سەرپەڕاندنی سێ کەسی بەریتانی و نیوزلەندییەک لە ساڵی ١٩٩٨دا .

ئەمڕۆ چیچان هێشتا هەر یەکێکە لە ترسناکترین وڵاتەکانی جیهان بۆ گەشتیارە بیانییەکان. خەڵک ڕفاندن، قاچاخچێتی چەک و بازرگانی کۆیلە زۆر باوە لە کاتێکدا کە سەرکردە سەربازییە جۆراوجۆرەکان وەکو مافیای ناوچەیی هەڵسوکەوت دەکەن. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە زۆربەی ئەم سەرکردە سەربازیانە زیاتر ئارەزویان لە کرداره بازرگانیە جاشایەتییەکانی خۆیانە وەک لە هەر کارێکی خۆبەختکارانە یان پاشەڕۆژێکی ئاینیانە بۆ وڵاتەکەیان. لەگەڵئەوەشدا ئەوانەش هەن کە ئومێدەوارن چیچان ببینن بوبێت بە دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕادیکاڵی و بەتەواویش خۆیان ئامادەکردووە بۆ بەکارهێنانی تاکتیکە تیرۆریستیەکان لە سەرتاسەری ناوچەکە و شوێنانی تریشدا لەپێناوی گەیشتن بەو ئامانجەدا. هەندێک لەم گروپانە بەوە ناسراون کە داهات لە لایەنە خێرخوازییە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان وەردەگرن سەرباری ئەوەی کە پشتگیری لۆجیستیکیشیان لەلایەن ڕێکخراوە ئیسلامییە چەکدارەکانی دیکەوە بۆدابینکراوە .

پەیوەندییەکی بێگرێ و گومان لەنێوان هەندێک سەرکردەی یاخی چیچانی و ئەلقاعیدەدا هەیە. بۆ نمونە، خەتابی سەرکردەی سەربازی چیچانی لە ئەردەن لەدایک بوەو وادیارە لەگەڵ ئوسامە بن لادن چاویان بەیەک کەوتووە لە ئەفغانستان لەکاتی داگیرکرانی ئەو وڵاتەدا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٨٩دا. بەپێی چەندەها ڕاپۆرت خەتاب، کە لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە چیچان کوژرا، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بن لادن گرێداوە. سەربەخۆیی چیچان زۆر بەتوندی لەلایەن ڕژێمی تالیبانەوە لە ئەفگانستان پشتیوانی لێدەکرا، کە ئەوەیش ڕژێمێکی دیکە بوو کە پەیوەندی پتەوەی بە ئەلقاعیدەوە هەبوو. ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی ڕوسیا پێ لەسەر ئەوەدادەگرن کە ئەلقاعیدە لەناو چیچاندا بونێکی بەهێزی هەیە، کە خۆی لە پشتگیری مەسەلەکەیان و دابینکردنی جەنگاوەرانی نوێدا دەبینێتەوە بۆ جێبەجێکردنی مەرامە نێودەوڵەتییەکانی.

# ٣.پەلامارە تیرۆریستییەکان

بەزۆری پەلامارە تیرۆریستییەکان دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە: لەناکاوو درێژخایەن. کارێکی لەناکاو وەک ئەوەی کە خۆتەقێنەرەوەیەکی حەماس خۆیدەکات بە پاسێکداو لەساتێکی دیاریکراودا بۆمبەکەی دەتەقێنێتەوە و خۆی و هەموو ئەوانەی کە لەدەوروبەرین دەکوژێت- لێرەدا کارە نەخشە بۆدانراوەکە ئاشکرابوو. کارێکی ڕفاندن کە چەندەها ڕۆژ دەخایەنێت دەکرێت وەک کارێکی درێژخایەن پۆلێن بکرێت .

ئەگەر سەیری ژمارە بکەین، ئەوانەی کە سەرقاڵی کاری دژە تیرۆریستین لەسەرتاسەری جیهاندا زۆر لەوانە زۆرترن کە لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا کاردەکەن. هێزەکانی حکومەت ژمارەی تیرۆریستەکان بەرزدەکەنەوە بەشێوەیەک کە یەک کەس دەکەن بە هەزاران، بەڵام شەڕەکەش نابەنەوە. لەڕاستیدا ئەگەر تۆ "بردنەوە" بە ژماردنی ژمارەی کوژراوەکانی هەردوولا پێناسە بکەیت، ئەوا هێزە ئاسایشییەکان زۆر لەدواوە تەپەیان دێت. لەیەکەم کارەکانی ڕفاندنی ساڵانی ١٩٦٠ەکانەوە تا دەگاتە پەلامارەکانی سەر ئەمریکا لە سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەزاران کاری توندوتیژییان نەخشە بۆداناوەو جێبەجێکردووە، خەرمانێکی ئەوەندە گەورەی کوژراوو بریندارییان لەسەریەک کەڵەکە کردووە کە ناکرێت بەووردی بخەملێنرێت.

هەندێک جار وادیارە کە تەنها وەڵامێک بۆ زۆر لەم کارەساتانە وتاری سیاسییە، کاتێک سیاسییەکان و سەرکردەکانی جیهان نەفرەت لە هەموو ئەو جۆرە مەرگەساتانە دەکەن. بەداخەوە زۆربەی ئەم قسە قۆڕانە هیچ جۆرە کردارێکی ڕاستەقینەی لەگەڵدا نییە. بۆ نمونە، حکومەتی بەریتانی لە ١ی ئازاری ٢٠٠١دا ڕایگەیاند کە بەنیازە گەلێک ڕێکخراوی بیانی قەدەغە بکات بەپێی یاسا دژە تیرۆرە نوێکەی. ئەم لیستە نوێیە ٢١ گروپی تیرۆریستی گرتبووە خۆی وەکو ڕێکخراوی جودایخوازی باسک، ETA، PKKی کوردی کە بنکەکەی لە تورکیایە وە گەریلاکانی پڵنگەکانی تامیل لە سریلانکا. هەروەها تۆڕی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادنیش لە لیستەکەدا بوو. لە ڕاستیدا ئەمە بەهیچ کلۆجێک کاریگەری نەبووە لەسەر بەرگرتن لە تیرۆریزم یاخود لەسەر بەرگرتن لە کوژرانی خەڵکانێکی هەرچی زیاتر ETA -هێشتا هەر کارە غافڵکوژییەکانی ئەنجامدەدا، حەماس هەر بەردەوامە لەسەر کارە خۆکوژییەکانی و ئوسامە بن لادن فەرمانی دەرکرد بۆ پەلامارەکانی سەر ئەمریکا. ڕاستە یاسا نوێیەکە هاندانی چالاکیە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوە بە نایاسایی ناساندو هەرکەسێک بەئاشکرا پشتیوانی لە ڕێکخراوێکی قەدەغەدکراو بکات، چ بە گوفتارو چ بە داهات کۆکردنەوە، دەتوانرێت دەستگیر بکرێت. لەڕاستیدا ڕەخنەی سیاسی قورساییەکی زۆرکەمی هەیە لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا .

بەزۆری پەلامارە تیرۆریستییەکان دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە: لەناکاوو درێژخایەن. کارێکی لەناکاو وەک ئەوەی کە خۆتەقێنەرەوەیەکی حەماس خۆیدەکات بە پاسێکداو لەساتێکی دیاریکراودا بۆمبەکەی دەتەقێنێتەوە و خۆی و هەموو ئەوانەی کە لەدەوروبەرین دەکوژێت- لێرەدا کارە نەخشە بۆدانراوەکە ئاشکرابوو. کارێکی ڕفاندن کە چەندەها ڕۆژ دەخایەنێت دەکرێت وەک کارێکی درێژخایەن پۆلێن بکرێت. شتێکی گرنگە کە دەرک بەو جیاوازییە بکەیت چونکە دەرەنجامەکان دەکرێت بەتەواوی جیاوازبن. تاڕادەیەکی زۆر ئەستەمە بتوانرێت بەر لە ڕودانی هیچ کام لەو کارانە بگیرێت، بەڵام کاری درێژخایەن کات دەدات بەدەست دەسەڵاتدارانەوە کە تێیدا هەلومەرجەکە هەڵبسەنگێنن و پەرچەکردار بگرنە بەر. بە بەرانبەر کردنیان، کارە تیرۆریستییە لەناکاوەکان بەشێوەیەکی گشتی توندوتیژترن، لەکاتێکدا کارێکی ڕفاندن یان دەستبەسەراگرتنی باڵیۆزخانەیەک بەشێوەیەکی ئاسایی کەمتر قوربانی لێدەکەوێتەوە .

ئەو سەرنجڕاکێشانی میدیایەی کە لە کارێکی درێژخایەن دەکەوێتەوە زۆر گەورەترە لەوەی کە لە کارێکی کوتوپڕ دەکەوێتەوە. ڕێکخراوە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان ئەمە دەزانن و، لە ئەنجامی ئەوەوە، بڕیار لەسەر جۆری ئەو کارە دەدەن کە بەهیوان ئەنجامی بدەن. ئەگەرچی هەموو کارە خۆکوژییەکانی حەماس تۆقێنەرن، ئەوەندەمان لەو کارانە بینیوە زۆر سەختە بۆ خەڵکی شوێنەکانی دیکەی جیهان کە لەیەکیان جودا بکەنەوە. لەبەرئەوە لەکاتێکدا کە ستراتیجیەتێکی لەو جۆرە لەوانەیە کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر خەڵکی تەلئەبیب، بەڵام زۆربەی کاریگەری خۆی لەسەر میدیاکانی جیهان لەدەستدەدا. بەبەرانبەرکردن، لەکاتی دەستبەسەراگرتن و ئابڵۆقەدانی باڵیۆزخانەی یابانیدا لە پیرۆ، ئەو ژمارە باڵیۆزە بیانییەی کە بەبارمتەگیرابون ناووناوبانگێکی درێژخایەنیان بۆ MRTA دابینکرد .

ئەو نمونانەی کە لەمەودوا دەیانبینین بەپێی بەروار ڕێکخراون و جێگای سەرنجیشە کە تێبینی ئەوە بکەین چۆن کارە لێکجیاوازەکان کۆتایی هاتون، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە دێتە سەر ژماردنی زەرەری گیانی. هەروەها

جێگای سەرنجیشە کە تێبینی ئەوە بکەین کە چۆن تیرۆریستێک لە بەبارمتەگرتنی خەڵکەوە بووە بە پیاوکوژ؛ ئەمە بەتایبەتی ڕاستە لەو کارەساتانەدا کە لەلایەن کەسە خۆتەقێنەرەوەکانەوە ئەنجامدەدرێن. نمونەکان هەندێک تێگەیشتنمان دەدەنێ دەربارەی ئەوەی کە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەئاواتەوەن بەدەستیبهێنن. بۆ ئەوەی ئەم ڕوداوانە لە شوێنی شیاوی خۆیاندا دابنێین، گرنگە کە بتوانین ئەوە بناسینەوەو پێناسەی بکەین کە چی وە کێ دەبێتە هۆی ڕودانی پەلامارێکی تیرۆریستی، وەکو یەکەم نمونە دەریدەخات.

## فڕگەی بەیروت- ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٦٨

کاتژمێر ٢٠:٣٧ ی ٢٨ی کانونی یەکەمی ١٩٦٨ ، ژمارەیەک هەلیکۆپتەر کە جمەیاندەهات لە هێزی پەڕەشوت هەستان- ئامانجیان فڕگەی بەیروت بوو. لەبەرئەوەی کە فڕگەی نێودەوڵەتی بەیروت دەکەوێتە باشوری شارەوە هەروا دوو میلێک دوورە لە دەریاوە، وە نزیکەی ٩٠ کیلۆمەتر (٥٥ میل) لە باکوری سنوری ئیسرائیل- لوبنانەوە، کاتی فڕین بە نزیکەی ٤٥ خولەک خەمڵێنرا بوو. لە ساڵی ١٩٦٨دا فڕگەکە لە دوو ڕێگای فڕۆکە هەستان پێکهاتبوو کە وەک مقەست یەکتریان دەبڕی، بە ئاراستەی باکور-باشور. لەنێوانی هەردوو دەرچەکەدا شوێنی هاتوچۆی گەشتیارەکان و لەبەردەمیشیدا ناوچەیەکی چۆڵ هەبوو. لە سوچەکانی باکوری خۆرهەڵات و باشوری خۆرئاوای ڕێگاکاندا شوێنی فڕۆکە مۆڵاندن هەبوو، ناوچەیەک بۆ ڕاوەستان و چاککردنەوەی فڕۆکەکان. لە باشوری شوێنی هاتوچۆکەدا باڵی هەمیشە ئامادەی خزمەتە لەناکاوەکانی فڕگەکە بوو، کە لەوێدا وێستگەی ئاگرکوژاندنەوەو یەکەی فریاکەوتنی سەرەتایی جێگیرکرابوو .

هەریەکێک لە هەلیکۆپتەرەکان تیپێکی پسپۆڕی زۆرچاک مەشقپێکراوی بواری تەقینەوەی تێدا بوو. ئامانجیان تێکوپێکدرانی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری فڕۆکەی مەدەنی بوو .

ئاسایشی فڕگەکە لە دەوروبەری نەوەد پیاوی ئاسایش پێکهاتبوو کە بەشێوەیەکی سەرەکی چەکەکانیان چەکی سوکی دەستی بوو. پشتگیری بۆ کارەساتی کوتوپڕی ڕاستەقینە لە لایەن تیپێکی کۆماندۆی سوپای لوبنانییەوە دابینەکرا کە ٣ کیلۆمەتر لەوێوە دووربوو. کۆمەکی زیاتریش لەلایەن پۆلیسی شاری بەیروتەوە دابینەکرا، ئەگەرچی ئەوان بەلانی کەمەوە ٣٠ خولەکیان دەویست بۆ ئەوەی بگەنە فڕگەکە .

پلانەکە بۆ ئەو کارمەندانەی ئاسایش دانرابوو کە بەرەنگاریان دەبونەوە لە کاتێکدا لە ئەرکدا بوون بۆ ئەوەی کە کۆنترۆڵ بکرێت بەسەریاندا لەکاتێکدا کە هێزی گەورەی سەربازی و پۆلیس پێشیانلێدەگیرا لەوەی کە لە فڕگەکە نزیک بینەوە. ئامانجی دووەمیان لەلایەن هەلیکۆپتەرەکانەوە بەجێهێنرابوو، چونکە هەر یەکسەر دوای هەڵڕشتنی سەربازەکان لەمەیدانی فڕگەکەدا ڕوویانکردە ئەو ڕێگایانەی کە بەرەو فڕگەکە دەهاتن و بزماریان بەسەردا ڕشت و دوکەڵیان بڵاوکردەوە. چەندەها ئۆتۆمۆبێلی سەربازی لە کۆتاییدا هەوڵیاندا کە ئەم بەربەستە بشکێنن و ڕێگایەک بۆخۆیان بکەنەوە بەڵام تەنها ئەوەیان بەدەستهێنا کە لە سەرەوە لەلایەن هەلیکۆپتەرەکانەوە ئاگرباران بکرێن .

لەکاتێکدا کە هەر بەرەنگارییەکی ڕاستەقینە خرابووە کونەوە هێزە پیادەبووەکان دەستیانکرد بە بەستنی هۆکاری تەقینەوە بە ژمارەیەکی هەرچی زیاتری فڕۆکەوە کە لە مەیدانی فڕگەکەدا ڕاوەستێنرابوون. تەقوتۆقی پچڕپچڕ لەسەرتاسەری مەیدانی فڕگەکەدا دەبیسترا. زۆربەی ئەو تەقانە گوللەی ئاگادارکردنەوە بوون بۆ ترساندن و دورخستنەوەی کرێکارە مەدەنییە خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکەکان. کۆی ١٤ فڕۆکە، کە زۆربەیان سەر بە هێڵە هەواییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەند (MEA) بوون تێکوپێکدرانن کە تێچونەکەیان بە ٤٢ ملیۆن دۆلار مەزەندە کراوە[٢١] .

---

[21] نوسەر لە بەشی یەکەمدا بەکورتی باسی ئەم ڕوداوەی کردووە، ژمارەی فڕۆکەکان و هەندێک زانیاری دیکە کەمێک جیاوازییان هەیە لەم دوو گێڕانەوەیەدا. و.

ئەوانەی کە لێپرسراوبوون بەرانبەر بەم دەستدرێژییە ( یاخود ئەم کارە تیرۆریستییە هەروەک گەلێک حکومەتی خۆرئاوایی لەکاتی خۆیدا ناویان لێنا) سوپای ئیسرائیل بوو. ئەمە کاری تۆڵەسێنی ئەوان بوو بۆ دەستدرێژییەکی PFLP بۆ سەر فڕۆکەیەکی E1A1 لە فڕگەی ئەسینا پێشتر لەهەمانساڵدا. ئایا ئەمە بە کارێکی تۆڵەسێنی پاساودراو پێناسەدەکرێت یان بە تیرۆریزمی دەوڵەت؟

## مەیدانی داوسن- ٦ی سێپتەمبەری ١٩٧٠

گومانی تێدانییە کە تەکنیکەکانی فڕۆکە ڕفاندن پەیامی سەردەمێکی نوێی پێبوو بۆ کارە تیرۆریستییەکان. ئەو تەکنیکانە نوێ، داهێنەرانە، نێودەوڵەتی بوون و سەرنجێکی زۆرچاکی بەدواداچونی میدیاکانیشیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا. هەروەکو فلیمە سینەماییەکان، ئەستێرەی خۆی بەرهەمدەهێنا ، کە گەلێک هەرزەکارو گەنجی خوێنگەرم شانازییان پێوەدەکەن و حەزدەکەن چاویانلێبکەن. لەیلا خالیدی کچە تیرۆریستی فەلەستینی یەکێکە لەو نمونانە .

لەیلا کچێکی جوانی، قژ ڕەشی زیرەک بوو تەمەنی لە بیستەکاندا بوو. کاریزماو کەسایەتییە ئەفسوناویەکەی و سەرکەوتوییەکەی ئەو ژنە گەنجەی کرد بە ئەفسانەیەکی میللی و گەنجە فەلەستینی و عەرەبەکان شانازییان پێوەدەکرد و دەیانپەرست. ئەو لە کوەیت مامۆستا بووبوو، وە هەروەک حەداد و حەبەش لەوە پێش، لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت خوێندبووی. ئەو تەنها تەمەنی چوارساڵان بووبوو کە خێزانەکەی لە فەلەستین وەدەرنرابوون. کاتێک چەندەها ساڵ لەوەدوا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکرا، ووتی: " وەکو هەموو فەلەستینییەکانی تر، خوێندن تەنها یارمەتیداوم کە دەرک بەوە بکەم لەدەستدانی فەلەستین چی دەگەیەنێت."

لەیلا یەکێک دەبوو لە ئەندامانی ئەو گروپەی کە فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی بۆینگ ٧٠٧ یان دەرفاند کە بەڕێوە بوو بەرەو نیۆرک. ئەو فڕۆکەیە لە تەلئەبیبەوە هەستابوو بە ئەمستردامدا تێدەپەڕی. ئەو دەبوایە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەو سەرەکی بگێڕایە لە سیناریۆی فڕۆکە ڕفاندنێکی گەورەدا کە گەلێک وڵات و حکومەتی تێوەگلا .

پلانە بنچینەییەکە وادەردەخات کە دەبوایە لانی کەم پێنج تیرۆریستیان بناردایە بۆ ڕفاندنی بۆینگ .E1A1 حەداد لەیلای هەڵبژارد کە بووبوو بە ڕفێنەرێکی زۆر سەرکەوتوو هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە ئەو سور بوو لەسەر هاشاوڵبردن بۆ فڕۆکەی بەتوندی پارێزگاریکراوی هێڵی هەوایی ئیسرائیلی. حەداد تاکە وێنەی پلانەکانی فڕینی فڕۆکەکەی دایەدەست لەیلا کە هەموو ئەو شوێنانەی تێدا دیاریکرابوو کە فڕۆکەکە پێیدا تێدەپەڕی. دەبوایە هەر پێنج تیرۆریستەکە لە فڕگەی ئەمستردام یەکتریان ببینیایە .

بۆ بەدبەختییان، لە ئەمستردام گومانی کارمەندانی فڕگەکە تەواو گڕیگرت کاتێک سێ کەس لە ڕفێنەرەکان، کە خۆیان بە گەشتکەر نیشاندابوو، هەوڵیاندا کە پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە کورسییە پلە یەکەکانیان دەبێت لەنزیک بەشی پێشەوەی فڕۆکەکەوە بێت هەر لە نزیک هۆبەی فڕۆکەوانەکەوە. کارمەندانی فڕگەکە لێیان کەوتنە گومان و ڕازینەبوون کە ڕێگایانبدەن سواری ئەو فڕۆکەیە ببن. تیرۆریستەکان لە پەستی و بێتاقەتیدا لەیلا و پاتریک ئەرگیولۆی هاوکاریان، کە لە هۆبەیەکی تردا چاوەڕوانیان دەکرد، لەو گێژاوە ئاگادارنەکردەوە کە تێیکەوتبون. کاتێک دوا بانگەوازکرا بۆ هەموو ئەو سەرنشینانەی کە بە هێڵی هەوایی E1A1 گەشت دەکەن، لەیلاو هاوکاری پلانگێڕانەکەی بەرەو فڕۆکەکە کەوتنە ڕێ، ئاگایان لەوە نەبوو کە ڕفێنەرەکانی تر ڕێگایان پێنەدراوە سەربکەون. لەیلاو هاوڕێ پیاوەکەی لە فڕۆکەکەدا پێکەوە دانیشتن بەڵام بەیەکەوە قسەیان نەدەکردو وادیارنەبوو کە یەکتر دەناسن. لە قۆناغێکدا دەبێت زانیبێتیان کە هەر خۆیانن، ئەگەرچی وایانپێوەدیاربوو کە بڕیاریانداببێت بەردەوامبن لەسەر کارەکەیان .

دە خولەک دوای هەستان، کاتێک فڕۆکەکە بەسەر دەریای باکوردا دەفڕی، لەیلاو ئەرگیولۆ لە کورسیەکانیانەوە دەرپەڕین و هەڕەشەیان لە هەر ١٤٥ سەرنشینەکەو دەستەی فڕۆکەکەش کرد. لەیلا هەردودەستی بەبەرزییەوە ڕادەوەشاند و دوو نارنجۆکی نیشاندەدان، لەکاتێکدا ئەرگیولۆ لولەی دەمانچە ٠،٢٢ ەکەی ئاراستەی سەرنشینە تۆقیوەکان دەکرد. دوای ئەوە ئەرگیولۆ بەرەو هۆبەی فڕین کەوتە ڕێ. کاتێک فەرمانی دەدا بە کچە

کارگوزارێک کە دەرگاکە بکاتەوە، لەلایەن مارشاڵێکی ئاسمانییەوە بەریلێگیراو تەقەی لێکراو پێکرا. کاتێک لەیلا خالید بەرەو هۆبەی پلە یەکی فڕۆکەکە پێشڕەویکرد، کوڕێکی گەنجی نەناسراو، پێدەچێت پاسەوانێکی ئاسایش بووبێت، چەکیکرد. باوەشی پێداکردو هەردوو ئانیشکی گرت و دای بەزەویدا. دوای ئەوەش هەردوو دەستی و هەردوو قاچی بە بۆینباخی پیاوێک بەست بەیەکەوە .

پلانەکە پەکیکەوت بەهۆی ئازایی دەستەی فڕۆکەکەو ئەو ڕاستییەش کە هەموو فڕۆکەکانی E1A1 مارشاڵی ئاسمانی کارامەیان لەگەڵدایە. تیرۆریستە پیاوەکە، پاتریک ئەرگیولۆ، ٣٠ خولەک دوای ئەوەی کە پێکرا مرد. کارگوزارێک کە پێشتر هەوڵیدا بەرپێبگرێت و سێ گوللە بووبوو بە گەدەیەوە، بەرەو چاکبوونەوەیەکی باش ڕۆیشت. چونکە ئەو شەڕە تەقەیە لەسەر دەریای باکور ڕویدابوو، فڕۆکەوانەکە بە ڕادیۆ داوای نیشتنەوەیەکی ناچاری کردبوو لە فڕگەی هیسرۆ .[22] کاتێک فڕۆکەکە بەسەر ئینگلتەرەدا دەفڕی، ئامادەباشییەکی تەواوو هەمەلایەنەی پۆلیس خرابووە گەڕ .

لەگەڵ نیشتنەوەی فڕۆکەکەدا لە هیسرۆ ئەندامێکی دەستەی فڕۆکەکە خۆیدەرخست کە نارنجۆکێکی بەدەستەوە بوو. کاتێک هەموو واقیانوڕمابوو، بە قیرەکەدا ڕایکرد و بە ئەمینی لە شوێنێک توڕیدا کە مەترسی نەبێت بۆ کەس. ئەمە نمایشی خۆدەرخستنی ئازایی نەبوو، بەڵکو دەرزی نارنجۆکەکە لە کاتی کێشمەکێشەکەدا دەرهاتبوو بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێت نەتەقیبووەوە. لەگەڵئەوەشدا کە فڕۆکەکە لە فڕگەی هیسرۆی لەندەن نیشتبووەوە، ئیسرائیلییەکان ڕازینەبوون کە لەیلا تەسلیم بکەن چونکە لە ئیسرائیل لەسەر تاوانی دیکە داوای لەسەر بوو. پۆلیس بەپێچەوانەوە بیریکردەوە، وە وەبیری ئیسرائیلییەکانی هێنایەوە کە ئەوان لەسەر خاکی بەریتانین. لەئەنجامدا کێشەکە چارەسەرکرا، بەوەی کە ئیسرائیلییەکان ڕازیبوون، تاڕادەیەکیش بە ناچاری، کە لەیلا خالید تەسلیم بکەن. یەکسەر کە چووە ژێردەستی پۆلیسەوە، گوێزرایەوە بۆ بنکەی پۆلیسی وێست درەیتۆن لە میدڵسێکس، کە لەوێ پۆلیس دەربارەی پاتریک ئەرگیولۆ کە لاشەکەی لە فڕۆکەکە هێنرابووە خوارەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵکرد. لەیلا وەڵامی دایەوە کە ئەو نازانێت کێیە؛ بەوەی کە یەکەم دیداریان لەنێو فڕۆکەکەدا بووە پێش کرداری ڕفاندنەکە .

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە ئەنجامدا بەتاوانی هاتنە ناو بەریتانیاوە بە نایاسایی تاوانباریانکرد. هەرچەندە لەیلا خالید هیچ نیشانەیەکی تایبەتی ترس و بێتاقەتی پێوەدیارنەبوو لەسەر یەخسیرکرانەکەی، متمانەی تەواوی بەو ڕاستییە هەبوو کە وەدیع حەداد بەهەرشێوەیەک بێت ئازادی دەکات. ئەگەر ئێمە باوەڕ بە قسەوقسەڵۆکی ئەو کاتە بکەین، لەیلا زۆربەی کاتی بە دەرسدادانی کارمەندە پۆلیسە ژنەکان بەسەربردووە، کە هەمیشە بۆ هەمو شوێنێک لەگەڵی بوون، دەربارەی بەختەوەرییەکانی مارکسیزم. دواتریش تەنانەت کە ئەم شانۆگەرییەش لە ئینگلتەرە پەردەی لەسەر لادرا، PFLPهێشتا هەر بە ئاسمانی ئەوروپاوە سەرقاڵ بوون .

یەکەم خورپە لە ٦ی سێپتەمبەری ١٩٧٠دا بوو، کاتێک فڕۆکەیەکی ئەمریکی جۆری بۆینگ ٧٠٧ ی TWA ، کە ١٤٥ سەرنشین و دە کەسی دەستەی فڕۆکەکەی هەڵگرتبوو، لە فرانکفۆرتەوە بەرەو نیۆرک هەستا. کاتێک فڕۆکەکە بەسەر کەنارەکانی فەرەنسادا تێدەپەڕی، دەستەی فڕۆکەکە لەلایەن چەندەها ڕفێنەرەوە هەڕەشەیانلێکرا و فڕۆکەوانەکەیان ناچارکرد بەرەو خۆرهەڵاتی ناوەند بفڕێت. لەکاتی گەشتەکەدا فڕۆکەوانەکە ئاگادارکرایەوە کە دەبێت لە زەمانەیەکی پاککراوەی بیاباندا لە ئەردەن بنیشێتەوە. ئەو ناوچەیە ناوی مەیدانی داوسن بوو. ئەم مەیدانە هەواییە بەریتانییە کۆنە دواجار لە ١٩٤٧دا بەکارهاتبوو، وەناوەکەشی لە سەرکردەی هەوایی مارشاڵ سێر واڵتەر داوسنەوە وەرگرتبوو. لە ١٩٧٠دا تەنها تۆزێک لە زەمانەیەکی زەوی تەختی ناڕێکوپێکی پیس باشتر بوو، وە نیشتنەوەی فڕۆکەیەکی بازرگانی هێڵی هەوایی بەبێ هیچ گومانێک زۆر زۆر ترسناک دەبێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، مەیدانی داوسن بەشێک بوو لە پلانە گشتییەکەی حەداد و بەمجۆرە فڕۆکەوانەکە هیچ بوارێکی دیکەی بۆ نەهێڵرابوەوە .

---

[22] فرگەی هیسرۆ Heathrow گەورەترین فرگەی نێو دەوڵەتی بەریتانیایە و لە لەندەنە.

بەدوای ئەودا فڕۆکەیەکی هێڵی هەوایی سویسری جۆری DC8 بوو کە لە زیوریخەوە بەرەو نیۆرک دەفڕی بە ١٤٠ سەرنشین و دەستەیەکی دوازدە کەسییەوە. ئەم فڕۆکەیە لە کاتێکدا ڕفێنرا کە بەسەر ناوەندی فەرەنسادا تێدەپەڕی، وە هەروەک فڕۆکەکەی TWA ، فڕۆکەوانەکە فەرمانپێدرا کە بەرەو زمانەی بیابانی مەیدانی داوسن بکشێت. فڕۆکەوانی سویسێر زۆر بەخەمەوە بوو و چەندجارێک تێپەڕی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی شوێنی نیشتنەوەکە. زمانەی نیشتنەوەکە لە بارێکی خراپدا بوو نیشتنەوە مەترسیدار دەبوو، لەگەڵ بواری تێکشکانێکی تەواودا ئەگەر لەبەرزییەوە بنیشێتەوە. لەڕاستیدا لەژێر نێزەی تفەنگدا، فڕۆکەوانەکە بەوریاییەوە هەوڵیدا بە هۆی داگرتنی کلکی فڕۆکەکەوە بەتەواوی بۆ خوارەوە بنیشێتەوە و لە کۆتاییدا فڕۆکەکە لەپڕ هەڵبەزهەڵبەزێکی کردو بەدرێژایی ڕوی زەوییە زبرەکە خشا بەرلەوەی ڕابوەستێت .

سێیەم فڕۆکە کە ڕفێنرا فڕۆکەیەکی پان ئەمێریکان ٧٤٧ جەمبۆ جێت بوو کە هەمدیس ئەمیش بەرەو نیۆرک دەفڕی. ئەمجارە گەشتەکە لە ئەمستردامەوە دەستپێکرد و لەلایەن ئەو سێ کەسەی PFLP یەوە ڕفێنرا کە لە گەشتەکەی E1A1 دەرکران کە لەیلا خالید هەوڵیدا بیڕفێنێت. دوای ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەو سێ کەسە هیچیان ناتوانن ڕێنیشانی فڕۆکەوانەکە بدەن و بەرەو مەیدانی داوسن ئاراستەی بکەن چونکە لەشوێنێکی ئەوەندە دوور بوو. لە نائومێدیدا فەرمانیان بە فڕۆکەکەدا بەرەو بەیروت بفڕێت، کە لەوێ ڕێگای پێدرا سوتەمەنی تێبکاتەوە. بۆ ڕۆژی دوایی ڕفێنەرەکان فڕۆکەکەیان ناچارکرد کە هەستێت و بەرەو قاهیرە بفڕێت، کە لەوێ هەر ١٧٠ سەرنشینەکەو دەستەی فڕۆکەکە بە سەلامەتی ئازادکران. ئەو ساتەی کە فڕۆکەکە چۆڵبوو، ڕفێنەرەکان وایەری مادە تەقینەوەکانیان لێبەست و تەقاندیانەوە و کردیان بە خڕخاڵ. ئەم هەڵسوکەوتەی دوایی ئاگادارییەکی ڕاستەوخۆی نارد بۆ نزیکەی هەموو هێڵە هەواییەکان و گەشتکەران لە ئەوروپاو خۆرهەڵاتی ناوەند- گەشتی هەوایی خەریکە ترسناک دەبێت .

لەم نێوەدا لە مەیدانی داوسن PFLP زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە سەرنشین و دەستەی فڕۆکەیان بە بارمتە گرتبوو. بەهۆی نەبونی یەکەی دابینکردنی کارەبای سەرەکییەوە، گوزەرانی خراپ لەناو فڕۆکە ڕفێنراوەکاندا گەیشتبووە ڕادەی ئەوپەڕی ناخۆشی. بەڕۆژ گەرما تەواو تەنگی پێهەڵدەچنین لەکاتێکدا بەشەو پلەی گەرما بەتەواوی دەهاتە ژێرسفرەوە. سوپای ئەردەن چواردە هەلیکۆپتەری پڕ لە سەربازی نارد بەڵام سودێکی زۆر کەمیان هەبوو، وە لە ئابلۆقەدانی مەیدانی داوسن بەولاوە شتێکی دیکەیان پێنەدەکرا. هەر پەرچەکردارێک لەلایەن سوپای ئەردەنەوە دەبووە هۆی ئەوەی کە کە گەریلاکانی PFLP کاری پەلاماردەرانە لەدژی بەبارمتەگیراوەکان ئەنجامبدەن PFLP .ئەندامەکانی خۆی لە ڕێگای ئۆردوگاکانی نێو ئەردەنەوە پشتقایم و بەهێزکردبووەوەو بەتەواوی ئەوەی ڕوونکردبووەوە کە هیچ بەبارمتەگیراوێک ئازاد ناکەن تا لەیلا خالید و شەش زیندانیی فەلەستینی دیکە ئازاد نەکرێن. سێ کەس لەو زیندانییانە لە ئەڵمانیا بوون و سیانەکەی دیکەشیان لە بەندیخانەکانی سویسرادا بوون، ئەوانەی دواییان یەکی دوانزدە ساڵ فەرمانی زیندانیکرانیان بەسەردا درابوو لەئەنجامی هەوڵێکی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی ٧٠٧ دا لە ١٩٦٩دا لە زیوریخ .

فەلەستینییەکان هۆشدارییان دایە حکومەتی بەریتانی کە بەوریاییەوە بڕوانێتە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ لەیلا خالیددا، وە ڕایانگەیاند کە ئەگەر شتێکی بەسەربێت تۆڵە دەسێننەوە. بۆئەوەی ئەوپەڕی ناوبانگ و دەنگدانەوە بۆ مەسەلەکەیان دابین بکەن، PFLPڕێگەیاندا کە ڕۆژنامەکان سەردانی مەیدانی داوسن بکەن و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی سازبکەن. ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەنوسییە بواری قسەکردنیشی لەگەڵ هەندێک لەگیراوەکاندا ڕەخساند. هەروەها ئەو زمانە زەوییەی کە بۆ نیشتنەوەو هەستانی فڕۆکە بەکاردەهات لەو بیابانەدا ناوی گۆڕرا بۆ "مەیدانی شۆڕش". زۆربەی سەرنشینەکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە لەلایەن دەستگیرکەرانیانەوە مامەڵەی باشیان لەگەڵداکراوە، لەگەڵئەوەشدا کە خواردن و ئاو گەورەترین کێشەیان بووە. دەقگرتن بەهۆی وەرزش نەکردن و بێزاربوون لە دانیشتن لە کورسییەکانیاندا بەدرێژایی ڕۆژ کێشەیەکی تر بوو، بەڵام زۆریان دەیانوت کە شەوانە ڕێگایانداون پیاسەیەکی کورت بکەن .

له بەریتانیاش، ئێدوارد هیس، سەرەک وەزیرانی تازەهەڵبژێردراو کەوتبووە هەڵوێستێکی ئاڵۆزەوەو نەیدەزانی بڕیاری چی بدات دەربارەی هەڵسوکەوت لەگەڵ لەیلادا. ئەم مەسەلەیە هەروا نەمایەوە کاتێک فڕۆکەیەکی جۆری BOAC VC10کە لە بەحرەینەوە بەرەو بەیروت بە ١١٥ سەرنشینەوە دەفڕی، بیستوپێنج کەس لە سەرنشینەکان منداڵ بوون، لەکاتی فڕینیدا بەسەر کەنداودا ڕفێنرا. دوای ئەوەی لە بەیروت سوتەمەنی وەرگرت لەگەڵ دوو فڕۆکە ڕفێنراوەکەی دیکە یەکیگرتەوە لە مەیدانی داوسن. ڕفێنەرەکان ناوی VC10 یان گۆڕی بۆ "لەیلا "و کێسێک ویسکییان نارد بۆ سەرنشینەکان بۆئەوەی بەوبۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕن. ئیسرائیلییەکان لەترسی ئەوەی نەوەک بەریتانییەکان مل بۆ داواکانی PFLP بدەن داوایان لە بەریتانییەکان کرد کە لەیلا خالید "بەشێوەیەکی کاتی دەستگیربکەن" و سنورداشی بکەنەوە. حکومەتی بەریتانی کەوتە تەنگەشەیەکی زۆر خراپەوە لەنێوان داواکارییە هەنوکەیی و ئاشکرا مرۆڤایەتییەکانی سەلامەتی بەبارمتەگیراوەکان و ملدان بۆ تیرۆریستاندا. هیس لەلایەن داواکاری گشتی و پارێزەری گشتییەوە ڕێنومایی کرا کە چونکە ئەو تاوانەی کە لەیلا خالید ئەنجامیداوە لە بوارێکی هەوایی نەزانراودا ئەنجامدراوەو بەمجۆرە لەبواری هەوایی بەریتانیدا ئەنجامنەدراوە، دەسەڵاتداران تووشی هەندێک تەنگوچەڵەمە دەبن لە سەلماندنی داوایەکی دادگادا بەسەریدا.
کاتێک حکومەتەکەی هیس لە کێشەی دۆزینەوەی وەڵامێکدا بوو بۆ ئەو کێشەیە، PFLPترس و دڵەڕاوکێی حکومەتی بەریتانی ئەوەندەی تر بەهێزکرد بە تەقاندنەوەی هەرسێ فڕۆکەکە لە مەیدانی داوسن. ئەمەش بەبەرچاوی هەموو میدیاکانەوە ئەنجامدرا کە لەوێ گردبووبوونەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕاپۆرتە هەواڵییەکان شەپۆلی ترس بۆ هەموو لایەکی جیهان دەنێرن. دوای ئەوە بەبارمتەگیراوەکان لەژێرپاراستنی چەکدارەکانی PFLP و خاچی سوردا گوێزرانەوە بۆ چەند ئوتێلێک کە دەکەونە نێوان عەممان و باکوری ئەردەنەوە. چونکە بەبارمتەگیراوەکان لە چەندەها وڵاتی جۆراوجۆرەوە هاتبوون، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بەهەموولایەکدا پەلیانکێشا. دەوڵەتە سەرەکییەکانی کە لەو کێشەیەدا پشکداربوون ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەڵمانیای خۆرئاوا، سویسرا و بەریتانیای گەورە بوون، هەریەکەش نوێنەرێکی نارد بۆ واشنگتن بۆئەوەی کە مشتومڕ لەسەر ئەگەرەکانیان بکەن .
یەکەمجار سویسرییەکان سەریان نەویکرد و ملیاندا بۆ داواکانی PFLP . دوای ئەوە بەریتانیا هەڕەشەنامەیەکی پێگەیشت کە تێیدا هاتبوو ئەگەر لەیلا خالید تا پێنجشەممەی ١٠ی سێپتەمبەر، کاتژمێر ٣:٠٠ ی سەرلەبەیانی بەکاتی هاوینەی بەریتانیا ئازاد نەکرێت ئەوا هەموو بەبارمتەگیراوە بەریتانییەکان دەکوژرێن. ئێدوارد هیس بڕیاریدا کە سەلامەتترین ڕێبازی کارکردن کە لەپێناوی پاراستنی بەبارمتەگیراوە بەریتانییەکاندا بگیرێتە بەر ئازادکردنی لەیلا خالیدە. یەکسەر لەیلا لە بنکەی پۆلیسی وێست درەیتنەوە گوێزرایەوە بۆ بنکەی پۆلیسی ئیلێنگ، کە کرابوو بە قەڵایەکی چوار قاتی بەقایمی و بەچەکدار پارێزراو لەترسی ئەوەی نەوەک خەڵک بیکوژن. ڕۆژی دواتر کرایە نێو فڕۆکەیەکی RAF ەوەو بەرەو بەیروت ڕەوانەکرا. لەڕێگایدا بەرەو بەیروت، فڕۆکەکە لە سویسراو ئەڵمانیا لایدا بۆئەوەی شەش تیرۆریستەکەی دیکە هەڵبگرێت و مامەڵەکە تەواو بکەن. لەکۆتاییدا تیرۆریستەکان هەرچییەکیان خواستبوو بۆیان برایە سەر، ئەو دڕندەییەی کە لێیان چاوەڕواندەکرا لەپشت ئەنجامە سەرکەوتووەکانیانەوە بوو. نەخشە پسپۆڕانەکانی حەداد و جێبەجێکردنی ئەو نەخشانە لەلایەن PFLP ەوە سەرمەشقی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی تر شکاندو فڕۆکە ڕفاندن بوو بە چەکی تیرۆریستیی سەردەم.

## میونیخ- سێپتەمبەری ١٩٧٢

لەزووەوەو تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە گروپە فەلەستینییەکانی فەتح پەلاماری ئیسرائیلییەکانیان داوە. ئەوان پاسیان دەتەقاندەوەو بە شەلم کوێرم ناپارێزم بۆمبیان هەڵدەدا، کە دەبووە هۆی کوشتن، کەمئەندامکردن و ترساندن و تۆقاندنی دانیشتوانی ئیسرائیل. ئیسرائیلییەکان بەتوندی وەڵامیان دەدایەوە، بەڵام سەرباری چەندەها هەوڵدان، نەیانتوانی دەستیانبگاتە سەرکردە تیرۆیستییەکان، کە زۆریان بەرەو ئەردەن ڕایانکردبوو کە

لەوێ شا حسەین خانەولانەو و بنکەیەکی بۆ دابینکردبوون کە لەوێوە بجەنگن. ئەمە سەلمێندرا کە هەڵەیەک بووە لەلایەن فەرمانڕەوای ئەردەنەوە ئەنجامدراوە. بوونی فەلەستینیەکان لەوێ بەزووی گەشەی کرد و بوو بە هێزێکی سەرەکی لە وڵاتدا، بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە خۆیان کرد بە کۆمەڵێکی نەخوازراوو بێزراو لەناو خەڵکدا. فەتح هیچ گوێی نەدایە دواکانی ئەردەن بۆ ئەوەی کە وازبهێنن، ئەمە گەیشتە ڕادەیەک کە شا خۆی لەلایەن سوپاکەیەوە فشاری بۆهێنرا کە هەڵوێست وەربگرێت. چونکە دەسەڵاتەکەی کەوتبووە مەترسییەوە، شا حسەین لە ئەنجامدا ڕازیبوو کە جەنگاوەرە بەدەوییەکانی بنێرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی فەلەستینییەکان؛ ئەوەش گۆمی خوێنی لێکەوتەوە. تەنها لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٧٠ دا، زیاتر لە دوو هەزار فەلەستینی بە دەستی برا عەرەبەکانیان کوژران. شەڕەکە ئەوەندە بەربەریانە بوو کە زۆر لە فەلەستینییەکان بەرەو سنورەکانی ئیسرائیل هەڵهاتن، بەدوای ئەوەدا دەگەڕان کە پەنابدرێن یان بخرێنە زیندان، ئەوەیان زۆر لەوە پێباشتر بوو کە بکەونە بەر هاشاوڵی ئەردەنییەکان .

کە سوریا کوێرەوەری و مەینەتی فەلەستینییەکانی بینی، هات بەپیریانەوە؛ زرێپۆشەکان لەسەر سنوری ئەردەن مۆڵدران و وادیار بوو شەڕ بوویێت بە کارێکی حاشا هەڵنەگر. لە دوا ساتدا ئەمریکا دەستی لە مەسەلەکە وەردا بە داواکردن لە ئیسرائیل کە لولەی چەکە قورسەکانی بکاتە سوریا. بەهێواشی ئاشتییەکی لەرزۆک گەڕایەوە بۆ ناوچەکەو شا حسەین لەو گێژاوە ڕزگاری بوو. لەگەڵئەوەشدا فەلەستینییەکان داوای تۆڵەسەندنی خۆیانیان دەکرد و بەمجۆرە گروپێکی تیرۆریستی نوێ بەناوی سێپتەمبەری ڕەشەوە لەدایک بوو .

گروپی سێپتەمبەری ڕەش گەلێک ئامانجی ئەردەنی تەقاندەوەو بەکاری غافڵکوژی هەستا لەوێ بەرلەوەی کە ڕوی سەرنجی بکاتە ئیسرائیلییەکان. لە سێپتەمبەری ١٩٧٢ دا بوارێکی تەواو لەبار گونجابوو کاتێک ئەڵمانیا یارییە ئۆلۆمپییەکانی لە میونیخ لەئامێزگرت. وەکو ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی هەست بە گوناهکردنی ئەڵمانیا لەسەر قەتڵوعامکردنی جولەکەکان و یارییە ئۆلۆمپییەکانی نازییەکان لە ١٩٣٦دا، ئەڵمانییەکان زۆرتامەزرۆی ئەوە بوون کە تیپی وەرزشی ئیسرائیل دڵشاد بکەن و جێگەوڕێگەیان بۆ سازبکەن. پێدەچێت بۆ ئەوە بوویێت کەبەربگرن لەهەر جۆرە تێهەڵچونێک لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا، کاتێک یاسر عەرەفات داوایکرد کە تیپێکی وەرزشی فەلەستینی ئامادەبکات، لیژنەی ئۆلۆمپی ئەڵمانی بەتەواوی داواکەی پشتگوێخست. ئەوەی کە یارییەکان ڕێکەوتی یادی دووەمی سێپتەمبەری ڕەشیان دەکرد، هانی سەرکردەی سێپتەمبەری ڕەش عەلی حەسەنیان دا بۆ هێنانەدی سەرکەشانەترین نەخشەی کە هەرگیز دایناپێت.

گوندی ئۆلۆمپی بەشێوەیەکی خراپ ڕێکخرابوو وە ئاسایش لە نزمترین ئاستدا بوو، بە ئومێدی کەمکردنەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانی ڕابوردوو. تیپی ئیسرائیل لە Connollystrasse 31 میوانداری کرابوون، بە پەرژینێکی تەل و پاراستنێکی سەیرو نامۆی پاسەوانەکان لە جەماوەریان دابڕیبوون. کەمێک پێش ٤:٣٠ خولەکی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٥ی سێپتەمبەر، کۆمەڵێک گەنج بینران کە بە پەرژینەکەدا سەردەکەوتن. ئەمە دیاردەیەکی نامۆ نەبوو، زۆر لە یاریزانەکان تا شەو درەنگێک نەدەهاتنەوەو لە بارەکانی بیرەدا لە میونیخ دەمانەوە- بەڵام ئەمانە یاریزان نەبون. ئەمانە گروپی سێپتەمبەری ڕەش بوون و بۆ کوشتنی ئیسرائیلییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی ژیانیان بە ئازادکردنی گیراوە فەلەستینییەکان دەهاتن .

حەوت تیرۆریستەکە لەپڕ هەڵیانکوتایە سەر شوێنی حەوانەوەی ئیسرائیلییەکان و دەستڕێژیانکرد، ژمارەیەکی زۆریان کوشت و نۆ کەسیشیان بەبارمتەگرت. حکومەتی ئیسرائیلی وەکو پیشەی هەمیشەی بەهیچ شێوەیەک ملی نەدا بۆ دانوستان لەگەڵ تیرۆریستەکان و ڕازیش نەبوو هیچ گیراوێکی فەلەستینی ئازادبکات. ئەڵمانیا ئەو داوایەی سوپای ئیسرائیلی ڕەتکردەوە کە کێشەکە بگرنە ئەستۆو بڕیاریدا کە خۆی هەوڵی پلانێکی ڕزگارکردن تاقیبکاتەوە. لە کاتژمێر ١٠ی هەمان شەودا پاسێکی خۆڵەمێشیی سوپا بە تیرۆریست و بەبارمتەگیراوەوە هەمووی گواستەوە بۆ سوچی ئەوپەڕی گوندی ئۆلۆمپی، لەوێش سواری دوو هەلیکۆپتەر بوون. دوای ئەوە فڕین بۆ فێرشتنفێلدبروک، کە دەوروبەری پانزدە میل بەلای خۆرئاواوە بوو، لەوێش لە شوێنێکی زۆر ڕوناکدا نیشتنەوە. فڕۆکەیەکی جۆری Lufthansa 727 کە داوایانکردبوو لەسەر قیرەکە کەمێک زیاتر لە سەد مێلێک

لەولایانەوە ڕاوەستێنرا و دوو کەس لە تیرۆریستەکان لە هەلیکۆپتەرەکان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابن.
لە کاتژمێر ١٠:٤٤ خولەکی شەودا یەکەم گوللەی کەسێکی دامەزراو تەقی و شەڕەتەقەیەکی توندوتیژ دەستیپێکرد. تفەنگەکانی پۆلیسی ئەڵمانی کە بە تیروکەوان دەچون بەهیچ کلۆجێک لەئاستی بەربەرەکانێی ئاگری چەکە ئۆتۆماتیکییە AK47 ەکانی تیرۆریستەکاندا نەبوون. عەریفێکی پۆلیس کە لە بورجی کۆنترۆڵەوە هەنگاوی بەرەو دەرەوە هەڵهێنایەوە گوللەیەک بوو بە سەرییەوە. پۆلیسی زیاتر گەیشتن لە ئۆتۆمۆبێلی زرێپۆشداو ژمارەیەک تیرۆریست کوژران .
لەهەمانکاتدا، دیپلۆماتە ئیسرائیلییەکان بە نائومێدییەوە لە بورجی کۆنترۆڵەوە تەماشایان دەکرد و دەیانبینی چۆن تفەنگچییە دەستڕاستە بێئەزمون و خراپ چەکدارکراوە ئەڵمانییەکان نەیانتوانی هەموو تیرۆریستەکان لەیەکەم دەستڕێژدا بکوژن. سێ کەس لە تیرۆریستەکان هێشتا زیندوبوون، بە تفەنگەکانیان دەستڕێژیان دەکردو نارنجۆکەکانیان دەتەقاندەوە بە بەبارمتەگیراوە دەستبەستراوەکاندا کە هەر لەشوێنی دانیشتنی خۆیاندا لەناو هەلیکۆپتەرەکاندا کران بە قەسابی. لەکۆتاییدا بەسەر ئەو سێ کەسەدا زاڵبوون و دەستگیریانکردن، بەڵام نەک پێش ئەوەی کە هەر نۆ بەبارمتەگیراوەکەیان کوشت. شەپۆلی خورپەو داچڵەکین لەسەرتاسەری جیهاندا دەنگیدایەوە، لەکاتێکدا کە ئەو قەسابخانەیە وەکو تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی و هۆشدارییەکیش دەبینرا کە تیرۆریزم خەریکە لەدەست دەردەچێت.

## کارلۆسە چەقەڵ-١٩٧٥

زۆرکەس ناووناوبانگی خراپ و زڕاویان وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی تیرۆریزمی نوێدا هیچ کەسێک لە ئیلیچ ڕامیریز سانچیز، ناسراو بە ئەلیاسە "چەقەڵ" ناوبانگەکەی گەورەتر نەبووە. لە کەرەکاس لەدایکبووە لە ڤەنزەوێلاو کوڕی پارێزەرێکی دەوڵەمەند بوو کە باوەڕی بە پرانسیپەکانی مارکسیزم هەبوو. ئیلیچ پەیوەندی کرد بە بزوتنەوەی خوێندکارانی کۆمۆنیستەوەو بەزوویی بووە جێگای سەرنجی پۆلیسی ناوچەکە. کاتێک باوکی بۆیدەرکەوت کە پێدەچێت کوڕەکەی بکەوێتە مەترسی سەرپێچی یاساو یاسا شکێنییەوە، ئیلیچی نارد بۆ لەندەن بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەکەی. لەوێ خوێندنەکەی چووە پلەی دووەمەوە لەدوای خواردنەوە، فڕکەفڕک بەدوای کچان و ژیانی کەشخەییدا. ئەگەر هیچ چۆنایەتییەکی باشی هەبوبێت ئەوا پێدەچێت تواناکەی بووبێت بۆ قسەکردن بەچەندەها زمان. ئەگەرچی خۆی کەسێکی هەڵسوڕاو نەبوو، بەڵام لە ڕۆژانی خوێندنی زانکۆیدا بە ڕادیکاڵەکان چواردەوری تەنرابوو. پڕوپاگەندەی ئەوەش هەبوو کە لەدەوروبەری ئەوکاتەدا KGB یش لێی نزیک بوونەتەوە، بەڵام ڕاستی ئەو هەواڵە هەرگیز نەسەلمێنراوە. ئەو لە ئەنجامدا ئەوروپای بەجێهێشت و ڕویکردە ئەردەن و بوو بە شوێنکەوتویەکی بەپەرۆشی قوتابخانەیەکی مەشقپێکردنی گەریلای فەلەستینییەکان .
لە دەوروبەری ساڵی ١٩٧٢دا، ئیلیچ ڕامیریز سانچیز گەڕایەوە بۆ لەندەن و ناووناوبانگی چەقەڵ لەدایکبوو. ئەمە پیاوکوژێکی بێبەزەیی بوو؛ دڕندەیەکی تەنهاباڵبوو، کە نێچیرەکانی ئەشکەنجەدەدا یان دەیکوشتن بزەدەیگرت. دەگێڕنەوە لێی کە وتویەتی : " بۆئەوەی بەرەوپێش بچیت، دەبێت بەسەر کەلاکی کوژراودا هەنگاوبنێیت." لە لەندەن بوو بە پیاوکوژی وەدیع حەداد و .PFLP یەکەم ئامانجی جۆزیف ئێدوارد سیف بوو سەرۆکی ئەوکاتەی کۆگاکانی مارک & سپێنسەر. ئەو کاتێک پەلاماری سیفی دا کە سیف لە گەرماودا بوو وە لولەی چەکەکەی تەنها چەند ئینجێک لەدەموچاوی پیاوەکەوە دوور بوو- لەبەر هەر هۆیەک بووبێت چەکەکە کارینەکرد. دوای ئەوە چەقەڵ دەستیدایە بەکارهێنانی نارنجۆکی دەستی، دووانی فڕێدایە ناو بانکێکی ئیسرائیلییەوە .

سەرباری ئەو هەموو سەرچڵی و چاوسورییەی، چەقەڵ هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە میدیاکان بۆیان نەخشاندووە. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بلێیت بێتاوان بووە، زۆر لەوە دوور بوو. خۆی بەدەمی خۆی ئۆباڵی پەنجا کاری پیاوکوشتنی خستۆتە گەردنی خۆی. ئەم ژمارەیەش زۆر لەڕاستییەوە نزیکە چونکە بەتەنها فەڕەنسییەکان بە کوشتنی پانزدە کەس تاوانباریان کردووە. بەرهەمی کارە توندوتیژییەکانی لەسەرتاسەری ئەورووپاو خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا هەستییێدەکرا، کەچی ئاژانسەکانی هەواڵگری نەیانتوانی چەقەڵ بخەنە داوەوە. ئەگەرچی ئەم نەخشەدانەرە چەموشەی تیرۆریزم لەزۆر لە پلانە کۆنەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە لەوێدا هەوڵەکانی غافڵکوژی بەهەدەرچون، شانسی بۆ ئەو کارانە کرایەوە کاتێک PFLP فەرمانیپێدا کە بچێت بۆ پاریس، هەمدیسەوە لەوێش وەکو پیاوکوژ. چەندەها بۆمبی بە سەرکەوتوانە لەناوشاردا داناو تەنانەت موشەکێکیشی بەرەو فرۆکەیەکی جۆری´ E1 A1هاویشت کە لەسەر دەرچە قیرەکە ڕاگیرابوو لە فرگەی ئۆرلی لە کانونی دووەمی ١٩٧٥دا. بەدوای ئەم کارەساتەدا ناوبانگی تاڕادەیەک دەنگیدایەوە، نەک تەنها لەبەر جەربەزەیی پەلامارەکە بەڵکو بەهۆی پەرچەکردارەکانی لەوەدوایشییەوە .

کارلۆس ئەفسەرێکی یاریدەدەری لوبنانی هەبوو ناوی مایکڵ موخەربەل بوو کە لەلایەن پۆلیسی فەڕەنسییەوە دەستگیرکرابوو. لەوباوەڕەدابوون کە ئەو لە پشت پەلامارە موشەکییەکەوە بوویێت. لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، موخەربەل ئامادەیی خۆی نیشاندا کە پۆلیس بەرێتە سەر حەشارگەکەی کارلۆس. پۆلیسە چەکدارەکان خۆیانکرد بە بیناکەدا بەڵام کەوتن بەسەر ئاهەنگێکی پڕهاتوهەراو بەزموڕەزمدا. کارلۆس خۆی پەڕاندەوەو خۆیکرد بە ئاودەستەکەدا، چەند چرکەیەک لەوەدوا بەخۆی و بە چەکێکی ڕیزەوە هاتەوە. دوو پۆلیسی لەجێدا کوشت و سێیەمیشی بەتوندی بریندارکرد. دوای ئەوەش، بۆئەوەی تام بکاتە کارەکەوە، تەقەی لە موخەربەل کردو کوشتی چونکە ناپاکی لەگەڵ کردبوو. کارلۆسە چەقەڵ هەمان شەو پاریسی بەجێهێشت و ڕویکردە جەزائیر .

کارلۆس دوای ئەوە لەهەمان ساڵدا لە ڤییەننا دەرکەوتەوە لەکاتی کۆبوونەوەیەکی بەرزو گرنگی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت ( ئۆپێک)دا کە لە ڤییەننا لە ٢١ کانونی یەکەمدا بەسترا. دەستەیەک تیرۆریستی چەکدار خۆیانکرد بەژووورداو هەموو ئەوانەیان بەبارمتەگرت کە لە ژوورەوە بوون. ئەو شانە شەش کەسییە لەلایەن چەقەڵی ناوزڕاوەوە فەرماندەیی دەکران. پێنج هاوەڵەکەی تریشی کەسانی وەک Gabrielle Kr□cher-Tiedemann، ئەندامێکی بزوتنەوەی ٢ی حوزەیران و هانز یۆچیم کلاین، ئەندامی گروپێکی بچوکی تیرۆریستی ئەڵمانی ناسراو بە شانە شۆڕشگێڕییەکان کە پەیوەندییان بە چەتەکانی بادر-ماینهۆفەوە هەبوو دەگرتە خۆ .

ئەو تاقمە توانیان یانزدە وەزیری نەوت بەبارمتە بگرن، کە لەنێوانیاندا وەزیری نەوتی بەتوانای عەرەبستانی سعودی، شێخ یەرمانی تێدا بوو، کە لەگەڵ شەست کەسی تردا بەبارمتە گرتبونیان. لە فەرتەنەی کاتی پەلامارەکەدا چەند تەقەیەک کرا. دوو پیاو لەلایەن Kr□cher-Tiedemann ەوە کوژران؛ پۆلیسێکی نەمسایی کە ناوی ئەنتۆن تیچلەر بوو وە پاسەوانێکی عێراقی بەناوی خەفالییەوە. کارلۆسیش تەقەی کردو کارگوزارێکی مەدەنی لیبی کوشت کە ناوی یوسف ئیسمیرلی بوو. بەڵام لەهەمانکاتدا بارمتە گرەکانیش بەسەلامەتی دەرنەچون-کلاین گوللەیەک بوو بە گەدەیەوە بەڵام هەر لەجێدا چارەسەرکراو ژیا سەرباری سەختی برینەکەی. کارلۆس داوای بڕی پێنج ملیۆن دۆلاری دەکرد لەبەرانبەر ژیانی بەبارمتەگیراوەکاندا، ئەو بڕە پارەیەش یەکسەر درا. لەڕاستیدا، قسەلەسەر ئەوەدەکرێت کە پێدەچێت بڕێک پارەی تاڕادەی پەنجا ملیۆن دۆلار ئەمدەستوئەودەستی کردبێت، لەکاتێکدا زۆربەی پارەکە لە ئێران و عەرەبستانی سعودییەوە دەهات. پارەکە واپێشبینی دەکرا کە بۆ مەبەستی مەسرەفکێشانی مەسەلە فەلەستینییەکان بەکاربهێنرێت .

دوای ئەوەی کە پارەکەیان دڵنیاکرد، تاقمەکە هەڵهاتن بە فڕین بەرەو جەزائیر و بەبارمتەگیراوەکانیشیان لەگەڵخۆیان بردبوو بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان. بەگەیشتنیان بۆ ئەوەێ لەناو ئەو چێشتی مجەورەی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وونبوون، لەگەڵئەوەشدا کە زیاتر لە یەکێکیان لە لیبیا داوای مافی پەنابەری کردبوو. لەوەدەچو کە گیروگرفتەکە ساردبوبێتەوە .
دوای ئەوە، ٢٢ ساڵ لەوەدواو لەساڵی ١٩٨٨دا ، کلاین لە گوندێکی بچوکدا لە نۆرماندی- فەڕەنسا دەستگیرکرا، کە لەویّ لەژێر ناوێکی داتاشراودا ژیانی دەبردەسەر. بەتاوانی ئەنجامدانی سێ کاری پیاوکوشتن، سێ کاری هەوڵی پیاوکوشتن و کاری بەبارمتەگرتن دادگایی کرا. هەرچەندە کلاین نکولی لەوەکرد کە هیچ کەسێکی کوشتبێت و لەڕاستیشدا هەڵسوکەوتەکانی لەدوای ئەو ڕوداوەوە لەگەڵ پیاوێکدا دەهاتنەوە کە ویژدانی بەسەریدا زاڵ بێت زیاتر لەوەی وەک تیرۆریستێک بێت کە گیانی تیرۆر تاسەر ئێسکی کاری کردبێت. وا بڵاوبوەوە کە دوو ساڵ دوای پەلامارەکە، کلاین پشتی کردۆتە جیهانی توندوتیژی تیرۆریزم و تەنانەت زانیاری گرنگیشی داوە بە هێزە ئاسایشەکانی ئەڵمانیا کە بوونە هۆی بەرگرتن لە پەلامارێک بۆسەر دوو سەرکردەی کۆمەڵایەتی بەناوبانگی جولەکە ئەڵمانییەکان. لە ئاماژەیەکی زۆر ئاشکرادا، دەمانچەکەی و فیشەکەکانی نارد بۆ گۆڤاری Der Spigel ی ئەڵمانی لەگەڵ وتارێکدا کە تێیدا نەک هەر تیرۆریزمی تاوانبار و ڕوڕەش دەکرد بەڵکو زانیاری دووردرێژیشی تیابوو دەربارەی نەخشەی خەڵککوشتن کە لەلایەن گروپەکەی کارلۆسەوە داڕێژرابوون. لە ١٩٧٩دا دەستیدایە بڵاوکردنەوەی کتێبێک کە تێیدا کارلۆسی وەکو کەسێکی میگالۆمانیاک[٢٣] ناوزەدکرد و هۆشداری دایە گەنجان کە پێویستە خۆیان دوورەپەرێز بگرن لەو جۆرە مەسەلانە .
بەهۆی ئەم بەڵگانەوە کە لە دادگادا پێشکەشکران، هەروەها ئەو داوایانەش کە وایانڕادەگەیاند کەگوایە سەرۆکی لیبیا کۆلۆنێل قەزافی پشتگیری تەواوی کردووە لە پیلانی بەبارمتەگرتنەکە، دادگا ئەوەی قبوڵکرد کە کلاین تەنها ڕۆڵێکی بچوکی بینیوە بە بەرانبەرکردن لەگەڵ هەندێک لەئەندامەکانی دیکەی تاقمەکە، کە هەرگیز هیچ کامێکیان نەهێنراونەتە بەردەم دادگا. لەجیاتی ئەو چواردەساڵ زیندانیکردنەی کە ئەو چاوەڕوانی دەکرد، فەرمانی نۆساڵ زیندانیکردنی بەسەردا درا، ئەو ماوەیەش کەمکرایەوە بۆ حەوت ساڵ و نیو بەهۆی ئەو ماوەیەوە کە ئەو لە گرتوخانەکانی فەرەنسادا بەسەریبردبوو .
کارلۆس لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٩٤دا لەلایەن کارگوزاری نهێنی فەرەنسییەوە گیراو لە ساڵی ١٩٩٧دا فەرمانی زیندانیکرانی هەتاهەتایی بەسەردا درا بەتاوانی کوشتنی دوو هەواڵدۆزی نهێنی فەرەنسی لە پاریس .

## ئیرلەندای باکور – ٢ی ئایاری ١٩٨٠

"کێشەکان"ی بەریتانیا، وەکو بەشێوەیەکی گشتی وا ناودەبرێن، لەماوەی کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠کاندا لەوپەڕی بەرزیدا بوون. بۆ جەنگین دژی تیرۆریزمی IRA تۆڕێکی گەورەی هەواڵدۆزی پێکەوەنرابوو. لەنێو ئەو ئۆردووەدا یەکەی وەکو E4 دەبینرا، کە یەکەیەکی ژێرزەمینیی لقی تایبەتی UDR ە. هەروەها ڕێکخراوە نهێنییە بەریتانییەکانی دیکەش لەو ناوچەیەدا چالاکیان دەنواند، کە لەنێوانیاندا هەردوو SAS و ١٤ی هەواڵگری و چاودێری دەبینران. سەرکردایەتی گشتی و دابەشکردنی ئەرکەکان کەوتبووە سەرشانی ( TCG گروپی فەرمانی تاکتیکی) کە سەرپەرشتی تەوژم و ڕێکخستنی زانیارییەکانی دەکرد ، بە چاندنی هەواڵدۆزە نهێنییەکانیشەوە لەناو ڕیزەکانی IRA دا .
ئەگەرچی ئەو کاتە سەردەمێک بوو کە هیچ شتێک لەوەنەدەچوو بەئاراستەی ڕاستدا بڕوات لە ئیرلەندای باکور. نیسانی ١٩٨٠ باشترین نمونەیە SAS ،، 14ی هەواڵگری و E4 هەموویان چەندەها ئەرکی جیاجیایان پێسپێردرابوو لە خواروی ئارماگدا. هێزی مرۆیی تا کەمترین ئاست کەمکرابوەوە .
یەکەم ئەرک ئەوەبوو کە خاڵێکی چاودێری دابمەزرێنن بۆئەوەی لەوێوە چاودێری ماڵی دوو پیاوی RUC بکەن، کە ژیانیان خرابووە مەترسییەوە. دووەم ئەرکیش چاودێریکردنی بارێک بوو کە IRA بەهیوابوون

---

[23] Megalomaniac بەو کەسانە دەوترێت کە ئارەزوویەکی ناسروشتییان هەیە بۆ هێزو کۆنترۆڵکردنی کەسانی دیکە، وە لەو باوەڕەدان کە زیاتر گرنگ و خاوەنهێزن لەوەی کە لە راستیدا هەن. و.

بۆمبی گرداری تێفرێیدەن. دوا ئەرکیش، تیرۆریستێکی بەناوبانگی IRA بەنیاز بوو کابرایەک بە گوللە بکوژێت لە سەمای شەوی شەممەدا. ئەو پیاوە گومانی ئەوەی لەسەر بوو کە سیخوڕ بێت؛ ئەرکی ئێمە ئەوەبوو کە بە وورياييەوە چاودێری چەکدارەکەو ئەو کەسەش بکەین کە کردبووی بە ئامانج. ئەم سێ ئۆپەراسیۆنە پێویستی بەوەدەکرد کە پیاوانی SAS ی زیاتر ڕەوانەی خواروی ئارماگ بکەن. چوار پیاو بەرەو یەکەم OP )بنکەی چاودێری) ڕۆیشتن بۆ چاودێریکردنی دوو کارمەندەکەی . RUC چواری دیکەش بەرەو OP بارەکە ڕۆیشتن، بەڵام لەبەر کەمی ژمارە، ئەم OP یە کشێنرایەوە لەکاتی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا کە لەدژی کردارە غافڵکوژییە چاوەڕوانکراوەکەی IRA و ئامانجەکەی بەرپاکرابوو. ئەم ئۆپەراسیۆنە پێویستی بەوەدەکرد کە لانی کەم ٢٠ ئۆتۆمۆبێل و لەهەریەکەشیاندا دوو شۆفێر هەبێت و ژمارەیەک پیاویش لە هۆڵی سەماکەدا یان لە بارەکەدا کە بە پیادە کاربکەن. سەرباری هەموو ئەمەش، پیاوانی زیاتر پێویست بوون بۆ ئاڵوگۆڕکردن، جێگرتنەوەو هەروەها بۆ ئەوەی وەکQRF ؛ هێزی کاردانەوەی خێراش ڕۆڵ ببینن .

کارەکان بەئاراستەی هەڵەدا ڕۆیشتن کاتێک، دوای هەفتەیەک، ئەو OP یەی کە چاودێری کارمەندەکانی RUCدەکرد گۆڕرایەوە بە جوتیارێک. تیپەکەی SAS داوایانلێکرا ئەو شوێنە چۆڵبکەن. لقی تایبەت لەوە ئاگادارکرانەوەو داوایان لە SAS کرد لە سەر ئەرکەکەیان بمێننەوە. فەرماندەیOP یەکە بڕیارێکی دەرکردو ، هەروەک لەهەموو ئۆپەراسیۆنەکانی تری SAS دا، ئەو پیاوەی کە لە مەیداندایە فەرمانی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەردەکات- کشانەوە. بۆ بەیانی کاتێک دوو پیاوەکەی RUC لەکار دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ئۆتۆمۆبێلەکەیان تەقەی لێکرا- هەندێک قەوانی فیشەکی بەتاڵ دۆزرایەوە کە تەنها چەند مەترێک لەو OP یەوە دووربوو کە چەند کاتژمێرێک لەوەپێش SAS دەیانبرد بەڕێوە. بۆ خۆشبەختی دوو پیاوەکەی RUC هیچ زیانێکیان پێنەگەیشت .

هەفتەیەک لەوەدوا، دوای ئەوەی کە OP بارەکە کشێنرایەوە بۆئەوەی یارمەتی ئەو تیپانە بدەن کە چاودێری کارە غافڵکوژییەکەیان دەکرد، کارەساتێکی جەرگبڕی دیکە ڕوویدا. کاتژمێر ٢ی سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، چەکدارەکەی IRA و کابرای ئامانجی بەبێ هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیەک بەشوێنیەکتردا بەرەو ماڵی خۆیان گەڕابونەوە. بەم جۆرە ئۆپەراسیۆنەکە جارێکی دیکە دواخرابوو بۆ پشوی کۆتایی هەفتەی داهاتوو. سەربازەکانی SAS بەبێ ڕاوەستان کاریان دەکرد بەڵام تەنها لەخۆئامادەکردندا بوون بۆ دامەزراندنەوەو چاککردنەوەی هۆکانی چاودێری لەو بارەدا کە لەژێر هەڕەشەدا بوو. کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکان گەڕانەوە بۆ بنکەکەیان لە شارۆچکەی پۆرتاداون، ڕێیان کەوتە پشت ئەو بارەوە کە باسیکرا- بینییان ئاگری تێبەردراوە. لەمکاتەدا لقی تایبەت زۆر دڵی بە SAS خۆشنەبوو، بەڵام چارە نەبوو بێجگە لەوەی کە بەردەوامبن لەسەر ئۆپەراسیۆنەکان .

لە بێڵفاست، ئاشکرا بوو کە حەشارگەیەکی چەکوتەقەمەنی کە لەژێرچاودێریدا بووە گوێزراوەتەوە. بۆبەدبەختی خانووە تازەکەیان کەمێک ئەفسوناوی بوو. نزیکترین شوێن لەوێوە کە بدۆزرایەوە ڕیزە ماڵێک بوو کە لەسێ ماڵی پێکەوەنوساو پێکهاتبوو لە ڕێگای ئانتریم. دوای پشکنینی مەسەلەکە لەگەڵ هەواڵگریدا، ڕونبوەوە کە یەکێک لەو خانوانە پێشتر لەلایەن IRA یەوە بەکارهاتووە، هەر بۆیە ئەو خانووە کرا بە ئامانج. چەند یەکەیەکی SAS ئەرکی ئەوەیان پێبەخشرا کە هاشاوڵ ببەنە سەر خانووەکەو چەکوتەقەمەنییەکان بگێڕنەوە .

لە پاشنیوەڕۆی ٢ی ئایاری ١٩٨٠دا، دوو ئۆتۆمۆبێل بە ڕێگای ئانتریمدا هاتنە خوارەوەو لەبەردەم ژمارە ٣٦٩دا ئیستۆپێکی لەپڕیان گرت. ئۆتۆمۆبێلێکی دیکەش بە سێ پیاوی SAS ەوە بەشی دواوەی دەپاراست. بۆ ئەوەی ئاسایش بپارێزرێت، پێش پەلامارەکە هیچ بازنەیەکی سەرباز بەدەوری ماڵەکەدا دانەنرابوو وە هیچ چالاکییەکی سەربازی نەدەبینرا، پیاوەکان ڕاستەوراست هەڵیانکرد بەژووردا. گروپە پێشەنگەکان پێشتر چوبونە ژوورەوەو سەرکەوتبوون بۆ قاتی سەرەوە، کاتێک ڕیزێک گوللەی چەکێکی ئۆتۆماتیکی پڕبەدنیا دەنگیدایەوە. گروپی پەلاماردەری SAS ئاگایان لەوە نەبوو کە M60 یکی ئەمریکی لەلایەن IRA ەوە سەرخراوە بۆ پەنجەرەی قاتی سەرەوەی خانووەکەی تەنیشتیان. پیاوەکان بەخێرایی بەرەو ناوەوە بزوتن،

بەڵام فەرماندەکەیان، کە کاپتن ویستماکۆت بوو، لە ناوەڕاستی کوشنی دواوەی ئۆتۆمۆبێلی پەلاماردانی پێشەوەدا دانیشتبوو وە لەوەزیاتر نەدەبوو نزیکبێتەوە. بە دەستڕێژێکی M60 یەکە پێکراو کوژرا. کاتێک دەرکەوت چی ڕودەدات هەموو پەلامارەکە بەخێرایی وەرچەرخێنرا، لەمکاتەدا پیاوەکەی IRA خۆیدابەدەستەوە. دەنگی تەقە سوپاو RUC یشی هێنایە مەیدان. هەروەها سەرنجی قەشەیەکی کاسۆلیکیشی بەلای خۆیدا ڕاکێشا کە هاتە مەیدانەکە بۆئەوەی کە بزانێت پیاوەکەی IRA ڕێگای پێدراوە خۆیبدات بەدەستەوە. گومانلێکراوەکانی دیکە، کە هەموویان چەکداربوون ، لەکاتی دەرچونیاندا لەدەرگای پشتەوەوە دەستگیرکران. چەکوتەقەمەنییە ونبووەکانیش هەمووی دۆزرایەوە .

کاپتن ویستماکۆت، یەکەم سەربازی SAS کە لە ئیرلەندای باکور کوژرابێت، لە گاردەکانی گریناديرەوە[٢٤] پەیوەندی کردبوو بە SAS هوەو ئەفسەر بوو لە سکوادرون ی . (G)[25] ئەو ئەفسەرێکی ئاسایی SAS نەبوو، قژە لولە زەردەکەی وایلێکردبوو کە لە کوڕێکی تەمەنی قوتابخانە بچێت، حەزیشی لە هۆنراوە بوو، ئەو خۆشەویستییەی بۆ هۆنراوە کاتێک فێربووبوو کە بەمناڵی لەسەر ئەژنۆی باپیری دادەنیشت. لەگەڵئەوەشدا لەناوەوە بەئەندازەی ڕوداوەکان بەهێزبوو؛ ئەو خەڵاتی خاچی سەربازی پاشمەرگی پێبەخشرا. مەرگی ئەو کۆتایهێنا بە سەردەمێکی نەهامەتی کە لەوکاتەدا یەخەیSAS ی گرتبوو لە ئیرلەندای باکور. دوو ڕۆژ لەوەدوا، SASبەسەر باڵیۆزخانەی ئێرانیدا دابارین لە لەندەن و هەموو ئەو تیرۆریستانەیان کوشت کە دەستیانگرتبو بەسەر بیناکەدا بێجگە لە یەک کەسیان نەبێت و بەبارمتەگیراوەکانیشیان ڕزگارکرد کە ئەو تیرۆریستانە دەستبەسەریانکردبوون .

IRAلە پەلامارەکانی بۆسەر هێزە ئاسایشییەکانی ئیرلەندای باکور کۆڵینەدەداو لەسەرەتای ١٩٨٠کانیشەوە چالاکییان لە ناوجەرگەی بەریتانیادا دەستپێکرد. لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١دا چیلسیا باڕاکسیان تەقاندەوەو دوو کەسی مەدەنی بەریتانیان کوشت. هەروەها ٤٠ کەسی دیکەشیان بریندارکرد کە ٢٣ کەسیان سەرباز بوون. نۆ مانگ لەوەدوا مەرگەساتێکی دیکە ڕویدا، لە ٢٠ی تەموزی ١٩٨٢دا دوو بۆمب لە هاید پارک تەقییەوە. ئەم پەلامارە بەشێوەیەک نەخشەی بۆدانرابوو کە فشار بۆ دەوڵەتی بەریتانی بهێنێت بە هێنانی خوێنڕشتن و ترس بۆ ناوەندی لەندەن. یەکەم بۆمب لە ڕۆتن ڕۆ ڕێک لەوکاتەدا تەقییەوە کە سەربازەکانی Blues and Royals[26] بەسواری ئەسپەوە بەوێدا تێدەپەڕین. دوو سەربازو حەوت ئەسپ لەو ڕوداوەدا کوژران. حەڤدە تەماشاچیش بریندداربوون. دووەم بۆمب لەژێر تەختی شوێنی مۆسیقا لێدانەکەدا تەقییەوە لە هاید پارک و بووە هۆی کوژرانی ٦ سەربازی بەشی چاکەت سەوزانی شاهانەو بریندارکردنی ٢٤ی دیکە.

ساڵی داهاتوو، لەکاتێکدا کە ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگای بەریتانی سەرقاڵی کڕینی کەلوپەلی کریسمس بوون، بۆمبێکی گەورە لە هارۆدس تەقییەوە. بەشێوەیەکی گشتی شەش کەس کوژران- سێ پۆلیس و سێ مەدەنی- و نەوەد کەسیش بریندداربوون. ئەو کۆگا بەناوبانگە زیانێکی زۆری لێکەوت و پەلامارەکەش بووە هۆی ئەوەی کە هەموو ئەوانەی لەسەرتاسەری لەندەندا شتومەکی کریسمسیان دەکڕی تووشی پەشێوی و دڵەڕاوکێیەکی تەواوەتی بین. دوای ئەوە IRA ڕایگەیاند کە ئەوان ڕێگایان بەو پەلامارە نەداوەو خەم و پەژارەی خۆیان بۆ کوژراوەکان دەربڕی. لەگەڵئەوەشدا دوای ئەوە ڕاپۆرتی دیکە کەوتنە بەر ڕوناکی و ئاماژەیان بۆ ئەوەدەکرد کە لەڕاستیدا سەرکردایەتی IRA ڕەزامەندی بۆ ئەو کارە دەربڕیوە، هەرچەندە ویستویانە کە نەبێتە هۆی کوژرانی خەڵکی مەدەنی. هەمان ڕاپۆرت ووتبووی کە هۆشدارییەکیان داوە بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە بەڵام زۆر درەنگ گەیشتووە و کەڵکی نەبووە .

لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٤دا PIRA هەوڵیاندا بۆ غافڵکوژکردنی سەرەک وەزیران، مارگرێت تاتشەر، و کابینەکەی لەکاتێکدا کە لە ئوتێلی گراند لە برایتون خەوتبون لە کاتی کۆنفرانسی پارتی پارێزگاراندا. ئەو

---

[24] Grenadier Guards بەشێکە لە سوپای بەریتانی. و.

[25] Squadron یەکەیەکە لە سوپادا، بەتایبەتی لە هێزی دەریایی و ئاسمانی سوپای بەریتانیدا. و.

[26] بەشی سەربازانی گاردی شاهانە لە سوپای بەریتانیدا. و.

بۆمبە بەهێزە بووە هۆی زیانگەیاندنێکی گەورە بە ئوتێلەکەو چوار کەسیشی کوشت، کە یەکێکیان وەزیر بوو. ئامانجی سەرەکییان کە سەرەک وەزیران بوو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچو. بەڵام بەهەرحاڵ، ئەم پەلامارە دەریخست کە PIRA توانیویانە خاڵی لاوازی ئاسایش لەوجۆرە بۆنانەدا بدۆزنەوەو بیقۆزنەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دەزگاکانی ئاسایش ئاستی چاودێری بەرزتر بگرنە بەر لە پاشەڕۆژدا .

یەکێک لە خراپترین ئەو کاری ترس و تۆقاندنانەی کە لەلایەن PIRA ەوە ئەنجامدرابێت ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٨٧دا و لە ڕۆژی یادکردنەوەدا [٢٧] لە ئێنیسکیلن بۆمبێک لەنزیک ئەو پرۆتستانتە بێتاوانانە تەقییەوە کە یادی کوژراوەکانی خۆیان دەکردەوە لە جەنگەکاندا. لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا یازدە کەس کوژران و ٦٣ کەسیش بریندار بوون. ئەم کارە توندوتیژییە بەشێوەیەکی خراپ بەسەر PIRA دا شکایەوەو پشتیوانییەکی زۆریان لەدەستچوو، بەتایبەتیش کاتێک کە ویستیان هەندێک لە گوناهەکە بخەنە ئەستۆی بەریتانییەکانەوە. لە هەڵبژاردنی ناوچەیی داهاتودا، لەهەشت پاڵێوراو چواریان هەڵنەبژێردران، کە بووە هۆی نەهامەتییەکی سیاسی گەورە بۆ مەسەلەکەیان .

لە ٧ی شوباتی ١٩٩١دا لە پەلامارێکی سەرکەشانەی ڕۆژی ڕوناکدا لە لەندەن، PIRAپەلاماری دووەمی بەرپاکرد بۆ کوشتنی سەرەک وەزیران، کە ئەمجارە جۆن مێجەرو کابینەکەی بوون. لەکاتێکدا ئەوانەی کە لەژورەوە بوون سەرقاڵی تاوتوێکردنی هەلومەرجی کووەیت بوون، لە ڤانێکەوە کە لە وایتهۆڵ ڕاگیرابوو سێ بۆمبی هاوەنی دەستکرد نرا بە ژمارە ١٠ی شەقامی داونینگەوە. بۆ خۆشبەختی گوللە هاوەنەکان کورتیانکردو ئامانجیان نەپێکا .

PIRAدوای ئەوە لە وارینگتن کاری تەقینەوەیان ئەنجامدا، کاتێک لە ٢٠ی ئازاری ١٩٩٣دا دوو بۆمب کە لە بەرمیلی خۆڵدا دانرابوون تەقینەوە. ئەو تەقینەوانە بوونە هۆی کوژرانی دوو کوڕ کە تەمەنیان سێ ساڵ و دوانزدە ساڵ بوو. هەروەها ئەو تەقینەوانە بوونە هۆی برینداربوونی ٥٦ کەسیش لەو شارۆچکە بچوکە ئینگلیزییەدا. کوژرانی ئەو منداڵانە بووە هۆی ناڕەزاییەکی زۆر لە بەریتانیاو کۆماری ئیرلەندەدا و سەرکۆنەو نەفرەتێکی زۆریشی بەدواوەبوو بۆ کارە توندوتیژییە هەڕەمەکی و ناسەربازییەکان. لەساڵی ١٩٩٤دا IRA هەستیکردبوو کە کارە سەربازییەکان وایانلێهاتووە کە زیاتر دەبنە هۆی تێکشکاندنی خۆیان، ئاگربەستێکی کاتییان پێشنیارکرد و، حکومەتی بەریتانیش ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئامادەیی خۆیان بۆ هێنانەکایەی فەرمانڕەوایی ناوخۆیی بۆ ئیرلەندەی باکور دوپاتکردبوەوە. بەشێک لە داواکارییەکانیان ئەوەبوو کە IRA دەبێت چەکەکانی تەسلیم بکاتەوە. ئەم داواکارییانە جار لەدوای جار ڕەتکرانەوە. ئەوەندەی کە پەیوەندیشی بەIRA ەوە هەبوو، ئەوانیش داوای ئەوەیان دەکرد کە پێویستە تاقمە چەکدارە ناسەربازییە یەکێتیخوازەکانیش چەکبکرێن ئەگەر بمانەوێت هیچ جۆرە ئاشتییەک بەدەست بهێنرێت. لە ئەنجامدا متمانەی هەردوولا بە پێشنیارەکانی ڕێککەوتن کرمێ بوو، IRAکۆتایی بە ئاگربەستەکەی هێنا. بۆمب تەقاندنەوەو تەقەکردن دەستپێکردەوە، بەتایبەتیش لەناوجەرگەی بەریتانیادا.

ساڵی ١٩٩٦ کۆتایی ئاگربەستی IRA بەخۆیەوەبینی کاتێک لە ٩ی شوباتدا بۆمبێکی بەهێزیان لە کاناری وۆرف لە لەندەن تەقاندەوە. دوو کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش برینداربوون و بەهای ملیۆنەها پاوەندیش زیانی ماددی لێکەوتەوە. پەلامارەکانیان بۆسەر بیناو دامەزراوە بازرگانییەکان بەردەوامبوو کاتێک لە حوزەیراندا بۆمبێکی گەورە بەشێکی زۆری ناوبازاڕی مانچستەری تێکوپێکدا. نزیکەی ٢٠٠ کەس برینداربوون بەڵام نەبووە هۆی کوژرانی کەس بەهۆی ئەو هۆشداریانەوە کە لەکاتی لەباردا درابوون .

دوو ساڵی داهاتووش هەندێک دانوستانی سەختی لەنێوان هەموو لایەنەکاندا بەخۆیەوەبینی، ئەمە سەرباری خولانەوە لە بازنەی توندوتیژی و ئاگربەستدا لەلایەن IRA و گروپە چەکدارە ناسەربازییە سەربەدەوڵەتەکانەوە. هەندێک لە هەڵسوڕاوە هەرە توندڕەوەکانی IRA نەیاندەتوانی بیرۆکەی گفتوگۆ

---

[٢٧] Remembrance Day لە بەریتانیا ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەم یان نزیکترین یەکشەممەیە کە خەڵکی یادی ئەوانە دەکەنەوە کە لە جەنگدا کوژراون، بەتایبەتی دوو جەنگە جیهانییە گەورەکە. و.

قوبوڵبکەن و بەمجۆرە لە IRA جیابونەوەو ڕێکخراوێکیان پێکهێنا کە ناویان لێنا IRA ی ڕاستەقینە .((rIRA لەگەڵ ئەوەشدا کە نە لە ژمارەداو نە لە چەکوتەقەمەنیدا وەکو IRA نەبوون. توانیان کە بۆمبێکی گەورە لە شارۆچکەی Omagh بتەقێننەوە لە ١٥ی ئابی ١٩٩٨دا. لەئەنجامی ئەو تەقینەوەیەوە ٢٩ کەسی مەدەنی گیانیان لەدەستداو یەکێک لە کوژراوەکانیش ژنێکی سکپڕ بوو. ئەم مەرگەساتە بووە هۆی نارەزاییەکی زۆری جەماوەری و هەموو ئەو پشتگیرییەی کە rIRA بەدەستیانهێنابوو قڵبوەوە.

## لوبنان- لە ١٩٨٣ وە بەرەوژور

حیزبوڵڵا، پارتی خوای لوبنانی، کە بە جیهادی ئیسلامیش ناسراوە، لەساڵی ١٩٨٣دا دامەزراوە. ئەمە گروپێکی توندڕەوی شیعەیە کە ئامانجی ئەوەیە کۆمارێک لەسەر شێوازی ئیسلامی لە لوبنان دابمەزرێنێت، وەکو ئەو کۆمارەی کە لە ئێران هەیە. زۆربەی پشتگیرییان لە ئێرانەوە وەردەگرن و لە ڕابوردودا بە ڕێنومایی تاران چەند ئۆپەراسیۆنیان بەرپاکردووە. ڕێکخراوەکە دەڵێت گوایە چەندەها هەزار ئەندامی بەهێزی هەیە کە زۆربەیان لە ئێران و سوریا مەشقیانپێکراوە. دیدگا سیاسییەکانی حیزبوڵڵا هەتا بڵێیت تەسکن و زۆر بەتوندی دژە ئیسرائیل و هەروەها دژی "شەیتانی گەورە" ئەمریکان. پەیوەندییەکی باش هەیە لەنێوان حیزبوڵڵا و ڕێکخراوە فەلەستینییە جیاوازەکاندا .

شوێنی سەرەکی کاریگەربوونی حیزبوڵڵا دەشتی بیقاع، باشوری بەیروتەو بەرەو کەنارەکانی باشوری بەیروت دەکشێت، کە لەوێوە زۆربەی هێزی مرۆییان هەڵدەهێنجن. ئۆپەراسیۆنەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی ئاراستەی ئیسرائیل و خۆرئاوا کراون، بەتایبەتیش ئەمریکا. یەکەی چالاکی حیزبوڵڵا لەسەرتاسەری گۆی زەویدا بەدی کراون و پەلامارەکانیشیان لەسەرتاسەری جیهاندا بەئەنجام گەیەنراون.

لە ١٨ی نیسانی ١٩٨٣دا ئۆتۆمۆبێلێکی بیکاب کە بارکرابوو لە تەقەمەنی خۆیکێشا بە باڵیۆزخانەی ئەمریکیدا لە بەیروت، لوبنان. کاتێک ئۆتۆمۆبێلەکە درا بە بەربەستێکداو پەکیکەوت، کەسە خۆتەقێنەرەوەکە پەنجەی نا بە ئامێرە گەورەکەدا. ئاسەواری وێرانکارییەکەی لەباوەڕ بەدووربوو، وە بووە هۆی کوژرانی ٦٣ کەسیش. دوا دەرەنجام دەریخست کە حەڤدە ئەمریکی تێدابووە، هەشتیان کارمەندی CIA بوون، کە لێکۆڵەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوەند ڕۆبەرت .C ئامیس و سەرکردەی وێستگەی CIA کێنیس هاس لەنێوانیاندا بوون. واباسدەکرا کە کەسە خۆکوژەکە ئەندامی حیزبوڵڵا بووە .

شەش مانگ لەوەدوا لە ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٣دا پەلامارێکی خۆکوژی دیکە بۆسەر ئەمریکییەکان بەرپاکرا. ئەمجارە ئامانجەکەیان مارینزی ئەمریکی بوو کە لە فرگەی نێودەوڵەتی بەیروت نیشتەجێ بووبوون. ئەوان بەشێک بوون لە کۆمەڵەیەکی ١٨٠٠ مارینزی کە نێردرابوون بۆ لوبنان وەک بەشێک لە هێزێکی فرە ڕەگەز بۆ ئەوەی بتوانن تاقمە دژبەیەک جەنگاوە لوبنانییەکان لێکجودا بکەنەوە. کەسە خۆتەقێنەرەوەکە ئۆتۆمۆبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی بەرەو ناو بنکەکە لێخوڕی و لەنزیک مەیدانێکی نمایش ڕاوەستا- ٢٤١ مارینز کوژراو زیاتر لە ١٠٠ ی تریش بریندار بوون. ئەگەرچی حیزبوڵڵا گومانلێکراوی پلەیەک بوون کەچی نکوڵییان لە پەلامارەکە کرد.

بێجگە لە کاری تەقاندنەوە، حیزبوڵڵا بەرپرسبوون لە ڕفاندن و گلدانەوەی بەبارمتەگیراوە ئەمریکی و خۆرئاواییەکانی دیکە لە لوبنان. لەگەڵئەوەشدا ئەم ئۆپەراسیۆنانە شانبەشانی کارە خۆکوژییەکان بەزوویی بون بە پلە دوو لەچاو تاکتیکێکی نوێدا. حیزبوڵڵا دەوروبەری نۆسەد پیاوی نارد بۆ مەشقی تایبەتمەند لە کامپێکدا لە هەمەدان لە باشوری خۆرهەڵاتی ئێران[28] . دوای تەواوکردنی مەشقەکەیان گەڕانەوە بۆ باشوری لوبنان وەک یەکەیەکی جەنگاوەری تەواو سازوئامادە؛ سەرباری ئەوەش زۆریان خۆیان بوون بە ڕابەر و مامۆستای تیرۆر.

---

[28] دیارە هەمەدان لە خۆرئاوای ئێرانەو زیاتریش بەلای باکوردایە وەک لە باشور. لێرەدا وادیارە نوسەر یان لەناوی شارەکەدا یان لە شوێنی جوگرافی ئەو شارەدا کەوتۆتە هەڵەوە.

ئەم یەکە تازەیە وەک ڕێکخراوێکی تەواو سەربەخۆی سەربازی کاریدەکرد، بە تاکتیک، چەکوتەقەمەنی وە پلانە ستراتیجییەکانیەوە. کاتێک بەرەنگاری هێزەکانی ئیسرائیل دەبونەوە، ئەم لەشکرە تازەیە خۆیدەگرت و دژیان دەجەنگایەوە، ئەمەش بەتەواوی ئیسرائیلییەکانی تووشی سەرسوڕمان کردبوو. تەنها نەبونی پشتیوانی هێزی هەوایی ناچاری دەکردن کە پاشەکشە بکەن.

بێگومان شانە دەرەکییەکانی حیزبوڵڵا بەردەوام بوون لەسەر چالاکیەکانیان و لە ١٧ی ئازاری ١٩٩٢دا پەلاماری باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیاندا لە ئەرجەنتین. ئۆتمۆبیلێک بە تەقەمەنییەکی زۆرەوە تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی ٢٩ کەس و بریندارکردنی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر. دوو ساڵ لەوەدواو لە ١٨ی تەموزی ١٩٩٤دا هەمان گروپ ئۆتۆمۆبێلێکی مینڕێژکراویان تەقاندەوە لەشاری بۆینس ئایرس. تەقینەوەکە هێندەی نەمابوو کە بینایەکی حەوت قاتی بەتەواوی خاپور بکات کە هی کۆمەڵگای ئیسرائیلی بوو، وە بووە هۆی کوژرانی ٨٦ کەس. ڕۆژی دواتر بۆمبێک لە نێو فڕۆکەیەکدا تەقییەوە کە بەسەر پەنەمادا دەفڕی و بووە هۆی کوژرانی بیستویەک کەسی دیکە کە زۆربەیان جولەکە بوون. شانەیەکی بچوکی حیزبوڵڵا لێپرساوێتی خۆی ڕاگەیاند. حیزبوڵڵا بەردەوامە لەسەر ئەوەی کە یەکێک بێت لە ڕێکخراوە تیرۆریستییە سەرەکییەکان، بە پشتگیرییەکی بەهێزەوە لەلایەن ئێرانەوە .

7 – Achille Lauroی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥

ڕفاندنی کەشتی گەشتوگوزاری Achille Lauro لە ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥دا سەرنجی هەموو میدیاکانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەو کەشتییە ئیتالییە، کە لەبەر جوانی و کەشخەییەکەی ناونرابوو گەشتوگوزاری، نزیکەی سەد سەرنشینی تێدا بوو کە زۆربەیان بەساڵاچوو بوون، کاتێک لەلایەن چوار تیرۆریستی زۆر پڕچەکەوە کە نوێنەرایەتی بەرەی ڕزگاری فەلەستین ((PLF یان دەکرد دەستی بەسەرداگیرا. دوای ئەوەی کە فەرمانیان بە کاپتنەکەدا کە ئاراستەکەی بەرەو تەرتوس بگۆڕێت لەسوریا، ڕفێنەرەکان پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانی میسرەوە کرد و داواکاری خۆیان ڕاگەیاند کە پەنجا زیندانی فەلەستینی کە لە بەندیخانەکانی ئیسرائیلدان ئازادبکرێن. پلانەکەیان هەر لەسەرەتاوە تەنگوچەڵەمەی بۆ دروست بوو کاتێک سوریا ڕێگەی نەدان کە لە تەرتوس لەنگەر بگرن. لەم ساتەوەختەدا بوو کە گوللەیان نا بە سەرو بە سنگی سەرنشینێکی جولەکەی ئەمریکی بەساڵاچوی کەمئەندامی سەرکورسی ویلدار، لیۆن کلینگهۆفەرەوەو بەسەر تەنیشتی کەشتییەکەدا توڕیاندایە خوارەوە. یەکێک لە ڕفێنەرەکان دوایی ووتبوی کە گوایە ئەو پیاوە پیرە ئاژاوەی ناوەتەوە ، بەڵام هیچ کەسێک هەرگیز ئەوە بە بەهانە نازانێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ترسنۆکانەیە.

تیرۆریستەکان لەوەڵامدا بۆ پەیامێکی ڕادیۆیی دیکە، ئاراستەی کەشتییەکەیان بەرەو پۆڕ سەعیدی میسر وەرگێڕا کە لەوێ پەیمانی ڕاڕەوێکی سەلامەتیان پێدرابوو بۆئەوەی کە لە کەشتییەکە دەربازببن بەومەرجەی کە کەشتییەکەو هەموو سەرنشینەکانی ئازادبکەن. میسرییەکان لەوکاتەدا ئاگایان لەوە نەبوو کە تاوانێکی پیاوکوشتن لەو کەشتییەدا ئەنجامدراوە. یەکسەر دوای ئەوەی کە پەردە لەسەر ئەو مەسەلەیە لادرا، باڵیۆزی ئەمریکی لە میسر داوای ئەوەی کرد کە حکومەتی میسر تیرۆریستەکان دەستگیربکات و داوای یاساییان لەدژ بەرزبکاتەوە. دەسەڵاتدارانی میسر پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو کارە بەهیچ جۆرێک ناکرێت چونکە ئەوانەی کە لێپرساوبون بەرانبەر بەو تاوانە بەتەواوی وڵاتیان جێهێشتووە. بەڵام هەواڵگریی ئەمریکی بەجۆرێکی تر مەسەلەکەی دیتەوە؛ ئەندامەکانی PLF لە ڕاستیدا هێشتا هەر لەسەر خاکی میسر بوون بەڵام چاوەڕوانی ئەوە بوون کە بەرەو تونس بفڕن بە فڕۆکەیەکی هێڵی هەوایی میسری ٧٣٧ .

چونکە بڕیاری کۆتاییان دابوو کە نەهێڵن تاوانبارەکان دەربچن، فەرمان دەرکرا بۆ فڕۆکە هەڵگری ئەمریکی Saratogaکە لە دەریای ئەدریاتیکی بوو دوای ڕاهێنانێکیNATO ، لوتی بەرەو باکور وەربگێڕێت. فەرماندەی Saratoga ، دەریاداری پایەبەرز دەیڤید جێریمییە، نەخشەی کارەکانی خۆی گۆڕی و خۆی ئامادەکرد بۆ ڕەوانەکردنی بازگەیەکی نەبەردی ئاسمانی کە لە دوو F-14A Tomcat و یەک E-2C

Hawkeyeپێکهاتبوو. لەگەڵئەوەشدا کە کاتی هەستانی فڕۆکە میسرییەکە نەزانرابوو، فڕۆکەکان لەماوەی ٢٢ خولەکدا بەئاسمانەوە ئامادە بوون .

بەهۆی نەبونی زانیارییەوە، فڕۆکەکان فەرمانیان پێدرابوو کە بەر لە هەموو ئەو فڕۆکانە بگرن کە ئاراستەیەکی تایبەت وەردەگرن- ئەو ئاراستەیەی کە ٧٣٧ دەیگرێت، و لەناسنامەکەیان بکۆڵنەوە. ئەو سێ فڕۆکەیەی کە یەکەمجار پێشیانپێگیرا هیچ گرنگییەکیان نەبوو بەڵام چوارەمیان ئەو فڕۆکەیە بوو کە بەدوایدا دەگەڕان، تیرۆریستەکانی PLF ی تێدا بوو. فڕۆکە ئەمریکیەکان تەنگیان بە ئامانجەکەیان هەڵچنی و ناچاریانکرد لە بنکەی NATO لە سیگۆنێلا لە سیسلی بنیشێتەوە. دوای ئەوەش لەلایەن هێزی دەلتای ئەمریکی پڕچەک و یەکەکانی Seal ی دەریاییەوە گەمارۆیاندابوون و بەمجۆرە تیرۆریستەکان هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نەمایەوە بێجگە لە خۆبەدەستوەدان و بردنیان بۆ گرتوخانەی ئیتالی بۆ ئەوەی چاوەڕوانی دادگا بن. ئەگەرچی ئەمریکییەکان حەزیاندەکرد کە دیلەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکان دادگایی بکەن، بەڵام ئیتالییەکان ڕازی نەبوون بیاندەن بەدەستەوەو بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕێگەیاندا بە سەرکردەکەیان، موحەممەد عەباس، کە بەرەو یۆگۆسلافیا هەڵبێت. ئەو بەشێوەیەکی بزری تاوانبارکراو فەرمانی زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا درا، بەڵام هەتا ئەمرۆ بە ئازادی ماوەتەوەو کاریگەرییەکی گەورەشی هەیە لەسەر ڕامیارییەکانی تیرۆریستی خۆرهەڵاتی ناوەند. لە پانزدە ڕفێنەرەکەی تریش یازدە کەسیان تاوانبارکران .

## لۆکەربی- ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨

کاتژمێر ١٩:٠٢ خولەکی ئێوارەی ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٨٨، فڕۆکەیەکی پان ئەمێریکان بۆینگ ٧٤٧ بە ئاسمانەوە بەسەر شارۆچکەی لۆکەربی سکۆتلەندییەوە تەقییەوەو بووە هۆی کوژرانی ٢٥٩ سەرنشین و دەستەی فڕۆکەکە و هەروەها یازدە کەسیش لەسەر زەوی. گەشتی ژمارە ١٠٣ی پان ئەمێریکان لە فڕگەی هیسرۆوە لە لەندەن کاتژمێر ١٨:٢٥ خولەک دەستیپێکردبوو، پێشتریش لە ماڵتاوە لەڕێگای فڕگەی فرانکفۆرتەوە بەرەو ئەڵمانیا فڕیبوو. کە لە لۆکەربی نزیکبوەوە دەیتوانی بۆبەرزایی ٣١٠٠٠ پێ بەرزبێتەوە. حەوت خولەک لەوەدوا فڕۆکەکە لەسەر شاشەی ڕادارەکانی کۆنترۆڵی ئۆقیانوسیی شانویک دیارنەما. ئەو تەقینەوە بەهێزە بووە هۆی تێکوپێکدانی فڕۆکەکە بە ئاسمانەوە و چەندەها پارچەی گەورەش بەتوندی دران بە زەویدا. لەڕاستیدا کاریگەرییەکەی هێندە گەورە بوو کە وێستگەی ڕوپێوی جیۆلۆجی بەریتانی لە باشوری سکۆتلەند ڕایگەیاند کە ١.٦ پلەی خوێندۆتەوە لەسەر پێوەری ڕیختەر. بەشی پێشەوەی فڕۆکەکەو بەشی پێشەوەی یەکێک لە باڵەکانی لە سوچی باشوری لۆکەربی کەوتە خوارەوە، بووە هۆی دروستکردنی چاڵێک بە درێژی ١٩٦ پێو پانی ١٥٥ پێ. زۆربەی زیانە ماڵی و گیانییەکان لە یەک ڕێگادا ڕویاندا- شێروود کریسنت- کە لەوێ لەئەنجامی کەوتنە خوارەوەی پارچەکان و ئەو ئاگرکەوتنەوەیەش کە بەدوایدا هات ٢١ خانوو وێران بوو. مەکینەکانی فڕۆکەکەش بەسەر شارەکەدا کەوتنە خوارەوە، بەڵام زۆربەی پارچەو پاشماوەکانی فڕۆکەکە لە خۆرهەڵاتی لۆکەربی کەوتنە خوارەوە، لە ناوچە لادێنشینەکان. دوورترین پارچەی پاشماوەی فڕۆکەکە ١٣٠ کیلۆمەتر دوور لەو شوێنە دۆزرایەوە .

لەنێوانی بەشوێنداچونێکی فراوانی ڕۆژنامەکاندا، لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆی کارەساتەکە یەکسەر دەستیپێکردو تیمەکانی لێکۆڵینەوەی UK و US قۆڵیان لێهەڵماڵی بۆ دۆزینەوەی هۆکاری تەقینەوەی فڕۆکەکە. ڕاپۆرتی لقی لێکۆڵینەوە لە کارەساتە هەواییەکان (AAIB) لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە کارەساتەکە بەهۆی هۆکارێکی تەقینەوەوە ڕویداوە کە کەسانێکی نەناسراو لەبەشی کەلوپەل و باری فڕۆکەکەدا لە بەشی لای ڕاستی پێشەوەدا چاندویانە. مێردەزمەی تیرۆریزم جارێکی دیکەش ڕوخساری قێزەون و تاوانبارانەی خۆی نیشاندایەوەو گەلێک گومانلێکراویش خرابونە نێو چوارچێوەکەوە، کە زۆربەیان پەیوەندییان بە ڕەوتی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەندەوە هەبوو .

لەگەڵئەوەشدا، هەتا ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩١، نزیکەی سێ ساڵ لەوەدوا، دەسەڵاتدارانی UK و US نەگەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەنجامدەرانی ئەو کارە پێدەچێت دوو هەواڵدۆزی گومانلێکراوی لیبی بن کە لە هێڵی هەوایی لیبی لە ماڵتا کاریان دەکرد. ئەو دوو پیاوە، عەبدولباست ئەلمەقرەحی و ئەلئەمین خەلیفە فەحیمە، بە شێوەیەکی بزر تاوانبارکران و داوا لە لیبیا کرا کە بیاندات بەدەستەوە بۆئەوەی بەرەوڕوی داد بکرێنەوە.

گەلێک ساڵی پڕ چەقەچەق و بێنەوبەرە تێپەڕین و لیبیا یەکەمجار پێی لەسەرئەوە دادەگرت کە خۆی گومانلێکراوەکان دادگایی دەکات. حکومەتەکانی UK و US بەوە ڕازینەبوون و نەتەوە یەکگرتوەکانیان هێنایە مەیدان و لە ئەنجامدا ناچاریانکردن کە گەمارۆیەکی گەشتی ئاسمانی و دواتریش گەمارۆی ئابوری زیاتریش بەسەر لیبیادا بسەپێنن. لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٩٨دا و دوای سەردانێکی جیم سوایەر، قسەکەر بەناوی قوربانییەکانی لۆکەربییەوە، کۆلۆنێل قەزافی لیبیا ڕازیبوو بۆ ئەوەی کە گومانلێکراوەکان بدات بەدەستەوە بۆ دادگایکردنێک لەسەر بناغەی بێلایەنی. جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەو پیاوانە بەپێی یاسای سکۆتلەندی و لەلایەن دادوەری سکۆتلەندییەوە دادگایی بکرێن، بەڵام شوێنی دادگایی کردنەکە لە Camp Zeist بێت لە هۆڵەندا. ساڵانێکی زیاتری دواخستن و دەستی دەستی بەدواداهات لەلایەن لیبییەکانەوەو گەمارۆی هەوایی و ئابوریش وورده وورده وردوخاش دەبوون چونکە وڵاتە عەرەبییەکان گوێیان پێنەدەدان. لە نیسانی ١٩٩٩دا هەموو کەندو کۆسپەکان وەلانران و دوو گومانلێکراوەکە لە ئەنجامدا دران بەدەستەوە بۆئەوەی بۆ ئەو تاوانانەی کە دراوەتە پاڵیان بەرەوڕوی داد بکرێنەوە.

لە دادگایکردنە بنچینەییەکەدا، ئەلمەقرەحی بەو شێوەیەی کە تاوانەکەی درابووەپاڵ تاوانبارکرا، بەڵام تاواندراوەپاڵەکەی هاوڕێی، خەلیفە فەحیمە، بێتاوان دەرچوو. بەدوای ئەوەدا تێهەڵچونەوەیەکیان سازکرد بەڵام نابەکام بوو وە ئەلمەقرەحی جیاکرایەوە بۆئەوەی زیندانییە هەتاهەتاییەکەی لە بەندیخانەیەکی سکۆتلەندیدا بباتەسەر .

گومان و ئەگەرێکی زۆر چواردەورەی ئەم کێشەیەیان داوە، یەکێک لە بیردۆزەکان ئەوەیە کە بۆمبەکە بەویەڕی ساناییەوە پێدەچێت لە جانتایەکی قایمدا شاردرابێتەوە کە هی DEA ئەمریکی (ئاژانسی داسەپاندنی دەرمان و مادەسڕکەرەکان) بووە کە لە ڤایسبادن لە ئەڵمانیای خۆرئاوا بەشێوەیەکی ساختە کاریان دەکرد. یەکەی ڤایسبادن، کە ناونرابوو COREA ، بەبەردەوامی باری گەورەی دەرمان و مادەسڕکەرەکانیان ڕەوانەدەکرد، کە لەلایەن CIA ەوە دابیندەکرا، بۆ ئەڵمانیاو بۆئەوەی لەوڕێگایەشەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەند ساخبکرێتەوە. ئەم ئۆپەراسیۆنە نهێنییە لەپێناوی وەگیرکەوتنی زانیاری و پارەدا بوو بە دابینکردن و فرۆشتنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان. پارەو زانیارییەکان بۆ مەبەستی دابینکردنی داهات بۆ ئۆپەراسیۆنە ڕەشەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەند و شوێنانی دیکە بەکاردەهات (ئەو ئۆپەراسیۆنانە نهێنی، نەفرەتلێکراوو بەشێوەیەکی گشتی ڕێپێنەدراو بوون). ئەو پیاوەی کە دەرمان و مادەسڕکەرەکانی وەردەگرت و لێپرسراو بوو لە گێڕانەوەی بەرهەمی ساخکردنەوەکەیان، دەڵێن مونزر ئەلقەسار بووە .

Charles McKeeڕائیدی هێزە تایبەتەکان کە لە لوبنان سەرقاڵی پلانێک بوو بۆ ڕزگارکردنی حەوت کەس لەو نۆ ئەمریکییەی کە ئەوکاتە لەوێ بەبارمتە گیرابوون، ڕاستی ئۆپەراسیۆنەکانی COREA ی بۆ ساخبوەوە. واباسدەکەن کە بۆ گازەندەکردن لەو مەسەلەیە بەرەو USA گەڕاوەتەوە، بەڵام بۆ بەدبەختی، گەشتی ژمارە ١٠٣ تێکوپێکشکا. تۆمارەکان وادەردەخەن کە لە ڕۆژانی سەرەتای لێکۆڵینەوەکاندا، ژمارەیەک ئەندامی CIA گەیشتونەتە لۆکەربی و بۆ جانتا دەستییەکەی McKee گەڕاون. هەریەکسەر دوای دۆزینەوەی، بردویانەو دوایش بە بەتاڵی گێڕاویانەتەوە. ئەم هەواڵە لەلایەن پۆلیسێکی سکۆتلەندییەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە کە لە شوێنی کارەساتەکەدا لە ئەرکدا بووە .

زۆر کەس لەوباوەڕەدان کە McKee چەند ڕاستییەکی زۆر تاڵ و ئابڕوبەرانەی بۆدەرکەوتووە دەربارەی تێوەگلانی ئۆپەراسیۆنە ڕەشە ئەمریکییەکان لە دابینکردنی چەکوتەقەمەنیدا لەپێناوی فەشەلهێنانی مەسەلەی بەبارمتەگیراوەکاندا. بەپێی بیردۆزەیەک ئەو گەشتە سەربازییەی کە لە فڕگەی Gander لە کەنەدا

کەوتەخوارەوە دوو ساڵ لەوە پێش ڕابەرانی موشەکی TOW ی ئەمریکی تێدا بووە کە لە ئێران گەڕاونەتەوە. بێدەنگکردنیان دەربارەی کارە پەنهانییەکەیان لە ئێران بە چاندنی بۆمبێک لەنێو فڕۆکەکەدا ئەنجامدراوە. واپێشنیاز کراوە کە کارەساتی لۆکەربیش بۆ دڵنیابوون لە کپکردنی دەنگی McKee ئەنجامدرابێت .

## گۆڵدشتاین- ٢٥ی شوباتی ١٩٩٤

زۆر ئاسانە کە بەو بیروڕا هەڵەیە هەڵبخەڵەتێیت کە گوایە تیرۆریزمی ئاینیی بەتەنها بەهۆی بیروباوەڕی موسوڵمانێتییەوە دێتە بەرهەم. ئەمە بەهیچ شێوەیەک وانییە. مەسیحییەکان، هیندۆسەکان، بوزییەکان و جولەکەکان هەموویان بەدرێژایی مێژوو بەچاکی پشکی خۆیان لە توندڕەویدا مسۆگەرکردووە.
بینیامین گۆڵدشتاین، یان بینی وەک خۆی حەزی دەکرد وا بانگبکرێت، لە گەڕەکێکی سەر بە چینی ناوەند لەدایکبووە لە بروکلین و زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە دەیانناسی وەکو کوڕێکی ئاینپەروەر دەیانناسی. ئاینپەروەری بنەماڵە جولەکە ئۆرسۆدۆکسەکەی لەو دراوسێ جولەکانە دایبڕیبوون کە زیاتر سکیولەر بوون. گۆڵدشتاینی لاو بە کڵاوو پەلکە لولە نەریتییەکانییەوە دەچووە قوتابخانەی یەشیڤا[29] کە وادیاربوو لەوێ بیروباوەڕەکەی پاڵی پێوەدەنا بەرەو گۆشەگیری. بەمجۆرە لە سوچی گۆشەگیرییەکەیدا لە قوڵایی دڵیدا ئاگرێک داگیرسا، بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە ڕۆژێک لە ڕۆژان کڵپەبسێنێت و ببێتە حەماسێکی توندڕەوانەی بۆ خوێن تینو. کاتێک گەورە بوو، هەموو ووزەو توانای گۆڵدشتاین لە بۆتەی خۆشەویستی هەموو ئەوشتانەدا توایەوە کە بۆنی ئیسرائیلیان لێدێت، بەڵام ئەو خۆشەویستییە بەئەندازەی خۆیشی ڕقوقینی هەڵگرتبوو بۆ دوژمنانی ئیسرائیل. ئەو خوێندکارێکی پلە یەک بوو، لەساڵی ١٩٧٧دا بە پلەی شەرەف زانکۆی یەشیڤای لە شاری نیۆرک تەواوکرد. لەدەوروبەری ئەوناوەدا بوو بەتەواوی خۆی تەرخانکرد بۆ ڕابی مایر کاهینی قێزەون، کە کۆمەڵەی بەرگری لە جولەکەکەی بەکارهێنانی توندوتیژی بەڕەوا ناسیبوو دژی هەرکەسێک کە ئەوان بە مەترسی تێبگەن دژی جولەکەکان. لە نامەیەکیدا بۆ نیۆرک تایمز، گۆڵدشتاین بانگەوازەکەی ڕابی دوپاتکردبوەوە بۆ بەزۆر دەرپەڕاندنی عەرەبەکان لە ئیسرائیل و بانی خۆرئاوا. ئەو نوسیبوی : " ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە: ئەگەر ئیسرائیل نەیەوێت ڕوبەڕوی ئەو کێشانە ببێتەوە کە ئەمرۆ ئیرلەندای باکور بەدەستییەوە دەناڵێنێت، دەبێت بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە بکەوێتەخۆ بۆ وەدەرنانی ئەو کەمینە عەرەبەی کە لە چوارچێوەی سنورەکانیدایەتی ."
گۆڵدشتاین بەردەوامبوو لەسەر خوێندن تا بڕوانامەی نوشداری لە کۆلێجی ئەلبەرت ئەنیشتاینی نوشداری وەرگرت، بەدوای ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٨٣دا کۆچی کرد بۆ ئیسرائیل. دوای ئەوە هێندەی نەبرد کە هاوڕێ و هاوسۆزێکی کاهینی دیتەوەو زەماوەندی لەگەڵکرد. ڕابی کاهین ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەی بەڕێوەبرد. لە کۆتاییدا لە کایریات ئەربا نیشتەجێ بوو کە کامپێکی نیشتەجێکردنی بانی خۆرئاوایە هەر لەبەردەمی شاری هێبرونی فەلەستینیدا .
ئەو وەکو دوکتۆرێکی سەربازی لە کلینیکی ناوچەکە کاریدەکرد، بەڵام گۆڵدشتاین لە سنوری پیشەکەیدا شتێکی وەکو تەلیسم و لێڵی تێدابوو، چونکە هەرگیز چارەسەری عەرەبەکانی نەدەکرد. هاوپیشەیەکی کە بەباشی دەیناسی لەیادی بوو کە دەیوت: " ئەوە دوژمنی گەلەکەمە، من بۆیە نەهاتومە ئێرە کە چارەسەری دوژمنەکانم بکەم." لە هزری ئەودا شتێک نەبوو کە ناوی عەرەبی بێتاوان بێت، هەربۆیە ناوبانگێکی زۆر دزێوی هەبوو لەنێو فەلەستینییەکانی هێبرۆندا. ئەمە جولەکەیەک بوو کە خواپەرستە موسوڵمانەکانی بێزار دەکردو گاڵتەی پێدەکردن لە ئارامگای پاتریارکەکان، ئەو خاڵەی کە لەلای هەردوولا، موسوڵمان و جولەکەکان بە پیرۆز ناسراوەو لەو شوێنە بڕوادارانی هەردوو ئاینەکە لەکاتی جیاجیادا نزاو خواپەرستی خۆیان دەکەن. موحەمەد

[29] Yeshiva قوتابخانەیەکی ئاینیی جولەکەکانە.

سولەیمان ئەبو سارا یەکێک لە پاسەوانە فەلەستینییە بێچەکەکانی ئەو ئارامگایە دەیووت: " هەندێک جار لەوانەی دەدا کە بۆ خواپەرستی هاتبوون و هەندێک جاریش ڕازینەدەبوو کە ئەو شوێنە جێبهێڵێت کاتێک ئیتر دەبوایە جولەکەکان کۆتایی بە خواپەرستییەکەیان بهێنن ".
لە ساڵی ١٩٩٠دا کاتێک ڕابی کاهینی پاڵەوانی لەلایەن پیاوکوژێکی عەرەبەوە لە شاری نیۆرک درایە بەر گوللەو کوژرا. ڕقی گۆڵدشتاین قوڵتربوەوە. پەیمانی تۆڵەی دا بۆ مەرگی کاهین. چەند ساڵێک لەوەدوا، کاتێک دوو کەس لە هاوڕێکانی کەوتنە نێو بۆسەی پەلاماردەرە عەرەبەکانەوە لەنزیک کایریات ئەربا، گۆڵدشتاین لەگەڵ ئەو تیمە نوشدارییە کوتوپڕییە بوو کە گەیشتنە سەر شوێنی ڕوداوەکە. کاتێک مۆردیچای لاپید و کوڕە نۆزدە ساڵەکەی لە بەردەستیدا مردن، هەندێک لەوانەی کە لەوێ بوو بوون ووتبویان ڕەنگێکی هێناوەو بردووە، پیشی خواردۆتەوەو شپرزاوە .
لە ڕۆژی هەینی ٢٥ی شوباتی ١٩٩٤دا، لەو ڕۆژە پیرۆزەی موسوڵمانەکاندا لە مانگی ڕەمەزاندا، مانگی ڕۆژوگرتن و خواپەرستی، گۆڵدشتاین بەرەو ئارامگای پاتریارکەکان کەوتە ڕێ. ئەو کاتە کاتی خواپەرستی موسوڵمانەکان بوو، وە بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە گەرەنتی ئەوە دەدرا کە لەدیوارەوە بۆ دیوار دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. کاتژمێر ٥:٢٠ خولەکی سەرلەبەیانی نزیکەی حەوتسەد پیاو، ژن وە منداڵ لە مزگەوتەکە گرد بوونەوە بۆ نوێژی بەیانی. یەکێک لە پاسەوانەکانی مزگەوتەکە گۆڵدشتاینی بینی و چونکە دەیناسی کە ئاژاوەگێڕو نەگبەتە نەیهێشت بچێتە ژوورەوە. لەوەڵامدا گۆڵدشتاین، کە قاتێکی سەوزی زەیتونی کاپتنێکی بەرێزی سوپای لەبەردابوو، تفەنگی دەستدرێژییە گالیلە سوپاییەکەی لەشانی داگرت و قۆناغێکی کێشا بە پاسەوانەکەداو داییەزەویدا، دوای ئەوە بەڕاکردن خۆیکرد بە مزگەوتەکەدا. لە ناوەوە گۆڵدشتاین لەدواوە خۆی دامەزراند و ڕویکردبووە پشتی نوێژکەرەکان کە ڕیز لەدوای ڕیز چۆکیاندادابووە سەر زەوی و کڕنوشی نوێژکردنیان بردبوو. لە کەمتر لە دوو مەترەوە گۆڵدشتاین دەستڕێژی کرد .
ئەو گولله درندانە دیواری مرۆڤایەتییان کونکون دەکرد. ئەوان بەر پشت و بەر سەر دەکەوتن. بەپێی وەزنێکی نەگۆڕ ئەو چەکە گالیلە ڕیزە قورسە مەرگی دروێنەدەکرد. کە بەو هەموو گەلەگۆشتە نەبزوتبوو بە چواردەوریدا، گۆڵدشتاین مەخزەن لەدوای مەخزەن دەیگۆڕی. فەلەستینییەکان بەهەرچوار دەوردا پەلەقاژێیان دەکرد بۆ دەرچون. هەندێک دەرچون، لەکاتێکدا بریندارو کوژراوەکان لە دەریایەکی خوێندا مەلەیان دەکرد، زۆر زەحمەت بوو بتوانیت زیندوو لە مردوو جیابکەیتەوە.
ئەو ئاگربارانەی ناو مزگەوتەکە نزیکەی دە خولەکی خایاند، تا لە دواییدا هەندێک لە نوێژکەرەکان توانیان بە دەزگایەکی ئاگرکوژاندنەوە لە گۆڵدشتاین بدەن و لە هەمانکاتدا چەکی بکەن. سێ سەربازی ئیسرائیلی کە لەم کاتەدا چونە ناو مزگەوتەکەوە، ئەم دیمەنەیان بە پەلاماری فەلەستینییەکان بۆ سەر کەسێکی ئیسرائیلی بە جلوبەرگی سەربازییەوە لێکدایەوەو دەستیانکرد بە تەقە، ئەوانیش چەندەها نوێژکەری دیکەیان کوشت. لەدەرەوەش سەربازە ئیسرائیلییەکانی تر، کە ئەو ساتە گەیشتبونە سەر شوێنی ڕوداوەکە، کە بینیان وا سەدەها فەلەستینی بەپەلەپڕوزێ و بە لە خوێنهەڵکشاوییەوە لە قەسابخانەکە هەڵدێن، ئەوانیش لەخۆیانەوە تۆقین و دەستیان کرد بە تەقەکردن. ئاماری کۆتایی کوژراوو بریندارەکان تەنانەت لەو ئاستەش زیاتر بەرز بوەوە کە گۆڵدشتاین بە ئاواتی خواستبوو. دەزگا ڕەسمییەکانی ئیسرائیل ٣٩ کەسیان ژمارد کە لە مزگەوتەکەدا کوژرابوون- فەلەستینییەکان ٥٢ کەسیان بینییەوە کە کوژرابوون لەگەڵ ٧٠ برینداریش. ئەم ژمارانە گۆڵدشتاینیان لەگەڵدا نەژمێرراوە، کە لاشەکەی ونجڕ ونجڕکرابوو .
کە هەواڵەکە بە کۆچەوکۆڵانی جولەکە توندڕەوەکاندا بڵاوبوەوە لە هیبرۆن، نیشتەجێبووەکان لە شەقامەکاندا سەمایان دەکردو ستایشی شەهید بوونی گۆڵدشتاینیان دەکرد. هەندێک لە نیشتەجێبووەکانی کایریات ئەربا ئەو کارەی ئەویان ناونا : " دیارییەکی گەورە". نیشتەجێبوویەک، کە سەربازێک پێشی پێگرتبوو کاتێک ویستبوی دەستدرێژی بکاتە سەر ڕۆژنامەنوسێکی فەلەستینی، قیژاندبووی: " ئێمە دەبێت ٥٠٠ بکوژین نەک ٥٠ "!

# ئۆکلاهۆما- ١٩ی نیسانی ١٩٩٥

هەر کەمێک بەر لە کاتژمێر ٩ ی سەرلەبەیانی ١٩ی نیسانی ١٩٩٥، دانیشتوانی ئۆکلاهۆما خۆیان بۆ ڕۆژێکی کارکردنی دیکە ئامادەدەکرد. کارمەندەکان لە بینای فیدراڵی مورا لە نێوشاری ئۆکلاهۆما دەستیان بەکارکردبوو وە دایکوباوکانیش مناڵەکانیان لە سەنتەری چاودێری ڕۆژانە دادەنا لە قاتی دووەم. لە هەمانکاتدا لۆرییەکی زەردی کرێی جۆری Ryder کە لەلایەن جەنگاوەری دێرینی جەنگی کەنداوو هەڵسوڕاوی دژە حکومەت Timothy McVeighەوە لێدەخوڕرا، بەو نێوەدا و لەو کاتی قەرەباڵخی و پەلەپەلەدا ڕێگای بۆخۆی کردەوە. بارکرابوو لە حەوت هەزار پاوەند مادەی تەقینەوە، کە لە تێکەڵەیەکی نیتریتی ئەمۆنیۆم و بەنزین پێکهاتبوو McVeigh .ئەوکاتە فیوزە پێنج خولەکییەکەی داگیرساندبوو، وە کە لە بینای فیدراڵی بەتەواوی نزیک بووەوە، فیوزە دوو خولەکییەکەی داگیرساند. بەهێواشی ئۆتۆمۆبێلەکەی لە بۆشاییەکدا لەژێر سەنتەری چاودێری مناڵاندا ڕاگرت، خۆی دابەزی و قاپی ئۆتۆمۆبێلەکەی داخست و چووە دەرەوە .

لە کاتژمێر نۆو سێ خولەک بۆمبەکە تەقییەوە، بەشی سەروی بیناکەی بەتەواوی هەڵتەکاند. کاتێک شەپۆلی تەقینەوەکە لە خاڵی سفرەوە بڵاوبوەوە، ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە لەوناوەدا بوون هەموو گڕیانگرت وە پەنجەرە لە چەند بینا لەولاترەوە تەدران بە زەویدا. تەنانەت McVeigh خۆیشی لەو تەقینەوەیەدا بە سەلامەتی دەرنەچو، کاتێک بەرەو لای ئەو ئۆتۆمۆبێلە دەڕۆیشت کە دەیویست پێی هەڵبێت، کە ئۆتۆمۆبێلێکی زەردی جۆری مێرکوری مارکیۆس بوو، پارچەی پەڕیوی تەقینەوەکە قاچیان بریندارکرد، بەڵام ئەو بەهێمنی بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکەی ڕۆیشت هەروەک هیچ ڕوینەدابێت. لەماوەی چەند خولەکێکدا بەرەو دەرەوەی شار کەوتە ڕێ .

لە هەمانکاتدا، تیمی ئاگرکوژاندنەوە، تیمەکانی نیمچە پزیشکی و دەستەی فریاگوزاری گەیشتبونە شوێنی ڕوداوەکە و لەنێو پاشماوەی وێرانەکەدا بۆ کەسانی زیندو دەگەڕان. ئەو ڕاستییەی کە مناڵەکان لەنێو بیناکەدا ڕێگەیان لێ داخرابوو هانیدان بۆئەوەی خێرا بکەن و زۆر کەس لەنێو ئەو پارچە بارینەدا ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی خەڵک بهێننە دەرەوە. بۆ بەدبەختی لاشەی زۆریش دەهاتە دەرەوە کە شێوابوون و بەپێی دوا ئامار ١٦٨ کەس گیانیان لەدەستدا، کە نۆزدەیان مناڵ بوون، لە یەکێک لە خراپترین کارەکانی تیرۆریزمدا لەسەر خاکی . USA

کاتژمێرێک زیاتر لەوەدواو لە دووری ٦٠ میل لە شوێنی ڕوداوەکەوە، پارێزگارێکی ڕێگاوبانMcVeigh ی ڕاگرت چونکە ئۆتۆمۆبێلەکەی پلێتی مۆڵەتی پێوە نەبوو. کە تێبینی کرد McVeigh چەکێکی پڕ فیشەکی پێیە، کابرای پارێزگار دەستگیری کرد. لەشوێنی ڕوداوەکەشدا لێکۆڵەرەوەکان پێشرەوی باشیان کردبوو لە دۆزینەوەی هۆکاری ڕوداوەکەدا. ئەکسلی لۆرییەکەیان چەند بینایەک لەولاترەوە دۆزییەوەو توانیان ژمارەی VINەکەی ببەنەوە سەر لۆرییە Ryder ە کرێکە. وێنەیەکی بەدەست کێشراوی شۆفێری لۆرییەکە، کە لەسەر زاری ئەو شاهیدانەوە بیرۆکەکەی وەرگیرابوو کە لە بنکەی بەکرێدانەکە کاریان دەکرد، هەرزوو لە سەرتاسەری ناوچەکەدا نیشانی خەڵک درا. لە ئەنجامدا کارمەندانی مۆتێلێک لە کەناری شار وێنە کێشراوەکەیان ناسییەوەو پیاوەکە لە تۆماری مۆتێلەکەدا بە McVeigh دەستنیشانکرا. خەریک بوو لە گرتوخانە ئازاد دەکرا دوای ئەوەی کە لەلایەن پیاوی پارێزگاری ڕێگابانەوە گیرابوو کاتێک شەریفی ناوچەکە پەیوەندیی پێوەکرا بۆئەوەی بیخەنەوە گرتوخانە، ئەمجارە بەتاوانی بۆمب تەقاندنەوە .

تۆماری مۆتێلەکە ناونیشانێکی دابەدەستەوە لە میشیگان، کە دەرکەوت کێڵگەیەکەو هی براکەی هاوڕێ و هاوەڵی پێشوی سوپای McVeigh تێری نیکۆڵاسە. ماڵەکەی تێری نیکۆڵاس پشکنراو بەڵگەی زیاتر لەدژی خۆی و McVeighلەوێ دۆزرایەوە، بە پسوڵەیەکی کڕینی نیترەیت ئەمۆنیۆمەوە کە شوێنپەنجەی McVeigh ی پێوە بوو .

نیکۆڵاسیش گیراو هەروەک McVeigh تاوانبارکرا. هەروەها براکەی نیکۆڵاسیش دەستگیرکرا بەڵام بەبێتاوان دەرچوو ئازادکرا. هاوڕێیەکی دیکەی McVeigh ، مایکڵ فۆرتیر، لەوان تاوانی کەمتری درایە پاڵ و

تاوانبارکرا. بۆ ئەوەی دوایی لە دادگادا بەباشی شی بکرێتەوە. لەکاتی دادگایی McVeigh دا بەڵگەکان لەدژی ئەگەرچی بەزۆری نەدەسەلمێنران، تابلێیت بڕیاردەر بوون. ئەو تاوانبارکراو سزای کوشتنی بەسەردا درا. شەش مانگ لەوەدوا، نیکۆلاسیش تاوانبارکرا بەڵام فەرمانی زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا درا McVeigh . یش لە سەر هێڵی مردن بوو بۆماوەی سێ ساڵ کاتێک بێنەوبەردە یاساییەکان بەرەو پێش و بەرەو پاش تەکانیان دەدا. لە کۆتاییدا دانینا بە بەشی خۆیدا لە کاری بۆمب تەقاندنەوەکەداو وادیار بوو چارەنوسی خۆی قبوڵکردبوو. بەهۆی دەرزییەکی ژاراوییەوە لە ١١ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا کوژرا. لەوباوەڕەدان کە McVeigh بۆیە ئەو پەلامارەی ئەنجامدابێت وەک ناڕەزایی دەربڕینێک بەرانبەر هەڵمەتی سەرنەکەوتوانەی حکومەت لە ١٩٩٣دا دژی تاقمی ئاینی Branch Davidian لە واکۆ کە لەوێدا هەشتا پیاو، ژن وە مناڵ کوژران. ڕۆژی تەقینەوەکەی ئۆکلاهۆما ڕێکەوتی یادی دووەم ساڵڕۆژی گەردەلولە ئاگرەکەی واکۆ بوو .

## ئەلقسور- ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧

پیشەسازی گەشتوگوزار زۆر زۆر گرنگە بۆ میسر نەک هەر لەبەر ئەو داهاتەی کە بەردەوام لێوەی دەستیان دەکەوێت بەڵکو بۆ ئەو سەدەها هەزار کارو پیشەیەش کە دابینی دەکات. ئەمەش ئەو شوێنەی کردووە بە ئامانجێکی زۆر زۆر بەنرخ بۆ گروپە چەکدارە دژ بە دەوڵەتەکان کە لێکیانداوەتەوە ئەگەر بتوانن لە گەشتوگوزار بدەن بە بەدیهێنانی کەشوهەوایەکی ترس، دەبێت بتوانن ئەو ڕژێمە ژێرەوژوربکەن کە ئەوەندەیان ڕق لێیەتی. لەماوەی بیست ساڵی ڕابوردودا گەلێک ڕوداو ڕویداوە کە لەوێدا گەشتیارە بیانییەکان یان ژیانیان لەدەست داوە یان زامدار بوون لە پەلامارە تیرۆریستییەکاندا. خراپترینیشیان، لە ناوچەی پەرستگای هاتشێپسوت بوو لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧دا .

لەو بەیانییەدا هەر کەمێک بەر لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی، شەش چەکدار کە جلوبەرگی پۆلیسییان لەبەرکردبوو تەکسییەکیان ڕفاند و شۆفێرەکەیان ناچارکرد بیان بات بۆ پەرستگاکە. لە دەروازەی پەرستگاکەدا خۆیان فڕێدایە دەرەوەو تەقەیان لەدوو پۆلیس کردو کوشتنیان لەگەڵ دوو پاسەوانی ناوچەییدا. بەرەو ناو حەوشەی پەرستگاکە ڕۆیشتن و بەبێ جیاوازی تەقەیانکرد لە هەموو ئەوانەی کە دەجوڵانەوە بەشێوازێکی دڕندانە کە ماوەی یەک کاتژمێری خایاند. ژنان و مناڵانیش لەو پەلامارەدا هەڵنەوێردران کاتێک دەیانویست خۆیان حەشاربدەن یان ترس و تۆقین لە مەرگ نیشانبدەن. دواتر هەواڵدرا کە هەندێک لە برینداەکانیان بە ئەڵقۆمە هەڵهێنانەوە کوشتووە.

بەشێوەیەکی گشتی ٥٨ کەسی بیانی کوژران، کە لەنێوانیاندا ٣٥ سویسری، شەش بەریتانی، چوار ئەڵمانی، یەک فەڕەنسی وە بولگارییەک و کۆڵۆمبییەک بینرانەوە. بیستوچوار کەسیش بریندار بوون کە برینی هەندێکیان سەخت بوو .

بەدەستگرتن بەسەر پاسێکی گەشتوگوزاریدا، چەکدارەکان بەرەو گردەکانی ئەو نزیکە هەڵهاتن و لەگەڵ پۆلیسدا توشی شەڕە تەقەیەک بوون. لەم نێوانەدا یەکێکیان زۆر بەسەختی بریندار بوو وا باسدەکەن کە لەلایەن هاوەڵەکانییەوە کوژراوە. چونکە نەیاندەویست خۆیانبدەن بەدەستەوە، چەکدارەکان لەگەڵ پۆلیسدا شەڕە تەقەیانکرد تا چواردەوریان گیراو هەموویان کوژران .

ڕۆژی دواتر گروپی توندڕەوی ئیسلامی جەماعەت ئەلئیسلامییە ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوەو لێپرسراوێتی تەواوی خۆیان بۆ پەلامارەکە ڕاگەیاندو گەشتیارە بیانییەکانیان ئاگادارکردەوە کە گەشت نەکەن بۆ میسر. داوای ئەوەیان کرد کە یاسای شەریعەت لە میسر پەیڕەو بکرێت، پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل بپچڕێنرێت و شێخ عومەر عەبدولڕەحمانی سەرکردەی گیانیی گروپەکە بگێڕرێتەوە بۆ میسر. شێخ عومەر لە بەندیخانەیەکی ئەمریکیا بوو لەسەر پیلانگێڕانی بۆ تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٣دا.

بۆ ئەوەی مەسەلەکان بشێوێنن، ڕاگەیاندنێکی دیکە چەند ڕۆژێک دوای ئەوە لەلایەن ئەندامێکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری باڵی سیاسییەوە بڵاوکرایەوە کە لە ئەورووپای خۆرئاوا دەژین. ئەم ڕاگەیاندنە پەژارەی خۆی

دەربڕی بۆ کوژراوەکان و پەیمانیدا کە چیتر هیچ پەلامارێک بۆسەر گەشتکەران بەرپاناکرێت. لەگەڵئەوەشدا ڕاگەیاندنی سێیەم کە لە ٩ی کانونی یەکەمدا بڵاوکرایەوە، ڕاگەیاندنی دووەمی پوچەڵکردەوەو وایدایە قەڵەم کە لەلایەن جەماعەت ئەلئیسلامییەوە دەرنەکراوە .

دوای پەلامارەکە ڕێوشوێنی ئاسایش بەچواردەوری شوێنە گەشتوگوزارییەکاندا بەهێزکرا، ئەلقسور هەر بەتەواوی قاپییەکانی کلۆمنران. سەرۆک حوسنی موبارەک بانگەوازێکی نارد بۆ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی کە کۆمەکی بکەن لە بەگژاچونەوەی تیرۆریزمدا، ئەو داخوازییە لەلایەن زۆر وڵاتەوە بە هاوسۆزییەکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا. بەڵام ئەمە نەبووە هۆی بەرگرتن لە زۆر لە کۆمپانیاکانی گواستنەوە بۆ گێڕانەوەی پێشوەختی نەفەرەکانیان یان سڕینەوەی گەشتی پشودانی پاشەڕۆژ بۆ ناوچەکە .

## سریلانکا – لە ١٩٩٠ وە بەرەوژور

پڵنگەکانی ئازادیی تامیل ئیلام(LTTE) ، یان پڵنگەکانی تامیل وەکو لە میدیاکاندا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان پێدەکەن، لەلای تۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئاسایی نین و وەها پێیان ڕانەهاتوویت LTTE .زۆر بەباشی ڕێکخراوە، پڕچەک و پۆشتە کراوەو مەشقی پێکراوە. ئەم ڕێکخراوە نزیکەی هەموو ئەو شێوازە تیرۆریستیانەی پیادەکردووە کە لەم کتێبەدا باسیانکراوە، لە کاری خۆکوژی و خۆتەقاندنەوەی تاکەکەسییەوە بیگرە تا دەگاتە پەلاماری سەربازی تەواوو هەمەلایەنە. لەوەش زیاتر ئەم ڕێکخراوە پشتیوانی و پشتگیری ماڵی لە تامیلەکانی ترەوە پێدەگات لەسەرتاسەری جیهاندا. لەکاتێکدا کە زۆربەی پارەکە بە خۆڕایی دەبەخشرێت، LTTEلە خستنەگەڕی تاکتیکی توند و پۆلاینیش ناپونگێتەوە لە کۆکردنەوەی پارەدا. لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە LTTE بۆ مەشقپێکردنی چەکدارە نوێکانی هۆکاری چاک دابین دەکات و هەروەها بەرقەراربوونی هۆکانی پەیوەندی دەرەکیش بەباشی دەرەخسێنێت بۆ پشتگیریکردنی هێڵی دابینکردنی چەکوتەقەمەنییەکانی. بەشێوەیەکی سەرەکی چالاکییەکانی پڵنگەکان لەو پەلامارانەدا مۆڵدراون کە دەکرێنە سەر حکومەتی سریلانکی و بۆ هێنانەدی مافە هەرێمییە بە ڕەوا زانراوەکانیان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئاواتی لەمێژینەیان کە دەوڵەتێکی تامیلی ئازادە .

جەنگی نێوان پڵنگەکانی تامیل و حکومەتی سریلانکی، کە لە ١٩٨٠ کاندا دەستپێکردووە ( بڕوانە بەشی ٢) ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت کاتێک پڵنگێکی خۆتەقێنەرەوە سەرەک وەزیرانی هیند ڕاجیف گاندی کوشت. ڕاجیف گاندی وتاری بۆ کۆبونەوەیەکی فراوانی جەماوەری دەدا لە نزیک مەدرەس، پایتەختی تامیل نادو کە هەرێمێکی هیندییە. هەتا ئەم ساتە وەختە تامیل نادو یارمەتییەکی زۆر زۆری بۆ LTTE دابینکردبوو. زۆر لە سەربازەکانیان لەو کامپانەدا مەشقیانپێدەکرا کە لەچواردەوری ئەو هەرێمە بوون بەرلەوەی ڕەوانەی ئۆپەراسیۆنەکان بکرێن لە سریلانکا. هیند پێشتر هێزێکی ئاشتی پارێزی ناردبوو بۆ سریلانکا، ئەگەرچی لەسەرەتادا پێشوازییەکی گەرمیانلێکرا، بەڵام بە زوویی لە ململانێیەکی تاڵەوە گلان لەگەڵ LTTE و ناچارکران پاشەکشە بکەن. بەشێوەیەکی بەربڵاو وا باوە کە سەرەک وەزیران ڕاجیف گاندی لەپێناوی بەرگرتن لە دەستێوەردانی زیاتری هیند لە سریلانکا غافڵکوژ کراوە. لەو تەقینەوەیەدا حەڤدە کەسی دیکەش کوژران. کوژرانی ڕاجیف گاندی کاردانەوەیەکی پێچەوانەی هەبوو لەسەر LTTE ، کە لەئەنجامی ئەوەوە ناچارکرا کۆتایی بهێنێت بە هەموو ئاسانکارییەکانی مەشق و پشتگیری خۆی لە هیندا .

دوو ساڵ لەوەدوا، LTTEکارێکی خۆکوژی ڕێک وەک ئەوەی ئەنجامدا، کە بووە هۆی کوژرانی سەرۆکی سریلانکا ڕاناسینگا پریماداسا. ئەو کارەش ڕێگای خۆشکرد بۆ هەڵبژاردنی خاتوو کۆماراتونگا، ئەو ژنەی کە پەیمانی دابوو کۆتایی بهێنێت بە هەژاری وڵاتەکەی و هەروەها بە شەڕی نێوان حکومەتی سیریلانکی و LTTEیش. پەیامەکەی ئاشکرا بوو- با دانوستان بکەین. ئەم ستراتیژییەتە کاری خۆی کرد و لەسەرەتای ١٩٩٥دا ئاگربەستێکی کاتی مۆرکرا. ئەو ئاگربەستە لە دوو هەفتە زیاتری نەخایاند. بەبیانوی ئەوەی کە گوایە حکومەتی سریلانکی پەیمانی خۆی نەبردۆتە سەر، LTTEشەڕێکی نوێی لەدژی هێزەکانی حکومەت بەرپاکرد.

ئەگەرچی هەمیشە LTTE بە تیرۆریست ناوزەدکراوە بەڵام جەنگی پلنگەکان بە گوێرەی تاکتیکە تیرۆریستییەکان بەرپانەکرا، بەڵکو وەکو هەڵمەتێکی تەواوی جەنگی گەریلا برابەرێوە .
LTTEدەستیدایە پەلاماری دەستدرێژی کارانە بە پەلاماردانی بنکەیەکی هێزی دەریاییشەوە کە لەوێدا بەلەمە پارێزگارییەکان تەقێندرانەوە. لە هەمان کاتیشدا دوو فرۆکەی باریی هێزی هەوایی سریلانکاش بەهۆی موشەکی سام ٧ی دروستکراوی ڕوسیاوە خرانە خوارەوە. ئەم جۆرە پەلامارانە بۆ سەر هێزەکانی حکومەت وەکو کارێکی ڕۆژانەیان لێهاتبوو، کە وڵاتەکەی خستبووە بارێکی پاشاگەردانییەوە. حکومەتیش کاری تۆڵەسێنی بەرپاکرد، چل هەزار سەربازی مۆڵداو بۆ پەلامار بۆ سەر بنکەوبارەگا قایمەکانی LTTE لە نیمچە دورگەی جافنا سازو ئامادەی کردن. ئەم پەلامارە تارادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەوەی کە هێزەکانی حکومەت دەستیان گرتەوە بەسەر زۆربەی ئەو ناوچانەدا کە پێشتر بەدەست یاخییەکانەوە بوو. ئەوەش بووە هۆی دابەزینی ئاستی پشتگیری LTTE نەک هەر لە پشتتگیری ماڵیدا بەڵکو لە هێزی مرۆییشدا. ئەو ململانێیە لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا نرخەکەی بە لەدەستدانی دوو هەزار پیاو لەسەر LTTE شکایەوە .
LTTEلەسەر پەلامارەکانی بەردەوام بوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی لە سنوری کارە خۆکوژییەکاندا تەنگەبەر کردەوە، یەکێک لەو کارانە بووە هۆی کوژرانی نەوەد کەسێک کاتێک لە کۆڵۆمبۆی پایتەختدا کەسێک خۆی تەقاندەوە. لە پشت پەردەوە LTTE خۆی بۆ پەلامارێکی گەورە ئامادە دەکرد LTTE .بەهۆی هێزی دەریایی تایبەت بەخۆیەوە چەک و تەقەمەنی لە بنکەکانی تایلەند و بۆرماوە گواستەوە بۆ ناو وڵات. ئەو کەشتییانە، کە بەزۆری کەشتی بازرگانی کۆن بوون، بەهۆی پڵنگە دەریاییەکانی LTTE خۆیانەوە لە هەڵمەتی هێزی دەریایی سریلانکی دەپارێزران، ئەو پڵنگانە بەلەمی بچوکیان پێبوو کە توانایەکی تەقەکردنی باشیان دەگرتە خۆ. پڵنگە دەریاییەکان وەک خۆتەقێنەرەوەی ڕوی ئاویش بەکاردەهاتن، کە خۆیان دەکێشا بە کەشتییە سریلانکییەکاندا بەرلەوەی بتەقنەوە .
تەمووزی ١٩٩٦ LTTE گەورەترین پەلاماری بەرپاکرد کە هەتا ئێستا بە خۆیەوە بینیبێت کاتێک زیاتر لە سێ هەزار لە ئەندامەکانی پەلاماری بنکەی هێزی دەریایی سریلانکایاندا لە مولاێتیڤا لە کەناری باکوری خۆرهەڵات. حکومەت بەناردنی هێزە تایبەتەکان ( کە لەلایەن پیاوانی پێشوی SAS وە مەشقیان پێکرابوو) و هەروەها بە دابینکردنی هەلیکۆپتەری جەنگی کە پشتیوانی هێزە دەریاییەکان بکات هاتە ناوەوە؛ هێزێکی ئەرکی تایبەتی دەریاییش نێردرا بوو. ئەو هێزەی دوایی جارێکی دیکەش لەلایەن پڵنگە دەریاییەکانەوە پەلاماری درایەوە کە بە سانایی بەلەمەکەیان خۆی کێشا بە کەشتییەکانی هێزی دەریاییدا، ئەوەش بووە هۆی هێواش کردنەوەی خۆئامادەکردن و پشتقایمکردنی هێزەکانی حکومەت. لە ئەنجامدا LTTE بەسەر هێزەکانی پارێزگاری دەریاییدا سەرکەوتن. پڵنگەکانەکان زۆربەی سەربازەکانی حکومەتیان نایە بەر چەقۆ. بەپێی ئەو ئامارە هەرەمەکیانەی کە لەو شەڕەوە گێڕراونەتەوە زیانە گیانییەکانی حکومەت بە کوژرانی زیاتر لە هەزار سەرباز خەملێنراوە لە کاتێکدا LTTE تەنها چوارسەد کەسی لێکوژراوە. پەلامارەکان لەسەر ئەم ئاستە بەرزە بەردەوامبوون و هەردوولاش زیانی قورسیان لێدەکەوت. لە سێپتەمبەری ١٩٨٨دا دوو هەزار ئەندامی LTTE هێرشیان بردە سەر سەربازگەکانی حکومەت لە پارانسان کە بووە هۆی کوژرانی شەش سەد سەربازی حکومەت. هێرشەکە زۆر بەباشی نەخشەی بۆ دانرابوو وە بە پشتیوانی هاوەن و تۆپخانەش ئەنجامدرا بوو .
سەرباری بانگەوازەکانی ئاشتی و چەندەها ئاگربەستی کوتوپڕ، ململانێی نێوان جودایخوازە تامیلییەکان و حکومەتی سریلانکی هێشتا هەر بەردەوامە LTTE .نەک هەر وەک هێزێکی جەنگاوەری ڕێکخراو خۆی سەپاندووە، بەڵکو ئێستا واڕادەگەیەنێت کە نوێنەرایەتی دەنگی ڕەسمی گەلی تامیل دەکات لەسەرانسەری جیهاندا .

## ئەمریکا- ١١ ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

پەلاماری تیرۆریستی بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیۆرک لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، پەلامارێکی هەمان شێوەش بۆ سەر پەنتاگۆن لە واشنگتۆن و تێکوپێکشکانی فرۆکەیەکی دیکەش کە بەوپەڕی خێراییەوە خۆی کێشا بە مەیدانێکدا لە پێنسلڤانیا- هەموویان وەک بەشی جیا جیای یەک کارەسات- ئەو ڕۆژەیان هێنایە دی کە جیهانی هەژاند. ئەوە خراپترین ڕوداوی لەو جۆرە بوو کە لەسەر خاکی ئەمریکا ڕویدابێت، کە بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر خەڵک و کاولبوونێکی بێ وێنە. بە نمایشکردنی ئەوەی کە چەندە ئاسانە فرۆکە بگۆڕیت بۆ بۆمبی فڕیو، ئەنجامدەرانی ئەلقاعیدە نیشانیاندا کە چەند ترسناک بووە لە بەرانبەر مەسەلە ئاسایشییەکاندا خۆت بە تەواو و بێخەوش بزانیت، بەتایبەتیش لەو شوێنەدا کە پەیوەندی بە بن لادنەوە هەیە .
ئێستا ئاشکرا بووە کە نەخشەدانان بۆ مەرگەساتەکانی ١١ی سێپتەمبەر بەدوای ئەو ڕوداوانەدا دەستی پێکردووە کە چەندەها ساڵ لەوەپێش ڕویانداوە. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠ەکاندا ، سێ پیاو لە مزگەوتی ئەلقودس لە هامبورگ چاویان بەیەک کەوت، هەموویان لە پێشینەی جیاجیاوە هاتبوون بەڵام هەموویان هەمان گورو تینیان هەبوو بۆ ئیسلامی توندڕەو. ئەوانە ئەو پیاوانە بوون کە دوایی بوون بە سەرکردەی پەلامارەکەی ١١ی سێپتەمبەر. یەکێکیان موحەممەد عەتا بوو، ئەندازیارێکی تەلارسازی لەدایک بووی میسر بوو کە لەساڵی ١٩٩٢دا گەشتی کردبو بۆ هامبورگ بۆ ئەوەی لە کۆلێژێکدا لەوێ پەرە بە خوێندنەکەی بدات. دوانەکەی تریش زیاد جەراح کە بە نەژاد خەڵکی لوبنانە و مەروان ئەلشەیحی لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووەوە بوون. لە هاوینی ١٩٩٧دا، هەرسێکیان بەرەو ئەفغانستان کۆچیان کرد بۆ ئەوەی لەو کامپانەدا مەشق بکەن کە لەلایەن ئوسامە بن لادنەوە دامەزرێنرابوون .
لە بەهارێکی درەنگی ساڵی ٢٠٠٠دا، هەرسێ پیاوەکە بەرەو ئەمریکا فڕین، بەجیا بەجیا گەیشتنە ئەوێ بە ڤیزەی گەشتوگوزارییەوە. هەر بە گەیشتنیان بۆ ئەمریکا بەرەو فلۆریدا کەوتنەڕێ بۆ ئەوەی لە خوێندنگاکانی فێربوونی فرۆکەوانیدا خۆیان ناونوس بکەن. لەم ماوەیەدا زانراوە کە ئەو پیاوانە تەنها مەشقی فڕینیان نەکردووە، بەڵکو خوێندکاری فلیمی ڤیدیۆیی ژووری سەرکردایەتی فرۆکەکانی جۆری بۆینگ ٧٤٧، ٧٥٧، ٧٦٧ و ئێرباس A320 یشیان کردووە. لە کانونی یەکەمدا لەسەر بناغەی ئەوەی کە خوازیارن ببن بە فرۆکەوانی هێڵی هەوایی، عەتاو ئەلشەیحی خۆیان بۆ شەش کاتژمێر فرۆکەوانی تۆمارکرد لە فرۆکەیەکی جێتدا بۆ فڕینی ئەزمونی لە Opa-Locka لە فلۆریدا .
لەو ڕۆژانەدا کە لە کاتی دیاریکراوی پەلامارەکە نزیک بووبوونەوە، ئەم تاقمە دەستیاندایە سازدانی هەموو ئەو وردەکاریانەی کە هەتا ئەو کاتە سازنەدرابوون. هەموو ئەندامە جۆراوجۆرەکان، بەوانەشەوە کە لە چەندەها وڵاتی عەرەبییەوە بەرەو ئەوێ فڕیبوون بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە هەڤاڵەکانیانەوە، خانووە کرێکانیان بەجێهێشتوو بەسەر ئەو ئوتێلانەدا دابەشبوون کە لەو فڕگانەوە نزیک بوون کە دەیانویست بەکاریان بهێنن .
لە کاتژمێرەکانی سەرەتای ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەردا، ڕفێنەرەکان بەرەو فڕگەکان کەوتنە ڕێ و سواری فرۆکەکانیان بوون. عەتا سواری فرۆکەی گەشتی ژمارە ١١ی هێڵی هەوایی ئەمریکی بوو بەرەو لۆس ئەنجلوس و بە مۆبایلەکەی تەلەفونێکی بۆ ئەلشەیحی کرد. ئەلشەیحی لەنێو فرۆکەیەکی دیکەدا بوو، فرۆکەی گەشتی یەکگرتو ١٧٥، لە هەمان فڕگەدا. دواتر هەواڵ گەیشت کە هەر فرۆکەیە چوار تا پێنج ڕفێنەری تێدابووە کە هەموویان چەقۆیان پێبووە .
کاتژمێر ٨:٤٥ خولەکی سەرلەبەیانی بە کاتی کەناری خۆرهەڵاتی ئەمریکای باکور، ماوەیەکی کەم دوای هەستانی، گەشتی ژمارە ١١ی هێڵی هەوایی ئەمریکی خۆی کێشا بە تاوەری باکوری سەنتەری بازرگانی جیهانیداو بووە هۆی تەقینەوەو ئاگرێکی بێسامان. تەنها دەوروبەری پازدە خولەکێک لەوەدوا، گەشتی هێڵی هەوایی یەکگرتوو زرمەی لە تاوەری باشور هەستاندو هەمان کاولکاریشی لەوێ خولقاند. لەماوەی چەند خولەکێکدا هەموو فڕگە، پردو تونێلەکانی ناوچەی نیۆرک بەفەرمانی پارێزگاری شار داخران. بەدوای ئەوەشدا یەکسەر هەموو بواری هەوایی ئەمریکی داخرا. بەڵام ئەوەندە بەخێرایی دانەخرا کە بتوانێت بەربگرێت لە

فرۆکەی سێیەم، گەشتی ژمارە ٧٧ ی هێڵی هەوایی ئەمریکی ، کە خۆیکێشا بە پەنتاگۆنداو بەشێکی بیناکەی بەتەواوی خاپورکرد. هەموو بەشەکانی دیکەی پەنتاگۆن یەکسەر چۆڵکرا، کۆشکی سپیش بەهەمان شێوە .

کاتژمێر ١٠:٠٥ خولەکی سەرلەبەیانی، ئەو کاولکارییەی کە بەسەر تاوەری باشوری سەنتەری بازرگانی جیهانیدا هاتبوو زۆر لەوە قورستر بوو کە پێکهاتەی بیناکە خۆی بۆ رابگرێت، هەر لەبەر ئەوە بوو کە لەشێوەی هەورێکی گەورەی تەپوتۆزو داروپەردوودا داتەپی. پێنج خولەک لەوەدوا، بەشێکی پەنتاگۆنیش رووخا، دوای ئەوە فرۆکەی چوارەم، گەشتی ژمارە ٩٣ی هێڵی هەوایی یەکگرتوو لە هەرێمی سەمەرسێت، لە پینسلڤانیا، لە باشوری خۆرهەڵاتی پیتسبورگ کەوتەخوارەوە. دواتر ئاشکرا بوو کە هەندێک سەرنشینی ئازا فرۆکەکەیان ناچارکردووە بەرەو زەوی دابەزێت بەرلەوەی بگاتە ئامانجی دوایینی، کە وا پێشبینیدەکرا کۆشکی سپی بووبێت.

بگەڕێینەوە بۆ نیۆرک، لە کاتژمێر ١٠:٣٠ خولەکی سەرلەبەیانیدا تاوەری باکوری سەنتەری بازرگانی جیهانی روخا، ، بووە هۆی زیانی گیانی زۆر زیاتر، کە کارمەندانی بەشی ئاگرکوژاندنەوەو بەشی فریاگوزاری کوتوپڕیشی گرتەوە کە خۆیانکردبوو بە بیناکەدا بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی کە لە ناوەوە بوون. هەموو جیهان لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆن دەیبینی کە لەوەدەچو نیۆرک بووبێت بەژێر فەرتەنەیەکەوە لە تەپوتۆز و ترس و تۆقین و داروپەردوو. هەموو بینا گەورەکانی شارەکە چۆڵکران لەترسی پەلاماری زیاتر. پارێزگاری نیۆرک، ڕودۆڵف جوڵیانی ، کۆنترۆڵی هەلومەرجەکەی گرتە دەست و چاکی مەردانەی لێکرد بەلادا بۆ کۆکردنەوەی خەڵکەکە پێکەوەو پێشکەشکردنی کۆمەک هەرکەس بەپێی توانای خۆی، بە پێشکەشکردنی ژەمە خواردنی خۆراکی بۆ کرێکارانی فریاگوزاری یان یەکسەر بە بەخشینی خوێن .

دوای ئەوە لە پاشنیوەڕۆدا، بینای ٧ی ٤٧ قاتیی سەنتەری بازرگانی جیهانیش کە بەتەنیشتییەوە بوو ئاگری تێبەربوو پێش ئەوەی ئەویش داڕوخێت. لای ئێوارە کە هێشتا ئاگر کلپەی دەهات لە هەموو شوێنە وێرانبووەکاندا، سەرۆک جۆرج بۆش چووە سەر تەلەفیزۆیۆن و سوێندی خوارد کە ئەمریکا دەبێت جیاوازی نەکات لەنێوان تیرۆریستەکان و ئەوانەی کەداڵدەی تیرۆریستەکان دەدەن لە ڕاوی گەڕان بەدوای ئەوانەدا کە لێپرسراون. ئەوکاتە بەتەواوی باوەڕ بەوە هێنرابوو کە ئوسامە بن لادن لەپشت ئەو مەرگەساتەوەیە .

کاتێک دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وێنەی هەموو ئەوانەی کە لەو کارەساتەدا ون بوو بوون بە سەرتاسەری شاردا، لەوباوەڕەدا بوون کە ژمارەی کوژراوەکان دەبێت لە شەش هەزار کەس زیاتر بێت. لەدوای تێپەڕینی چەند مانگێک، کاتێک لیستی ناوەکان پشکنرا، ڕوونبوەوە کە ئاماری کۆتایی کوژراوەکان هێجگار هێندە گەورە نییە کە یەکەمجار لێی تۆقیبوون. بەڵام لەگەڵئەوەشدا، بەپێی دوایین ئامار، ٢٨٠١ کەس ( بەبێ تیرۆریستەکان) لە پەلاماری سەنتەری بازرگانی جیهانیدا گیانیان لەدەستدا، ئەگەرچی تەنها ژمارەیەکی کەم لاشە دۆزرایەوە. لە ڕوداوەکەی پەنتاگۆنیشدا ١٨٤ کەس مردن و لەو فرۆکەیەشدا کە لە پێنسلڤانیا کەوتە خوارەوە ٤٠ کەس مردن.

بۆ بردنەسەری پەیمانەکەی بە ڕاوکردنی ئەنجامدەرانی ئەو کارەساتە، سەرۆک جۆرج بۆش سوپاو فرۆکە جەنگییەکانی ڕەوانەی ئەفغانستان کرد، کە بە داڵدەدانی بن لادن ناسرابوو، پەلاماری چەندەها ئامانجی ستراتیجییان داو ڕژێمی تالیبانیان ژێرەوژورکرد. لەگەڵئەوەشدا کە هێزە تایبەتەکانی ئەمریکاو بەریتانیا زۆر بەووردی شوێنەکانیان پشکنی، بەڵام نەیانتوانی شوێنی ئامانجی سەرەکییان دەستنیشان بکەن. گومان وایە کە کە بەرەو وڵاتێکی دۆستی تێی تەقاندبێت و سەرباری ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەش کە گوایە دواتر مردووە، هێشتا بەشێوەیەکی گشتی بەگوڕەو نەخشە بۆ پەلاماری زیاتر دادەنێت .

## بالی-١٢ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢

لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا و لە کاتژمێر ١١:٠٥ خولەکی پاشنیوەڕۆدا، چەند تەقینەوەیەکی بەهێز ئاشتی و ئارامی دوڕگەی حەوانەوەی بالییان شێواند. ئەم دوڕگە خولگەییە، بە کەنارە ڕازاوەکانی و خەڵکە دۆستانەکەیەوە، لەمێژەوە بووە بە موگناتیسی پشوودان بۆ گەنجان لەسەرتاسەری جیهاندا. بەتایبەتی بۆ

ئوسترالییەکان ئەو دورگەیە شوێنی حەوانەوەو ڕابواردن بوو. ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەی کوتا خۆشترین ساتیان لەگەڵ کەیف و سەفای شەوانەو مۆسیقای بارو یانەشەوانەکان دەگوزەراند. هەندێک سەرقاڵی پێک هەڵدان بون لە بارِی پادی؛ لەهەوایەکدا بوون کە هەرگیز ناکرێت بڵێین کە دەگونجا ئەسپی خەیاڵیان لە ئەگەری کارێکی تیرۆریستی دوورتر تاوبدایە .

لەتەنها چەند چرکەیەکدا هەموو ئەم دیمەنانە ئاوەژوو بوون، کاتێک بۆمبێک کە لەسەر مێزێک یان تەپڵەکێک دانرابوو لەنزیک هۆبەی پێشکەشکەرەوە، بەشێوەیەکی هێندە بەهێز تەقییەوە کە ڕیزێک کورسی کۆنکرێتی لەدیوارەکە هەڵکەند .

دە تا پازدە چرکە لەوەدوا تەقینەوەیەکی دیکەی بەهێز هەر لەو نزیکە یانەی ساری لە کەناری کوتا خاپورکرد، کە شوێنێکی حەوانەی شەوانە بوو جمەی دەهات لە میوانانی یانە. ئەم بۆمبەیان لە ڤانێکی میتسوبۆشی سپیدا کە لەبەردەم یانەکەدا ڕاگیرابوو چێنرابوو. ئەم تەقینەوەیە بیناکەی وێرانکرد و زیانێکی زۆریشی بە ناوچەکانی دەوروبەری گەیاند. لەو دوو تەقینەوەیەدا زیاتر لە ١٨٠ کەس کوژران و سێسەد کەسی دیکەش بریندار بوون، کە برینی هەندێکیان زۆر سەخت بوو.

چونکە بۆمبەکان ئاراستەی ئەو ئامانجە ئاسانانە کرابوون کە خۆرئاواییەکان بەردەوام سەردانیان دەکەن، یەکسەر گومانی تیرۆریزم هاتە ناوەوەو پەنجەی تاوان بەرەو ئەلقاعیدە درێژکرا کە لەپشت ئەو کارانەوە بێت. پشکنینە ووردو زانستییەکانی ناوچەکە (Forensic) ئەوەیان ئاشکراکرد کە ئەو مادە تەقینەوانەی کە بەکارهاتون پشتیان بەمادەی کلۆرەیت Chlorate بەستووە .

ئەندەنوسیا لەمێژەوە بەدەست کێشەکانی توندوتیژی ناوخۆو ئاژاوەی نەژادییەوە ناڵاندویەتی، بەڵام بالی هەمیشە توانیبووی خۆی لەو گێژاوانە بەدوور بگرێت. سەرباری نەبوونی بەڵگەو نەبوونی ڕاگەیاندنی گرتنە ئەستۆی لێپرسراوێتی، زۆر لەوانەی کە لە کێشەکەیان دەکۆڵییەوە گومانیان لەوە بوو کە ئەوە کاری گروپی ئیسلامی توندڕەو جەماعە ئیسلامییە (الجماعە الاسلامیە) بێت. ئەم گروپە ماوەیەک بوو وەک هەڕەشەیەکی تیرۆریستی لەسەرتاسەری باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیادا دەبینران و گومانی ئەوەیان لێدەکرا کە پەیوەندییەکی توندیان هەبێت بە ئەلقاعیدەوە. مالیزیاو سینگاپور بە جووتە لە ڕابوردودا هەڵسوڕاوانی ئەم گروپەیان دەستگیرکردووەو بە نەخشەدانان بۆ کارە مەرگەساتییەکان تاوانباریان کردون، بەڵام هەتا پەلامارەکانی بالی نەقەومان ئەندەنوسیا تاڕادەیەکی زۆر چاوی لەئاستی هەبوونیان دەنوقاند .

لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەرپرسانی ئەندەنوسی وێنەی بەدەست کێشراوی سێ گومانلێکراویان بڵاوکردەوە، هەرچەندە لەو باوەڕەدابوون کە ئەوانە کەسانی پلەنزم بووبن لە گروپەکەدا. ماوەیەکی کەم لەوەدوا بۆ زیاتر تورەکردنی پرۆتێستووە ناوخۆییەکان سەرۆکی گیانی جەماعە ئیسلامیە، ئەبوبەکر بەشیر دەستگیرکرا، سەرباری ئەوەی کە بەهیچ کلۆجێک هیچ بەڵگەیەک لەئارادا نەبوو کە بیبەستێتەوە بەو مەرگەساتانەوە. ئێستاش لێکۆڵینەوەکان هەربەردەوامن و لێکۆڵەرەوان نەک هەر لە ئەندەنوسیاوە بەڵکو لە ئەمریکا، ئوستراليا، بەریتانیا، یابان و وڵاتانی دیکەشەوە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەو مەسەلەیە .

# پاشکۆ: ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان

زۆربەی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستی و گروپە شۆڕشگێڕانەی کە لە خوارەوە ڕیزکراون هەتا ئەمڕۆش زۆر چالاکن. هەندێکیان، وەکو حەماس، هەر زۆر زۆر چالاکن بەڵام هەندێکی دیکەیان لەوانەیە هەر شەش مانگ جارێک پەلامارێک ئەنجام بدەن. هەموویان لە کۆتاییدا هەمان ئەنجام بەدەست دەهێنن- خەڵک دەکوژن. زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەش کە لە ئەنجامی تیرۆریزمەوە دەکوژرێن بێتاوانن .

بۆ ئەوەی کەمێک وێنەکەت لەلا ڕونتربێت، کۆی گشتی ئەندامانی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە لەو لیستەی خوارەوەدان دەوروبەری ٣٠٠٠٠ کەسێک دەبن لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەمەش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بیژمێرین هەمان ژمارەی ئەوانەشە کە لە ئەنجامی کارە تیرۆریستییەکانەوە لەسەرتاسەری جیهاندا ساڵانە دەکوژرێن .

1. ڕێکخراوی ئەبو نیزال- (( ANO ڕێکخراوێکی جیهانییە
2. گروپی ئەبو سەیاف- (( ASG فیلیپین
3. سوپای ڕزگاری برێتن – (( ARB فەڕەنسا
4. گروپی ئیسلامی چەکدار (( GIA
5. هێزە چەکدارەکان بۆ ڕزگاری نیشتمانی( ( FALN
6. سوپای نهێنی ئەرمەنیا بۆ ڕزگارکردنی ئەرمینیا (( ASALA
7. سوپای ڕزگاری نەتەوەیی (( ELN
8. ڕاستی باڵای ئاووم – یابان
9. باسکی نیشتمانی دایک و سەربەستی– (( ETA ئیسپانیا
10. ( Devrimci Sol چەپی شۆڕشگێڕ(
11. بەرەی دیموکراتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین (( DFLP
12. Front de la liberation de al Bretagne (FLB)
13. Front de la Liberation de la Cote de Somalie (FLCS)
14. بەرەی نیشتمانی بۆ ڕزگارکردنی کۆرسیکا(( FNLC
15. الجماعە الاسلامیە (گروپی ئیسلامی (( IG (
16. حەماس (بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی(
17. حرکە المجاهدین (( HUM
18. حزب الله ( پارتی خوا(
19. بزوتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی
20. جەیشی موحەممەد- هیندستان
21. سوپای سوری یابانی ( ( JRA
22. Kach and Kachane Chai - ئیسرائیل
23. پارتی کرێکارانی کوردستان (( PKK
24. پڵنگەکانی ئازادی تامیل ئیلام (( LTTE
25. سوپای بەرەنگاری لۆردەکان – (( LRA ئۆگەندا
26. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق (( MEK or MKO
27. جیهادی ئیسلامی فەلەستین (( PIJ

28. بەرەی ڕزگاری فەلەستین ((PLF

29. بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین ((PFLP

30. بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین- فەرماندەیی گشتی ((PFLP-GC

31. ئەلقاعیدە- تۆڕێکی سەرتاسەریی جیهانییە .

32. هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا((FARC

33. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی ١٧ی نۆڤەمبەر ١٧ ((November

34. بەرە/پارتی شۆڕشگێڕی ڕزگاریخوازی گەلی((DHKP/C

35. خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە((ELA

36. بەرەی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ – ((RUF سیرالیۆن

37. SenderoLuminoso (Shining Path,SL)

38. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی توپاک ئەمارۆ ( (MRTA

39. Alex Boncayao Brigade (ABB)

40. سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی کۆلۆنەدەر((CIRA

41. سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندا ((IRA

42. بزوتنەوەی ئیسلامی ئۆزبەکستان ((IMU

43. هێزی خۆبەخشی لایەنگر((LVF

44. سوپای نوێی گەل(NPA)

45. خۆبەخشانی پرتەقاڵ ((OV

46. پارتی کەمبۆدیای دیموکراتی (خومیری ڕوش(

47. سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی کاتی((PIRA

48. قیبلەو خەڵک لەدژی جەردەکاری و دەرمان و مادە سڕکەرەکان((PAGAD

49. سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندی ڕاستەقینە((rIRA

50. بەرگریکەرانی دەستی سور ((RHD

51. تیرۆریزمی سیخ

52. سوپای ڕزگاریخوازی میللی سودان((SPLA

53. جەنگاوەرانی ئازادی ئولستەر ((UFF

54. هێزی خۆبەخشی ئولستەر((UVF

55. Zviadists –Russia

وێنەکان:

1




سەرەوە: فەلەستینیەکان سەما دەکەن و ئاهەنگ دەگێڕن لەسەر کەلاکی فڕۆکەیەکی بەریتانی کە لە مەیدانی داوسن تێکشکاوە، لە سێپتەمبەری ١٩٧٠ دا. دوای ئازادکردنی سەرنشینەکان دوو فڕۆکەی دیکەی هێڵی هەواییش تەقێنرانەوە .

وێنەی بەشی خوارەوە: میونخ ١٩٧٢ : ئەندامێکی "سێپتەمبەری ڕەش" بەسەر سەربانی گەڕەکی ئیسرائیلیەکانەوە دەرکەوتووە لە گوندی ئۆڵۆمپیدا. گەلێک وەرزشەوانی ئیسرائیلی کوژران کاتێک پۆلیسی ئەڵمانی هەوڵێکی لەبارچویدا بۆ ڕزگارکردنیان.

وەدیع حەدادی هاوپشکی دامەزرێنەری بەرەی میللی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین(PFLP) ، کە یەکەم ڕێکخراو بوو فڕۆکە ڕفاندنی وەکو چەکێکی تیرۆریستی بەکارهێنا .




founder of the Popular Front for the Liberation of Palestine (PFLP), which was the first organization to use hijacking as a terrorist weapon.



گروپە تیرۆریستیەکان جۆراوجۆرن، لە جەنگاوەرانی شەڕی ناوشارەوە بیگرە تا دەگاتە گەریلا چیاییەکان.

جۆرج حەبەش هاوپشکی وەدیع حەداد لە دامەزراندنی PFLP دا ڕایگەیاند کە چیتر پێی نەڵێن دوکتۆر بۆ ئەوەی دژی ئیسرائیل چەک هەڵبگرێت. ئەو تیپە تیرۆریستییەکانی کرد بە نێونەتەوەیی و پەلاماری ئامانجە جولەکەکانی دەدا لە هەرشوێنێک بێدەسەڵات بونایە .



(ئەم وێنەیە هەر بەشێکە لە وێنەی ٢ بەشی خوارەوە)



Yasser Arafat, leader of the PLO, a position he retains to this day. Despite the many

یاسر عەرەفاتی سەرکردەیPLO ، ئەو پۆستەی کە هەتا ئەمڕۆ لەدەستی نەداوە. سەرباری ئەو هەموو کەرتبوون و تاقمگەرێتییەی فەلەستینییەکان ، ئەو وەکو ئەو تاکە دەنگە تاقانەیە مایەوە کە نوێنەرایەتی خەڵکی فەلەستین دەکات .



Leila Khalid, the first 'celebrity' of terrorism. She became a symbol for the youth of Palestine.

لەیلا خالید، یەکەمین "ئەستێرەی" تیرۆریزم. ئەو بوو بە ڕەمزێک بۆ گەنجانی فەلەستین.



Above: Russian Troops in Afghanistan in the 1980s. Their withdrawal from the country left a huge array of well-trained Afghans behind. Many of these fell under the control of Al Qaida and Osama bin Laden, who used them to propagate world terrorism.

Top right: The struggle between the British government and the IRA continued unabated for almost thirty years. Regardless of all the killings and murders, both sides finally realised that peace could only be achieved through negotiations.

Bottom right: Captain Westmacott, one of the few SAS soldiers to be killed in Northern Ireland. He was shot by a member of the IRA on 2 May 1980 while exiting a car just

هێزە سەربازییەکانی ڕوسیا لە ئەفغانستان لە ١٩٨٠ کاندا. پاشەکشەکردنیان لەو وڵاتە سوپایەکی گەورەی لە خەڵکی ئەفغانی چاک مەشقپێکراو لەدوای خۆی بەجێهێشت. زۆر لەوانە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەلقاعیدەو ئوسامە بن لادنەوە، کە ئەویش بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی تیرۆریزمی جیهانی بەکاری هێنان.

کێشەی نێوان حکومەتی بەریتانی وIRA بەبێ پشوو بەردەوام بوو بۆ ماوەی نزیکەی سی ساڵ. بەچاوپۆشین لە هەموو کوشتوبڕو لەناوبردنێک، هەردوولا لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئاشتی تەنها بە دانوستان بەدەست دێت .

کاپتن وێستماکۆت، یەکێک لەو سەربازە کەمانەی SASکە لە ئیرلەندای باکور کوژرابێت. ئەو لەلایەن ئەندامێکی IRA ەوە لە ٢ی ئایاری ١٩٨٠ دا کوژرا کاتێک لە ئۆتۆمۆبێلێک دەهاتە خوارەوە بەر لەوەی هێرش ببەنە سەرماڵێک .



وێنەی یەکەم : دوو تاوەرەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیۆرک بەر لە مەرگەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، فشاری دوو فرۆکەی بازرگانی بەتەواوی بیناکانی داڕمان و هەزارانی کوشت، تیرۆریزم پێی نایە سەردەمێکی نوێوە.



The twin towers of New York's World Trade Center prior to 11 September 2001. The impact of two commercial aircraft totally destroyed the buildings, killing thousands. Terrorism had entered a new age.



The bombing of a nightclub in Bali on 12 October 2002 caused the deaths of dozens of

وێنەی دووەم: تەقاندنەوەی یانەیەکی شەوانە لە بالی لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا بووە هۆی مردنی چەندەها دەرزەن خەڵکی گەنج. ئەنجامدەری کارەکە دوایی لەلایەن دەسەسەڵاتدارانەوە دەستگیرکرا و بە خەندەو پێکەنینەوە دانی بەتاوەنەکەیدا نا .